# چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عیراق

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێو هاوچەرخی عیراق

هەواڵنامەی کتێب

## ئەحمەد حەمەدئەمین

## چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێو هاوچەرخی عیراق

نووسینی: ئەحمەد حەمەدئەمین

نەخشەسازی ناوەوە: هەردی

بەرگ: ویار بوداغی

ژمارەی سپاردن: ( ٩٣٦)

نرخ: (٣٠٠٠) دینار

چاپی یەکەم: ٢٠١٠

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەلات/ هەولێر

زنجیرەی کتێب (٥٣٢)

ماڵپەر: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەرۆك


**پێشەكی** ........................................ ٧

**بەشی یەكەم:** بارودۆخی عیراق لە ماوەی سالآنی (١٢٥٨– ١٥٣٤) ............... ١١

**تەوەری یەكەم:** بارودۆخی عیراق لە دوایی داگیركردنی مەغۆلەكان ............... ١٣

**تەوەری دووەم:** سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی‌و داگیركردنی عیراق ............... ١٨

**بەشی دووەم:** بارودۆخی عیراق لە قۆناغی یەكەمی داگیركاری عوسمانی ........... ٢٣

**تەوەری یەكەم:** داگیركردنی عیراق لە سەردەمی سولّتان سلێمانی قانوونی ........ ٢٥

**تەوەری دووەم:** بزووتنەوەی بەكر سوباشی .................................. ٢٨

**تەوەری سێیەم:** بەردەوامی ململانێی عوسمانییەكان‌و سەفەوییەكان ............... ٣١

**تەوەری چوارەم:** دەركەوتنی نارد شا لە ئێران‌و كاردانەوەی بەسەر عیراقدا ......... ٣٥

**بەشی سێیەم:** بارودۆخی عیراق لە قۆناغی لاوازی دەسەلآتداری عوسمانی ........ ٤١

**تەوەری یەكەم:** ماوەی حكومڕانی مەمالیكەكان لە عیراق ...................... ٤٣

**تەوەری دووەم:** سلێمان پاشای گەورەو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی وەهابی ......... ٤٦

**تەوەری سێیەم:** دەركەوتنی محەمەد عەلی پاشا لە میسرو ...................... ٤٩

**بەشی چوارەم:** بارودۆخی عیراق لە قۆناغی چاكسازی دەسەلآتداری عوسمانی ..... ٥٥

**تەوەری یەكەم:** سەردەمی مەدحەت پاشاو چاكسازی لە دەسەلآتی كارگێری...... ٥٧

**تەوەری دووەم:** بارودۆخی عیراق لە كۆتایی داگیركاری عوسمانییەكان ............ ٦٤

**تەوەری سێیەم:** بارودۆخی ئابووری‌و ڕۆشنبیری عیراق لە ........................ ٦٦

**بەشی پێنجەم:** قۆناغی داگیركاری بریتانی‌و .................................. ٦٩

**تەوەری یەكەم:** داگیركردنی عیراق لەلایەن بریتانییەكان ........................ ٧١

**تەوەری دووەم:** سەرهەڵدانی شۆڕشی بیست .................................. ٧٨

**تەوەری سێیەم:** دروست بوونی حكومەتی كاتی نیشتمانی ....................... ٨٥

**تەوەری چوارەم:** كاریگەری سیاسەتی بریتانیا لەسەر عیراق........................ ٩٢

**تەوەری پێنجەم:** پەیوەندی عیراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ .................... ١٠٤
**بەشی شەشەم:** گۆڕانکاری‌و پێشهاتە سیاسییەکانی لە قۆناغی .................. ١١١
**تەوەری یەکەم:** مردنی مەلیك فەیسەڵ ................................... ١١٣
**تەوەری دووەم:** مەسەلەی ئاشورییەکان .................................... ١١٦
**تەوەری سێیەم:** کودەتای ساڵی١٩٣٦ (کودەتای بەکر سدقی) .................... ١١٩
**بەشی حەفتەم:** بارودۆخی عیراق لە دوا قۆناغی سەردەمی پاشایەتی ............ ١٢٣
**تەوەری یەکەم:** بارودۆخی عیراق لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی ............. ١٢٥
**تەوەری دووەم:** دامەزراندنی پارت‌و کۆمەڵە سیاسییەکان ......................... ١٣٢
**تەوەری سێیەم:** ڕووداوەکانی گاورباغی ................................... ١٤٠
**تەوەری چوارەم:** ڕاپەڕینی (وەسبە)ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ .................. ١٤٧
**تەوەری پێنجەم:** ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٢ ................................. ١٥١
**تەوەری شەشەم:** پەیماننامەی بەغدا ساڵی ١٩٥٥ ............................ ١٥٦
**تەوەری حەفتەم:** شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ ................................ ١٦١
**بەشی هەشتەم:** سەردەمی کۆماری‌و بەردەوام بوونی ........................... ١٧٧
**تەوەری یەکەم:** سەرەتاکانی قۆناغی کۆماری ................................ ١٧٩
**تەوەری دووەم:** کودەتای بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٣ ....................... ١٨٧
**تەوەری سێیەم:** گرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ ........ ١٩٢
**سەرچاوەکان** ..................................................... ١٩٧

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

باسکردنو گێڕانەوەی ڕووداوو پێشهاتە کۆمەڵایەتیو، ئابووریو سیاسییەکان، لە مێژووی نوێو هاوچەرخی عیراق گرنگو پڕ بایەخن، کە تاوەکو ئێستا چەندین بەرگ کتێبو نامەی ماستەرو دوکتۆریان لە بارەوە نووسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو پێویست مافی خۆی نەدراوەتێ، چونکە زۆرێك ڕووداو هەن کە لە کاتی خۆیدا ڕوویانداوە، کەچی زانیارییە وردەکانی دێزەبەدەرخۆنە کراون، یان بە ڕوویەکی دیکەوە ڕەنگە تاوەکو ئێستاکەش دەیان دیکۆمێنت مابن تایبەت بەم قۆناغە مێژووییە لە کونجە تاریکەکان شادرابنەوەو ڕووناکیان نەبینیێ. ئیتر لە سۆنگەی ئەم گرنگییە لە لایەکو، بۆ بەردەست خستنی سەرچاوەیەك بە زمانی کوردی بۆ خوێندنکارانی زانکۆ بە گشتیو خوێندنکارانی ئەم بەشانەی مێژووی نوێو هاوچەرخی عیراق دەخوێنن بە تایبەتی، ئەم کتێبە بەرهەم هێنراوە.

ئەڵبەتە باسکردنی هەموو ئەم ڕووداوە مێژووییانەی کە لەم دوو قۆناغە مێژووییەی عیراق ڕوویانداوە، شتێکی ئەوەندە ئاسان نییەو، بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکە لەگەڵ ساڵێکی خوێندن گونجاو بێت هاتووین بەشێکمان لە ڕووداوەکان وەرگرتووەو دابەشمان کردۆتە سەر هەشت بەش.

بەشی یەکەم: ئەم بەشە دابەشکراوەتە سەر دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەم بە خێرایی باسی ئەم بارودۆخە دەکەین کە عیراق لە دوای هاتنی مەغۆلەکان تێکەوتو لە دواتر بووە هۆکاری ئەوەی چەند دەسەڵاتێك حوکمڕانی عیراق بکات. لە تەوەری دووەم باس لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی دەکەین لە ئێران لەگەڵ هاتنیان بۆ عیراق.

بەشی دووەم: دابەش کراوەتە سەر چوار تەوەر، لە تەوەری یەکەم باسی سەرەتاکانی وەرچەرخانی عوسمانییەکان دەکەین بۆ ڕۆژهەڵات کە لە دواجار بووە هۆکاری ئەوەی عیراقیش لە سەردەمی سوڵتان (سلێمانی قانونی١٥٢٠-١٥٦٦) بکەوێتە چاچێوەی داگیرکاری عوسمانییەکانەوە. لە تەوەری دووەم باسی هەڵگەڕانەوەی (بەکر سوباشی) دەکەین لەگەڵ کاردانەوەکانی بەسەر عیراق بە گشتیو بەغدا بە

تایبەتی. تەوەری سێیەم، تایبەت کراوە بۆ  باسکردنی ململانێی عوسمانییەکانو سەفەوییەکان  لەسەر بەغداو قۆناغی دوای ئەوە. لە تەوەری چوارەمدا ئاماژە بۆ دەرکەوتنی (نارد شا) لە ئێرانو ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتەکەی بەسەر عیراقدا دەکەین.

بەشی سێیەم: لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەم ماوەی حکومڕانی مەمالیکەکان لە عیراقدا ئاماژەی بۆ دەکرێتو، لە تەوەری دووەمیش باس لە سەردەمی فەرمانڕەوای (سلێمان پاشای گەورە) دەکرێت لەگەڵ کاریگەری دەرکەوتنی وەهابییەکان بەسەر عیراق. تەوەری سێیەمیش تەرخان کراوە بۆ کاریگەری دەرکەوتنی (محەمەد عەلی پاشا) لە میسرو کاریگەرییەکانی بەسەر عیراقدا.

بەشی چوارەم: سێ تەوەر لە خۆی دەگرێت. تەوەری یەکەم تەرخان کراوە بۆ سەردەمی (مەدحەت پاشا)و چاکسازییەکانی لە عیراقدا. لە تەوەری دووەمدا ئاماژە بە دوا قۆناغی داگیرکاری عوسمانییەکان کراوە لەعیراقدا. لە تەوەری سێەمیشدا بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی ڕۆشنبیریو ئابووری عیراق لە ماوەی داگیرکاری عوسمانییەکان باس کراوە.

بەشی پێنجەم: لە پێنج تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم تایبەت کراوە بە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیو چۆنییەتی داگیرکردنی عیراق لەلایەن بریتانییەکانەوە. لە تەوەری دووەم ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٠ لە عیراق ئاماژە بۆ کراوە، کە لە زۆربەی سەرچاوەکان بە شۆڕش ساڵی ١٩٢٠ ناوی دەرکردووە. لە تەوەری سێیەم باس لە دروست بوونی حکومەتی کاتی نیشتمانی عیراقی دەکرێت، لە تەوەری چوارەمیش باس لە قۆناغی ئینتدابی بریتانی لە عیراق دەکرێت لەگەڵ زۆرێك لەم پێشهاتە سیاسیانەی کە لە عیراق لە ژێر کاریگەری سیاسەتی بریتانیا ڕوویانداوە. تەوەری پێنجەم تەرخان کراوە بۆ پەیوەندی نێوان عیراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا.

بەشی شەشەم: لە سێ تەوەردا باس لە هەریەك لەم ڕووداو پێشهاتە سیاسیانە دەکەین کە لە قۆناغی یەکەمی سەربەخۆیی لە عیراق هاتوونەتە پێشەوە، کە ئەمانیش (مردنی شا فەیسەڵ، مەسەلی ئاشوورییەکانو کودەتاکەی ساڵی ١٩٣٦)ە.

بەشی حەوتەم: لە حەفت تەوەر پێك هاتووە: تەوەری یەکەم باسی بارودۆخی عیراق دەکەین لە ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی. تەوەری دووەم تەرخان کراوە بۆ چۆنییەتی دامەزراندنی ئەم پارتە سیاسیانەی کە لە ئەنجامی بارودۆخی ناوخۆی عیراق بە فەرمی ڕێگای کارکردنیان لەلایەن حکومەتەوە پێدرا. لە تەوەری سێیەم: ڕووداوەکانی گاورباغی لە ساڵی ١٩٤٧ لە کەرکووك شرۆڤە

دەکرێت. تەوەری چوارەم، بۆ ڕاپەرینی وەسبەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ تەرخان کراوە. تەوەری پێنجەم: ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٢ لە عیراق باس دەکرێت. تەوەری شەشەم: پەیماننامەی بەغدای ساڵی ١٩٥٥ ڕوون دەکرێتەوە. تەوەری حەفتەمیش تەخارن کراوە بۆ چۆنییەتی سەرهەڵدانو سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨.

بەشی هەشتەم: لە سێ تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم سەرەتاکانی قۆناغی کۆماریو سەردەمی حکومڕانی (عەبدولکەریم قاسم ١٩٥٨- ١٩٦٣)و کارەکانی حکومەت لەم قۆناغە باس دەکرێت. تەوەری دووەم تەرخان کراوە بۆ باس کردنی کودەتای شوباتی ١٩٦٣ بەعسییەکانو قۆناغی دوای ئەم کودەتایە. لە تەوەری سێیەمیشدا باس لە دووبارە هاتنەوە سەر دەسەڵاتی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ دەکەین لەگەڵ کارەکانیان لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات تا هاتنە سەر حکومی (سەددام حوسێن) لە ساڵی ١٩٧٩.

دیارە ئەنجامدانی ئەم کارە هەروا ئاسانییەو پێویستی بە ماندوو بوونو پشوو درێژیو شەونخوونی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە یارمەتی ئەم سەرچاوە زۆرەی کە تایبەت بەم ماوە مێژووە لەبەردەستدا بووە، هاتۆتە بەرهەم. سەرچاوەکان هەندێکیان لە پەراوێزەکان بۆ ڕوونکردنەوە بەکار هێنراون ئەوانەی دیکەش لە ریزبەندی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، ئەم بەرهەمە لە کەمو کورتی بە دوور نییە، بۆیە دەخوازین هاوکاریمان بکەین لە دەست نیشانکردنی کەمو کورتییەکان. بە هیواین توانیبێتمان خزمەتێك پێشکەش بکەین. خوای گەورە پشتو پەنای هەموو لایەکمان بێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کێتر

# بەشی یەکەم

## بارودۆخی عیراق لە ماوەی سالآنی ( ١٢٥٨- ١٥٣٤ )

تەوەری یەکەم: بارودۆخی عیراق لە دوایی داگیرکرنی مەغۆلەکان

تەوەری دووەم: سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی و داگیرکردنی عیراق

کتێبی ئەوالنامەی

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:

### بارودۆخی عیراق لە دوایی داگیرکردنی مەغۆلەکان [1]

دوای کۆتایی هاتنی کێشەی ناوخۆی مەغۆلەکانو، وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن (جەنگیزخان) [2]، مەغۆلەکان توانیان دەست بگرن بەسەر سنوورێکی فراوان لە ناوچەکانی سینو، ناوەڕاستی ئاسیاو، ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ئیتر لەم چوارچێوەیەدا دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا بە (هۆلاکۆ کوڕی تولی خان) سپێردرا، ناوبراویش دوای ئەوەی دەستی گرت بەسەر ناوچەکانی ئێرانی ئێستاکە، ڕێگای لەبەردەمدا خۆش بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ سوپای عەباسییەکان بکەوێتەوە شەڕەوە، کاتێکیش ئەنجامی شەڕەکە بەسەرکەوتنی مەغۆلەکان کۆتایی هات، مەغۆلەکان توانیان لە ڕێگای خانەقینەوە بەرەو بەغدا هەنگاو بنێنو بە ماوەیەکی کەم دەست بگرن بەسەر شورایی شارەکە. لێرەشدا کاتێك خەلیفەی عەباسییەکان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا کەوتە بیری ئەوەی بارودۆخەکە بە ئاشتی چارەسەر بکات، بەڵام لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە لەگەڵ دەرچوونی بۆ گفتوگۆ بە خۆیو بنەماڵەکەی لەلایەن (هۆلاکۆ)وە

---

[1] مەغۆلو تەتار دوو ناون مێژوونووسان بۆ کۆمەڵێك یاخود عەشیرەتێك بە کاری دەهێنن، کە دانیشتوی ناوچەکانی چیاکانی(تەغماج)ن لە وڵاتی سیندا، کە ئەمرۆکە ناسراوە بە مەنغۆلیا، ئەمانە بەر لە سەدەی چوارەمی کۆچی ناسراو نەبووینەو شوێنکی جێگیرییان نەبووەو، لای یۆنانییە کۆنەکان بە سکیشیا یا خود سکونیا ناسراون. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: دکتۆر سەید باز ئەلعرینی، مەغۆلەکان، وەرگێڕانی: شاخەوان محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠٠٨، ل ٢٧ بە داوە؛ کارل بروکلمان، تاريخ الشعوب الاسلامية، ترجمة: نبيه امين فارس امين فار، منير البعلكي دار العلم لملايين بيروت، طبعة الثامنة، ١٩٧٩، ص٣٨١.

[2] جەنگیز خان(١٢٠٥-١٢٢٧)، ناوی تەواوی تیموجین کوڕی یوکای بهادرە. د. عبدالله العلياوي، كوردستان في عهد المغول ١٢٢٠-١٣٣٥ ميلادي دراسة في التاريخ السياسي، السليمانية، ٢٠٠٥، ص٢٣.

کوژران. ئەنجام مەغۆلەکان لە ٥ی مانگی سەفەری ١٢٥٨چوونە ناو بەغداوەو دەستیان گرت بەسەریدا، بەمەش کوشتارێکی زۆر لەسەر دەستی مەغۆلەکان لەم شارەدا کرا کە سەرچاوە مێژووییەکان بە کارێکی نامرۆڤانەو قێزەون باسی لێوە دەکەن.

شیاوی باسە، دوای داگیرکردنی بەغدا مەغۆلەکان هەوڵی داگیرکردنی شارو شارۆچکەو گوندەکانی تریاندا، ئەنجام هەندێك لە هێزەکەی خۆیان لە بەغدا جێ هێشتو ئەمانەی دیکەش روویان کردە ناوچەکانی دیکە، لێرەشدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە هەر دوو شاری هەولێرو واست ڕووبەرووی بەرەنگارییەکی زۆربوونەوەو بۆ ماوەیەکی زۆر نەیان توانی ئەو دوو شارە داگیر بکەن ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لە شاری مووسڵ ماوەی ساڵێك (١٢٦٠-١٢٦١) نەیان توانی پێیان بخەنە ناو شارەکەوە، بەڵام کاتێك خەڵکی مووسڵ توانای بەرەنگارییان نەما سەرکردەکەیان کە ناوی (ساڵح کوڕی ئیسماعیل) بوو بیری لە ئاشتی کردەوەو هاتە دەرەوەی لە شار بەمەبەستی گفتوگۆ کردن، بەڵام لەلایەن هێزی مەغۆلەکانەوە کوژرا، ئیتر بەم شێوە توانرا مەغۆلەکان بچنە ژوورەوە، بەمەش مەغۆلەکان توانیان ئەم ناوچانەش بخەن چوارچێوەی قەڵەمڕەوەکەیانو کوشتارێکی گەورەی لێ ئەنجام بدەن.

## ماوەی حکومڕانی ئیلخانییەکان[1] (١٢٥٨- ١٣٣٧)

دوای ئەوەی ناوچەکانی عیراق بووە بە شێك لە ولایەتەکانی ئیمپراتۆریەتی مەغۆل، ئیلخانییەکان کاروبارەکەیان گرتەدەست، بە مەبەستی ڕێکخستنی لایەنی بەڕێوەبردن ناوچەکەیان دابەش کردە سەر سێ بەش:

**یەکەم:** بەشی نێوان زێ گەورە بۆ عەبادانو قادسییەو حەلوان.

**دووەم:** بەشی دوورگەی فوارتی کە شارەکانی مووسڵو شەنگارو ئامێدیو هەولێر دەگرتەوە.

**سێیەم:** بەشی وڵاتی شاخ کە ناوچەی شارەزووری دەگرتەوە.

عیراق وەك یەکێك لە ویلایەتە گرنگەکانی ئیلخانییەکان ناوی (مەمالیك) بووە کە زۆربەی کات حاکمەکانیان بە مەمالیك ناوی دەرکردبوو پایتەختەکەیان شاری بەغدا بووە، کە لە بەشێك لە نووسراوەکانی ئەو سەردەمە بە (شاری ئاشتی)یش ناوی هاتووە.

---

[1] ناوی ئیلخانییەکان بۆ ناوی باوکی هۆلاکۆ، تولی خان دەگەڕێتەوە کە ناسرابوو بە ئیلخان. عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزء الآول، الطبعة السابعة، بيروت، ٢٠٠٨، ص٣٢.

لە ڕاستیدا، سەردەمی حکومڕانی ئیلخانییەکان دەست کراوە بە ڕێکخستنەوەی بارودۆخی کارگێڕی و بە شێوازی حوکمڕانی لامەرکەزی باری ناوچەکە لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بەڕێوەبردراوە، بەمەرجی ئەوەی کە دەبوو حاکمەکانی عیراق باج و خەراج بدەن بە گەنجینەی ئیمپراتۆریەت و لە کاتی پێویستدا سوپا ڕەوانە بکەن بۆ هاوکاری کردنی سوپای ئیمپراتۆریەت، بەڵام سەرباری ئەوەش سەرکردە ئیلخانییەکان بۆ چاودێری کردنی باری ناوچەکە سەردانیان کردووەو لە نزیکەوە لە باری ناوچەکەیان کۆڵیوەتەوە.

ماوەی حکومڕانی ئیلخانییەکان لە عیراق ماوەیەکی جێگیر نەبوو ئەویش بە هۆی بوونی ململانێی لەسەر دەسەڵات لە لایەك و، گەندەڵی کارگێڕی لە لایەکی دی، بۆیە گرنگی نەدراوە بە چاککردنەوەی بارودۆخی عیراق کە لە ئەنجامی هێرشی مەغۆلەکان تووشی هاتبوو، ئیتر لەو ئەنجامەدا بەغدا لە ساڵانی (١٣٥١،١٢٨٤،١٢٧٧) تووشی لافاو و کاولکاری بووە، هەروەها کوفەش لە ساڵی١٢٨٦ تووشی لافاو و کاولکاری هاتووە، بەم شێوەیە وڵات بە بارودۆخێکی ئابووری و گوزەرانی خراپ دادەڕۆیشتووەو بە هۆی کەمی نەخۆشخانە نەتوانراوە چاودێری باری تەندروست خەڵکی بکرێت، بەمەش خەڵکێکی زۆر تووشی نەخۆشی هاتوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتداران سڵیان نەکردۆتەوە لە وەرگرتنی باجی بە زۆرە ملێی، بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارو گوزەرانی خەڵك بەرەو خراپی هەنگاوی ناوە. تا دواجار حکومڕانی ئیلخانییەکان بەهۆی ململانێی ناوخۆ لەسەر دەسەڵات لاوازی تێدەکەوێت و، ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێ تا دوای مردنی سوڵتان (ئەبو سەعید بەهادرخان ١٣١٦-١٣٣٥) [1]، کاتێکیش ناوبراو دەمرێ و جێگرەوەی نابێ، بەمەش شەڕ لەسەر دەسەڵات ڕوودەدات و جەلائیرییەکان ئەو هەڵە دەقۆزنەوەو لە ساڵی ١٣٣٨ دەسەڵات دەگرنە دەست.

## سەردەمی حکومڕانی جەلائیرییەکان (١٣٣٨-١٣٩٣)

جەلائیرییەکان یەکێك بوون لە هۆزەکانی مەغۆڵ کە لەگەڵ هاتنی مەغۆلەکان بۆ ناوچەکە هاتبوون، دامەزرێنەرییان کە ناوی (حەسەن کوڕی حوسێن کوری ئاقبوقا کوڕی ئیلکانۆیانی جەلائیری) بوو، ناسرابوو بە (حەسەن بەرزگ"گەورە"١٣٣٧-١٣٥٦). بە هۆی ژن و ژنخوازی جەلائیرییەکان

---

(1) ئەو سەعید بەهاردان، ناوی تەواوی ئەبو سەعید کوڕی خەربەندە کوڕی ئەرغۆن کوڕی ئەباقە کوڕی هۆلاکۆیە. رابیعە فەتاح شێخ محەمەد، کوردستان لە سەدەی نۆیەمی کۆچی/ پازدەی زاینییدا" توێژینەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە"، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٥.

نزیکایەتییەکیان لەگەڵ ئیلخانییەکاندا هەبوو، هەر ئەوەش وای کرد بارودۆخەکە بۆ خۆیان بقۆزنەوە، ئیتر لە ساڵی ١٣٣٨ سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاندو لە بەغداوە دەستیان بە فراوانخوازی کرد، بەڵام ماوەی هێمنو ئارامی لە حکومڕانی جەلائیرییەکانیش زۆری نەخایاند دوای ئەوەی ململانێیان کەوتە نێوانیان لەسەر دەسەڵات، بێ گومان ئەو ململانێیەش کاریگەری کردە سەر باری سیاسیو ئابووری لە عیراقداو، ئەنجام عیراقی تووشی کارەساتێکی دیکە کرد بەتایبەت دوای ئەوەی هێرشی دووەمی مەغۆلەکان ڕووی کردە عیراق لەسەر دەستی (تەیمور لەنگ)و توانی لە ساڵی ١٣٩٣ بەغدا لە ژێر دەستی سوڵــتان (ئەحمەدی جەلائیری١٣٨٢-١٤١٠) دەربهێنێ [1].

دوای هاتنی هێرشی تەیمور لەنگ، سوڵتان (ئەحمەدی جەلائیری) هەڵاتە وڵاتی شامو، عیراقیش جارێکی دیکە تووشی کاولکاری هاتەوەو، سوپای (تەیمور لەنگ) توانی دەست بگرێت بە سەر زۆربەی ناوچەکانی عیراقدا، بەڵام دوای ساڵێك سوڵتان (ئەحمەدی جەلائیری) بارودۆخەکەی بۆ خۆی قۆستەوەو جارێکی دیکە هاتەوە بەغداو والی تەیمورییەکانی دەرکرد. لێرەشدا بۆ ماوەی دووی ساڵی تر ١٣٩٨-١٤٠٠ (سوڵتان ئەحمەد) توانی بەرەنگاری سوپای تەیمورییەکان بکات لە بەغدا، بەڵام دواتر بڕیاریدا بەغدا چۆل بکات، لەو سەرو بەندەشدا لە لایەك (قەرە یوسف) حاکمی دیاربەکر سەرۆکی هۆزی قەرەقۆینلۆ بەرەو بەغدا هاتو لە لایەکی دیکەشەوە لە ساڵی ١٤٠١ سوپای تەیمورییەکان بۆ ماوەی چل ڕۆژ گەمارۆی بەغدایانداو چوونە ژوورەوە، بەمەش عیراق لەو قەیرانە شەڕو ململانێیە مایەوە تا ئەوەی بەغدا لەسەر دەستی (شا محەمەد کوڕی قەرە یوسف) داگیر کراوو بووە بەشێك لە حکومڕانی قەرەقۆینلۆ [2].

## سەردەمی حکومڕانی قەرەقۆینلۆکان (١٤١٠-١٤٦٧)

شا محەمەد دوای هاتنی بۆ بەغدا هەوڵی ئەوەیدا کە بارودۆخی ناوچەکە هێمن بکاتەوەو، دوایی مەرگی باوکیشی هەموو ئەم ناوچانەش بخاتە چوارچێوەی قەڵەمڕەوەکەی کە لە پێشتر لەلایەن باوکییەوە بەرێوەدەبردرا، بەڵام نە شا محەمەدو نەئەوانەی دوای ئەوهاتن نەیان توانی باری ناوچە

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عباس العزاوی، تاريخ العراق بين إحتلالين، الجزء الثاني، بغداد، ١٩٥٣.

[2] قەرە قۆینلۆ، ناوێکی لێکدراوە لە سێ بەش پێکدێ(قەرە) بە مانای ڕەش دێ، (قۆیون، قۆین) بە واتای مەڕ(بەرخ)دێ، واتا(مەڕی ڕەش) هەرچی پاشگری (لو)یە لە زمانی تورکی ئاماژەی سیفەت(نیسبەت) دەدا، بەسەر یەکەوە واتای خاوەنی مەڕی ڕەش دەگەیەنێ. بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٨٩.

هەواڵەی کتێب

بەگشتیو ناوچەکانی عیراق بە تایبەتی هێمن بکەنەوە بەهۆی ململانێی ناوخۆ لە لایەكو ململانێیان لەگەڵ پاشماوەی تەیموریییەکان لەلایەکی دی، ئیتر ئەمە بوو ڕێگای خۆشکرد لە بەردەم هاتنی ئاق قۆینلۆکان [1] بۆ ئەوەی دەست بگرن بەسەر ناوچەکانی عیراق.

## سەردەمی حکومڕانی ئاق قۆینلۆکان (١٤٦٧- ١٥٠٨)

(ئۆزۆن حەسەن درێژ) کە یەکێ بوو لە میرەکانی ئەق قۆینلو باردۆخی دەسەڵاتی قەرقۆینلۆی بۆ خۆی قۆزتەوەو لە ساڵی ١٤٦٧ دەستی گرت بەسەر بەغدا. ئیتر لێرەوە عیراق کەوتە دەستی حکومڕانی ئاق قۆینلۆییەکانو ئەمانیش بە بارێکی خراپو پڕ لەشەڕو ململانێی ماوەی حوکمڕانی خۆیان بەسەر عیراقدا تێپەراند تا ئەوەی کە دەوڵەتی سەفەوی لەسەر خاکی ئێران لەسەر دەستی شا (ئیسماعیلی سەفەوی ١٥٠١-١٥٢٤) هاتە دامەزراندو پەلو پۆی هاوێشت بۆ ناوچەکانی دەورووبەریو عیراق لە ساڵی ١٥٠٨خستە ناو بازنەی دەسەڵاتەکەیەوە.

هەواڵنامەی کتێب

[1] ئاق قۆینلۆ، ناوێکی لێکدراوە لە(ئاق) واتا سپی، (قۆیون- یا قۆین) بە مانای مەڕ دێت، هەمووی بەسەر یەکەوە واتا(خاوەنی مەڕی سپی) دەگەیەنێ. رابیعە فەتاح شێخ محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

## تەوەری دووەم:

## سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی و داگیرکردنی عیراق

بنەماڵەی سەفەوییەکان لە بچینەدا دەگەڕێنەوە بۆ بنەماڵەیەکی تورکمانی سۆفیگەری، کە سەرۆکی بنەماڵەکەیان (شێخ سەفییەدین ئیسحاقی ئەردەبلی١٢٥٢-١٣٣٤ )یە، ئەوە شێخە لە ئەردەبیل خەریکی تەریقەتی سۆفیگەری بووە لە تەواوی ناوچەی ئازەربیجان، کاتێکیش دەسەڵاتی بنەماڵەی قەرەقۆنیلۆ نەما دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە ڕووی لە زیادی کردووە [1]. دواتریش (ئیسماعیل کوڕی حەیدەری) سەفەوی بارودۆخی گرژی حکومەتی ئەق قۆنیلۆی بۆ خۆی قۆزتۆتەوەو هێرشی کردۆتە سەر نەخچەوانو دواتریش تەورێزی پایتەختی لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم گرتووەو لە ١٥٠١ بانگی شایەتی خۆیداوە، (شا ئیسماعیل) لە ماوەیەکی کەم دوای دەست گرتنی بەسەر ئازەربێجانو چونی بۆ ناو تەورێز، زنجیرەیەك سەرکەوتنی بە دەست هێناوە.

شیاوی باسە، دوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی سەرکەوتنی سەفەوییەکان سوڵتانی ئاق قۆنیلۆ ڕووی کردتۆتە شاری شیرازو لە وێشەوە بۆ بەغدا بەمەبەستی ئەوەی جارێکی دیکە گیان بە بەر میرنشینەکەی بداتەوەو هەوڵیدا ئاشتی لەگەڵ (شا ئیسماعیل) بدات، بۆ ئەو مەبەستەش نوێنەری ڕەوانەی لای شا کرد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی لە بەغدا بمێنیتەوەو باج بداتە شای سەفەوی، کەچی شا ئیسماعیل گوێی بۆ ئەو داواکارییە نەگرتو هەموو نیردراوەکانی کوشت. بەمەش (سوڵتان موراد کوڕی یەعقوب)ی ئاق قۆنیلۆ ماوەی پێنج ساڵان فەرمانڕەوایی عیراقی کرد، بەڵام بە دوو دڵیو نیگەرانییەوە، لەبەر فراوانخوازیو هێزی بە توانای (شا ئیسماعیل) کە دەستی گرتبوو بە سەر ناوچەیەکی فراوانی لە ئێراندا.

---

[1] بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: د. محەمەد سهێل تەققوش، مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، وەرگێڕانی: شاخەوان محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤١ بەدواوە.

لە ڕاستیدا، لە دوایی ئەو هەموو سەرکەوتنەی شا ئیسماعیلو لە دواجاریش دەست گرتنی بەسەر ناوچەکانی کوردستان لە (١٥٠٧)[١]. هەوڵدان بۆ دەست گرتن بەسەر ناوچەکانی عیراقیش لە بیری (شا ئیسماعیل) دابوو، لێرەشدا پاڵنەرە مەزهەبیو و سیاسیو ئابوورییەکان بوونە هۆکاری ئەوەی کە بە گوڕو تینێکی زۆرەوە بەرەو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە هەنگاو بنێ.

لە بارەی مەزهەبەوە بزووتنەوەی شا ئیسماعیل پشتی بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی دەبەست، ئێرانیش خۆی بە یەکەم بەرگریکاری ئەم مەزهەبە هەژمار کردو خۆی بە لێپرسراویش دانا لە بەرانبەر بڵاوکردنەوەی، پاشان دەست گرتن بەسەر کەربەلاو نەجەف، کە ئەمانە دوو شوێنی پیرۆزن لای شیعەکانو دەبنە هۆی زیاتر بەگوڕبوونی بزووتنەوەکەیو بەدیهێنانی ئامانجە مەزهەبییەکانی.

جگە لەمەش شیعەکانی عیراق وەك پارێزگارێك تەماشای (شا ئیسماعیل) یان دەکردو هەر جارێکیش پێویستیان بە پارە بووایەو کەوتبانە هەر تەنگژەیەك ئەوا هانایان بۆ دەبرد، دەوڵەتی سەفەویش هەمیشە گرنگی بە بیناسازی دەدا لەو دوو شوێنە پیرۆزەدا، بۆیە شیعەکانی عیراق گەیشتنە ئەو بڕوایەی دەوڵەتی سەفەوی پشتگیریان دەکات لەو دژایەتیەی کە لەگەڵ موسڵمانە سوننییەکانی عیراق هەیانە، بەو ئومێدەش بوون ڕۆژێك دابێت ئێران حکومڕانی عیراق بکات.

لەلایەنی پاڵنەرە سیاسیەکەشەدا مەزهەبی دوازدە ئیمامی لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی سەفەویو عوسمانی[٢] ڕۆڵێکی ترسناکی هەبوو بۆ هاندانی (شا ئیسماعیل) لە پێناو هێرش کردنە سەر عیراق بۆ

---

[١] بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: د.سعدي عثمان حسين، كوردستان والامبراطورية العثمانية"دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان١٥١٤-١٨١٥م"، الطبعة الاولى، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٨.

[٢] عوسمانییەکان دەگەڕێنەوە بۆ هۆزێکی تورکی بە ناوی قایی کە یەکێکە لە خێلە کۆنەکانی تورکو لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو بەرزاییەکانی جەزیرەی سەر ڕووباری فورات هاتوونو لە لەوەڕگاکانی نزیك خەڵات جێگیر بوون، پاشان بە سەرۆکایەتی(توغروڵ) بەرەو ئەرزنجان لە ئاسیای بچووك کۆچیان کرد.(توغروڵ) لە ساڵی(١٢١٩-١٢٣٧) پشتیوانی لە سوڵتانی سەلجووقی (عەلای کیقبادی یەکەم) کردو لە بەرانبەر ئەوەدا سوڵتان زەوییە بە پیتو لە وەڕگاکانی نزیك ئەنقەرە پێبەخشیوە، بەمەش(توغروڵ) وەکو هاوپەیمانی سەلجووقییەکان مایەوە، دوای ئەوە ئەم هۆزە بە کاروباری ئابووریو چەسپاندنی پێگەیی سیاسی خۆیانەوە خەریك بوون، تا ئەوەی شا(عوسمان کوڕی توغروڵ ١٢٨٨-١٣٢٦ )بە هۆی چالاکییە فیداکارییەکانی لە بەرانبەر بێزنتییەکان پلەی فەرمانڕەوای وەرگرتو ناوبانگی دەرکرو ئەم هۆزە بە ناوی ئەوەوە ناسرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.محەمەد سوهەیل تەقوش، عوسمانییەکان لە

ئەوەی بیخاتە پاڵ موڵکەکانی خۆی، چونکە لە ناوچەکانی خوارووی ئەنادۆڵو دیاربەکر چەند هۆزێکی تورکمانی هەبوون، لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم سەرکردەکانیان ئامادەیی ئەوەیان تیادا بوو ئامانجە کۆنو کپکراوەکانی بزووتنەوەکەیان بهێننەدی. لێرەشدا کاتێك (شا ئیسماعیل) دەستی گرت بەسەر تەورێزداو ژمارەی شوێن کەوتووانی رووی لە زیادی کرد بووە مەترسییەکی ڕوونو ئاشکرا بۆ دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەت دوای ئەوەی دەستی گرت بەسەر ناوچەیەکی فراواندا. جیا لەوانەش دەست گرتن بەسەر عیراق جێگایەکی بەرزی بە (شا ئیسماعیل) دەدا لە لای شیعەکانی عیراق، بە تایبەت ئەگەر بزانیین تا ئەو سەردەمە سنوورێکی دیاری کراو لە نێوان عوسمانییەکانو سەفەوییەکان نەبووو، کوردەکانیش کە لەم ناوچەیە بوون هەمیشە لە جوولە دابوونو بوونە هۆکاری مەترسی بۆ سەر کاروانی حاجییە شیعەکان.

لە لایەکی دیکە، بە پیتی زەویو زاری عیراقو گونجاوی بۆ بواری کشتوکاڵی هۆکارێکی دیکەی پاڵنەر بوو، (شا ئیسماعیل) بیر لە داگیرکردنی عیراق بکاتەوە، چونکە دەیتوانی بەشێکی زۆر لە پێداویستییەکانی ئێران پڕبکاتەوە. جگە لەوەش دەیتوانی ئەم ڕێگا بازرگانییەی کە دەکەوتە نێوان مووسڵو دیاربەکرەوە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەگەر بزانیین ئەم ڕێگای بە ناو قولایی دۆڵی رافیدەین دەرۆیشتو، لە بەغداشەوە درێژ دەبوویەوە بۆ سەر کەنداو.

کاتێك (سوڵتان موراد) هەستی بە مەترسی (شا ئیسماعیل) کرد، هەوڵیدا پەیوەندی بە میرنشینی (زولقەدر) بکات لە ناوچەی ئەنادۆڵ کە ئەوانیش لە کۆتاییو لاوازی دەسەڵاتی دابوو، هەر بۆیە هەوڵەکەی بۆ داواکردنی هاوکاری لە (میر عەلا دەولە) لە ١٥٠٧ سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا. چونکە دەسەڵاتی ئەو میرنشینەش کەتبووە بەر شالاوی سوپای سەفەوی. ئەنجام (سوڵتان موراد) ناچاربوو ڕوو بکاتە سوڵتانی مەمالیك لە میسر کە ناوی (قانسوی ئەلغوری) بوو. ئەوە بوو سوڵتان هەندێك کاری کرد وەکو هێرشێك بۆ دژایەتی سوپای (شا ئیسماعیل)و سەپاندنی باج لەسەر خەڵکی دیمشق بۆ کۆکردنەوەی پێداویستی بەرەنگار بوونەوەی سوپای سەفەوی، بەڵام لە ڕاستیدا سوڵتانی مەمالیك لە ئامادەباشی تەواو دا نەبوو بۆ ڕزگار کردنی (سوڵتان موراد) لە عیراقدا، لەبەر ئەوەی ئەو بارودۆخە گشتییە کە مەمالییەکەکان تێکەتبوون، بەهۆی هێرشی پۆرتوغالییەکان بۆ سەر ناوچە ئاوییەکان دەسەڵاتی مەمالیکەکانی خستبووە مەترسییەوە. ئیتر بەم شێوەیە (سوڵتان موراد) بە تەنیا

---

دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خەلافەتدا، وەرگێڕانی: نەریمان خۆشناوو مستەفا سەید مینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٣ بەدواوە.

لە گۆڕەپانی ململانێدا مایەوە. لەبەرانبەریشدا (شا ئیسماعیل) دەستی بە پێشرەوەی کرد بەرەو بەغدا بە سوپایەکی گەورە لە پێش خۆیدا سوپایەکی بەسەرۆکایەتی (حوسێن بەگ لالە) لەگەڵ قزلباشەکان ڕەوانە کرد بوو هێزەکە کرمنشاو خانەقین گرت، لێرەشدا ئەگەرچی حاکمی بەغدا دەیەویست بەرگری بکات، بەڵام ناهاوتای سوپاکەی هۆکارێك بوو لەبەردەوام نەبووی بەرگریەکەی، ئەوە سەرەڕای توندو تیژی کاروکردەوەکانی سوپای سەفەوییەکان گیانی سوپای (سوڵتان موراد)ی دابەزاند بوو، چونکە سەفەوییەکان کاولکاری یەکجار زۆرییان بەسەر ناوچە داگیرکراوەکان داهێنا بوو، ئەنجام سوپای (حوسێن بەگ لالە) بێ بەرگری چوونە ناو بەغداو (شا ئیسماعیل)یش لە ١٥٠٨ هاتە ئەو شارە. شا ئیسماعیل هەڵسا بە دامەزراندنی (خادم بیك) بەوالی لەسەر بەغداو نازناوی (خەلیفە خلفای) لێنا، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ئارەزووە بوو کە دەی ویست دەست بەسەر تەواوی جیهانی ئیسلامی دابگرێت.

شیاوی باسە لەگەڵ ئەوەی (شا ئیسماعیل) بە ئاشتی چووە ناو شاری بەغداوە، بەڵام قەتل و عامێکی زۆری کردو هەوڵی دووبەرەکیدا لە شارەکەدا، کە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا ئەو کارە بە قێزەونی باس دەکەن، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە دوای داگیرکردنی شاری بەغدا سەفەوییەکان توانیان ناوچەکانی خوارووی عیراق تا بەسرا بخەنە چوارچێوەی قەڵەمڕەوەکەیانو میرنشینەکەیان کە میرنشینی (موشەعشەعین) (١) بوو لە ئەحواز دەستی بەسەر دابگرن.

ئەنجامی ئەو فراوانخوازییەی سەفەوییەکان لە ناوچەکە مەترسی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست کرد، بۆیە سوپای عوسمانی لە سەردەمی (سوڵتان سەلیمی یەکەم١٥١٢-١٥٢٠) وەرچەرخانێکی گەورەی بە خۆیەوە دی لەبەرەی ڕۆژئاوا بۆ بەرەی ڕۆژهەڵاتو لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی کەوتە ململانێیەوەو لە دەشتی چاڵدێران ١٥١٤ لەشەرێکی گەورە سەرکەوتنی بەدەست هێناو بەشی باکووری عیراقی ئێستاکە (باشووری کوردستان)ی داگیر کرد(٢). لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا لەناوچەکانی ناوەڕاستو خوارووی عیراق، یەکێك لەسەرکردە کوردەکانی هۆزی مۆسلۆ کە ناوی (زولفقار کوڕی عەلی بەگ) لاوازی دەسەڵاتی سەفەوییەکانی لە ناوچەکە قۆزتەوەو لە هاوینی (١٥٢٧) هەڵسا بە ئەنجامدانی بزووتنەوەیەکی گەورەو (ئیبراهیم خان) والی عیراقی کوشتو

---

(١) میری میرنشینی موشەعشەعین ناوی سوڵتان(فەییاز) بوو بنەماڵەکەیان لە نەوەکانی ئیمام عەلی (ڕەزای خوای لەسەر بێت) بوو، لە ئەنجامی ئەو هێرشەی سەفەوییەکان کوژرا.

(٢) بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: د.سعدي عثمان حسين، المصدر السابق.

ڕووبەرووی (شا تەهماسبی یەکەمی١٥٢٤-١٥٧٦) سەفەوی بۆوەو دەستی بەسەر بەغدا داگرتو بانگەشەی سەربەخۆی لە دەوڵەتی سەفەویدا.

لە ڕاستیدا، (زولفقارخان) هەر لە سەرەتاوە هەستی بەوە کرد کە لە توانای دانییە بە رەنگاری هێزی سەفەوییەکان بێتەوە، بۆیە پەیوەندی بە دەوڵەتی عوسمانی کردو لایەنگیری خۆی بۆ (سوڵتان سلێمانی قانوونی١٥٢٠-١٥٦٦) ڕاگەیاندو لە وتاری هەینی ناوی هێناو لەسەرپارەش ناوی نووسی، لەبەر ئەوەی (شا تەهماسب) سوپایەکی گەورەی ئامادەکرد بۆ گێڕانەوەی عیراق بە گشتیو بەغدا بە تایبەتی، سەرەتا هەوڵی سەفەوییەکان سەرکەوتوونە بوو لە بەرانبەر بەرەنگاری هێزەکەی (زولفقار)، بەڵام دووبرای (زولفقار) خیانەتیان کردو جارێکیتر سەفەوییەکان توانیان عیراق داگیربکەونەوە، بەمەش شا یەکێکی کردە حاکم لەسەر بەغدا بە ناوی (سوڵتان عەلی زولفقار کشت) یاخود (قاتل زولفقار)و ژمارەیەکی تریشی لە کەسایەتییە فارسییەکان کردە حاکم لەسەر ژمارەیەك شاری عیراقیو، خۆشی گەڕایەوە قەزوین.

شیاوی باسە، لەو دەمەی سەفەوییەکان شاری بەغدایان داگیرکردەوە، شاری بەسڕا لەسەر دەستی (موونای دی کونها) ڕووبەرووی هێرشی پورتوغالییەکان هاتەوە، ئەم دوو هێرشە واتە هێرشی ئێرانییەکانو هێرشی پورتوگالییەکانو هەرەشەکردنی ناوچەی کەنداو, مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکە سوڵتانی عوسمانی سوڵتان (سلێمانی قانوونی) دروست کرد، بۆیە هاتە سەر بیری ئەوەی هەوڵی بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی ناوەڕاستو خوارووی عیراق بدات.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

# بارودۆخی عیراق لە قۆناغی یەکەمی داگیرکاری عوسمانی

**تەوەری یەکەم: داگیرکردنی عیراق لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی**

**تەوەری دووەم: بزووتنەوەی بەکر سوباشی**

**تەوەری سێیەم: بەردەوامی ململانێی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان**

**تەوەری چوارەم: دەرکەوتنی نادر شا لە ئێران و کاردانەوەی بەسەر عیراقدا**

هەوانامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:

## داگیرکردنی عیراق لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی

دوای هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن (سوڵتان سلێمانی قانوونی) لە ساڵی١٥٣٣ فەرمانیدا بە سەدری ئەعزەم (ئیبراهیم پاشا) کە بەسەرکردایەتی سوپایەکی گەورە ڕووبکاتە ئازەربیجان، ئەویش توانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێ لە دەست گرتن بەسەر ئازەربیجانو دواتریش تەورێزدا، بەمەش لە تەمموزی ١٥٣٤ (سوڵتان سلێمان) دوای ئەوە خۆی هاتە تەورێزو لەوێشەوە بەهێزیکەوە ڕووی کردە سوڵتانییە باشووری دەریای قەزوینو ڕووبەرووی (شا تەهماسب) هاتەوە، توانی دەست بگرێت بەسەر قەزویندا. لێرەشدا ئەگەرچی سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە شەڕەکاندا ڕێگای خۆشکرد بۆ چوونە ناو قەزوین، بەڵام بارودۆخی ئاوو هەواو سەرماو سۆڵی ناوچەکەو باران بارینێکی زۆر شکستی بە تەواوکردنی هێرشەکە هێناو سوڵتان بڕیاریدا سوپاکەی ڕووەو بەغدا دەست بە پێشڕەوی بکات.

(سوڵتان سلێمان) لە ڕێگا هەمەدانەوە دەستی بە پێشڕەوی کردو هەوڵیدا دەست بگرێت بەسەر ئەو ڕێگایەی کە بەغدا بە باکوورو ڕۆژهەڵات دەبەستێتەوە، بەمەش عوسمانییەکان تەواوی هاوکارییان لە فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان لە بەغدا بڕی، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ئەنجامی توندو تیژی (شا تەهماسب) لە کارو کردەوەکانی هاندەر بوو کە خەڵکی ناوچەکانی سەر ڕێگا لایەنگیری خۆیان بۆ (سوڵتان سلێمان) دەرببڕن. کاتێکیش سوپای عوسمانی لە بەغدا نزیك بۆوە (محەمەد خانی تەکلو) حاکمی سەفەوییەکان لە بەغدا هەڵات دوای ئەوەی دڵنیان بوو کە هاوکاری سەفەوییەکانی پێناگات.

سەدری ئەعزەم (ئیبراهیم پاشا) لە ٣١ کانوونی یەکەمی ١٥٣٤ چووە ناو شاری بەغداو دوای دوو ڕۆژیش سوڵتان، بەڵام سوڵتان سەرەتا ڕێگای نەدا تەواوی هێزەکەی بچێتە ناو شارەوە، ئەویش لە لایەك لەبەر ئەوەی نەکا بەرەنگارییان بکەن، لە لایەکی دیکەشەوە تا بە تەواوەتی بەلای خۆیان ڕابکێشێ.

سوڵتانی عوسمانی بە جیاواز لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی دیکە لە کاتی هاتنی بۆ ناو شاری بەغدا هەوڵی چاککردنەوەی بارودۆخەکەیدا بە تایبەت نۆژەن کردنەوەی هەندێ لەناوچەکان، ئیتر هەر لەبەر ئەو سیاسەتە بوو شێخو سەرۆك هۆزەکان لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی عیراق هاتنە بەغدا بە مەبەستی پێشاندانی لایەنگیرییان بۆ دەوڵەتی عوسمانی. لە وانەش: (شێخ ڕاشد کوڕی مەغامس کوڕی مانع) حاکمی بەسرا هاتە بەغدا، ڕایگەیاند کە بەسراو حوێزەو لوڕستان لایەنگیری دەوڵەتی عوسمانی دەکەن. بەمەش کۆنترۆڵی عوسمانییەکان کەوتە سەر یەکێك لە ڕێگا بازرگانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی دوور کە بە ئەوروپای دەبەستایەوە، هەروەها بووە هۆکاری ئەوەی کە عوسمانییەکان ڕووبەرووی بەرەنگاریەکی نوێ بێنەوە لە ناوچەکەدا کە ئەوانیش پورتۆغالییەکان بوون، تازە وردە دەسەڵاتیان بەرەو ئەو ناوچانە هاتبوو. هەر بۆیە سوڵتانی عوسمانی بڕیاریدا کەوا بەرەنگارییان بکات.

سوڵتان (سلێمانی قانوونی) دوای گەڕانەوە لە بەغدا (سلێمان پاشای درێژی) حاکمی دیاربەکری کردە والیو ژمارەیەك هێزی بۆ بەرگری کردن لە تەکدا بەجێ هێشت، ئەمانیش بۆ ڕێکخستنی باری کارگێری عیراقیان دابەشکردە سەر چوار ویلایەت.

**یەکەم:** ولایەتی بەغدا لە هەژدە سەنجەق پێك دەهات.

**دووەم:** ویلایەتی مووسڵ لە ٦ سەنجەق پێك دەهات.

**سێیەم:** ویلایەتی شارەزوور لە ٢١ سەنجەق پێك دەهات.

**چوارەم:** ویلایەتی بەسرا ئەویش لەبەر بوونی عەشائیری زۆر سەنجەقی نەبوو.

شیاوی باسە، لەگەڵ ئەو دابەشکردنە کارگێرییە کۆمەڵێك پلەو پایەی کارگێری هەبوون لە عیراقدا کە بارودۆخەکەیان بەڕێوە دەبرد، کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

**یەکەم:** والی کە پلەی وەزیری ئێستاکەی هەبووو تەواوی کاروبارەکان بە فەرمانی ئەو بوو.

**دووەم:** کەتخدا (کەهییە) یاریدەدەری والی بوو لە کاروباری سەربازیو سیاسیو جێگرەوەی بوو لە کاتی ئامادەنەبوونی.

**سێیەم:** دەفتەردار ، بەرپرسی کاروباری دارایی بوو.

**چوارەم:** قازی، خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی بووو، لە هەندێ کاتیش چاودێری ڕەفتاری والی دەکرد.

هەولێرنامەی کتێب

**پێنجەم:** سوباشی (بەڕێوەبەری پۆلیس) بووو، لە کاتی شەڕیش سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو.

لە ڕاستیدا، هەر دوو ویلایەتی شارەزوورو بەسرا لە عیراق بۆ دەوڵەتی عوسمانی جێگای کێشە بوون، یەکەمیان لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوی بووو هاوسنووری دەوڵەتی سەفەوی بوو، دووەمیشان لە بەر زۆری عەشائیر لە ناوچەکەو نەکەوتنە ژێر تەواوی دەسەڵاتی لەهەندێ کاتدا، بەمەش بە درێژاییی سەدەی شازدەهەم ناوەناوە هێرش دەکرایە سەر ناوچەکەو دەگەڕێنرایەوە ژێر دەسەڵاتی مەرکەزی، بەڵام سەرباری ناجێگری بارودۆخی لە عیراق، دەسەڵاتدارانی عوسمانی گرنگیان بە چاکردنەوەی باری عیراقدا لە ڕووی دروست کردنی مزگەوتو گرنگیدان بە باری کشتوکاڵو لێدانی خەندەق لە دەوری شاری بەغداو، گەشە پێدانی لایەنی بارزگانی کە لەو سەردەمە بەغدا بنکەیەکی بازرگانی گرنگ بووو زۆر خەڵك ڕووی تێدەکرد، بەڵام بارودۆخەکە زۆری نەخایاندو لەگەڵ سەرەتای سەدەی حەڤدە لە ئەنجامی لاوازی کەسایەتییە فەرمانڕەواییەکانی عوسمانی لە عیراقو فەسادی ئیداریو سەربازیو هەڵگەڕانەوە هێزە ئینکشارییەکان[1] و دەست خستە نێو کاروباری دەوڵەت لەلایەن حەرەم سەرا، سەرەڕای بوونی ئەزمەی ئابووریو کەمبوونەوە نرخی پارەو، لەگەڵ زیاد بوونی دوژمنانی دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەتی لە هێزە ئەوروپییەکان لە لایەكو ڕوسیا لە لایەکی دی. ئیتر ئەو بارە کاریگەری کردە سەر پیاوانی وڵاتو لە عیراقو ژمارەیەك هەڵگەڕانەوە ئەنجامدرا کە لە هەموویان گرنگتر بزووتنەوەکەی (بەکر سوباشی) بوو.

---

[1] ئینکشارییەکان، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم هێزە سەربازییە لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەردەمی میرایەتی (ئۆرخانی کوڕی عوسمان) دەگەڕێتەوە کاتێك یەکێك لە ڕاوێژکارەکانی بە ناوی(قەرە خەلیل) پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد، سوپایەکی پیادە لە کەسانی نا تورك پێك بهێنێ بۆ ئەوەی ببێتە کاکڵەی سوپایەکی بەردەوامی پیشەیی. بۆ ئەم مەبەستەش(ئۆرخان)ساڵی(١٣٣٠ )دەستی کرد بە دامەزراندنی ئەم سوپایە، بەڵام ڕێکخستنو تەواوکردنی پێداویستییەکانی لە سەردەمی سوڵتان (محەمەدی دووەم١٤٥١-١٤٨١)، پاشان لە زەمانی سوڵتان(سلێمانی قانوونی) کۆتایی پێهات. ئۆرخان ئەم سوپایەی لە بنکە سەربازییەکاندا دانا، چونکە ئەندامانی ئەم سوپایە خانەوادەیان نەبووو ژنیان نەدەهێناو هیچ ئومێدێکیان نەبوو بۆ دامەزراندنی خێزانو تێکەڵی کۆمەڵگاش نەدەبوون، بەڵکو خۆیان تەرخان کردبوو بۆ بەرگری کردن لە ئیسلامو پاراستنی ژیانی میللەتو سوڵتانی عوسمانی، چونکە تاکە باوەڕیان ئیسلام بووو، قورئانی پیرۆزیش پەرتووکیانو سوڵتانی عوسمانیش باوکیانو بنکە سەربازییەکانیش ماڵیانو جەنگیش پیشەیان بوو، لە سەرەتادا ناویان(ینی چری) بوو واتە(سوپای تازە)، بەڵام لە دواتر ئەم ناوە وردە وردە لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی گۆڕانکاری بەسەر داهاتو بوو بە ئینکشاری. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: **محمد فريد بك المحامي**، تاريخ الدولة العلية العثمانية، بيروت،١٩٧٧، ص١٢٣.

### تەوەری دووەم:

## بزووتنەوەی بەکر سوباشی

(بەکر سوباشی) سەرەتای ژیانی لە نێو سوپای ئینکشاری دەستی پێی کردووە تا ئەوەی لە بەغدا پلەی بۆ سوباشی بەرزبۆتەوەو خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز بوو لە وێدا. (سوباشی) ساڵی ١٦١٩ دەسەڵاتی لە بەغدا گرتە دەستو، دوای دووساڵ سەرکردایەتی هێرشێکی کرد بۆ تەمبێکردنی هۆزەکانی فوراتی ناوەڕاست کە بارودۆخی ئاسایشیان لە ناوچەکەدا تێکدابوو. دوای سەرکردایەتی کردنی ئەو هێرشە (بەکر سوباشی) کوڕەکەی کە ناوی (محەمەد) بوو لە شوێنی خۆیدا لە بنکەی سوباشی لە بەغدا بە جێ هێشتبوو، والی بەغدا (یوسف پاشا) هەڵەکەی بۆ خۆی قۆزتەوەو هێرشی کردە سەر ماڵی (بەکر سوباشی)و تالآنی کرد، کاتێکیش (بەکر) بەم هەواڵەی زانی بە زووترین کات گەڕایەوە بەغداو کەوتە مەیدانی شەڕەوە لەگەڵ لایەنگیرانی والیداو گەمارۆی کۆشکیدا، لە کۆتایشیدا والی کوشتو گەمارۆدراونیش خۆیاندا بەدەستەوە.

دوای ئەم ڕووداوە (بەکر سوباشی)، داوای لە سوڵتانی عوسمانی کرد کە دان بە دەسەڵاتەکەیدا بنێت لەسەر بەغدا، بەڵام سوڵتان بەو داواکارییە رازی نەبووو، والییەکی نوێ بە ناوی (سلێمان پاشا) کەوالی دیاربەکر بوو کردە والی بەسەر بەغدا، ناوبراویش بۆ مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە هەڵسا بە ڕەوانەکردنی جێگرەکەی بە ناوی (عەلی ئاغا)، کەچی (بەکر سوباشی) ئەویشی دەرکرد. دوای ئەوە جارێکی تریش والی تازە دانراو هەڵسا بەڕەوانە کردنی هێزێکی دیکە بە سەرکردایەتی (حافز ئەحمەد پاشا) دژی (بەکر سوباشی).

کاتێکیش (حافز ئەحمەد پاشا) بە سەرۆکایەتی هێزێك ڕووی کردە بەغدا، (بەکر سوباشی) سوپای بۆ بەرەنگاری ئامادەکردو، هاتە سەر بیری ئەوەی کە پەیوەندی بە (شا عەباسی سەفەوی ١٥٨١-١٦٢٦) بکات، بۆ ئەو مەبەستە نێدراوی خۆی بۆ لای (حوسێن خان) حاکمی لوڕستان ڕەوانە کرد تا

(شا عەباس) هاوکاری بکات، چونکە ڕایگەیاند کە لە وتاری ڕۆژی هەینی ناوی (شا عەباس) دەهێنێو پارەش بە ناوی ئەوەوە لێدەدا بەمەرجێك بە حاکمی بەغدا بمێنێتەوە، ئەنجام (شا عەباس) بە داواکارییەکانی ڕازی بووو هەڵسا بە ڕەوانەکردنی سوپایەك بە سەرۆکایەتی (سەفی قولی خان) حاکمی هەمەدان بۆ دەست گرتن بەسەر بەغدا.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە دوای ئەوەی سوپای سەفەوی گەیشتە خانەقینو، (حافز ئەحمەد پاشا) هەستی بە خراپی بارەکە کرد، فەرمانێکی بەناوی سوڵتانەوە ڕەوانە کرد کە بڕیاری لێبووردنی (بەکر سوباشی)و دامەزراندنی وەکو دەسەڵاتداری بەغدا تیایدا هاتبوو. لێرەشدا بە دەرکردنی ئەو بڕیارە (بەکر سوباشی) ئامانجەکانی هاتەدی، بۆیە هەوڵیدا لە ئاژاوەی (شا عەباس) خۆی ڕزگار بکات، بەمەش هەڵسا بە ڕەوانەکردنی نێدراوی خۆی بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ (سەفی قولی خان) تا سوپاس گوزاری خۆیان ئاراستەی (شا عەباس) بکەن بۆ پێشکەش کردنی ئەو هاوکارییە، لەگەڵ ئامادەباشی بۆ بژاردنی تێچوونی هاتنی هێزەکەی، بەمەرجی ئەوەی هێزەکە نەیەتە ناو بەغدا.

بیستنی ئەو هەواڵە (شا عەباس)ی تووڕەکردو بە خۆیو سوپایەکی زەبەلاح هات بۆ داگیرکردنی بەغدا، لە ڕاستیداش بارەکە لە باربوو لەبەر خەریك بوونی دەوڵەتی عوسمانی لەو ماوەیەدا بە هەڵگەڕانەوەی ئینکشارییەکان کە هەڵسابوون بەلادانی (سوڵتان عوسمانی دووەم ١٦١٨-١٦٢٢)و دانانی (سوڵتان موورادی چوارەم ١٦٢٣-١٦٤٠) لەشوێنی ئەودا.

(بەکر سوباشی) ئامادە بوو بۆ بەرەنگاری سەفەوییەکان، بەڵام سوپای سەفەوییەکان توانی گەمارۆی بەغدا بدەن لە ١٦٢٣ بۆ ماوەی سێ مانگ، ئەو گەمارۆدانەش کاریگەری خراپی کردە سەر خەڵکی شارەکە تا ئەوەی لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خەڵکی بە ناچاری گۆشتی سەگیان خواردووە. ئەنجامی درێژە کێشانی بارودۆخەکە (محەمەد کوڕی بەکر سوباشی) خیانەتی لە باوکی کردو یەکێك لە دەرگاکانی بەغدای بە رووی سەفەوییەکاندا کردەوەو بەمەش سوپای سەفەوی لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٦٢٣دا هاتنە ناوەوە. کاروکردەوە خراپەکانی سوپای سەفەوی لە سەرچاوەکاندا بە قێزەونی باس دەکرێن [1].

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: نظمي زادة مرتضى افندي، گلشن خلفاء، ترجمة: موسى كاظم نورس، مطبعة الاداب، النجف، ١٩٧١.

هەولێرنامەی کتێب

(شاعەباس) لە (بەکر سوباشی) خۆش نەبووو، بە دیلکراوی دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر کوشتی، لەپاشانیش کوڕەکەی بە هەمان دەردی باوکی چوو. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە سەفەوییەکان هەر بەوەندەوە نەوەستان، بەڵکو کەوتن هەوڵی ئەوەی دەست بگرن بەسەر ناوچەکانی دیکەی عیراقو، بۆ ئەو مەبەستەش ڕوویان کردە کەرکوكو دواتریش مووسڵو داگیریان کردنو ماوەیەکی کەم تیایدا مانەوە. بەڵام ئەوەی جێگای باسە دوای دەست بەسەر داگرتنی شاری بەغدا (شا عەباس) ماوەی چوار مانگ مایەوەو، دواتریش (سەفی قولی خانی) لەسەر کردە حاکمو خۆی گەڕایەوە دەرباری وڵات، بەمەش کۆتایی بە بزووتنەوەکەی بەکر سوباشی هاتو بەغدا لە دەست عوسمانییەکانەوە کەوتەوە دەستی سەفەوییەکانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری سێیەم:

## بەردەوامی ململانێی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان لەسەر بەغدا

داگیرکردنەوەی بەغدا لەلایەن سەفەوییەکان مەترسییەکی گەورە بوو بۆ عوسمانییەکان، چونکە لەو کاتەدا دەوڵەتی عوسمانی بە بارودۆخێکی لاواز تێدەپەری، بەڵام سەرباری ئەوەش کەوتە هەوڵی گێرانەوەی ئەو ناوچانەیدا کە لەدەستیدابوون. بۆ ئەم مەبەستە سولـتان (مورادی چوارەم) سوپایەکی بە سەرۆکایەتی سەدری ئەعزەم (حافز ئەحمەد پاشا) لە ساڵی ١٦٢٥ ڕەوانە کرد بۆ گێرانەوەی شاری بەغدا، ئەنجام هێزەکە ماوەی شەش مانگ گەمارۆی بەغدایانداو سەرکەوتوو نەبوو لە چوونە ناو بەغداوە، لەبەر ئەوەی لەبەرانبەردا (شا عەباس)یش هێزێکی ڕەوانە کرد بوو بۆ پارێزگاری کردن لەو شارە، لێرەشدا کاتێك هەر دوولا ماوەیەکی زۆر لەشەڕ دا دەبن، کەمی پێداوێستی سوپای عوسمانی هانی هێزە ئینکشارییەکان دەدات بۆ هەڵگەڕانەوە لە سەرکردایەتی سوپاو ناچار دەبن بگەڕێتەوە.

دەوڵەتی عوسمانی هێرشی دووەمی بە سەرۆکایەتی (خەسرەو پاشا) لە ١٦٢٩-١٦٣٠ ڕەوانەکردو ماوەی چل ڕۆژ گەمارۆی بەغدایدا، دواتر ئەویش گەڕایەوە موسڵ، بەڵام کاتێك سولڵتان (مورادی چوارەم) سەرکەوتووبوو لە چارەسەرکردنی بارودۆخی وڵاتو هێنانەوەی یاساو جێبەجێکردنی، تەواو خۆی ئامادەکرد بۆ گێرانەوەی بەغدا. بەمەش سولڵتان (مورادی چوارەم) لە ساڵی ١٦٣٨ دەستی بەپێشرەوی کردو لە ڕێگایەشدا سوپای تری لە کوردو عەرەب هاتنە تەکیو، گەیشتە دەورووبەری بەغداو ماوەی چل ڕۆژ گەمارۆیداو توانی دەست بگرێتەوە بەسەریداو سوپای سەفەوییەکان بکاتە دەرەوە. لەگەڵ گرتنەوەی شاری بەغدا سولڵتان بڕیاریدا بارودۆخەکەی چاك بکرێتو نۆژەنکردنەوە بۆ ناوچەکانی کاولبووەکان بکرێت، دوای ئەوەش کە خۆی گەڕایەوەو (کچك حەسەن ئاغای) ئینکشاری کردە والی لەسەر بەغدا.

سەدری ئەعزەم (مستەفا پاشا) ماوەی دوو مانگ لە بەغدا هەوڵی چاککردنەوەی خانوونو بازارو کێڵگە کشتوکاڵییەکانیداو، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاریدا باری ڕۆژهەڵاتی وڵات ئارام بکاتەوە. بۆیە بە سەرۆکایەتی هێزێك ڕوویکردە ڕۆژهەڵات، لەو کاتەش (شا سەفی١٦٢٩-١٦٤٢) داوای ئاشتەوایی کردوو هەردوولا ڕێکەوتنو پەیماننامەی زەهاوی ١٦٣٩ لە نێوان عوسمانییەکانو سەفەوییەکان مۆرکرا. یەکێك لە گرنگیو تایبتمەندییەکانی ئەو پەیماننامەیە ئەوەیە کە خاڵەکانی تا سەدەی نۆزدەهەمیش لە کاتی ئاشتەوایی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی ئێرانی پشتی پێ دەبەسترا [1].

ئەگەرچی دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بۆ عیراق هەوڵی چارەسەرکردنی باری ناوچەکە دراوە کە لە ئەنجامی هێرشی سەفەوییەکانو ململانێیان لەگەڵ عوسمانییەکان تووشی هاتبوون، بەڵام لاوازیو بڵاوبوونەوەی گەندەڵی کارگێری لە ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی پروشیکی بە عیراقیش کەوتووە، ئەگەر بزانیین زۆربەی ئەوانەی کە لە دەسەڵات یاخی دەبوون یاخود هەوڵی قازانجی تاکەکەسی خۆیان دەدا ئەوانە ڕەوانەی عیراق دەکران، بۆ ئەوەی فەرمانداریو بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە بگرنە دەست. ئەمانیش کە دەهاتن هیچ درێغییەکیان لە کاری ناڕەوا نەکردووە، هەر بۆیە تەشەنەکردنو بڵاوبوونەوەی ئەو بارودۆخە کاریگەری هەبووە لەسەر دواکەوتنی باری شارستانیو سیستەمی ئاودێریو وێران کردنی شارەکانو هاتنە ئارای هۆزە دەوارنشینەکانو دەست گرتنیان بەسەر تەواوی باری وڵاتدا، ئەوە سەرباری کۆنترۆڵکردنی ڕێگاوبانەکانو وەرگرتنی باج بە شێوازێکی زۆرەملی. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە هەر لە ئەنجامی ئەو بارەدا دەبینین تەمەنی ئەو والییانەکە کە هاتوونەتە سەر حکوم بە تایبەت لە بەغدا زۆر کورت بووە. لەم بارەیەوە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە ماوەی نێوان ساڵانی١٦٣٩-١٧٠٤، (٣٩) والی لەسەر بەغدا گۆڕاون، لێرەشدا ئەوە بەدیار دەکەوێت کە ئەم والییانە لەبەر کەمی ماوەی حکومڕانییەکەیان نەپڕژاونەتە سەر چاککردنی باری ویلایەتەکە تا هاتنی (حەسەن پاشا ١٧٠٤-١٧٢٣) [2].

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: احمد حمدامین اومر و دلشاد محمود عبدالرحمن، کاریگەری پەیماننامەی زەهاو ١٦٣٩ لەسەر کوردستان"توێژینەوەیەکی مێژوویە"، گۆڤاری زانکۆی مرۆڤایەتی، ژمارە(٤٠)، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦١ بەدواوە.

(٢) حەسەن پاشا بە جەدیدیش ناوی دەرکردبوو، کە بە ڕەچەڵەك بۆ ئەمەوییەکان دەگەڕایەوە، ئەم نازناوەشی بۆ ئەوە بوو تا جیابکرێتەوە لەم هاوناوانەی کە پێشووتر لە عیراق فەرمانڕەوییان کردووە. د. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عیراق، وەرگێڕانی: دلێر میرزا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٣٧.

لە ڕاستیدا، وەرگرتنی پلەی والییەتی لەلایەن (حەسەن پاشا) بە هۆی شارەزاییەوە هەندێ لە بارەکەی گۆڕی، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا لە ناوخۆی عیراقدا یەکێتی گەلێکی زۆر لە تیرەکان هاتبوونە ئاراوە کە هەر یەکەیان لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیدا حکومڕانی دەکردو باجی لە کاروانەکان دەسەندو کێشەی بۆ دەسەڵات دەنایەوە، بە تایبەت دوای هاتنی هۆزی (شەمەرو عەنزە) لە ناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبیو نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکانی عیراقدا [1]، لێرەشدا (حەسەن پاشا) وەکو والی نوێ دەبوو هەوڵی ئەوە بدات ئەو بارە چارەسەر بکات، بۆیە کەوتە پروپاگەندە دەربارەی ڕەفتاری توندی دەسەڵات لە بەرانبەر ئەوهۆزانەی کە دەستیان لەو کارانەدا هەیەو ئاژاوە بۆ دەسەڵات دەنێتەوە، بەمەش نامەیەکی پڕ لە هەڕەشی ئاڕاستە کردن،بەڵام لە بەرانبەردا هەندێك لە هۆزەکانی گاڵتەیان پێهات، بۆیە هەوڵیدا بەهێز بە ڕەنگاریان بکاتو، ئەنجام توانی زۆرێك لەو هۆزانە بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتو ناچاریان بکات پابەندی فرمانەکانی دەسەڵات بن. ئەگەرچی یەکێتی گەلێکی زۆریان پێك هێنابوو لە ژێر سەرکردایەتی (مغامس کوڕی مانع) شێخی هۆزی (مونتەفیق) کە هەریەك لە هۆزەکانی (شەمەر، خەزعل، زوبیر، مەیاح، غەزیە،بنەماڵەی سەرای، بنەماڵەی خالید) لەگەڵ دابوون [2].

شیاوی باسە، دوای تێپەربوونی دە ساڵ لە هەوڵەکانی (حەسەن پاشا) بۆ سەرکوت کردنی ئەم هۆزانە، ئینجا ناوبراو ڕووبەڕووی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات هاتەوە، کە ئەو کات دەوڵەتی سەفەوی تووشی دارمانو هێرشی دەرەکی هاتبوو لەلایەن ئەفغانەکانەوە [3] بەمەش دەوڵەتی عوسمانیو ڕووسیا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی باکووری ئێران بۆ خۆیان دابەش بکەن [4]، بەمەش (حەسەن پاشا) دەستی گرت

هەواڵنامەی تێز

---

[1] هاتنی ئەم دوو هۆزە لە دەورووبەر ساڵی ١٦٤٠ بوو. بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: ستيفن هيمسلي لونگريك، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة: جعفر خياط، الطبعة السادسة، بغداد، ١٩٨٦، ص ٧٩-٨٠.

[2] سەبارەت بەو یەکێتییەی نێوان هۆزەکان عەباس عەزاوی پێوایە ئەگەر سەرکەوتنیان بەدەست بهێنایە، عیراق هەر لەو سەردەمەوە سەربەخۆیی بەدەست دەهێنا، بەڵام عەلی وەردی بە پێچەوانەی دەبنێی بەهۆی ئەوەی ئەمانە هۆزی عەشائیری بوون لە نێوان خۆیان ڕێك نەدەکەوتن، بۆیە ڕەنگە لەگەڵ یەکتر شەڕیان بکردایە. عباس العزاوي، تاريخ العراق بين إحتلالين، الجزء الخامس، بغداد،١٩٥٣، ص١٧٩؛ د. عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، ل١٤١.

[3] ئەفغانەکان ماوەی نێوان ساڵانی(١٧٢٣- ١٧٣٠) حکومڕانی ئێرانیان کرد.

[4] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. محەمەد سهێل تەققوش، مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، ل ٣٠٨ بە دواوە.

بەسەر کرمنشا، بەڵام لە کاتی هێرشەکەیدا (حەسەن پاشا) کۆچی دوایی کردو کوڕەکەی بە ناوی (ئەحمەد) هاتە شوێنی [1].

سەردەمی (ئەحمەد پاشا) وەك درێژە پێدەری سەردەمی باوکی بەردەوام بوو لەسەر هێمنیو باری ئاسایش، هەروەها لە ڕووی دەرەکیش بەردەوام بوو لەسەر هێرشکردنە سەر ناوچەکانی ناوخۆی ئێران تا ئەوەی باری ناوخۆی ئێران گۆڕنی بەسەر داهاتو یەکێك بە ناوی (نادر خانی ئەفشاری) [2] دەرکەوتو دەستی گرت بەسەر بارودۆخەکەداو دواتریش دەستی کرد بە گێرانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی ئێرانو فراوان کردنی قەڵەمڕەوەکەی لەسەر حیسابی ناوچەکانی دەورووبەری.

هەواڵنامەی کتێب

---

(1) ئەمە بۆ یەکەمین جارو دواهەمین جار بوو کە لە دوای مردنی باوك کوڕەکەی وەکو والی لە عیراق بێتە شوێنی.

(2) نادر خانی ئەفشاری، لە تشرینی دووەمی ١٦٨٨ لە خێزانێکی هەژار لە دایك بووە، لە هۆزی ئەفشاری تورکمانییە، نادر خان لە ٩ی مارتی ١٧٣٦ تاجی شایەتی لەسەر ناوەو بۆتە شای ئێرانو فەرمانڕەوایی کردووە تاوەکو ئەوەی لە ساڵی ١٧٤٧ لە لایەن یەکێك لە خزمەکانی کوژراوە. د. محەمەد سهێل تەققوش، مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، ل ٣١٩ بە دواوە.

## تەوەری چوارەم:

## دەرکەوتنی نارد شا لە ئێران و کاردانەوەی بەسەر عیراقدا

سەرهەڵدانی (نادر خان)، کە دواتر بە (نادر شا) نێوی دەرکرد لە ئێراندا کاریگەری کردە سەر گۆڕانکارییە سەربازیو سیاسییەکان لە ناوچەکەدا بە گشتیو، عیراق بە تایبەتی. ئەگەر بزانیین ئەو سەرکردە سەربازییە بارودۆخی گرژیو خراپی ئێرانی بۆ خۆی قۆزتەوە کە لە ئەنجامی هێرشی ئەفغانەکان، ڕووسەکانو عوسمانییەکان تووشی هاتبوو. (نادر خان) دەستی بە فراوانخوازی دەسەڵاتەکەی کرد بە حکومی ئەوەی سەرۆکی هۆزەکەی بوو لە لایەكو حاکمی یەکێك لە شارەکانی خوراسان بوو لە لایەکی دی، هەروەها کاتێکیش سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە دەرکردنی ئەفغانەکان لەلایەن (شا تەهماسبی دووەم ١٧٢٢-١٧٣٢) ناز ناوی (تەهماسب قولی خان) واتە ناوی کویلەی تەهماسبی پێبەخشرا.

(نادر خان) توانی شکست بە هێزی ئەفغانییەکان بهێنێ لەشەڕ لە نزیك ڕووباری (مهماندوست) لە ساڵی ١٧٢٩ کە (ئەشرەف خانی) ئەفغانی سەرکردایەتی دەکردن، بەمەش ئەفغانەکان ئەسفەهانی پایتەختیان جێهێشتو ڕوویان کردە شیراز. (نادر خان) چووە ناو ئەسفەهانو بانگی گەڕانەوەی حکومڕانی سەفەوییەکاندا لە ئێران، دواتریش کەوتە دوای پاشماوەی هێزەکانی ئەفغان لە باشووری وڵات، ئەنجام لە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی شیراز هەر دوولا بەیەك گەیشتنو هێزی ئەفغانەکان شکانو ڕوویان کردە ناوچە سەرەکییەکانی خۆیان.

دوای ئەو سەرکەوتنە لە بەرەی ڕۆژهەڵات، (نادر خان) ڕووی کردە ڕۆژئاوا، کە لە ماوەیەدا عوسمانییەکان دەستیان گرتبوو بەسەر ناوچەیەکی فراوان لە ڕۆژئاوای ئێراندا، ئیتر هێرشی کردە سەر سوپای عوسمانییەکان لە نەهاوەندو لە ساڵی١٧٣٠ دەستی بەسەردا گرت، ئینجا پێشرەوی کردو دەستی گرتەوە بەسەر ئەهواز، هەمەدان، نەهاوەندو تەورێزدا.

هاتنە پێشەوەی هەندێ هەڵگەڕانەوە لە ناوخۆی ئێران، (نادر خان)ی لەبەرەکانی شەڕ لە ڕۆژهەڵات دوور خستەوە، لەو کاتەشدا سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە هەندێ لە شەڕەکان (شا تەهماسبی دووەم)ی ناچار کرد پەیماننامەیەك لە ساڵی ١٧٣٢ بە ناوی پەیماننامەی (ئەحمەد پاشا) [١] لەگەڵ عوسمانییەکان مۆر بکات، بەڵام ئەم پەیماننامەیە مایە نیگەرانی (نادر خان)و هەندێ لە دەسەڵاتدارانی ئێران بوو، بۆیە لە ئەنجامدا (شا تەهماسبی دووەم)یان لە دەسەڵات هێنایە خوارەوەو (شا عەباسی سێیەم ١٧٣٢- ١٧٣٦) کە هێشتاکە شیرە خۆرە بوو کرد شاو (نادر خان)یش بووە چاودێر بەسەر کارەکانی.

لە ڕاستیدا، ئارەزووەکانی (نادر خان) لە فراوانخوازی دەسەڵاتەکەی بە دەرکەوتو هەوڵی زیادکردنی سنوورەکەیدا، لەوانەش هەوڵی دەستگرتنیدا بەسەر ناوچەکانی عیراق بۆ سوود لێوەرگرتنی لەلایەنی سیاسیو ئابووری. لەم چواچێوەشدا لە بەهاری ١٧٣٢ لە ئەسفەهانەوە بەرەو ناوچە سنوورییەکانی عیراق دەستی بە پێشرەوی کرد، نامەیەکی ئاراستەی (ئەحمەد پاشا)ی والی بەغدا کردو ئاگاداری کردەوە کەبەرەو بەغدا دێت، (ئەحمەد پاشا)ش دەستی کرد بە تۆکمەکردنی ناوچە سنورییەکانی درنە، مەندەلی، بەدرە، زەهاو- قەسری شیرین، لەگەڵ بنکە سەربازییەکانی شوورای بەغدا.

لەگەڵ ئەوەی سوپای ئێرانییەکان لە ژمارەدا زۆر بوون، بەڵام ڕووبەرووی بەرەنگارییەکی زۆر هاتنەوە لە ناوچەکانی عیرقدا، لەبەر ئەوەی لە زۆر لاوە دەستیان بە پێشرەوی کردبوو بەرەو ناوچەکانی عیراق لەوانە بەشێکیان ڕوویان کردە ناوچەکانی کەرکوك، هەروەها هێزە سەرەکییەکەیان ڕووی کرد بووە بەغدا، لێرەشدا ئەگەرچی هێزەکەیان دەستی گرت بەسەر کەرکووكو هەولێردا، بەڵام لە مووسڵ تووشی بەرەنگارییەکی توندهاتنو شکانو گەڕانەوە.

لە مارتی ١٧٣٣ (نادر قولی) گەمارۆی بەغدایدا لە بەشی ڕۆژهەڵاتیەوە، لەگەمارۆکەشدا پرسو ڕای بە ئەندازیارێکی ئەورووپی کردبوو کە لە هێرشەکەدا لە تەکیدا بوو، ئەوە بوو سوپای ئێرانییەکان توانیان بەشی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە بگرن. (ئەحمەد پاشا)ش داوای لە دانیشتوانی کەرخ کرد کە پاشەکشە بکەن بەرەو لای ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری بکەن، لەو کاتەشدا هێزێکی ئێرانییەکان ڕەوانە کرابوو بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر سامەرا، حیللە، کەربەلا، نەجەف، دیوانییە.

---

[١] بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ ناوەڕۆکی ئەم پەیماننامەیە بڕوانە: د. محەمەد سهێل تەققوش، مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، ل٣٢٥-٣٢٦.

ئەنجامی ئەو گەرمارۆ توندە خەڵکی بەغدا تووشی نەهامەتیو برسیتییەکی زۆرهاتو لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە خەڵکی ناچار بووینە بە خواردنی گۆشتی سەگو کەر، هەر ئەمەش بووە وای کردووە والی بەغدا دوای یارمەتی لە ئەستەنبوول بکات. ئەنجامیش بە هۆی هاتنی سوپایەکی عوسمانی بە سەرۆکایەتی (تۆپپاڵ عوسمان پاشا) هەر دوولا دەکەونە شەڕو، ئەنجامەکەش بە تێك شکانی ئێرانییەکان کۆتایی دێت. ئێرانییەکان لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆریان لێکوژراو ژمارەیەکشیان لێبەدیل گیرا، دەست بەسەر چەكو جبەخانەیکی زۆریشیان گیراو، (نادر خان) لەبەری شەڕەکەدا هەڵات.

دوای کەمتر لە سێ مانگ، ئێرانییەکان جارێکی دیکە هاتنەوە سەر گۆڕەپانی ململانێی بۆ دەست گرتن بەسەر عیراقدا. ئەمجارەشیان هێزەکانیان روویان کردە کەرکووكو هەولێر، کاتێکیش گەیشتنە (لەیلان) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووك ڕووبەرووی بەرەنگارییەکی توند هاتن لە دەربەندی (ئەق)، هەر دوولا لەو شەرەدا زەرەووزیانی زۆریاندا، بەڵام ئەمجارە (نادر خان) داوای ئاشتەوایی کرد کاتێك هەواڵی پێ گەیشت کە بارودۆخی وڵاتەکەی گرژی تێکەوتووەو حاکمی (هەرێمی فارس) (محەمەد خانی بلوج) هەڵساوە بە ئەنجامدانی شۆڕش، بەمەش گفتوگۆکان لە دواجار ١٧٣٥ پەیماننامەیەکین بەست لەسەر بناغەی بەندەکانی پەیماننامەی زەهاوی ساڵی ١٦٣٩.

دوای ئەوەی (ئەحمەد پاشا) دڵنیابوو لەوەی (نارد خان) لە سنووری عیراق دوور کەوتۆتەوە، ئینجا کەوتە هەوڵی تەمبێی کردنی خێلەکانی عیراق، لەبەر ئەوەی زۆربەیان چووبوونە ڕیزی دوژمنو چاوساغیان بۆ دەکرد، بە تایبەت هۆزی (شەمەر). کاتێکیش حکومەت ئەو دەرفەتەی بۆ ڕێککەوت هەڵی کوتایە سەریانو هەموویان بە ناچاری سەرۆکەکانیان هاتنە بەغداو داوای لێ بووردینان کردو مل کەچی خۆیان راگەیاند، بەڵام ئەو باوردۆخە زۆری نەخایەند، لەبەر ئەوەی (ئەحمەد پاشا) ڕەوانەی (ئورفە) کرا، ئەمەش ڕێگای لەبەردەم هۆزەکانو ئینکیشارییەکان خۆشکرد تا ئاژاوە بنینەوە، بەمەش دەسەڵاتدارانی دەروازەی باڵا (بابی عالی) [1] هەستی بەوە کرد کە عیراق جیاوازەو پێویستی بە

---

(١) بابی عالی، ئەسڵەکەی" پاشا قاپی سی- قاپوسی"یە کە "بابی عالی"شیان پێ دەگوت، دیارە ئەمیان لە(الباب العالی)ی عەرەبییەوە هاتووە، لە زمانە ئەوروپییەکاندا(پۆرتە)ی پێ دەڵێن کە بە ئیتالیایی(Porta)و بە فرەنسەیی(porte)یەو بە مانای دەرگا دێت. عوسمانییەکان بە جێکاری(مقر عمل) سەدر ئەعزەم، یا سەرۆك وەزیرانیان دەگوت پاشا قاپوسی کە مێژوونووسان جاروبار لە بڕی ناوی دەوڵەتی عوسمانی بە کاری دێنن، ئەو هەڵەیەی بۆتە ڕاستو لە مێژوونووسیدا بەو جۆرە جێگەی خۆی کردۆتەوە، کە بە کوردییەکانی دەتوانرێت دەروازەی

دەسەڵاتێکی بەهێز هەیە، بۆیە (ئەحمەد پاشا)ی لە ساڵی١٧٣٦ جارێکی دیکە گێرایەوە، ناوبراویش دووبارە کەوتە تەمبێ کردنو کوشتنو بەند کردنی ئاژاوەگێرەکان.

لە لایەکی دیکەوە، هەر لەو سەردەمانەدا لە ساڵی ١٧٣٨ (میر سەعدون)ی شێخی مونتەفیق لەگەڵ دە هەزار جەنگاوەرادا شۆڕشیان لە ناوچەکانی نەجەفو کوفە دژی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ئەنجامدا، هەروەها هەنگاویاننا و گەمارۆی حیللەیندا و سوپایان بۆ بەسرا ڕەوانە کرد، ئەم شۆڕشەش ماوەی چوار ساڵی خایاندو ناوچەیەکی فراوانی لە فوراتی خوارووو ناوەڕاست دەست بەسەر داگرتبوو، تەنانەت لەو ناوچانە باجیان وەردەگرت لە بریکارەکانی کۆمپانیای ئینگلیزیو فەرنسی کە لە بەسرا بوون، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٧٤١ بە کوشتنی (میر سەعدون) لە شەرێکدا بارودۆخەکە کۆتایی هاتو بە گەیشتنی ئەو هەواڵەش هەم باب عالیو هەم والی بەغدا کەیف خۆش بوونو ئەنجامدەرانو هەواڵ هێنەرانیان خەڵات کرد.

شیاوی باسە، بەستنی پەیماننامەی ساڵی ١٧٣٥ کۆتایی بە هێرشەکانی (نادر شا) بۆ سەر عیراق نەهێنا، کاتێك ئەجارەیان هێرشی هێنایە سەر بەسرا بەهێزێکی دەریاوانیو وشکانی لە ساڵی ١٧٣٥، بەڵام لەو هێرشەش سەرکەوتوو نەبوو ئەگەرچی داوای هاوکاری لە ئینگلیزەکان کردبوو لە ناوچەکەدا.

ساڵی ١٧٤٢ (نادر شا) بۆ جارێکی دیکە هێرشێکی بەفراوانی کردە سەر ناوچەکانی عیراق، لە ناوچەی مەندەلیو شارەزوور دووبارە بەرەو کەرکوكو هەولێر هات ئامانجی سەرەکیش داگیرکردنی شاری بەغدا بوو، بەڵام یەکەمین جار دەیەویست دەست بگرێت بەسەر مووسڵدا بۆ ئەوەی هاوکاریو هەماهەنگی لە بەغدا ببڕێت تا بە ئاسانی بتوانێت دەست بگرێت بەسەریدا، کاتێکیش سوپای ئێرانی گەیشتنە ناوچەکە، لەبەرانبەردا خەڵکی مووسڵ لە ئامادەباشی دابوون بۆ بەرگری کردنو بەرەنگاری سوپاکە، ئەگەرچی (نادر شا) لە وتارێکدا داوای لە خەڵکی مووسڵ کرد کە خۆیان بدەن بەدەستەوە، بەڵام خەڵکی مووسڵ وەڵامی ئەو وتارەیان بە زمانێکی توند دایەوە. کاتێکیش لە ١٠ی ئەیلولی ١٧٤٣ سوپای ئێرانی گەیشتە دێی (یارمجە) [1]. ئەنجام (حوسێن پاشای جەلیلی) والی مووسڵ هەڵسا بە ڕەوانە کردنی تیپێك بۆ بەرەنگاری بوونیانو، شەرێکی توند ڕوویداو هێزەکە گەڕایەوە ناو شاری مووسڵ، لێرەشدا ئەگەرچی سوپای ئێرانی هەوڵیدا ڕێگای گەڕانەوەیان لێبگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

---

باڵا یان دەروازەی پاشای بۆ بەکار بهێنی. د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٤.

(1) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە بە دووری(٥ )کیلومەتر لە شاری مووسڵەوە دوورە.

دوای چوار ڕۆژ (نادر شا) خۆی گەیشتە (یارمجە)و دەستی کرد بە ڕێکخستنو دابەشکردنی سوپاکەی بەسەر بەرەکانی شەڕەکەداو، هەروەها نێردراوێکیشی بە هەڕەشەوە ڕەوانەی لای والی مووسڵ کرد، بەڵام والی بە توندی وەڵامی دایەوە. سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەو بەرگرییە گەورەیە دەکەن کە لە مووسڵدا کراوە، لێرەشدا ئەگەرچی (نادر شا) خۆی بە تەواوەتی سەرپەرشتی شەڕەکەی کردووە، کەچی بێ هیوا بووە لە دەست گرتن بەسەریدا، بۆیە داوای ئاشتەوایی کردووە. لێرەشدا کاتێك لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٧٤٣ سوپای (نادر شا) کشایەوەو گەمارۆی سەر مووسڵی هەڵگرت، بەمە تەواوی ئامانجەکانی ناوبراو شکست هێنا کە دەیەویست لەگەڵ مووسڵدا دەست بگرێت بەسەر بەغداو بەسڕاشدا، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە هیواو ئاواتەکانی لە زیاد کردنی سنووری دەسەڵاتەکەی بهێنێتە دی.

شیاوی باسە، هەرچی تایبەتدارە بە ویلایەتی بەسڕا ئەوە لە کاتی گەمارۆدانی مووسڵ، ئەم ناوچەیەش لە ٢٨ی ئابی ١٧٤٣ تووشی هێرشی ئێرانییەکان هاتبوو، کاتێك سوپایەکی زەبەلاحی ئێرانی هێرشی کردە سەریو گەمارۆیداو، سەرکردەی سوپاکە داوای کرد خۆیان بە دەستەوە بدەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەسڕا ئەو داواکارییەیان ڕەت کردەوەو ئامادەنەبوون خۆیان بدەن بەدەستەوە. لێرەشدا کاتێك بۆ جاری دووەم سوپای ئێرانی بە توندی هەرەشەیان کردو داوایان کرد خۆیان بدەن بەدەستەوە، کەچی خەڵکی بەسڕا هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی بەرگری لە شارەکەیان دەکەن، ئەگەرچی تووشی هەر ناخۆشییەکیش بێن. بەمەش سوپای ئێرانییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە دەست گرتن بەسەر ناوچەکەدا، تا دواجار لە ٢٧ تشرینی دووەمی ١٧٤٣ گەڕانەوە.

لە ماوەی ئەو هێرشە یەك لە دوای یەکانەی ئێرانییەکان لەسەردەمی (نادر شا) بۆ سەر ناوچەکانی عیراق، ئێرانییەکان زۆرییان کوشتوکوشتار کردو ناوچەو دێهاتێکی زۆرییان وێران کرد، کە بێ گومان کاریگەری هەبوو لەسەر خراپی باری کۆمەڵایەتیو ئابووریو تەندروستیو بگرە دینی ناوچەکە. تا دواجار خەریك بوونی ئێرانییەکان بە کێشەو گرفتی ناوخۆییەکانیان کە لەوکاتەدا تێکراتی ناوخۆی ئێرانی گرتبۆوە لە ساڵی ١٧٤٧و شەڕێکی خوێناوی زۆر ڕوویدا لەسەر دەسەڵات، ئیتر عیراق کەوتە ئارامی لە هێرشە دەرەکییەکانی تا ماوەیەکی دواتر، لەبەر ئەوەی لەو ماوەیدا لە ئێران زەندەکان هاتنە سەر حکوم[1]. بەمەش باری عیراق پێنایە قۆناغێکی نوێوە.

---

[1] بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: ئەحمەد حەمەد ئەمین، دۆزی کورد لە چەند باسێکی مێژووییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل ٢٣ بەدواوە.

هەوائنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

## بارودۆخی عیراق لە قۆناغی لاوازی دەسەڵاتداری عوسمانی

تەوەری یەکەم: ماوەی حکومڕانی مەمالیکەکان لە عیراق.

تەوەری دووەم: سلێمان پاشای گەورەو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی وەهابی.

تەوەری سێیەم: دەرکەوتنی محەمەد عەلی پاشا لە میسرو کاریگەری بەسەر عیراقدا.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:

# ماوەی حکومڕانی مەمالیکەکان لە عیراق

مەمالیکەکانی عیراق لە ڕووی بنچینەو ڕەچەڵەکەوە لە مەمالیکەکانی میسر دەچوون، کە بە شێکیان لە ناوچەکانی جۆرجیاو بەشەکەی دیکەیان لە وڵاتی چەرکەس‌و داغستان‌و ئەبازەرو لازەوە هاتبوون [1]. (حەسەن پاشا)ی والی بەغدا یەکەمین کەس بوو کە هەڵسا بە هێنانی مەمالیکەکان بۆ عیراق، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا سیستەمی وڵات گەندەڵی گرتبوویەوەو ئینکشارییەکانیش ڕۆڵی بەرچاویان تیاّدا هەبوو. مەبەستی هێنانی ئەو مەمالیکانە لەلایەن والییەوە بۆ جێگرتنەوەی ئینکشارییەکان بوو لە کاری سەربازی‌و ئیداریدا، بۆیە کاتێك ئەو منداڵانە هاتن لە وڵاتی قەوقاسەوە لە شوێنی تایبەت دانران بۆ ئەوەی مەشقیان پێبکرێت.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، سەردەمی (ئەحمەد پاشای کوڕی حەسەن پاشا) هاتنی مەمالیکەکان لێشاوێکی زیاتری بە خۆیەوە بینی، بۆیە لەسەردەمی دوای ئەودا هەوڵی ئەوەیاندا کۆنترۆڵی بارەکە بکەن، بەمەش توانیان لە ڕێی (سێلمان پاشا)وە حکومڕانی عیراق بە دەست بهێنن‌و ماوەی نێوان ساڵانی (١٧٤٩-١٨٣١) حکومڕانی بکەن.

لە ڕاستیدا، جیاوازی سەردەمی مەمالیك لەگەڵ سەردەمەکانی پێش خۆی‌و دوای خۆی لە عیرقدا بەزەقی دیار بوو، بەوەی ململانێی لەسەر دەسەڵات زۆر توند بوو، چونکە بەر لەو سەردەمە بە پێی فەرمانی سوڵتان، والی لەسەر تەختی دەسەڵات دادەنرا، بەمەش دەبوو ئەوەی حەزی وەرگرتنی دەسەڵاتی هەبێت ئەوا ڕەزامەندی ئەستەنبوول وەربگرێت یان سەرنجی خزمەکانی سوڵتان بۆ لای خۆی بەدەست بهێنێ، بەڵام لە سەردەمی مەمالیکەکان بارەکە گۆڕاو، فەرمانی سوڵتان لە زۆربەی

---

[1] ئەم ناوچانە وڵاتی قەوقاس‌و دەورووبەری دەگرێتەوە.

کاتەکاندا ڕۆڵی کەم بوو یان هەر نەبوو، چونکە ئەو کەسەی لە ململانێی وەرگرتنی دەسەڵات براوە بوایە، گەورەکانی بەغدا بۆیان دەنووسیو، سوڵتانیش ڕازی دەبوو بەناچاری. لێرەشدا واتە چەقی قورسایی دامەزراندنی والییەکان لە ئەستەنبوولەوە گواسترایەوە بۆ بەغدا. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە پیاوانی ئاینی تەنیا ستایش کاربوون لەو کاتەداو هیچی تر کە بۆ پاشای سەرکەوتوو لە ململانێیەکان دەیان کرد. یەکێکی دیکە لە دیاردەکانی سەردەمی مەمالیکەکان، بڵاوبوونەوەی زۆری ململانێیەکان بوو کە کاریگەری نەخشاندبوو بەسەر کۆمەڵگای عیراق بە شێوەیەکی گشتی، بەتایبەت لە شەڕو ململانێی نێوان تاقمو گەڕەکەکان کە هەریەکەیان لایەنگیری بۆ هەوادارانی خۆی دەکرد، وای کردبوو ژنانیش بە چەپلەو هەلهەلە لێدان پێشتوانیان بکەن.

مەمالیکەکان کاتێك دەسەڵاتیان وەردەگرت جیاوازیان هەبوو لەگەڵ والییەکانی پێشووتر، لەبەر ئەوان هەر لە منداڵییەوە لە بەغدا گەورە ببوونو پەیوەندی باشو خراپیان لەگەڵ خەڵکیدا هەبووو، بە دابو نەریتەکان نامۆ نەبوون، بە تایبەت تێکەڵاوییان هەبوو بەو شەڕە گەڕەکانەی کە لەو سەردەمە لە بەغدا باوبوو، هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە هاتنی ئەو مەمالیکانە بۆ عیراق هۆکاری زۆری بڵاوبوونەوەی بەد ئەخلاقی بوو بە تایبەت بۆ منداڵەکان کە دواتر لە کاتی وەرگرتنی پۆست بەسەریاندا دەشکایەوە.

(سلێمان پاشا) کە بە (ئەبولەیلە) بەناوبانگ بوو یەکەمین مەمالیك بوو کە لە عیراق دەسەڵاتی گرتە دەست، کەسێکی ئازاو چاونەترسو بویر بوو لە بەڕێوەبردنی وڵاتو ڕێگەگرتن لە ئاژاوە گێڕان، کەچی لە ماڵەوە وانەبووو، زۆر لە (عادیلە خانمی) خێزانی کە دەکاتە کچی (ئەحمەد پاشا) والی پێشووی بەغدا دەترسا، چونکە لەوەو پێش پیاوی باوکی بوو، ئەمەش وای کردبووو کە نەك لە ماڵەوە کاریگەری هەبێت، بەڵکو دەستکاری بڕیارەکانی (سلێمان پاشا)شی دەکردو هەندێکیان ڕەت دەکردەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت سەردەمی (سلێمان پاشا) سەردەمی زۆر بوونی هاتنی مەمالیکەکانو دامەزراندنیان بوو لە خوێندنگاو دامو دەزگا میرییەکاندا.

بە مردنی (سلێمان پاشا) لە ساڵی١٧٦١ حەوت کەس لە مەمالیکەکان ناویان هەبوو بۆ ئەوەی پۆستی والییەتی وەربگرن، کەر هەریەکەیان خۆی پێ لەوەیتریان بە حەقتر دەزانی، ئەنجام زاناو پیاوە گەورەکانی بەغدا ناوی هەموویان ڕەوانەی ئەستەنبوول کرد بۆ ئەوەی سوڵتان فەرمان لەسەر یەکێکیان بدات، بەمەش سوڵتان فەرمانیدا (عەلی پاشا) بێتە والی بەسەر بەغدا کە ئەوکاتە والی بوو بەسەر

بەسرِادا. لێرەشدا ئەگەرچی لەلایەن نەیارەکانی هەولّی ئەوەدرا (عەلی پاشا) بکوژرێت، بەلاّم دەربازی بووو ماوەی دوو سالاّن حکومرِانی کردو توانی زۆرێك لە هەلّگەرِاوەکانی ناوچەکانی باکوورو باشوور دابمرکێنێتەوە.

شیاوی باسە، (عەلی رِەزا پاشا) بە رِەچەلّەك ئێرانی بوو، واتە قەوقاسی نەبوو، بۆیە دوژمنداریان دەرکرد بە بیانوویی ئەوەی شیعەیەو بەرانبەر بە سوونییەکان زۆردارە. لە سەرووی هەموو ئەوانەی دوژمنداری دەکرد (عادیلە خانمی خێزانی سلێمان پاشا)و مێردە خوشکەکەی (عومەر پاشا) بوون، تا دواجار توانیان لە سالّی ١٧٦٣ پلانێکی بۆ رِێکخەن لەسەر دەسەلاّت بهێننە خوارەوە بیکوژن، بەمەش تەخت بۆ (عومەر پاشا) چۆلّ بووو بووە والی بەغدا.

لە سەردەمی (عومەر پاشا) ململانێیو شەرِو توندیو تیژی لەگەلّ هۆزەکانی فوراتی ناوەرِاست رِوویدا، هەروەها لە رِووی باری تەندروستییەوە نەخۆشی تاعون بلاّوبوویەوەو عیراقی هەراسان کردو ژمارەیەکی زۆری کوشت، جگە لەوەش میرنشینی بابانیش [1] لە دەسەلاّت هەلّگەرِانەوەو چوونە تەك زەندەکان کە لە ئێران حکومرِانیان دەکرد، بەمەش قۆناغێکی نوێ لە شەرِو ململانێی لەگەلّ ئێران دەستی پێکردەوەو (کەریم خانی زەند١٧٥٧-١٧٧٩) برِیاری شەرێداو گەمارۆی بەسرِایداو گرتی. ئیتر (عومەر پاشا) بەم شێوەیە گوزەراندی تا ئەوەی لە دوای ئەو (عەبدوللاّ پاشا) هاتو ئەویش ماوەی دوو سالاّن حکومرِانی کرد، بەلاّم دوای ئەوە ململانێی لەسەر دەسەلاّت بەردەوام، تا ئەوەی (حەسەن پاشای کەرکووکلی) بە فەرمانی سولّتان لە سالّی (١٧٧٨) بووە والی، کەچی ئەویش دوای دوو سالاّن دەسەلاّتەکەی دایە دەستی (سلێمان پاشا)ی گەورە.

---

[1] هەلّگەرِانەوە میرنشینی بابانو پەنابردنیان بۆ ئێران لە ئەنجامی خراپی مامەلّەی والی بوو لەگەلّ میرەکان لە رێگای دەست خستنە نێو کاروباریان. بۆ زیاتر زانیار برِوانە: نەوشێروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رِۆمو عەجەم دا، چاپی دووەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٨٩.

**تەوەری دووەم:**

## سلێمان پاشای گەورەو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی وەهابی

ساڵی١٧٨٠ (سلێمان پاشا) دەسەڵاتی وەرگرتو ماوەی (٢٢) ساڵ حکومڕانی کرد، بەمەش درێژترین ماوەی حکومڕانی بوو لە عێراق لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، بۆیە نازناوی گەورەی وەرگرت. ناوبراو لە ماوەی حوکمڕانیدا دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی کە لە دەسەڵاتی ناوەندی هەڵگەرابوونەوە، ئەنجام زۆر بەیانی خستەوە ژێر دەسەڵاتی ناوەندی، ئەمەش وای کرد زیاتر ترس لە دڵی خەڵك دابگرێتو ڕێزێکی زیاتری بگیرێت، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە بە پێچەوانەوە لە سەردەمی (سلێمان پاشای گەورە) باری وڵات بەرەو خراپی هەنگاویناو برسییەتی بڵاوبوویەوە، ئەمەش دەنگی نارەزایی زۆری لێکەوتەوەو، هەڵگەڕانەوە لە بەغدا دەستی پێکرد، بەڵام والی توانی بەسەریاندا سەربکەوێت.

سەردەمی حکومڕانی (سلێمان پاشای گەورە) ژمارەیەك لە وانەی دژایەتی دەسەڵاتیان دەکرد دوای گردبوونەوەیان لە ژێر سەرکردایەتی (سلێمان شاوی) کە کەسایەتییەکی بەناوبانگ بوو لە بەغداو، نێوانی لەگەڵ والی باش نەبوو، بووە هۆکاری ئەوەی ڕاپەڕینێك ئەنجام بدەنو ماوەیەك بەسڕا کونترۆڵ بکەن، بەڵام بە هێرشێکی (سلێمان پاشای گەورە) شکستیان خواردو نەمان.

شیاوی باسە، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی وەهابی لەسەر دەستی (شێخ محەمەد کوڕی وەهاب١٧٠٣-١٧٨٧) لە ناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی، کاریگەری خۆی نەخشاند بەسەر ناوچەکانی دەورووبەریدا، ئەمەش کاتێك لە ساڵی١٧٩٠ وەکو مەترسییەك بزووتنەوەکە هەڕەشەی لە عێراق کردو لە سنووری ناوچە بیابانییەکانەوە چەند تاقمێکی وەهابی پەیدا بوونو مۆڕی تایبەت بە حوشترەکانیانەوە بوو، کە بریتی بوو لە ئارمی ئاینی سەیر. ئەمانە لە سەرەتا هەڵسان بە پەلاماردانی لەوەرگاکان، بەڵام دواتر دزەیان دەکرد بۆ ناو عێراق بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بزاڤەکەیان لە ناو

خێڵو شارەکاندا، بۆیە سەردانی شێخەکانیان دەکرد لە ناوچەی فوراتدا بۆ ئەوەی وتاریان بۆ بخوێننەوەو، ئەو دوژمنایەتییەی کە هەبوو لە نێوان خێڵەکانو دەسەڵاتدا بۆ خۆیانی بقۆزینەوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، لە شارەکاندا تا دەهات پروپاگەندەی بزووتنەوەی وەهابی زیاتر بڵاودەبوویەوەو کاریگەری لەسەر خەڵکی بەگشتیو، پیاوە ئاینییەکانی سوونی مەزهەب بە تایبەتی هەبوو، هەروەها مشتومڕیان لە نێواندا دروست کردبوو، کە هەندێك پێیان وابوو وەهابییەکان ئیسلامیان لە بیدعە نوێیەکان دوورخستۆتەوەو بۆ ئەسلی سەردەمی خۆیان گەڕاندۆتەوە، کەچی ئەوانەی تریان هەنگاوەکەیانیان دژ بە گەورە پیاوانو لە کەدار کردنی کەرامەتیان لە قەڵەم دەدا.

لە ڕاستیدا، دوای هاوکاری (شێخ عەبدولعەزیز کوڕی محەمەد کوڕی ئال سعود) بۆ بزووتنەوەی وەهابی، ئەمجارە دەستیان کرد بە هێرشکردن بۆسەر ناوچەکانی باشووری عیراقو ناوچەکانیان داگیر کرد، بەمەش مەترسیان خستە سەر ڕێگای حەج لە (مەککە)، بۆیە والی (مەککە) داوای هاوکاری لە سوڵتان کردو، سوڵتانیش (سلێمان پاشای گەورە)ی ڕاسپارد بۆ ئەوەی لە ناوچەکە بیان کاتە دەرەوە، سەرەتا هێرشی والی لە بەرانبەر چەکدارنی وەهابی شکستی هێنا، کەچی بەوە نەوەستا سوپایەکی گەورەتری ڕەوانە کرد، بەڵام شەڕ ڕووی نەداو هەردوولا لە ساڵی ١٧٩٩ کەوتنە ئاشتییەوە.

ماوەی بەستنی ئەو پەیماننامەیە هێندی نەخایەند دووبارە وەهابییەکان هاتنەوەی کۆڕی ململانێیو لە ٢٢ی نیسانی ١٨٠٢ هێرشیان هێنایە سەر کەربەلاو قەتلو عامێکی گەورەیان ئەنجامدا، هەروەها بۆ هەمان مەبەست ڕوویان کردە نەجەف، کەچی تیایدا سەرکەتوو نەبوونو خەڵکی نەجەف بەرگرییەکی بێ وێنەیان ئەنجامدا، بەڵام ئەمە نەبووە کۆتایی هاتن بە هێرشی وەهابییەکانن بەڵکو بە درێژایی مێژووی نوێ عیراق ئەم هێرشانەیان هەر بەردەوام بوو.

درێژە کێشانی ئەو بارودۆخە بوونی کێشە ناوخۆییەکانو دەستی تێوەردانی دەسەڵاتی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی وڵات لە سەردەمی (سلێمان پاشای گەورە)و سەردەمی دوای ئەویش هەر بەدەوام بوو، تا ئەوەی دەسەڵات کەوتە دەستی (سلێمان پاشای بچووك ١٨٠٨-١٨١٠)، ناوبراو لە سەردەمی والییەتی خۆیدا هەولێدا لە سیاسەتی والییەکانی پێش خۆی دەربچێت بەوەی:

**یەکەم:** ژمارەیەك باجو ڕسوومات ڕەتکردەوە کە دەدرانە دەسەڵاتی ناوەندی.

**دووەم:** هەوڵێدا ویلایەتی مووسڵ بخاتە چوارچێوەی قەڵەمڕەوەکەی.

**سێیەم:** لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری ساڵانەی دەروازەی باڵای بری.

**چوارەم:** هەولێدا ڕێگا لەبەردەم چالاکی سەفیری بریتانی لە عیراق بگرێتو تەحەدای بکات. ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی عوسمانیو بریتانیدا هەبوو.

ئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەوە سیاسەتە سەرەوە لەلایەن (سلێمان پاشای بچووك)ەوە، دەروازەی باڵا هاتە سەر بیری ئەوەی کە سنوورێك بۆ کارو کردەوەکانی دابنێت. بۆیە سوپایەکی گەورەی ئامادەکردو داواشی لە (مەحموود پاشا)ی والی موسڵو (عەبدولڕەحمان پاشا)ی بابان کرد هاوکاری سوپای عوسمانییەکان بکات، ئیتر سوپا لە ساڵی (١٨١٠) دەستی بەپێشڕەوی کردو لە مانگی تشرینی یەکەم توانیان بچنە ناو بەغداو والی بکوژن، بەڵام بە کوشتنی والی بارەکە گرژی تێکەوت بەوەی کێ دەسەڵات وەربگرێت، لەبەر ئەوەی ئاغا ئینکشارییەکانو (عەبدولڕەحمان پاشا)ی بابان هەر دوولا ئارەزووی وەرگرتنی دەسەڵاتیان دەکرد. کاتێکیش (عەبدولڕەحمان پاشا)ی بابان بۆی دەرکەوت دەسەڵاتەکەی نادرێتی پەیوەندی کرد بە ئاغایەکی مەمالیکەکان بۆ ئەوەی دەسەڵات وەربگرێت. ئیتر بەم شێوەیە یەکێك لە مەمالیکەکان بە ناوی (عەبدوڵڵا ئاغا) دەسەڵاتی وەرگرت، بەمەش دەسەڵاتی ناوەندی جارێکی دیکە سەرکەوتوو نەبوو لە دوور خستنەوەی تەواوی دەسەڵاتی مەمالیکەکاندا. ئەنجام بارودۆخی عیراق بەم شێوەیە مایەوەو درێژەی کێشا لە ژێر حکومڕانی مەمالیکەکاندا تا ساڵی ١٨٣١ [1] کە لە وێوە بارەکە گۆڕانی تێکەوتو دەسەڵاتی ناوەنی بۆ ناوچەکە گەڕایەوەو پێنایە قۆناغێکی نوێوە.

---

[1] دوا سەردەم لە ماوەی حوکمڕانی مەمالیکەکان سەردەمی حکومڕانی(داود پاشا ١٨١٧-١٨٣١) یە کە ئەویش سەرەڕای ئەوەی کەسێکی زۆر ستەمکار بووو باجێکی زۆری دەسەندو زۆر دەست بڵاوبوو، بەڵام هەندێ کاری ئەنجامدا وەکو:

١- ململانێی لەگەل هۆزەکانو سەرکەوتن بەسەریاندا.

٢- سەرکەوتن بەسەر هێرشەکانی ئێرانییەکان.

٣- لاسایی کردنەوەی محەمەد عەلی پاشا لە چاکسازی باری وڵات.

٤- دەرکردنی ڕۆژنامەو کردنەوەی حوجرەی خوێندن.

٥- باشکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەتوان خزمەتی وڵات بکەن جا لە هەر کەسێك بن.

٦- گەشەکردنی لایەنی نووسینو ئەدەب بەرادەیەك کە سەردەمی(داود پاشا) بە دەستپێکی ڕاپەڕینی نوێ ئەدەبی عیراقی لە قەڵەمدەدرێت.

## تەوەری سێیەم:

## دەرکەوتنی محەمەد عەلی پاشا لە میسرو کاریگەری بەسەر عیراقدا

داگیرکردنی میسر لەلایەن فرەنسییەکان لەسەر دەستی (ناپلیۆن پۆناپارت) [1]و، دواتر کشانەوە هێزەکانی، بۆشاییەکی سیاسیی دەسەلاتی لە میسر دروستکرد، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی وەکو دەوڵەتی داگیرکەر بەسەر میسرەوە هەوڵی گێڕانەوەی دەسەلاتی بۆ ناوچەکەدا. لەم هەلّو مەرجەشدا کەسایەتییەکی بە توانا لە ناوچەکە دەرکەوت بە ناوی (محەمەد عەلی پاشا)و لە نێوان سالآنی (١٨٠٥-١٨٤٩) فەرمانڕەوایی میسری گرتە دەستو گەلێك چاکسازی لە تەواوی بوارەکانی ناوخۆی میسردا ئەنجامدا، بەلآم دوای ماوەیەك ناوبراو لە دەوڵەتی عوسمانی هەلگەرایەوەو هەوڵی فراوانکردنی دەسەلآتەکەیدا. لێرەشدا جێگای خۆیەتی بلێین ئەو هەنگاوانەی (محەمەد عەلی پاشا) کاریگەری خۆی نەخشاندووە بەسەر زۆربەی ولآتانی دراوسێ.

---

(١) ناپلیۆن پۆناپارت، لە دورگەی کورسیکا لە ١٥ی ئابی ١٧٦٩ لە دایك بووە، لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە باوکی ڕەوانە خوێندنگای سەرەتایی تایبەت بە بواری سەربازی دەکات، دوای ئەوەش دەچێتە ئەکادیمیای سەربازی لە پاریس. ناوبراو ڕۆڵی کارای لە ناو فەرەنسا دیوە، تا ئەوەی لە ساڵی ١٧٩٨ ئەرکی داگیر کردنی میسری پێدەسپێردرێتو، لە ٢ی تەمموزی ئەم ساڵەدا دەچێتە ناو شاری ئەسکەندەرییەوە. ناپلیۆن دوای گەڕانەوەی لە میسر تەختی دەسەلآتی لە فرەنسا دەگرێتە دەستو لە هەوڵی زیاد کردنی سنووری دەسەلآتەکەی دەبێ تا ئەوەی لە شەڕی واترلۆ لە ساڵی ١٨١٥ دەشکێو وەك بەندکراوێك ڕەوانە دوورگەی سانت هێلین دەکرێ. بەمەش ناوبراو ژیانی لە وێدا دەگوزەرێنێ تا ئەوەی لە ساڵی ١٨٢١ بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: کۆمەڵی نووسەر، شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ هۆیەکانی بەرپابوونیو دەستکەوتەکانی، وەرگێڕانو ئامادەکردنی: هەورامان وریا قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٩٤ بەدواوە.

لەگەڵ ئەوەی ئاستی پەیوەندنی نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکی ئاسایی عیراق لەگەڵ میسرییەکان لە ئاستێکی وادا نەبووو، ڕەنگە لە هەندێ کات ئاگاداری باری یەکتر نەبوو بن، کەچی دەرکەوتن و ئەنجامدانی کارەکانی (محەمەد عەلی) بەسەر باری عیراقەوە ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەت کاتێك (محەمەد عەلی پاشا) هێرشی بۆ سەر ناوچەکانی سعودیە دەست پێکردو هەنگاوینا بۆ لە ناوبردنی وەهابییەکان. لێرەشدا کاتێك ناوبراو لەو هێرشەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا جێگای دڵخۆشکەری خەڵکی ئاسایی عیراق بوو، هەر بۆیە ژمارەیەك لە وانەی کە دەستی هۆنینەوە هۆنراوەیان هەبوو دەستیان کرد بە ستایش کردنی (محەمەد عەلی پاشا)و هانیاندا کە دەست لە ژن و منداڵەکانیان نەپارێزێ، هەروەها هەر بەو بۆنەیەوە خەڵکی بەسرا هەڵسان بە ئەنجامدانی ئاهەنگێك کە بە شێوەیەکی فەرمی ماوەی حەوت ڕۆژ ئێواران ئەو ئاهەنگێرانە بەردەوام بوو. لێرەدا جێگای خۆیەتی ئەو پرسیارە بکرێت بۆچی عیراقییەکان بەو کارەی (محەمەد عەلی پاشا) دڵخۆش بوون؟ ئایا لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئەو ئاهەنگەیان گێڕاوە یاخود لەبەر دژایەتیان بۆ وەهابییەکان؟ یان لەبەر ئەوە بوو کە (محەمەد عەلی پاشا) ئەو هەنگاوەی لەسەر ڕاسپاردەی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامدا بوو، لەبەر ئەوەی (محەمەد عەلی پاشا) تا ساڵی ١٨٢٤ نێوانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی باش بوو.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانرێت بووترێ هەموو ئەوانەی وتران ڕاستە، بەڵام هۆکاری دژایەتی عیراقییەکان بۆ وەهابییەکان ڕەنگە لە هەموویان زۆرترو کاریگەرتر بێت، لەبەر ئەوەی بیروڕای وەهابییەکان کێشەیەکی زۆری خستبوو نێوان عیراقییەکانو، هەورەها ماوەیەکی زۆریش بەسەر ڕووداوی قەتلوعامی خەڵکی کەربەلادا تێپەر نەبوو بوو کە لەسەر دەستی وەهابییەکان لە ساڵی١٨٠٢ ئەنجامدرا بوو.

دوای ئەوەی (محەمەد عەلی پاشا) لە دەسەڵاتی عوسمانییەکان هەڵگەڕایەوەو دەستی بە فراوانخوازی کرد، ئەمجارەیان دووبارە کاریگەرییەکانی لە عیراق نزیك بوویەوە کاتێك هێزەکانی هاتنە وڵاتی شامو دەستیان بەسەر داگرت، ئەمەش بەرێگایەوە بوو کاتێك (ئیبراهیم پاشا)ی کوڕی هەوڵیدا زۆری خەڵکی ناوچەکە لە خۆی ڕازی بکاتو پەیوەندی پتەویان لەگەڵدا ببەستێت، بۆ ئەوەی بە یەکەوە هەوڵەکان بخەنە گەڕو دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروست بکەن، ئیتر ئەو هەنگاوانەی (ئیبراهیم پاشا) وای لە خەڵکی عیراق کرد کە سکاڵای خۆیان لە دەست دەسەڵاتدارەکانی کە عیراقیان دەبرد بەڕێوە ئاراستەی ناوبراو بکەن، دەکرێ ئەمەش بە جۆرێك لە هەشیار بوونەوەی خەڵکی عیراق لە قەڵەمی بدەین کە بەر لەو سەردەمە سکاڵاکردن لەفەرمانڕەوایان نەبوو، یاخود ئەگەر هەش بووبێت بۆ ناوخۆی

دەسەلاٌت بووە نەك خەڵكی دەرەوە دەسەلاٌت، ئیتر هەر ئەو نزیكەوتنەوەیەوەو خراپی مامەڵەكردنی دەسەلاٌتدارانی عوسمانیو هاندانی خەڵكەكە لەلایەن (ئیبراهیم پاشا)و ئومێدی خەڵكی عیراق بە هاتنی هێزەكەی بۆ عیراقیش وای كرد كە ژمارەیەك هۆزی عیراق هەڵسان بە هەڵگەراوەو ئەنجامدانی ڕاپەڕین لە دژی دەسەلاٌتدارنی عوسمانی لە عیراقدا. لەم بارەیەوە (عەبدولعەزیز سلیمان نەوار) مێژوونووسی میسری ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە هێزەكانی (محەمەد عەلی پاشا) لە وڵاتی شام هاندەرێكی گەورەبوون بۆ (عەبدولجەمیل زادە) كە ئەو كاتە موفتی بوو لە بەغدا بۆ ئەوەی ڕاپەڕین لە دژی دەسەلاٌت ڕابگەیەنێت، لەبەر ئەوەی چەند بەڵگەننامە لەبەر دەستدایە كە عیراقییەكان ئامادە بوون دەرگاكانیان لەبەردەم سوپای میسردا بكەنەوە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەكات ئەگەرچی خەڵكی عیراق شارەزاییەكی ئەو تۆیان لە بارەی (محەمەد عەلی پاشا)وە نەبوو، بەلاٌم ئاگاداری چالاكییەكانو پێشكەوتنەكانی بوونو لە بارەیەوە خۆشحاڵ بوونو ئاواتیان بۆ دەخواست، چونكە چاونەترسی ئەو لە مەیدانی جەنگو شارەزایی لە بواری ڕێكخستنو پێكهاتەكانی سەربازی خەڵكی عیراقی سەرسام كردبوو. ئیتر هەر لەبەر ئەوە بوو بەشدار بووانی ڕاپەڕینەكەی (جەمیل عەبدولغەنی) بڕیاری ئەوەیاندا خۆیان بەتەواوەتی لە والییەكانی عوسمانی پاك بكەنەوەو والی بۆخۆیان هەڵبژێرنو دەستیان بخەنە ناو دەستی میسرییەكانەوە.

(عەلی وەردی) لە بەرگی دووەمی كتێبەكەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە (عەبدولعەزیز نەوار) لەبەر گروتینی كەوتۆتە هەڵەوە، چونكە (وەردی) پێی وایە كە عیراقیەكان هەستیان بە گروتینی ڕەسانەیەتیو هەستی نەتەوەیی نەكردووە تا ئەوەی بدەن پاڵ (محەمەد عەلی)یەوە، بە تایبەت ئەگەر بزانیین ڕاپەڕینەكەی (عەبدولغەنی جەمیل زادە) بەر لە سەركەوتنی میسرییەكان بووە، واتە لە ٢٧ی مایسی ١٨٣٢ بووە، كە دەكاتە ڕۆژێك دوای داگیركردنی عەككا لەلایەن (ئیبراهیم پاشا)وە بووە. بەمەش واتە خەڵكی عیراق ئاگاداری ئەو كارە نەبوون [(١)]. لێرەشدا دەتوانرێ بووترێ ئەگەرچی ئەو وتانەی (نەوار) زیادە ڕەوی تیایدا دەبینرێ، بەلاٌم لە دواتر كاریگەریو ئەو جۆرە هەوڵانە لەلایەن هێزەكەی (محەمەد عەلی) لە شامەوە دەبینرێ، ئەگەر بزانیین لە زۆرێك لە ناوچەكانی عیراق ڕاپەڕین ئەنجامدراوە وەكو هۆزەكانی (شەمەر، عەقیل، زوبید) لەگەڵ ئەنجامدانی ڕاپەڕین لە بەسرا لەسەر

---

[(١)] د. عەلی وەردی، چەردەیەكی كۆمەلاٌیەتییانە لە مێژووی نوێی عیراق، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی: كوێستان جەمال، چاپخانەی تیشك، بێ ساڵی چاپ، ل ١٤٤ بە دواوە.

دەستی پاشماوەی هەندێ لە مەمالیکەکان بە سەرۆکایەتی (عەزیز ئاغا)، هەروەها هەر لەو سەردەمە ویلایەتی مووسڵیش گرژی تێکەوتووە کاتێك کە دەوڵەتی عوسمانی هەڵسا بە لادانی (یەحیا پاشا)ی جەلیلی لە ساڵی ١٨٢٨وەکو دواهەمین پاشا جەلیلییەکان لە مووسڵ، بەمەش جەلیلییەکان لە دەسەڵات یاخی بوونو، بە هاوکاری هەندێ هۆزی عەرەبی ناوچەکەو خەڵکی ناو شاری مووسڵ دووبار بۆ دەسەڵات گەڕانەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە ژێر ناوی (محەمەد عەلی پاشا)وە بوو نەك دەوڵەتی عوسمانی، ئیتر ئەو بارودۆخە تا دوایی سەردەمی (یەحیا پاشا) لە مووسڵ درێژی کێشاوەو شۆڕشیان بە ڕووی (عەلی ڕەزا پاشا) لە ساڵی ١٨٣٩ کردووەو زۆرێکیان لە زانایانیان لە ناوبراوە، هەروەها هەر لەو ڕێیەوە هەوڵی پەیوەندی بە (محەمەد پاشای ڕەواندزی) دراوە کە ئەو کاتە ناوچەیەکی فراوانی لەبەر دەستدا بووە.

شیاوی باسە، بەشێك لە سەردەمی حکومڕانی (محەمەد عەلی پاشا) هاوکاتە لەگەڵ ماوەی حکومڕانی مەمالیکەکان لە عیراق، کە ئەو کاتە لە دەسەڵاتی ناوەندی وەکو چۆن لە میسر دوورکەوتۆتەوە ئاوەهاش لە عیراقدا کاڵ بۆتەوە تا ئەوەی سوڵتانی عوسمانی ڕۆڵێکی ئەو تۆی نەبووە لە دانانی والییەکاندا، ئیتر هەر ئەوەش وا دەکات کە دزەکردنی دەسەڵاتی هێزە ئەورپییەکان بۆ ناو عیراق زیاد بکاتو دەست بخەنە ناو کاروباری عیراقەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی (محەمەد عەلی پاشا) لە میسر بووە ڕێگر لە بەردەم چالاکییەکانیان، بۆیە لێرەوە مەڵبەندی چالاکی ململانێی وڵاتە زلهێزەکان لە میسرەوە گواسترایەوە بۆ عیراقو، وڵاتە زلهێزەکان بە گشتیو بریتانیاو فەرەنسا بە تایبەتی دەستیان خستە ناو کاروباری وڵاتو دانانی والی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسییەکانیان لە ناوچەکەدا بپارێزن، بە تایبەت ئەگەر بزانیین بە شێك لە والییەکانی ئەو سەردەمە کەوتنە هەڵپەی ئەوەی کە لە کارەکانیان لە دانانی یاساو، کەم کردنەوەی ڕێژی باج، چاکتر کردنی باری دەرامەتو ڕۆشنبیری خەڵکی لە ڕێگای کردنەوە خوێندنگاو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە هاوشێوەی (محەمەد عەلی) هەنگاو بهاوێن . وەکو هەنگاوەکانی (داود پاشا)، کە ئەو هەنگاوانەی پێچەوانەی بەرژەوەندیو سیاسەتی بریتانییەکان بوو، هەر بۆیە لابردنی لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی ئارەزوو جێگای دڵخۆشی بریتانییەکان بوو، بۆ ئەوەی پرۆژەکەی (محەمەد عەلی) لە ناوچەکە دووربخرێتەوە کە بەژەوەندییەکانی ئەوانی خستبووە بەر مەترسییەوە، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە هەر لە ئەنجامی دەست بەسەر داگرتنی میسر لەلایەن (محەمەد عەلی)و دوورخستنەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتانی زلهێز چەقی ململانێکان لە بواری بازرگانی بۆ خوارووی عیراق گواسترایەوە،

ئەمەش لە لایەکدا سوودی بۆ عیراقییەکان زۆربووو، لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەر هەبوو لەسەر وڵاتانی زلهێز بە تایبەت بریتانیا ئاوەها بە ئاسانی دەست بەرداری ناوچەکە نەبێت، هەر بۆیە لە کاتی هاتنە سەر حکومی (عەلی ڕەزا پاشا)، حکومەتی بریتانیا داوای لە سەفیری خۆی کرد لە بەغدا ئەو پەری هاوکاری پێشکەش ناوبراو بکات، بەمەبەستی ڕێگا گرتن لەبەردەم پرۆژەکەی (محەمەد عەلی پاشا).

ماوەتەوە بڵێین کاریگەرییەکانی سەردەمی چاکسازی (محەمەد عەلی پاشا) لە میسرو بە هۆش هاتنەوە دەوڵەتی عوسمانی بۆ چاکتر کردنو ئەنجامدانی چاکسازی بویە بەرنامەی کاری دەوڵەتو لە زۆربەی ناوچەکان هەنگاوی چاکی بۆ نرا بە تایبەت لە سەردەمی مەدحەت پاشا (١٨٦٩-١٨٧٢) لە عیراق.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی چوارەم

## بارودۆخی عیراق لە قۆناغی چاکسازی دەسەڵاتداری عوسمانی

تەوەری یەکەم: سەردەمی مەدحەت پاشاو چاکسازی لە دەسەڵاتی کارگێری

تەوەری دووەم: بارودۆخی عیراق لە کۆتایی داگیرکاری عوسمانییەکان

تەوەری سێیەم: بارودۆخی ئابووری و ڕۆشنبیری عیراق لە سەردەمی داگیرکاری عوسمانی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەكەم:

## سەردەمی مەدحەت پاشاو چاكسازی لە دەسەڵاتی كارگێری

سەردەمی دوایی حكومڕانی مەمالیكەكان لە عیراق بە كۆمەڵێك تایبەتمەندی دەست پێدەكات بە تایبەت ئەو ماوەییەی كە (عەلی ڕەزا پاشا) دەسەڵات دەگرێتە دەست لە ساڵی ١٨٣١، تا دامەزراندنی (مەدحەت پاشا) لە ساڵی ١٨٦٩. سەرەتاش ئەوەی تێبینی ئەو گۆڕانكاریانە دەكرێت كە لە بارودۆخی ویلایەتەكانی عیراق لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیو پەیوەندی بە وڵاتانی دەرەوە هاتۆتە ئاراوە، ئەوە سەرەڕای ئەو كودەتا دەستوریو ئیدارییانەی كە لە ناوخۆ ڕوویداوە.

لە ڕاستیدا، ویلایەتەكانی عیراقی دوایی ساڵی (١٨٣١) بەشێكی جیانەكراوە بوون لە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام گەلێك ڕووداوای فراوان لە ڕووی جەنگی دەرەكیو ئارەزووی بنەماڵەی حكومڕانی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات بە خۆیەوە بینی، كە دواتر ئەو كەسایەتیانە بوونە چینێكی دەرەبەگو دەسەڵاتیان فراوان بوو. ئەگەرچی بڕیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتی مەركەزی بۆ ناوچەكان لە سەردەمی (سوڵتان مەحموودی دووەم ١٨٠٨- ١٨٣٩) لە ساڵی ١٨٣٤ەوە بەردەوام بوو.

تایبەتمەندییەكانی سەردەمی چاكسازیو گۆڕانكاری لە سیستەمی ئیداری لە دەوڵەتی عوسمانی ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر ناوچەكانی عیراقدا نەخشاندووە، كاتێك لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرەتاكانی چاكسازی (عەلی ڕەزا پاشا) هەوڵی ئەوەیدا یەكە ئیدارییەكانی عیراق كەم بكاتەوە. لێرەشدا ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئارەزوو ئەوەیان دەكرد (كەركووك) وەكو یەكەیەكی ئیداری لە بەغدا وە دابڕن، بەڵام هەر سەر بە بەغدا ماوەیە. ئەوەی تایبەتدارەیش بە ناوچەكانی دیكە ئەوە دەبیین لە ساڵی ١٨٣٥ ماردین لە عیراق دابراو بەسترایەوە بە دیاربەكر، دواتریش ناوچە كوردییەكان بەسترانەوە بە كەركووكو مووسڵەوە، هەروەها لە ساڵی ١٨٥٠ مووسڵ كرایە بە سنجەقێكو بە بەغداوە بەستراوەتەوە، كەچی ویلایەتی بەسرا تا ئەو ساڵەش بە ویلایەتێكی سەربەخۆیی مایەوە، بەڵام دوای

دوانزە ساڵان بووە موتەسەریفیەت، کەچی دواتر لە ساڵی ١٨٧٥ وەکو خۆی لێهاتەوە. بەمەش دەتوانرێت بووترێ، یەکە کارگێرییەکان بە درێژایی ئەم ماوەیە لە بارێکی ناجێگیر ماونەتەوە.

چاکسازی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی لە دوای مردنی سولـتان (مەحموودی دووەم)یش لە ساڵی ١٨٣٩ هەر بەردەوام بوو، لەو ساڵەشدا کە دەسەڵات ڕادەستی سولـتانی نوێ (عەبدولمەجیدی یەکەم ١٨٣٩-١٨٦١) کرا، ڕایگەیاندن کە بەردەوام دەبێت لەسەر کاری چاکسازی، بۆ ئەو مەبەستەش هەڵسا بە دەرکردنی ڕێکخستنێکی بنەرەتی بۆ حکومەت کە هەموو خاڵەکانی لە خەتی (گوڵخانە) باسی لێوە کرابوو کە بە تورکی بە (ڕێکخستن) ناسراوە. دوایی ئەوەش خەتی (هۆمایۆن) [1] لە ساڵی ١٨٥٦ زیادی خستەی سەر خاڵەکانی.

لە ڕاستیدا، ئەو چاکسازییانە بە شێوەیەکی لەسەرەخۆی گەیشتە عیراقو کاری پێکرا، هەر بۆیە دەبینین سەرەتا چاکسازییەکانی لایەنی سەربازی بە شێوەیەکی ڕێكو پێك کاری پێکرا کەچی لە دواییدا بە کەموکورتی مایەوە تا ماوەیەکی زۆر، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کە پێویست بوون درەنگ گەیشتنو کادیرەکانیش بە تەواوەتی کارەکانیان ئەنجام نەدەدا. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە دەبینین پەیڕەوکردنی سەربازی بە زۆرەی ملی لە ساڵی ١٨٣٥ لە مووسڵ پەیڕەو کرا، بەڵام لە بەسرا تا ساڵی ١٨٧٠ جێبەجێ نەکرا، واتا لە شوێنێکدا بوونی هەبوو لە شوێنێکی دیکە هیچ گرنگییەکی پێنەدەدرا.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە نە لە بەغداو نە لە مووسڵ هیچ دیاردەیەکی چاکسازی بەدی نەکرا وەکو چۆن لەناوچەکانی دیکە دەوڵەت دەبینرا تا هاتنی (نەجیب پاشا) لە ساڵی ١٨٤٢ بۆ بەغدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بەکارهێنانیو لەدەست دانی ئاسایش، بە هۆی بوونی سوپایەك کە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەردەمی نوێ شتێکی ئەو تۆی جیاواز نەبوو لەگەڵ سەردەمی پێشوودا، ئەگەرچی لەو سەردەمە ئازدای هاتە کایەوەو دەسەڵات لە فیتنە بە دوور بووو، لە هەندێ لایەن پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیو زۆر کەسایەتی ڕۆشنبیر لە پلە ئیدارییەکان دامەزرێنرانو کار بۆ کاری تایبەتمەندی ڕۆیشت، هەروەها ژمارەیەك کەسایەتی دەرکەوتنو چینی فەرمانبەرانیان پێك هێناو لە نێو خەڵکی بە ئەفەندی ناودەبرانو شوێنی پاشاکانیان گرتەوەو، جلوبەرگی تایبەت وەکو هی ئەورووپییەکانیان لەبەر دەکرد، بۆیە لە هەندێ کاتدا ببوونە جێگای

---

[1] بۆ زانیاری دەربارەی ناوەرۆکی خەتی گوڵخانەو خەتی هۆمایون بڕوانە: د. محەمەد سوهەیل تەقوش، عوسمانییەکان...، ل٤٧٧ بە دواوە.

پێکەنی خەڵکی. لە ڕاستیدا ئەو کەسانە لە کارەکانیان زۆر بە جدی کارییان دەکرد، بۆیە زۆر جەختایان لەسەر ئەوە دەکردەوە لە جێگای عەرەبی بە تورکی قسە بکەن، هەروەها لە سەردەمی حوکمڕانی ئەوانە لە ناو حکومەت وەرگرتنی ڕەشوە بە دەگمەن دەبینرا. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمە کۆتایی هێنا بوو بە دەسەڵاتی دەرەبەگەکان، بەمەش توانرا بە خورتی دەست بگیرێت بەسەر تەواوی ناوچەکانی عیراقداو بخرێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی مەرکەزی عوسمانییەوە.

سەردەمی حکومڕانی (مەدحەت پاشا) کە لە نیسانی ١٨٦٩ دەستی پێ دەکات، بە یەکێك لە سەردەمە گرنگییەکانی مێژووی نوێ عیراقی دەژمێردرێتو تایبەتمەندی خۆی هەیە. (مەدحەت پاشا) لە ساڵی ١٨٢٢ لە ئەستەنبوول لە دایك بووەو خوێندنیشی لە قوتابخانەیەکی ئاسایی بووە، لەبەر ئەوەی باوکی فەرمانبەرێکی ئاسایی حکومەت بووە، ناوبراو هەر لە تەمەنی بچووکییەوە بە خوێندنەوەی کتێب خەریك بووەو خزمەتی لە شارەکانی دیمشق، ئەستەنبوولو قۆنییە دا کردووە، بە شێوەیەکی یەك لە دوای یەکدا لە ساڵی ١٨٤٩ تاوەکو ١٨٥١ بۆتە فەرمانبەری میریو پەیوەندی باشی لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتەکاندا بەستووە، لە ساڵی ١٨٥٢ بۆ هەر یەك لە ولایەتەکانی دیمشق، حەلەب ڕەوانە کراوە بۆ مەبەستی دیارخستنی کاری گەندەڵیو لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بووە، ئەم سەرکەوتنەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەر لەوە لە بەغدا هاوشێوەی ئەم کارەی کردووە، لە نێوان ساڵانی (١٨٥٣-١٨٥٨) ژمارەیەك کاری فەرمی لە ویلایەتەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرتووە تا ئەوەی لە ساڵانی دوایدا بۆ ماوەی شەش مانگ بە وڵاتەکانی ئەوروپا گەڕاوە بەمەبەستی پەیدا کردنی شارەزایی، لە دواتریش بۆتە والی ویلایەتی دانوبو کاروبارەکانی بە باشی بەڕێوەبردووەو، ویلایەتەکەی ویلایەتێکی نموونەیی بووەو کە تیایدا هەڵساوە بە جێبەجێ کردنی یاسای ویلایەتو پاشکۆکانیو دامەزراندنی بانکی کشتوکاڵیو نوێکردنەوەی نەخۆشخانەکانو بە گەرخستنی کەرتی پیشەسازی فەرمی. بەمەش کارەکانی جێگای سەرنج بووە.

(مەدحەت پاشا) دوای سەرهەڵدانی کێشەو گیروگرفت لە ناوەندی پایتەختدا لە ساڵی ١٨٦٩ بە فەرمانێکی سوڵتانی کرایە والی بەسەر بەغدا لە دوای (تەقییەدین پاشا) [1]. بە وەرگرتنی ئەو دەسەڵاتە (مەدحەت پاشا) ڕووبەرووی کارێکی گرنگ هاتەوە، هەر بۆیە کاتێك گەیشتە بنکەی

---

[1] بۆ دەقی فەرمانەکە بڕوانە: عباس العزاوي، المصدر السابق، الجزو السابع، ص ١٦١.

کارەکەی دەستی کرد بە ڕێکخستنی باری سەربازو دیارخستنو جێبەجێکردنی مافی دانیشتوانو چەسپاندنی یاسا، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی نا بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنەکان، هەروەها زۆر گرنگیدا بە دابین کردنی هێمنیو ئاسایش لە ناوخۆی دەسەڵاتەکەیدا. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە دەستی کرد بە ڕێکخستنی کاروباری کشتوکاڵیو بازرگانی بۆ زیاتر سوود لێوەرگرتنی، هەروەها لە ناوخۆی سوپاشدا تەواوی کارەکانی ڕێکخست، لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەفسەرو سەربازەکان کە لە ناو هێزی شەشەمی هۆمایۆنی لە ناوچەکەدا هەبوون، ئنیجا هەموو پێداویستەکانیشی بۆ ئامادەو دابین کردن.

ئەنجامدانی ئەوکارانە ڕێگا خۆشکەر بوو لەبەردەم خەڵکی ئاسایی ناوچەکە بۆ ئەوەی هەنگاو هەڵبێنن بۆ کاری ئاسایی خۆیانو خەریك بوونیان بە کاری کشتوکاڵیو پارێزگاری کردن لەبارەکەدا، چونکە ئەگەر تەماشای ئەو سەردەمە بکەین دەبینین بە پێ یاسا کەس بۆی نەبوو مافی کەسێکی دیکە زەوت بکات، لەگەڵ ئەوەشدا تارادەیەك کاری وا ئەنجام نەدرا کە دژی شەریعەتو یاساکانی بەڕێوەبردن بێت، ئەمەش وای کردبوو هەموو فەرمانبەرانی حکومەت هەوڵی پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە بدەن، هەروەها هەر لەو سەردەمە هەوڵی ئەوەدراوە کە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ دراوسێکانیان ببەستن بەتایبەت لەگەڵ ئێرانییەکاندا، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایانە برۆن کە لە ڕووی بازرگانییەوە لەسەری ڕێکدەکەوتن.

ڕێکخستنەوەی باری ئیداری ناوچەکانی عیراق لە سەردەمی (مەدحەت پاشا) یەکێك بوو لە کارەکانی، کە بۆ جارێکی دیکە بە پێی سیستەمێکی تایبەت دەست کراوە بە ڕێکخستنەوەی باری یەکە کارگێڕییەکانو دابەشکردنەوەیان، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا دەست کرا بە دەست نیشان کردنی مافو ئەرکەکانی هەر یەك لە والیو موتەسەڕریفو قائیماقامو بەرێوەبەری ناحییەکانو ئەنجوومەنی ئیداری ناوچەکان، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێردرێ تارادەیەك کەسێکی شیاو بێت.

لێرەشدا بە پێویستی دەزانیین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ناوچەکانی عیراق بە شێوەی لیوای تایبەت جگە لە بەغدا کە ویلایەت بوو بەم شێوە دابەشکرابوو:

**یەکەم:** لیوای بەسرا، قەزاکانی (قرنە، مونتەفیق، عمارە، نەجد) لە خۆی دەگرت.

**دووەم:** لیوای مووسڵ، قەزاکانی (مووسڵ، ئامێدی، زاخۆ، سنجار، دهۆك، ئاکرێ) لە خۆی دەگرت.

**سێیەم:** لیوای کەرکووك، قەزاکانی (ڕەواندز، هەولێر، کفری، کۆیە، ڕانیە) لە خۆی دەگرت.

**چوارەم:** لیوای سلێمانی قەزاکانی (گولعەنبەر، بازیان، شارباژێر، قەرەداغ، مەرگە، جافایەتی) لە خۆی دەگرت.

**پێنجەم:** ویلایەتی بەغدا (خوراسان، خانەقین، کازمیە، سامەرا، دلیم، عانە) لە خۆی دەگرت.

**شەشەم:** لیوای حیللە، قەزاکانی (هندیە، سماوە، دیوانیە" دواتر بوو بە لیوا"، نەجەف، شامیە) لە خۆی دەگرت.

**حەفتەم:** لیوای کەربەلا، کە تا کۆتایی سەردەمی (مەدحەت پاشا) ڕێکخستنی یەکەی ئیداری بۆ دانەمەزرێنرا.

لە ڕاستیدا، ئەو یەکە ئیدارییانە زۆربەی کارەکانیان لە رووی ئیدارییەوە سەر بە بەغدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ناوە ناوە گۆڕانکاری تێدا ئەنجام دەدرا، بۆ نموونە لیوای کەرکووك کە بە شارەزوور بە ناوبانگو بوو، موتەسەڕریف تیایدا دادەنیشت بەو ناوە مایەوە تا ئەوەی سلێمانی لێ جیاکرایەوە ئینجا بە کەرکووك ناوی هات. ئەو لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی کاتەکان هاوڵاتی لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی دیکە دەیان گواستەوە لەبەر بەرژەوەندی تاکەکەسی یاخود ڕووداوێك کە بێ گومان کاریگەری دەکرد سەر چۆنیەتی ڕێکخستنی بار ئیداری ناوچەکە، هەر بۆیە ئەو گۆڕانکارییە ئیدارییانە تا دوای سەردەمی (مەدحەت پاشا)و تا ساڵی ١٨٧٥ هەر بەردەوامو هەندێکیان گۆڕانو وەکو جارانیان لێهاتەوە. لێرەشدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لەو لیوایانە دەسەڵاتی سەرەکی پێك هاتبوون لە: موتەسەرریفو جێگرەکەو قائیقامو جێگرەکەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە کە ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتی سەرەوە بەسترابوونەوە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندە گرنگەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی (مەدحەت پاشا) لە عیراقدا دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی زمانحالی فەرمی بوو کە بە ناوی (زەورا) لە ١٨٦٩ دەرچوو [1]، لەم ڕۆژنامەیەدا ئاماژە بە کارەکانی حکومەت کراوە، ئەمەش جۆرە هۆشیارییەکی داوەتە خەڵکەکە

---

[1] ڕۆژنامەی زەورا، لە ساڵی ١٨٦٩ بە هەردوو زمانی عەرەبیو تورکی دەرچووو، بەردەوام بوو تا داگیر کردنی بەغدا لە لایەن بریتانییەکان. منير بكر التكريتي، الصحافة العراقية واتجهاتها الساسية والاجتماعية والثقافية من"١٨٦٩-١٩٢١"، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٧ ص٥٢.

دەربارەی کاری حکومەت، لەگەڵ ئەوەشدا هاتنی چاپخانەو لێدانی ڕۆژنامە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گرنگە بۆ ئەو کاتەی خەڵکی عیراق بە گشتی ئەگەر بزانیین خەڵکێکی زۆر هۆگری خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامە بووینە، هەروەها هێنانی چاپخانە دەرکردنی ساڵنامەی ویلایەتەکانی بە دوایی خۆیدا هێنا، کە وەکو دەفتەرێکی زانیاری تەواوی زانیارییەکانی ساڵانەی لیواکانی لەسەر دەنوسراو بۆ ئێستا بوونەتە سەرچاوەی گرنگو پر بایەخ.

(مەحەدت پاشا) لەگەڵ ئەنجامدانی کاری چاکسازی چاوەدێری باری ناوچەکانی ژێری فەرمانڕەوایی خۆشی دەکرد، ئەوەتە کاتێك دەنگوباسی ئەوەی پێدەگات کە موتەسەڕریفی کەربەلا (ئیسماعیل پاشا) لە بەڕێوەبردنی کارەکانی لە ناوچەکەیدا مامەڵەی خراپە، (مەدحەت پاشا) خۆی دەچێتە ئەوێو لە بارەکە دەکۆڵێتەوەو سزای یاسایی ناوبراویش دەداتو لە دەسەلات دەهێنێتەوە خوارەوەو یەکێکی دیکە بە ناوی (حافز پاشا) دەکاتە موتەسەرریف بەسەر کەربەلادا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەی زەورادا هاتووە لە کاتی چوونی بۆ کەربەلا هەندێ کاری دیکە ئەنجام داوە کە بۆتە هۆکاری فراوانخوازی ناوچەکە لە ڕووی ئاوەدانییەوە.

شیاوی باسە، ماوەی بەر لە حکومڕانی (مەدحەت پاشا) یەزیدییەکانی ناوچەی شەنگار ماوەی پێنج تا شەش ساڵ بوو لە دەسەڵاتی ناوەندی هەڵگەڕابوونەوەو نەیان دەهێشت خەڵکی غەریبە بچێتە ناویان، لەگەڵ ئەوەش ئاژاوەیان بۆ دەسەلات دەنایەوە. لێرەشدا کاتێك هەندێ قەساب بە مەبەستی کڕینی هەندێ سەر لە ئاژەڵ لە هۆزە عەرەبییەکانی دەچنە ناوچەکەیان لەلایەن یەزیدییەکان دەکوژرێنو پارەکانیان دەبردێت، لێرەشدا کاتێك دەنگوباس دەگاتە (مەدحەت پاشا) خۆی دێتە مووسڵو داوا لە یەزیدییەکان دەکات کە بکوژەکان بدەن بەدەستەوە، بەڵام داواکارییەکەی ڕەت دەکەنەوە. بەمەش (مەدحەت پاشا) فەرمان بە سوپای ناوچەکانی مووسڵو ماردینو شارەزوور دەکات بۆ ئەوە کۆببنەوەو هێرش بکەنە سەر ناوچەی شەنگار، کاتێکیش دەگەنە ناوچەکە لەگەڵ یەزیدییەکان دەکەونە شەڕو، ئەنجام بە دەست بەسەر داگرتنی سەرو ماڵو منداڵو ئافرەتەکانی یەزیدییەکان شەڕەکە کۆتایی دێت. پیاو کوژەکانیش بە ناچاری خۆیان بەدەستەوە دەدەن. ئینجا بەم شێوە ناوچەی یەزیدییەکان جارێکی دیکە دەکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی ناوەندیو سەربازی بە زۆرە ملی بەسەرییان دەسەپێندرێتو قائیمقامێك لە ناوچەی تەلەعفەر دادەمەزرێندرێت.

هەواڵنامەی تیشک

هەر لە چوارچێوەی کارەکانی (مەدحەت پاشا) هەوڵیدا کە گۆڕانکاری لە کێشەکان (الوزن) بکاتو یەکیان بخات، بۆیە بڕیاریدا تەنیا هوقە بەکار بهێنرێت [1]، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکە بە هۆی بوونی جۆرەها پارە شێوە نائارامییەکی لە ڕووی ئابوورییەوە لە ناوەوەی وڵات دروست ببوو، لێرەشدا ئەگەرچی (مەدحەت پاشا) هەوڵیدا بارەکە چارەسەر بکات، بەڵام نە ئەو نە ئەوانەی دوای ئەو هاتن نەیان توانی بارەکە یەکلای بکەنەوە، چونکە لەم ماوەیەدا هەندی پارەی دیکە وەکو (بێشلغ کە پێنج قرۆش بوو، مەتالیك کە بیستو پێنج قرۆش بوو) هاتە بازارەوە، ئەمەش ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بووبێت کە بوونی یەك پارەی عوسمانی بۆ عیراق کافی نەبووە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی ئابووریو ئایینی زۆری لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری هەبووو خەڵکێکی زۆر ڕووی تێکردووە.

ڕێکخستنی لایەنی سەربازی لەسەر شێوازی نوێو دامەزراوەی سەربازی یەکێکی دیکە بوو لە چاکسازییەکانی سەردەمی (مەدحەت پاشا) لە عیراق، ئەو سەرباری ئەوەی کە هەر یەك لە سەرۆك هۆزەکانو موتەسەرریفو قائیمقامی ناوچەکان کاری گەندەڵییان ئەنجام بدابایە ئەوە فەرمانی لابردنی بۆ دەردەکردنو لە دەسەڵات دەیهێنانە خوارەوە، هەروەها لە ڕێگای سوپا دامەزراوەکەشی هەوڵی ئەوەیدا کە هۆزە هەڵگەڕاوەکانی وڵات دابمرکێنێتەوەو بیان خاتە ژێر چاوەدێری دەزگاکانی حکومەت، جیا لەوانەی کە باس کران (مەدحەت پاشا) لە ماوەی حکومڕانیدا گرنگی زۆری داوە بە کردنەوەی خوێندنگاو نەخۆشخانەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵك سوودی لێببینن.

ماوەتەوە بووترێ سەردەمی حکومڕانی (مەدحەت پاشا) عیراق گۆڕانکاریو چاکسازی زۆری بە خۆیەوە بینی لە هەموو بوارو لایەنەکاندا ئەو گۆڕانکاریو چاکسازییەش زۆربەی ناوچەکانی عیراق گرتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کارەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی پیاوە گەورەکانی ئەستەنبول نەدەگونجا بۆیە لە ٢٣ی مایسی ١٨٧٢ لە دەسەڵات هێنرایە خوارەوەو، دەسەڵاتی ناوچەکە (ڕەئووف پاشا) سپێردرا.

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عباس العزاوی، المصدر السابق، الجزو السابع،ص ١٧٤.

### تەوەری دووەم:

## بارودۆخی عیراق لە کۆتایی داگیرکاری عوسمانییەکان

دوای کۆتایی هاتنی ماوەی حکومڕانی (مەدحەت پاشا) چەند والییەکی دیکە هاتنە سەر حکوم ئەوانیش بە هەمان شێوە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بە ڕێگەکەی ئەو دا بڕۆن، ئەگەرچی لە ناخی خۆیاندا ئەوەیان دەزانی کە دەوڵەت حەز بە چاکسازیو ئاوەدانکردنەوەی وڵات ناکات، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکە ئەوەیان لا ڕوون بوو کە دانیشتوانی عیراق توانای تێگەیشتنیان نییە تا لە مانای ئاوەدانکردنەوەو چاکسازی بگەن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە والییەکان خۆشیان لە مانای تەواوی چاکسازی نەگەیشتبوونو هەوڵی ئەوەشیان نەداوە بەتەواوی بەکارەکە هەڵبستن.

دەرکەوتنو سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ناوخۆی هەر دوو دەوڵەتی ئێرانو عوسمانی کاریگەری خۆی نەخشاند بەسەر دەزگاکانی حکومەتدا لە عیراقدا، کاتێك بووە هۆکاری ئەوەی چەند چاکسازیو گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت، بە تایبەت دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیەی کە ڕەخنەی لە کارەکانی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەگرتو بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ چاکسازیو ئاوەدانکردنەوەی وڵات دەدا، ئەم کارە بە ڕوونی لە ڕۆژنامەی (ڕەقیب) کە ئەو کاتە دەردەچوو دەبینرا، چونکە ئەو ڕۆژنامەیە ڕەخنەی لە والیو فەرمانبەرەکان دەگرتو ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە کارەکانیان بە دڵسۆزی ئەنجام نادەن، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین ئەو بزووتنەوەیە گرفتێکی بۆ عیراقییەکان نابۆوە کاتێك دەبیین وا هەست دەکەن ئازادییەکی ڕەها هاتۆتە کایەوەو نابێت کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. لێرەشدا دەگێڕنەوە کە دزێك چۆتە سەر ماڵێكو خاوەن ماڵەکەی کوشتووە، کاتێك کەسو کاری کوژراوەکە دزەکەیان گرتوەو ڕاپێچی دادگایان کردووە، دادگا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکردووە، دزەکە بە فەرمانەکە سەری سوورماوەو وتویەتی ئەی کوا ئەو ئازادییەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن؟! ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری بۆچوونی پیاوانی ئاینی بکەین بۆ ئەو بزووتنەوەیە ئەوە بە

بزووتنەوەیەکی بەدەر لە ئایینیان داناوە، بەمەش دەردەکەوێت کە حەزیان کردووە حکومەت بەم گەندەڵییەی بمێنێتەوەو بۆ بەرژەوەندی ئەوان باشە.

سەردەمی (نازم پاشا) لە عیراق کە لە ساڵی ١٩١٠ کراوەتە والی بەغدا بە سەردەمی (مەدحەتی دووەم) ناودبرێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو هەڵساوە بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك کاری چاکسازی وەکو: دروست کردنی یەکەمین شەقام لە شاری بەغدا کە بە شەقامی (النهر) ناوبراوە، هەروەها ئەو سەگە بەرەڵایانەی ناوی شاری دوورخستۆتەوە بۆ شوێنکی تایبەت لە نزیك گۆڕستانی یەهودییەکانو تەواوی گەڕەکەکانی بەغدای پاکردۆتەوەو عارەبانەی داناوە بۆ گواستنەوەی زبڵو پیسیو قەدەغەی ئەوەشی کردووە کە پیسی فڕێبدرێت. لەگەڵ ئەوەی فەرمانشیداوە کە مووچەی سەربازەکان لە کاتی خۆیدا بدرێت بۆ ئەوەی لەکاتی چەژنەکاندا هێرش نەکەن سەر دوکانەکان بۆ تاڵان کردن کە پێشتر ئەنجامیان دەدا. هەروەها بەستێکی بە دەوری شاری بەغدا دروست کردووە بۆ پاراستنی لە مەترسی لافاو. بۆ ڕێز گرتنیش لە مانگی ڕەمەزان پاسەوانی تایبەتی داناوە بۆ ئەوەی ئەوانەی بەبەر چاوی خەڵکەکەوە نان دەخۆن دەستگیریان بکەن کە سزایەکەیان مانگێك گیرانو دەجەلدە لێدان بووە. جگە لەوەی تەواوی چاڵەکانی ناو شاری بەغدا پڕکردەوەتەوە کە ببوونە سەرچاوەی فرێدانی پیسیو نەخۆشی. لەلایەکی دیکەشەوە ژووری بازرگانی داناوە بۆ تۆمار کردنی ناوی ئەو کۆمپانیانەی کە لە عیراق کار دەکەن تا مۆڵەتی کار کردن وەربگرن. ئەوە سەرباری ئەوەی هێمنیو ئاسایشی وڵاتی پاراستو پیاوە ئاینیەکانی لەوە ئاگادار کردەوە کە دەبێت فتوا بدەن لەسەر ئەوەی کە شەڕ حەرامە لە نێوان خێڵەکاندا.

دوای لابردنی (نازم پاشا) دەسەڵات کەوتە دەستی (جەمال پاشا) کە بە کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرو چاکسازی کار ناسرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەلای خەڵکیدا خۆشەویست نەبوو بە هۆی ئەوەی کە تێکەڵ بە ژیانی گەریدە ئەوروپییەکان دەبووو لەگەڵیاندا ئاهەنگو سەمای دەکردو بەشداری نوێژەکانی نەدەکرد، ئەمەش وای کرد باری عیراق بەم شێوەیە بمێنێتەوە لە ژێر حکومڕانی عوسمانییەکاندا تا ئەوە جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ سەری هەڵداو، عوسمانییەکان چوونە بەرە وڵاتانی تەوەرو، بەرەی وڵاتانی هاوپەیمانیش لە سەرووی هەموویانەوە بریتانیا دەمێك بوو نەخشەی داگیرکردننی عیراقی کێشا بووو هەستی بە گرنگی ناوچەکە کرد بوو، بۆیە هەر لەگەڵ هاتنە ناوەوەی عوسمانییەکان بۆ شەڕەکە، لە ناوچەکانی خواروە دەستی بە پێشرەوی کردو توانی لە ماوەی ساڵانی جەنگدا دەست بگرێت بەسەر تەواوی خاکی عیراقی.

## تەوەری سێیەم:

# بارودۆخی ئابووری و ڕۆشنبیری عیراق لە سەردەمی داگیرکاری عوسمانی

خراپی پەیوەندی نێوان عوسمانییەکانو ئێرانییەکانو هێرشکردنە سەر ناوچەکانی عیراق بۆ چەند جارێك لەلایەن ئێرانییەکانەوە، کاریگەری کردبووە سەر خراپی باری ئابووری، لەبەر ئەوەی لە کاتی شەڕو هێرشەکاندا خاکی عیراق گۆڕەپانی سەرەکی شەڕەکان بوو، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکەکەی دەبوونە جەنگاوەی شەڕەکانو نەدەپرژانە سەر ئیشو کارەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کشتوکاڵ کۆڵەکەو بڕبڕەی پشتی ئابووری عیراق بووە لەو ماوەیەدا، بۆیە گرنگی بە چاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی دراوە جا چ بۆ پڕکردنەوەی بژێوی ژیانی عیراقییەکان بێت یاخود بۆ ناردنە دەرەوە بێت.

لە لایەکی دیکە شوێنی جوگرافی عیراق وەکو سەرە ڕێگای بازرگانی لە نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، کاریگەری زۆری کردووە کە ببێتە بنکەیەکی سەرەکی بازرگانی، بەمەش ئەگەر تەماشا بکەین بەغدا بنکەیەکی بازرگانی گەورە بووە لە ڕۆژهەڵاتدا، بۆیە (بارسواز) وەکو گەریدەیەك کە لە ساڵی (١٧٧٥) هاتۆتە بەغداو بەم شێوەیە وەسفی کردووەو دەڵێ:" **بازاڕێکی گەورەیە بۆ بەرهەمەکانی هندو ئێرانو قوستەنتینیەو حەلەبو دیمشق، بەکورتی گەورەترین کۆگایە لە ڕۆژهەڵاتدا**".

هەرچی تایبەتدارە بە ویلایەتی بەسرا ئەوە هەر لە سەرەتاوە بازرگانی تیایدا زۆر فراوان بووە تا ئەوەی دەبنیین لە چارەگی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم نزیکەی شەش کەشتی بریتانی ڕووی تێکردووە، ئەوە جگە لە کەشتی دیکەی عەرەبی. هەر سەبارەت بەو بابەتەش لە  لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە ساڵی١٨١٥ بەسرا پازدە کەشتی لە بەنغالو بومبای هاتووە کە باری هەریەکەیان لە نێوان سێ سەد تا چوار سەد تەنی باری هەڵگرتووە، بێ گومان ئەمەش بۆ ئەو کات بارێکی زۆر بووە. جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەو کەلو پەلانەی کە هاتوونەتە عیراق لەو ماوەیەدا بریتی بووە لە هەریرو قوماشو بەهاراتو شەکرو...هتد. ئەوەی لە عیراقیشەوە ڕەوانەی دەرەوە کراوە بریتی بووە لە خورماو گەنمو گەنمەشامی.

لە ڕاستیدا، عوسمانییەکان بە گشتیو عیراقییەکان بە تایبەتی سوومەندی باشیان لەو کاری بازرگانییە وەرگرتووە، چونکە لەلایەك بە هۆی بازرگانییەوە کەلوپەلو پێداویستی خۆیان بەدەست هێناوەو، لە لایەکی دیکەشەوە لە کاروانە بازرگانییەکان باجی زۆریان وەرگرتووە کە زۆربەی ئەو باجانە لە دەرباری پاشاکانو سوڵتانی عوسمانی سەرف کراوە، هەروەها ئەگەر لە ڕوویەکی دیکەشەوە تەماشا بکەین لە هەندێ کات ئەو بارە بازرگانیانە لە کاتی تێپەڕبوونیان بە سنووری حکومڕانی ئاغاو شێخی عەشیرەتەکانو دەسەڵاتدارانی ناوچەکانەوە باجی تایبەتیان لێ سەندارەوە کە بە شێوەی (خاوە) بووە، بێ گومان ئەم پارانەش بۆ خزمەتی گەورەکان بەکار هاتووە.

جیا لە وانەی ئاماژەی بۆ کرا دەستکەوتێکی دیکەش کە وەکو دەستکەوتی ئابووری بە دەست هاتوون بریتییە لەو باجانەی کە لە سەردەمی مەمالیکەکان بە چەند شێوەیەك وەرگیراون وەکو باجی سەری ئەوانەی کە موسڵمان نین، سەرِ مەڕو، ...هتد.

هەرچی تایبەتدارە بە لایەنی ڕۆشنبیری لە ماوەی حوکمرانی عوسمانییەکان لە عیراقدا ئەوە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری لەو سەردەمە لە ڕێگای خوێندنگا ئاینییەکان بەدی دەکرێت کە وەکو سەکۆیەکی گەورە وابوون بۆ پێگەیاندنی بەشێك لە چینی خوێندەواران، کە لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو بابەتانەی کە دەیان خوێند بریتی بوو لە خویندنی بابەتە ئاینییەکان، لێرەشدا ئەگەر تەماشا بکەین دەبیین لە زۆربەی گوندو شارەکانی عیراق لە تەك مزگەوتەکان خوێندنگای ئاینی بەدی دەکرێت. دەرچووانی ئەو خوێندگایانەش زۆربەیان سوومەندی لێوەرگیراوە کاتێك لە کارە تایبەتییەکان دادەمەزران یاخود دەبوون بە وتاربێژ لە ناوچەکاندا، یا لە هەندێ کات دەبوون بە قسەکەر بۆ حاکمەکان، یا لە کاتی تایبەت لە کۆشکی پاشاکان هۆنراوەی جوانیان دەخوێندەوە، بەمەش بەهۆی نزیکایەتیان لە دەسەڵاتدارەکان کاریگەریان هەبوو لە پێشخستنی باری ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا، هەروەها لە دواتریش هەر لە مانە ژمارەیەك کەسایەتی دەرکەوتن کە دەستیان هەبوو لە چاك کردنی باری وڵاتدا.

شیاوی باسە، لە دواتردا جیا لە خوێندنگا ئاینییەکان خوێندنگای دیکەش لە عیراق هاتە دامەزراندن لەلایەن والییەکانو دەسەڵاتدارەکانو بازرگانەکان، کە وەکو دەزگایەکی زانستی وابوونو وانەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) تیایدا دەخوێنرا، هەروەها لەو خوێندنگایانەشدا پارەی پێویست بۆ مامۆستاکانو خوێندکارەکان سەرف دەکرا. لە گرنگترین ئەو خوێندنگایانەش لە

بەغدا بریتین لە خوێندنگای (داودی، عومەری، فەزل، قەبلانی)، هەروەها لە مووسڵ هەبوون بە ناوی خوێندنگای (ئەمینی، ڕابعی، عوسمانی، حوسێنی)، لە بەسڕاش بە ناوی خوێندنگای (خەلیلی).

گرنگی ئەو خوێندنگایانە لێرەدابوو کاتێك پۆلێك خوێندەواری پێگەیاند تا ئەوەی دواتر وڵات پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە بینی بە تایبەت دوای چاکسازییەکانی (مەدحەت پاشا) کاتێك خوێندنگای فەرمی کرایەوەو دەرچووانی ئەو خوێندگایانە بوونە بەڕێوەبەری کاری فەرمی ئەو وڵاتە کە بە ناوی عیراقەوە دوایی جەنگی یەکەمی جیهانی هاتە دامەزراندن.

لە لایەکی دیکە ئەگەر سەیری باری تەندورستی عیرایی بکەین لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ئەوە دەبنیین لە بارێکی خراپی تەندورستی خەڵکەکە گوزەراندوویانە، لەبەر ئەوەی چەندین جار بەهۆی نەبوونی پزیشك، خەستەخانە، داوودەرمانو نزمی ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی پێویست نەخۆشی زۆر بڵاوبۆتەوەو نەتوانراوە چارەسەر بکرێت. ئەوەتە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن تەنیا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٣١-١٨٣٤) عیراق بە گشتیو بەغدا بەتایبەت بۆ ماوەی سێ جار نەخۆشی تاعوون بڵاوبۆتەوە کە زەرەوور زیانی زۆری بە خەڵکەکە گەیاندووە. لێرەشدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین زۆربەی کاتیش بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان بەهۆی ئەو قەتلو عامانە بووینە کە لە شەڕکانەوە ئەنجامدراوە، چونکە لەو کاتەدا ناشتنی تەرمەکان ماوەیەکەی زۆری خایاندووەو بۆتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی پێنجەم

## قۆناغی داگیرکاری بریتانیو دروست بوونی سیستەمی پاشایەتی لە عیراق

**تەوەری یەکەم: داگیرکردنی عیراق لەلایەن بریتانییەکان**

**تەوەری دووەم: سەرهەڵدانی شۆڕشی بیست**

**تەوەری سێیەم: دروست بوونی حکومەتی کاتی نیشتمانی**

**تەوەری چوارەم: کاریگەری سیاسەتی بریتانیا لەسەر عیراق لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢-١٩٣٢**

**تەوەری پێنجەم: پەیوەندی عیراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ**

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:

## داگیرکردنی عیراق لەلایەن بریتانییەکان

لەمەو بەر ئاماژەمان بە گرنگی ناوچەی عیراق کرد بۆ وڵاتە زلهێزەکان بە گشتیو بریتانیا بەتایبەتی، کە لە زووەکەوە خاڵێکی گەورەی لە سیاسەتی بریتانییەکان نەخشاندبوو، ئەمەش کاتێك لە چارەگی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم چالاکییەکانیان گەیشتە کەنداوو، بۆ یان دەرکەوت کە لەم ناوچانەدا پێداویستییە سەرەتاییەکانیان لە بەرهەمی خاو دەست دەکەوێت، ئەوە جگە لەوەی کە عیراق وەکو نێوەندێك وابوو بۆ بەستانەوەی ئابووری جیهان، هەر بۆیە بریتانییەکان هەوڵی خۆیان خستەگەر بۆ دامەزراندنی ژمارەیەك کۆمپانیا وەکو: **"لینچ، کری مەکنیزی، ئەندروویر"**، کە لە ڕاستیدا ئەمانە تەنیا بە کاری بازرگانی خەریك نەبوون، بەڵکو کاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریشیان ئەنجامدەدا.

گرنگی ستراتیژی عیراق بۆ سیاسەتی بریتانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی جوگرافی کە دەکەوێتە سەر کەنداوو، بەشێك لە ڕێگای وشکانی هندی پێك دەهێنا بۆ هاتووچۆکردنی بریتانییەکان، ئەمەش دوای ئەوە دەرکەوت کە لێکۆڵینەوەی دەربارەی توانای گەشتیاری ڕێگای ئاوی لە ڕووباری فوراتو دیجلە کرا، هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیستەم گرنگیتری ستراتیژی عیراق دەرکەوت دوایی دۆزینەوەی نەوت لە (عەبادان)، ئیتر ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی کە سەرکردەو سیاسییەکانی بریتانی جەخت لەسەر گرنگی عیراق بکەنەوە، چونکە وای بۆ چوو بوون کە دەشتی ڕافیدەین مەجالێکی زیندووە بۆ چالاکی سیاسیو ئابووری بریتانییەکان. ئەم گرنگییەش (لۆرد کیرزن) [1] لە

[1] لۆرد کیرزن،(١٨٥٩-١٩٢٥) یەکێك بوو لە پیاوە دیارەکانی ئینگلیز، لە ساڵی١٨٨٠ هەڵبژێردرا بە سەرۆکی یەکێتی خوێندکارانی زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە ساڵی ١٨٩٨ هەڵبژێردرا بە ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیزی، لە هەمان

ساڵی ١٨٩٢ دەری خست کاتێك وتی:" **بەغدا دەکەوێتە نێو بەشی کەنداو پێویستە بکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی بریتانیا**"، هەروەها" **لە ساڵی ١٩١١ش جەختی لەسەر کردەوە کە بەرژەوەندییان تەنیا لە کەنداو نییە، بەڵکو پێویستە تاوەکو بەغدا بچن**".

شیاوی باسە، ئەو گرنگیانەی کە باسمان لێوە کرد هانی بریتانییەکانیدا کەوا بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، یەکەم پلانی سەربازی دابڕێژن بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکانی باشووری عیراقو، حکومەتی هندی بریتانی لە ساڵی ١٩١١ لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکانی پاراستنی بەژەوەندییەکانیان لە باشووری عیراقدا، ئەوە بوو لیژنەکە لە ١٢ی کانوونی دووەمی١٩١٢ پێشنیاری گرتنی بەسڕاو فاوی کرد، هاوکاتیش لەگەڵ پێشکەش کردنی پێشنیاری لیژنەکە قونسۆڵی بریتانی لە بەغدا، بەسڕاو مووسڵ زانیارییان لەسەر سوپای عوسمانی لە ڕووی پێکهاتەو تواناکانیان کۆدەکردەوە.

کاتێکیش لە ئابی ١٩١٤ جەنگی یەکەمی جیهانی سەری هەڵداو عوسمانییەکان لە ٥ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا لە تەك وڵاتانی تەوەر چوونە ناو شەڕەوە، عیراق وەکو بەشێك لە قەڵەمڕەوەی دەوڵەتی عوسمانی کەوتە ناو شەڕەکەوە، ئەمەش ڕێگای بۆ بریتانییەکان خۆش کرد هێزەکانیان ئامادە بکەن بەمەبەستی پاراستنی بەژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا، هێزەکانی بریتانی بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ (دیلامین) فەرمانی پێکرا کە بەرە فاو هەنگاو باوێ، لێرەشدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سوپای بریتانی زانیاری تەواوی لەسەر ناوچەکە لە ڕووی دروست بوونو پێکهاتەی جوگرافیو عەشائیریو هێزی عوسمانی بە تایبەت لە شاری بەسڕا هەبوو.

لەگەڵ ئامادەباشی سوپای بریتانییەکان (سیر پرسی کۆکس) [1] بەیانێکی دەرکرد کە تیایدا باسی ئەوەی دەکرد حکومەتەکەی لەبەر هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی ناچار بووە بە هاتنە ناو جەنگەوە،

---

کاتیش بە جێگری سکرتێری گشتی بریتانی، هەروەها نوێنەری مەلیك بووە لە هندو، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٩٥-١٨٩٨ وەزیری دەرەوە بووەو، سەرۆکایەتی هێزی ئاسمانی بریتانیشی کردووە. ناوبراو لە کابینەی لوید جۆرج لە ساڵی ١٩٢٢ دووبارە کراوەتەوە وەزیری دەرەوەو، لەم ماوەیەشدا نوێنەری بریتانیا بووە لە گفتوگۆکانی لۆزاندا لەگەڵ تورکدا. کیرزن لە دواجار لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٤ وازی لە کاری سیاسی هێناوە.

Encyclopedia Britannica, London, Chicago, Tornto, 1957, Vol.6, P900-901.

(1) سیر پرسی کۆکس، لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٨٦٤ لە بریتانیا لە دایك بووە، لە ئەکادیمیای سەربازی پاشایەتی خوێندوویەتیو، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٨٤-پەیوەندی بە حکومەتی هندستان کردووە، دواتر هاتۆتە بواری

ئەوانیش واتە بریتانییەکان هاتوون بۆ پاراستنی بازرگانیو هاوکاریان لە ناوچەکەدا لەوانە کە دوژمنی گەلی عەرەبن. بریتانییەکان دوایی بەرەنگارییەکی کەم لەلایەن سوپای عوسمانییەکان، هێزەکانیان لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ لە فاو دابەزاندو ئاڵای بریتانیایان لەسەر شارەکە هەڵکرد، بەمەش عوسمانییەکان ناچار بوون پاشەکشە بکەن، بۆیە بریتانییەکان توانیان دەست بگرن بەسەر دەروازەی کەنداودا. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژە پێبکەین سوپای عوسمانییەکان لە بەسرا تا ڕۆژی دواتر دەنگوباسی داگیرکردنی فاوییان نەزانی، تا هەندێ لە خەڵکی فاو چوونە ئەوێو هەواڵەکانیان بۆ بردبوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نارێکی سیستەمی سەربازی عوسمانییەکان کە هەڵە بوون لە ڕووی پێشکەوتنو ئامادەکردنو پێداویستییەکان شەڕ، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە دەزگایی هەواڵگری عوسمانییەکان هیچ زانیارییەکیان لە بارەی لایەنی سەربازی بریتانییەکان پێ نەبووو، نەخشەی سەربازی ناوچەکەشیان لەلا نەبوو، بەڵکو بێ نەخشەو پلانی سەربازی دەجەنگان، لە بەرانبەریشدا بریتانییەکان هەموو حیسابێکی وردی خۆیان کرد بوو.

دوای داگیرکردنی فاو بریتانییەکان ڕوویانکردە بەسراو لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ بەسراشیان داگیر کردو هەر لەوێشدا بنکەیەکی سەربازییان دامەزراندو، هەڵسان بە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی چەك، هەروەها بڕیاری ئەوەیاندا کە دوای هێزە شکاکەوەی عوسمانییەکان بکەون کە بەرەو (قڕنەو زوبێر) پاشەکشەیان کردبوو، لێرەشدا گرتنی قڕنە گرنگی خۆی هەبوو، بە هۆی گرنگی شوێنی سەربازی کە دەبووە هۆی دەست گرتن بەسەر توانا گەشتیارییەکەی کە درێژ دەبۆوە بۆ کەنداو، جگە لەوەش قرنە دەوڵەمەند بوو لە ڕووی کشتوکاڵی کە سوود لە بەرهەمەکەی وەردەگیرا بۆ سوپا، ئەوە سەرەڕای ئەوەی هاو سنوور بوو لەگەڵ (ئەحواز) کە ناوچەیەکی سنووری نێوان عیراقو ئێران بوو.

---

سیاسیو لە ساڵی ١٨٩٣ بە دواوە ژمارەیەك پلەی سیاسی بینیوە لە ناوچەکانی کەنداوو وڵاتی فارس. لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی بەرپرسی یەکەمی سیاسی بووە بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، لە ساڵی ١٩١٧ سەرکردایەتی گشتی هێزەکانی بریتانیا وەرگرتووە، بەڵام لەبەر خراپی پەیوەندی لەگەڵ جەنەراڵ(مۆد) عیراقی جێهێشتووە، لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٠ نوێنەری بریتانیا بووە لە ئێران، تا ئەوەی لەسەر داواکاری گەورە بەرپرسانی بریتانیا لە ساڵی ١٩٢٠ گەڕاوەتەوە عیراقو بە پلەی مەندوبی سامی بریتانی تا ساڵی ١٩٢٣ ماوەتەوە. ناوبراو دوای دەست لەکار کێشانەوە بۆتە سەرۆکی کۆمەڵەی جوگرافی ناسانی پاشایی لە ساڵی ١٩٣٣. کۆکس لە ٢٠ی شوباتی ١٩٣٧ کۆچی دوایی کردووە. www.history.com/topics/sir-persy-cox

ئەنجام بریتانییەکان دەستیان بە هێرشکردن کردو لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩١٤ قرنەشیان گرت، ئیتر بە گرتنی قرنە هێزەکانی بریتانیا توانیان دەست بگرن بەسەر ئەو ڕێڕەوە ئاوییانەی کە بە درێژایی دیجلەو فورات وەکو ڕێگایەکی گەشتیاری درێژ دەبۆوە بۆ سەر کەنداو، لێرەشدا ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین سەرکەوتنەکانی بریتانیا بە شێوەیەکی خێرا هەنگاوی دەنا، ئەویش لەبەر بێ هێزی سوپای عوسمانییەکانو خۆ ئامادە نەکردی سەرکردایەتی سوپاکەیان بوو بۆ بەرەنگاری بوونەوە.

زەنگی سەرکەوتنی بریتانییەکان، عوسمانییەکانی هێنایەوە هۆش بۆ خۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی هێزەکانیانو ڕاکێشانی عیراقییەکان بەلای خۆیانو لە ڕێگای بانگەوازی (جیهاد لە پێناوی خوا)، بەمەش کاریگەری زۆری کردە سەر بیروڕای گشتی کە لە ژێر کاریگەری ئایینی چەکیان هەڵگرت دژی بریتانییەکان. ژمارە ئەوانەی خۆیان ئامادە کرد گەیشتە نزیکە (١٠-١٥) هەزار سەرباز ئەمانەش هەموویان چوونە جەنگەوە لە دژی ئینگلیزەکان لە شەڕی (شوعەیبە) [1]. سوپای عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی (سلێمان عەسکەری بەگ) لەگەڵ هێزی خۆبەخشییەکان لە ١٢ی نیسانی ١٩١٥ دەستیان بەشەڕ کرد لەگەڵ بریتانییەکان، بەڵام بریتانییەکان توانیان بە هێرشێکی گەورە عوسمانییەکان لە ناو بەرن. جێگای باسکردنە شەڕی (شوعەیبە) وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە بوو لە مێژووی داگیرکاری بریتانی لە عیراقدا، دوای ئەوەی ورەی سەرکردایەتی عوسمانی داتەپی بە تایبەت دوای خۆ کوشتنی سەرکردەکەیان (سلێمان عەسکەری)، ئەوەش شکێ لای خەڵك دورست کرد کە عوسمانییەکان توانای بەرەنگارییان هەبێت، ئەوە جگە لەوەی کارەساتێکی گەورە بوو لە مێژووی عوسمانیدا.

بە شکانی عوسمانییەکان لە قرنەو شوعەیبە هێزەکانی بریتانیا بەرەو عیمارەو ناسرییە هەنگاویان ناو، لە ٢٠ حوزەیرانی ١٩١٥ عمارەو لە ٢٥ی تەمموزی هەمان ساڵ ناسرییەیان داگیر کرد، بەمەش بریتانییەکان دەستیان گرت بەسەر سێگۆشەی نێوان بەسرا، عمارە، ناسریە، لێرەشدا کەواتە ویلایەتی بەسرا بە تێکرایی دەستی بەسەر داگیرا.

سەرکەوتنی خێرای بریتانییەکان سەرکردەکانیانی هێنایە سەر بیری ئەوەی بەردەوام بن لە پێشڕەوی، بۆیە بە سەرکردایەتی جەنەراڵ (تاوزەند) لە ڕێڕەوی دیجلەوە بەرەو بەغدا پێشڕەوییان کرد، بەڵام عوسمانییەکان لە بەرانبەردا لێژنەیەکیان پێك هێنا بۆ بەر بەپەرچدانەوەو پارێزگاری کردن لە

---

[1] دەکەوێتە دووریی شەش میلەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بەسرا.

شاری بەغدا، ئەنجام جەنگ لە نزیك کوت لە ٢٧ی ئەیلولی ١٩١٥ ڕوویداو بەردەوام بوو بۆ ماوەی نزیکەی بیست کاتژمێر کە تیایدا هەر یەك لە کەشتی بریتانیی‌و عوسمانی بەشدارییان کردو شەڕەکە بەسەرکەوتنی بریتانییەکان کۆتایی هات. بەمەش هێزی عوسمانییەکان دوای شکستیان گەڕانەوەو، هێڵێکی بەرگری نوێیان لە (مەدائیین) دامەزراند، کەچی لە بەرانبەردا بریتانییەکان بەردەوام بوون لە پێشرەوی بەرەو بەغدا.

سەرۆکایەتی هێزەکەی عوسمانییەکان لە (مەدائیین) بە دەست (نوورەددین بەگ)ەوە بوو، کە لەم سەروبەند یارمەتی سەربازیشی لە ئەنادۆڵەوە بۆ هات، هەروەها دەوڵەتی عوسمانیش جەنەراڵێکی ئەڵمانی بە ناوی (ڤۆن درگۆڵتز) [(١)] لە ٦ی کانوونی یەکەمی بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی سوپا ١٩١٥ڕەوانەی بەغدا کردبوو. لێرەشدا کاتێك بریتانییەکان هێرشیان کرد شەڕێکی توند لە نێوانیان ڕوویدا، بەڵام عوسمانییەکان لە کاتی شەڕ گیانێکی زیاتری تێکەوت کاتێك هێزێکی زیادە بە سەرۆکایەتی (خەلیل بەگ) هاتە تەکیانەوە، بەمەش توانیان زەربەیەکی کوشندە لە هێزی بریتانییەکان بدەن‌و ناچارییان بکەن پاشەکشە بکەن‌و بگرێنەوە (کوت)، دوای ئەوەی لە ٢٢ی تشرینی دووەم ژمارەی کوژراوەکانیان گەیشتە نزیکەی (٤٥٠٠) کەس، بەمەش زەرەروو زیانێکی زۆریان لێدرا.

عوسمانییەکان هەوڵی سەرکەوتنیان قۆزتەوەو کەوتنە دوای هێزی شکاوی بریتانییەکان‌و، لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٥ لە کوت گەمارۆیان دان. گەمارۆی کوت ماوەی پێنج مانگی خایاندو هێزی بریتانییەکانی شپرزە کرد کاتێك ناچار بوون دەرگاو پەنجەرەو خانووەکان بەکار بهێنن. لێرەشدا بریتانییەکان چەند جارێك هەوڵی ئەوەیاندا کە سوپا گەمارۆ دراوەکەیان ڕزگار بکەن لە ڕێگای گفتوگۆ کردن‌و دانی ملیۆن‌و نیوێك لیرە بە (خەلیل پاشا) سەرکردەی عوسمانییەکان وەکو بەرتیل، بەڵام لە بەرانبەردا (خەلیل پاشا) قبوڵی نەکرد، بەڵکو سوور لەسەر خۆ بەدەست دانەوەیان بە بێ هیچ

---

[(١)] ڤۆن درگۆڵتز، لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩١٥ لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕاسپێردرا بە فەرماندەی گشتی سوپای شەش بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بەشی ئێران‌و عیراق بکات، ناوبراو ئەم کاتە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵ بوو پلەی(فیلد مارشاڵ)ی هەبووو، لە گەوەرە فەرماندەکانی ئەوروپا بوو. ناوبراو لە ٩ی نیسانی ١٩١٦ لە بارەگاکەی خۆی لە بەغدا بە تووشبوونی بە نەخۆشی(تیفۆس)ین کۆچی دوایی کرد. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عیراق، بەرگی چوارەم، وەرگێڕانی: غەفور ساڵح، چاپخانەی پیرەمێر، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٧٠-٢٧٢.

مەرجێك، ئەمەش بریتانییەکانی ناچار کرد لە ٢٩ی نیسانی ١٩١٦ خۆیان بەدەستەوە بدەن. ژمارەی ئەو سەربازانەی کە خۆیاندا بە دەستەوەدا نزیکەی (١٣٥٠٠) سەباز دەبوون، جگە لە ئەفسەرە دەرەجەدارەکان. لێرەشدا (موبرلی) دەڵێ:" **خۆدانە دەستەوەی گەمارۆی کوت کۆتاییەکی غەمناك بوو بۆ پرۆژەی داگیرکردنی بەغداو، زەرەوو زیانی بریتانییەکان لە سەرەتاوە تا خۆ بەدەست دانەوەی کوت نزیکەی (٤٠) هەزار کوژراو بریندار دەبوو. لە کۆتایشدا خۆبەدەستدانەوەی کوت لێدانێکی کوشندە بوو لە ناوبانگی بریتانییەکان"** [١].

عوسمانییەکان لە دوای سەرکەوتنی کوت بەردەوام نەبوون بۆ پێشڕەوی بەرەو باشوورو گێرانەوەی ناوچەکانو دەرکردنی بریتانییەکان، بەڵکو هێزەکانیان ڕەوانەی ئێران کرد بۆ دژایەتی کردنی هێزەکانی ڕووس، ئەمەش لاوازی لە هێزی عوسمانییەکان لە عیراق دروست کردو بریتانییەکانیش ئەوهەلەیان قۆستەوەو بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ (مۆد) [٢] لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧ دەستیان بە هێرش کردەوەو، توانیان لە شوباتی ١٩١٧ کوتو مەدائین بگرن، ئیتر لە دوا سەرکەوتنیش لە ١١ی مارتی ١٩١٧ شاری بەغدایان گرتو (جەنەراڵ مۆد) لە بەغدا بەیاننامەیەکی خوێندەوە، کە تیایدا بانگی ئەوەی کرد ئەوان ڕزگار کەرن نەك داگیرکەر.

بە داگیرکردنی بەغدا کاریگەری دەروونی دروست بوو لەسەر بوونی عوسمانییەکان لە ناوچەکانی دیکەی عیراق، بۆیە بریتانییەکان توانیان بەرەو باکوور هەنگاو بنێنو لە ٢٢ی نیسان سامەراو لە ٢٩ی ئەیلول ڕومادیو لە ٦ی تشرینی دووەم تکریت داگیر بکەن، بەڵام سوپای بریتانییەکان لە دەروازەی شەرگات [٣] مایەوە تاوەکو کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩١٨. ئیتر ئەوە بوو ئاگربڕی

---

[١] F.J. Moberly, Official History at The Great War, The Campaiggn in Mesopotamia, 1914 - 1918, London, 1923, Vol, 1, pp.80-81. وەرگیراو لە: د. ابراهیم خلیل احمد، د. جعفر عباس حمیدی، تاریخ العراق المعاصر، الموصل، ١٩٨٩، ص١.

[٢] جەنەرڵ مۆد، لە ساڵی ١٨٦٤ لە جەبەل تاریق لە دایك بووە، خوێندنی سەربازی تەواو کردووە، لە ناوچەکانی میسرو ئەفریقاو کەنەداو فرەنسا...هتد خزمەتی کردووە، ناوبراو لە جەنگی یەکەمی جیهانی برینداربووە، بەمەش بە مەبەستی چارەسەرکردنی ڕەوانە لەندەن کراوەتەوە، بەڵام دووبارە گەڕاوەتەوە بەرەکانی شەڕو ڕۆڵی لە داگیر کردنی عیراقدا بینیوە. مۆد بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی کۆلێرە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێشدا نێژراوە. www.el7ad.com/smf/index.php?topic23332.10;imode.

[٣] دەکەوێتە دووری نزیکەی(١٢) میل لە شاری(مووسڵ)ەوە.

مۆدروس لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ کۆتایی بەجەنگ هێنا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، دوای ئەوەش جەنەڕاڵ (مارشاڵ) سەرکردەی سوپای بریتانییەکان داوای لە (عەلی ئیحسان پاشا) [1] سەرکردەی هێزی عوسمانییەکان کرد شاری مووسڵ بدەن بەدەستەوە، ئەمانیش لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دایەن بە دەست بریتانییەکانەوە، بەمەش کاری سەربازی بریتانییەکان لە ماوەی چوار ساڵی جەنگ کۆتایی هات‌و بەشێکی زۆری ناوچەکانی عیراق کەوتە ژێر قەڵەمڕەوی بریتانییەکان.

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] عەلی ئیحسان پاشا لە ساڵی ١٨٨٢ لە ئەستەنبول لە دایك بووە، سەرەتا لە خوێندنگای تۆپهاوێژی خوێندوویەتی دواتر چۆتە کۆلێژی جەنگ‌و لە ساڵی ١٩٠٤ تیایدا دەرچووە. عەلی پاشا ژمارەیەك پلەو پایەی سەربازی بڕیوەو لە زۆرێك لە سوپاکانی عوسمانی سەرکردایەتی کردووە، دواجار لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بەرپرسی سوپای شەشەمی عوسمانی بوو لە مووسڵ. ناوبراو دوای کێشانەوەی هێزەکەی لە مووسڵ‌و گەڕانەوە بۆ ئەستەنبوول دوورخرایەوە بۆ دوورگەی مالْتا. دواتر دوای ئازاد بوونی لە ساڵی ١٩٢١ بەشداری کردووە لە جەنگی سەربەخۆیی تورکیادا، بەڵام بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ عیسمەت پاشای سەرۆك وەزیرانی تورکیا دەستی لەکار کێشاوەتەوە. ئیتر هەر بە هۆی ئەم ناکۆکییە لە ساڵی ١٩٤٤ بۆ ماوەی پازدە مانگ زیندانی دەکرێت بە بیانووی ئەوەی ڕەخنەی لە عیسمەت پاشا گرتووە. دواجار لە ساڵی ١٩٥٤ دەبێتە ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی دیموکرات‌و، بەردەوام دەبێت تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٧ کۆچی دوایی دەکات. (sabis)www.turkeyswar.com).

## تەوەری دووەم:

# سەرهەڵدانی شۆڕشی بیست [1]

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٠ زنجیرەیەك ڕووداو بارودۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی ناوچەکانی عیراقیان بە جارێ هەژاندو خستیانە ناو گێژەڵووکەو ناسەقامگیرییەوە، ئەم ڕووداوانەش لەلایەن پسپۆڕانی بواری مێژووی عیراقی ئەوە سەردەمە" بە شۆڕشی بیست" ناسراون.

ئەڵبەتە سەرهەڵدانی ئەم ڕووداوانەی ساڵی ١٩٢٠ لە عیراق کە دواتر بە شۆڕشی بیست ناوی دەکرد، زادە چەند هۆکارێکە کە سەرچاوەکان بە شێوازی جیاواز باسی لێوە دەکەن. لێرەشدا زۆرێك لە وانەی کە لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشەکەیان کۆڵیوەتەوە، زیاتر چەخت لەسەر هۆکاری زوڵمو زۆرداری حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیزو، قبوڵ نەکردنی دەسەڵاتی داگیرکاری لەلایەن عیراقییەکانەوە

---

[1] زۆربەی زۆری یان سەرجەم نووسەرو ڕۆشنبیرانی مێژوویی عیراقی ئەم سەردەمە، کاتێك ڕووداوەکانی هاوینی ساڵی ١٩٢٠ شیدەکەنەوە، چەمکی" شۆڕش" بە کاردێننو ئەو ڕووداوانە بە" شۆڕشی بیست" ناوزەند دەکەن، هەرچەندە زۆرێك لە هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە بەدەربوون لە کرداری یەکگرتووو، لە بەشداری کردنی کردارەکی شۆڕشگێرانە. بەو شێوەیە بۆ سەرجەم هاوڵاتییانی عەرەب، ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٠ بە" شۆڕشی بیست" ناسراونو مۆرکی دەرکەوتەیەکی هەستی ناسیۆنالیزمی عەرەبیان لێدراوە، کە لە ڕاستیدا چەمکی" شۆڕش" ناگونجێ لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە لە ساڵی ١٩٢٠ هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسی عیراقەوە، چونکە شۆڕش واتا تێکشکاندێکی ڕیشەیی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی کۆمەڵ دەگەیێنێ. بەڵام ڕووداوەکانی هاوینی ١٩٢٠ بە هیچ شێوەیەك نەبوونە هۆی ئەم تێکشکاندنەو پەیڕەوێکی نوێیان نەهێنایە کایەوە، بەمەش واتە دەستەواژەی "شۆڕشی بیست" لە مەوە سەرچاوە گرتووەو بۆتە نەریتێکی باوی زۆربەی زۆر یان سەرجەم ئەم نووسینانەی کە هەتا ئەمڕۆ لەسەر ئەو ڕووداوانە بەرهەمهێنراوە. بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: د. ئەلبێرت عیسا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی سەردەمی فاشیزم" وێنەیەك لە ڕابردوو کە نایەوێت ڕاببورێت"، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٨٧-١٨٨.

دەكەن، كە لە ئەنجامی بوونی هەستی نیشتمانیو نەتەوەییەوە هاندرابوون ڕازی نەبن لەسەر بە تاڵان بردنی سەروەتو سامانی عیراقییەكان [1].

لە لایەكی دیكە جیا لە وانە كە ئاماژەیان بۆ كرا سەرچاوە مێژووییەكان هۆكار گەلێكی دیكەش بە دوایەكتردا ڕیزبەند دەكەن كە دەكرێت لەم خاڵانەی خوارەوە ریزبەندیان بكەین.

١- جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕژێمی عوسمانیو بریتانی لە بەڕێوەبردنی كارەكانیان لە عیراق، كاریگەری كردبووە سەر ئەوەی لەگەڵ سیاسەتی خێڵەكان یەك نەگریتەوە، بۆیە ئەم پەیڕەو كردنەیان پێ قبوڵ نەبوو [2]، چونكە لە هەندێ كات مامەڵەی بریتانییەكانیان مایەی بە سووكایەتی سەیر كردنی سەرۆك خێڵەكان بوو، ئەم سەرۆك خێڵانەی كە بەر لەم قۆناغە خاوەن دەسەڵات بوون، بەڵام لەم سەردەمە دەسەڵاتەكەیان لە قالب درابوو، بۆیە ناچار بوون ڕا پەڕن، بەمەش وەكو سەرچاوەیەك دەڵێ: **"... ڕاپەڕینی ئەمانە لە ئەنجامی گەڕان بە شوێن (ئازادی ناسیۆنال) نەبوو، بەڵكو بۆ ئازادی لە كۆنترۆڵكردنی زەویزارو جوتیارەكانیان بوو بەو شێوەیەی كە عوسمانییەكان لەسەر راهاتبوون"** [3].

٢- ڕۆڵی ئاراستەكەرەكان وەك پیاوانی ئاینی، واعیز، وتاربێژ، شاعیر، نووسەر، مامۆستا، ئەوانەی چیرۆك دەخوێنەوەو، نوكتە دەنووسن، لەگەڵ هەموو ئەوانە قسەی بریقەدار دەكەن، لەبەر ئەوەی

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، الثورة العراقية الكبرى، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٥٢، ص١٢٦-١٢٧؛ د. عەلی وەردی، چەردەیەكی كۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی، بەرگی پێنجەم، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی ٢٠٠٥، ل١٧ بە دواوە.

[2] ئیدارەی بریتانی زۆر گرنگیدا بە سەپاندنی سیتمێكی باج كە ئەندامانی عەشیرەتەكانی بێزار كردبوو، بە شێوەیەك ئەگەر بەراورد بكرایە سێ ئەوەندەی سەردەمی عوسمانییەكان دەبوو، بەمەش ئەم داهاتەی كە حكومەتی لە ساڵی ١٩٢٠ كۆی كرد بۆوە سێ ئەوەندەو نیو ئەوە بوو كە عوسمانییەكان لە ساڵی ١٩١١ كۆیان كردبۆوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في الثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٨، ص٢٧.

[3] د. ئەلبێرت عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

لە سەردەمی عوسمانییەکان سوڵتان لە خۆیانی نزیکردبوونەوە، بەڵام ئینگلیزەکان لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو. بە تایبەت ئەفەندییەکان [1]و، پیاوانی ئایینی کە دواتر بەرژەوەندیان لەگەڵ یەکتر کۆی دەکردنەوە، چونکە ئەمانە بە هاتنی ئینگلیزەکان بێکار مابوونەوە.

٣- مردنی (سەید کازم ئەلیەزدی) لە ٣٠ی نیسانی١٩١٩و دانیشتنی (میرزا محەمەد تەقی شیرازی) لە جێگای ئەودا وەکو مەرجەعییەتی ئایینی شیعەکان، لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە هانی خەڵکی دەدا دژی ئینگلیزەکان.

٤- جێبەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە ئینگلیزەکان لە سەرەتای هاتنیان دابوویان.

٥- کاریگەری ئەم ڕووداوانەی لە ناوچەکەو جیهان ڕوویاندا، وەکو شۆڕشی عەرەبی لە ساڵی ١٩١٦ لە حیجاز [1]، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تورکی بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال [2]، شۆڕشی میسر

---

[1] ئەفەندییەکان ڕۆڵێکی کارایان بینی لە هاندانی سەیدو ئەشراف‌و موجتەهیدو شێخەکان‌و گۆڕینی هەڵوێستیان لە هەڵوێستێکی بەرتەسکی عەشایەری- ئایینییەوە بۆ هەڵوێستێکی سیاسی، لە هەڵوێستێکی عەشایەری ڕەنگدار بە ئیسلامەوە بۆ هەڵوێستێکی ناسیۆنالیزمی عەشایەری. ئەم فەرمانبەرانە بریتی بوون لەم کارمەندو ئەفسەرانەی کە لەسەردەمی پێش ئینگلیز ڕۆڵێکی گەورەیان لە ناو جیهازی ئیداری هەبوو، بەڵام لەگەڵ هەرەسهێنانی عوسمانی، دەرکرابوون‌و لە جیاتیان فەرمانبەرو ئەفسەری ئینگلیزو خەڵکی هندستان جێیان گرتبوونەوە، لە ئەنجامدا ئەمانەش بێکار مابوونەوە، بۆیە ببونە کرۆکی ناڕەزایی‌و دوژمنداری بریتانییەکان. لە کۆمەڵگایەکی تازە پێگەیشتووی پڕ لە فەوزاو نەخوێندەواری، ئەمانە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبوو لەسەر خەڵکی، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی ئیدارەی عوسمانییەکان توێژێکی بەرزی کۆمەڵیان پێك دەهێنا. بە کورتی ئەمانە بریتی بوون لە بنەماڵەکانی خانەوادەی عیراقی کە لە ڕێگەی کارەکانیانەوە ببوون بە خاوەن زەوی‌و پۆستی گرنگییان لە ئیدارەدا هەبوو: موتەسریف، قائیمقام، سەرۆکی شارەوانی. بە پێچەوانەی سەیدەکان کە لەنێو پیاوانی عەشایەردا ژیانیان دەگوزەراند، یاخود شێخ‌و ئاغاکان کە لە ناو دێییەکان ژیانیان دەژیان، ئەمانە دانیشتووی شار بوون‌و بەر لە هاتنی ئینگلیزەکان زەوییەکانیان دەکەوتە نزیك شارەکان. زۆرێك لەم بنەماڵانە لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە تێکەڵی یەکتری‌و شێخی عەشیرەتەکان ببوون. لە سەردەمی عوسمانییەکان، ئەم بنەماڵانە لە ڕێگای گەندەڵی‌و بەکارهێنانی شوێنی پۆستەکەیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەوڵەمەند ببوون‌و ژیانێکی پڕ لە خۆشییان دەبردە سەر. لە وڵاتێکی وەکو عیراق کە سیستەمی مەحسووبییەت زۆر باو بوو، گەندەڵی بەشێك بوو لە ژیانی ڕۆژانە، فەرمانبەران جگە لەوەی بوون‌و خەڵکیان ئیستغلال دەکرد بۆ بەژەوەندی تایبەتی خۆیان، نەزان‌و بێ کەفائەت‌و خاوەن هەڵسووکەوتی چەوت بوون‌و تەنیا جولێنەری ئەوان بریتی بوو لە پارە کۆکردنەوە لە ڕێگەی زۆرو زۆردارییەوە. د. ئەلبێرت عیسا، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٢.

لە ساڵی ١٩١٩بە سەرۆکایەتی سەعد زەغلول [٣]، شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا[٤].

٦- کاریگەری ئەو عیراقییانەی کە بەشدارییان کردبوو لە دامەزراندنی حکومەتی عەرەبی لە سوریا بە سەرۆکایەتی مەلیك فەیسەڵ [٥].

ئەنجامی ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا هەموویان بەسەر یەکەوە کەڵکە بوون‌و لە دواتریش گرتنی (شێخ شەعلان ئەبولجون) [١] سەرۆکی هۆزی زەواڵم بووە هۆکاری ڕاستەوخۆی دەست پێکردنی

---

[١] شۆڕشی گەورەی عەرەبی بە سەرۆکایەتی شەریف حوسێن‌و کوڕەکانی لە ناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لە ساڵی ١٩١٦ بە هاوکاری بریتانییەکان لە دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان سەری هەڵدا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: قدري قلعجي، الثورة العربية ١٩١٦-١٩٢٥ جيل الفداء يوما بيوم مع كامل الآسماء والوثائق ولآدوار، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٣؛ أمين سعيد، الثورة العربية الكبرى تاريخ مفصل جامع القضية العربية قي ربع قرن، المجلد الاول" النضال بين العرب والترك"، مكتبة مدبولي، دون سنة طبع.

[٢] لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩١٩ مەستەفا کەمال بزووتنەوەیەکەی لە پێناو ڕزگارکردنی تورکیا دەست پێکرد، وەك کاردانەوەیەك بۆ تێکشکانی تورك لە جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەم بزووتنەوەیە هیوای بەخشییە ئەو عیراقیانە کە تورکەکانیان خۆش دەویست. بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تورکی بڕوانە: حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە، نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

[٣] شۆڕشی میسر لە مارتی ١٩١٩ لە دژی دەسەڵاتدارانی بریتانی هەڵگیرساو، ڕۆژانەی دەنگوباسی ڕووداوەکانی لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە دەگەیشتە عیراقەوە. بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ لە میسر بڕوانە: بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: چاك بيرك، مصر الامبريالية و الثورة" ثورة١٩١٩"، ترجمة: يونس شاهين، مصر، ١٩٨٧.

[٤] شۆڕشی ئەکتۆبەر لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ بە سەرۆکایەتی لینین لە ڕووسیا سەری هەڵداو لە ئامانجە سەرەکییەکانی دژایەتیکردنی ئیستعمار بوو، بۆیە دەستیان کرد بە یارمەتیدانی ئەو بزووتنەوانەی کە دژی دەسەڵاتی ئیستعمار بوون. بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ شۆڕشی ئوکتۆبەرو ئامانجەکانی بڕوانە: د. حەبیبوڵڵا ئەبولحەسەن شیرازی، د. محەممەد ڕەزا مەجیدی، سیاسەت‌و حکوومەت لە ئاسیای ناوەڕاست دا، وەرگێڕانی: ڕەحمان ئەمیری، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل٤٧ بە دواوە .

[٥] لەم سەروبەندە لە سوریا حکومەتێکی عەرەبی بەسەرۆکایەتی(فەیسەڵی کوڕی حوسێن) هاتبووە دامەزراندن، کە زۆربەی پۆستە باڵاکان بە دەست عیراقییەکانەوە بوو، بەڵام ئەم عیراقییانە هەستیان بەوە دەکرد کە ئەوان لە سوریا هیچ دوا ڕۆژێکیان نییە، چونکە سورییەکان دروشمی(سوریا بۆ سورییەکانیان) بەرزکردبۆوە، بەمەش ناچار بوون بگەڕێنەوە عیراق‌و بیر لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی هاوشێوە بکەنەوە. د. عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی پێنجەم، ل٤٩.

ڕاپەڕینەکە، ئەگەرچی ئینگلیزەکان هەوڵیاندا ڕێ لێبگرن، بەڵام لە سەرەتاکانی ڕۆژانی یەکەم تیایدا سەرکەوتوو نەبوون لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە.

١- لاوازی هێزەکانی بریتانیا لە ئەنجامی بڕیارەکانی جەنەراڵ (هاڵدین) [2] کە ڕێگایی دابووە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی بریتانیا بە مەبەستی گەشتو گوزار سەردانی ئێران بکەن.

٢- بوونی چەکێکی زۆر لە لای عەشائیرەکان کە لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆیان مابۆوە لەگەڵ پارەیەکی زۆر بۆیان، سەرباری ئەوەش عەشائیرەکان شارەزایی باشیان لە شەڕ هەبوو.

٣- بڵاوبوونەوە هەواڵەکانی سەرکەوتنی هێزە چەکدارەکان بە ناوچەکەدا.

٤- چوونە پاڵی کۆمەڵێك هۆز بۆ بە دەست هێنانی تالانو بڕۆی.

٥- کاریگەری لایەنی ئایینی لە بڵابوونەوەی.

لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتا هێزە چەکدارەکان هەنگاوی باشیان بۆ سەرکەوتننا، بەڵام دواتر پێچەوانەوە بوویەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەی خواوەرەوە بوو:

١- نەبونی سەرۆکێك بۆ سەرکردایەتی شۆڕشەکە لەبەر ململانێی نێوان سەرۆك هۆزەکان کە یەکتریان قبوڵ نەبوو.

٢- نەمانی ئەوپارە زۆرەی کە لای سەرۆك هۆزەکان بوو، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەم دەبووو سەرچاوەیەکی دارایش نەبوو قەرەبووی بکاتەوە.

٣- تەواوبوونی چەكو تەقەمەنی شۆڕشگێران، ئەگەرچی لە دواتر چەك بەقاچاغ دەهات، بەڵام چەکەکان نرخیان گرانبووو کڕینیان ئاسان نەبوو.

---

(١) شێخ شەعلان ئەبولجون، لە لایەن حاکمی سیاسی بریتانی لە ناوچەکەوە بانکرا بۆ سەرای شارەکە، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری ئەوە بداتەوە، کە بۆچی قەرزی باجی کشتوکاڵی ساڵی پێشوویی نەداوە، بەڵام کاتێك مشتومڕ کەوتە نێوانیانەوە، ئەنجام شێخ شەعلان بەند کرا، بەڵام لە دواتر لە لایەن کوڕی مامەکەوە یارمەتیدراو لە بەندیخانە هەڵات، ئەمەش بووە هۆکاری وروژاندنی هۆزەکەی، کە لە دواتریش ناوچەکانی دیکەی گرتەوە. عبدالرزاق الحسني، الثورة العراقية الكبرى،ص ١٢٨؛ مس بيل، فصول في تأريخ العراق القريب، بيروت، ١٩٧١، ص٤٤٧-٤٤٨.

(٢) جەنەڕاڵ(هاڵدین) لە شوێنی جەنەڕاڵ ماکمۆن لە ٢٥ی مارتی ١٩٢٠ هاتە بەغداو بە فەرماندەی گشتی هێزەکانی بریتانی لە عیراق دانرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی پێنجەم، ل٦٤ بە دواوە.

٤- والاّ بوونی ناوچەکان لەبەردەم نۆکەرو سیخورەکانی ئینگلیز، بەمەش لە لایەك زانیاریان دەربارەی هێزە چەکدارەکانیان دەگەیاند، لە لایەکی دیکەش ڕۆڵیان هەبوو لە ڕووخاندنی ورەی جەنگاوەران.

٥- زۆربوونی ژمارەی کوژراوان لە ڕیزی شۆڕشگێریان کە دواتر ئینگلیزەکان بە (٨٤٥٠) کەس دەیخەملێنن. ئەویش تەنیا ئەو تەرمانەن کە خۆیان بینیویانە.

٦- هەڵوێست گۆڕینی بەشێك لە سەرۆك هۆزەکان کە بە ویستی خۆیان نەهاتبوونە ناو شۆڕش، بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوە دەنگی لاوازی شۆڕش هەڵوێستی خۆیان گۆڕیو هەوڵی ئاشتەواییاندا.

لە ڕاستیدا، بارودۆخە هەر چۆنێك بێت، ئەوە بۆ ماوەی سێ مانگ شەڕی چەکداری لە نێوان دەسەڵاتی ئینگلیزو سەرکردە عەشایەرەکان دروست کردن بەمەش بووە هۆکاری تێکدانی بارودۆخی ناوچەکەو خراپکردنی ڕێگاو بانەکانو برینی هێڵی شەمەندەفەری نێوان بەغداو بەسرا، هەروەها لەم چوارچێوەش ئەم سیستەمە باجەی تێکشکاند کە بریتانییەکان پەیڕەویان دەکرد. ئەوە سەرباری ئەوەی کە لە نێوان مانگی تەمموزو تشرینی یەکەم سەدەها کوژراوو بریندارو پەککەوتە لە هەردوولا کەوتەوە. ئەوە لە لایەك، لەلایەکی دیکەوە هەڵوێستی نووسەرەکانی تایبەت بەم ڕووداوە هەر چۆنێك بێت دەمان گەینێتە ئەوەی کە تەنیا هەندێك عەشیرەتە عەرەبەکانی فوراتی ناوەڕاستو هەندێ لە ناوچەکانی بەغدا بەشدارییان لە ڕووداوەکان کردووە، نەك تەواوی خەڵکی عیراق وەك هەندێ لە نووسەرەکان بۆی دەچن. ئەوەتە بەغدا وەك ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیو ڕۆشنبیری بەدەربوو لە بەشداریکردنێکی کاردا، لە کاتێکدا ناوچەکانی باشووری عیراقو هەندێ ناوچەی فوراتی باکوور بە چەکەوە بەشدارییان کردووە، کەچی بەغدا جگە لە هاوکاری لە ڕێگەی خۆپێشاندانو بڵاوکردنەوەی نامیلکەو نووسراوی نهێنی شتێکی دیکە ئەنجام نەداوە. جیا لەوەش دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە عەشیرەتەکانی فورات کە سەرمەشقی ڕووداوەکان بووینە، کەچی خاوەنی یەك ئاڕاستەو ڕەهەندی فیکری نەبووینەو بیروباوەڕیان لە زۆر ڕووەوە ئەوەندە ڕوون نەبووە [1].

---

[1] د. ئەلبێرت عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٠ زۆر بە زووی سەرکەوتو زۆر بەزوویش کۆتایی هاتو نەیتوانی پەنابەرێتە بەر شەڕی پارتیزانی وەکو جەزائیر، کوبا، ڤیتنام، ئەمەش لەبەر ئەو بوو نەپەناگایەکی شاخی هەبوو تا ئەوەی لە وێوەوە بەرەنگاری دوژمنی لێبکاتو دەستی دوژمنی نەگاتی، نە سەرچاوەیەکی داراییو یارمەتی دەرەکیشی هەبوو بۆ ئەوەی یارمەتی بدات، کە لە ڕاستیدا، ئەم دووانە دوومەرجی سەرەکی شەڕی پارتیزانیین، بەڵام سەرباری ئەوە بووە هۆکاری ئەوەی ئینگلیزەکان بە سیاسەتی خۆیان لە عیراقدا بچنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری سێیەم:

# دروست بوونی حکومەتی کاتی نیشتمانی

ئەنجامی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٠ لە عیراقو بڵاوبوونەوەی بە بەشێکی ناوچەکاندا زەنگی مەترسیدار بوو، کە دەسەڵاتدارانی بریتانیا هێنایە سەر بیری ئەوەی بە سیاسەتی خۆیان لەو وڵاتەدا بچنەوە، بە تایبەت کاتێك خەرجی هێزەکانی بریتانیا لە عیراق دەنگی نارەزایی لە ناو شەقامی بریتانیا لێکەوتەوەو داوای ئەوە دەکرا سوپاکەی لە عیراق بکشێنێتەوە. لێرەشدا کاتێك دەسەڵاتدارانی بریتانی بانگی (سیر پرسی کۆکس)یان کردەوە بۆ بریتانیا، بۆ ئەوەی گفتوگۆ دەربارەی چارەسەرکردنی باری عیراق بکەنو، ناوبراویش پێشنیاری ئەوەی بۆ کردن کە حکومەتێکی کاتی نیشتمانی لە ژێر چاودێری بریتانیا دابمەزرێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئەرکی ئەو کارە لەلایەن سەرۆکایەتی بریتانیا بە (کۆکس) سپێردراو، ئەویش لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ بە پلەی مەندوبی سامی بریتانی گەڕایەوە عیراق، چونکە ناوبراو شارەزاییەکی باشی لە بارەی عیراقەوەو هەبوو، بۆیە دەسەڵاتدارانی بریتانیش پێیان وابوو بارەکە بەو چارەسەردەکرێت.

بە گەیشتنی (کۆکس) بۆ عیراق هەر لە بەسراوە دەستی بە بینینو گفتوگۆکردن کرد لەگەڵ سەرۆك هۆزو کەسایەتییە ناودارەکانی عیراق بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە بیرو بووچوونەکانیان بگات، دەربارەی ئەو کارەی کە بۆی هاتۆتەوە عیراق، ئەوەش زیاتر لە کۆبوونەوەکەی بەغدا ڕەنگیدایەوە کاتێك لەگەڵ گەورە پیاوانی ئەوشارە کۆبوویەوەو داوای هاوکاریو هەمانگی لێکردن بۆ سەرکەوتنی دامەزراندنی حکومەت. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لەو کاتەدا چ لە ناو شەقامی بریتانیاو چ لە ناو هێزەکانی بریتانیا لە عیراق ڕاو بۆچوونی جیاوازو

ململانێی هەبوو، بە تایبەت لە نێوان لایەنگیرانی (کۆکس)و (ئارنۆڵد ولسن) [1]، چونکە (ولسن)و هاوبۆچوونەکانی لەگەڵ ئەوە نەبوون حکومەتێك لە عیراق دابمەزرێت. بەمەش ئەو ململانێیە هەندێ لە ئینگلیزەکانی لە عیراق تۆرە کرد.

بیرۆکەی دامەزراندنی حکومەتی کاتیو هەنگاوەکانی (کۆکس)، ناوبراویان ڕووبەڕووی ئەوە کردەوە کێ بۆ ئەو پۆستە دەست نیشان بکات، سەرەتا بیری لەوە کردەوە (تالیب نەقیب) [2] کە یەکێك بوو لە ئەشرافەکانی بەسرا بۆ پۆستە دەست نیشان بکات، بەڵام دواتر بە هۆی ڕاوێژ کردن لەگەڵ دارو دەستەکەی هاتە سەر بیری ئەوەی (عەبدولڕەحمان نەقیب ١٨٤٥ - ١٩٢٧) کە یەکێك بوو لە ئەشرافەکانی شاری بەغدا بۆ ئەو پۆستە دەست نیشان بکات. لێرەشدا ئەگەرچی ناوبراو کەسایەتییەکی پارێزراو بوو، بەڵام بە هۆی نزیکایەتیو زیرەکایەتی (کۆکس) توانرا ڕازی بکرێتو ئەو پۆستە وەربگرێتو لە ٢٥ی تشرینی یەکەم ١٩٢٠ یەکەمین کابینەی حکومەتی کاتی دابمەزرێنێت.

---

[1] سیر ئارنۆڵد تالبوت ولسن، ساڵی ١٨٨٤ لە دایك بووە، یەکێکی بوو لە ئەفسەرە دیارەکانی بریتانییەکان لە هێرشی داگیرکاری بۆ عیراقو، لە دوای (کۆکس) پلەی حاکمی گشتی بریتانی لە ساڵی ١٩١٨ وەرگرت، ناوبراو یەکێك بوو لەوانەی کە ڕۆڵی کارای بینی لە بەستانەوەی باشووری کوردستان بە عیراقەوە. ولسن لە ساڵی ١٩٤٠ کۆچی دوایی کردووە. دەیڤید کۆرن، ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عیراقەوە پێرسی کۆکسو ئارنولد تی.ولسن، وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

[2] تالێب نەقیب یەکێك بوو لە ئەشرافەکانی بەسرا، سەرەتا بەشداربوونی لە کاری سیاسی بۆ ساڵی ١٨٩٩ دەگەڕێتەوە کاتێك باوکی ڕەوانەی ئەستەنبوولی کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان والی بەسراو شێخی کوێت، ئیتر بە هۆی سەرکەوتنی لەم کارەدا، دواتر بەشداربوو لەم ڕووداوانەی کە لە ناوچەکە هاتوونەتە پێشەوە تا هاتنی ئینگلیزەکان. کاتێك ئینگلیزەکان بیریان لە دامەزراندنی حکومەت لە عیراق کردەوە یەکێك لە وانە بوو دەست نیشانی ئەوە بکرێت بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، بەڵام دواتر لە کابینەی یەکەم کرایە وەزیری دارایی. جگە لەوەش تاڵێب نەقیب لە کاتی دانانی پاشاش بۆ عیراق هەوڵێکی لەم شێوەیەیدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ئەگەرچی هەوڵیدای دەنگی نارەزای خۆیو خەڵکی عیراق کۆبکاتەوە، کەچی بە بریارێك دەست بەسەر کراو بۆ دەرەوە وڵات دووخرایەوەو نەیتوانی تا ١ی مایسی١٩٢٥ بگەڕێتەوە بۆ عیراق، لێرەش بەدواوە تووشی نەخۆشییەکی دەروونی هات تا ئەنجام لە ١٦ی حوزەیرانی١٩٢٩ لە شاری میونیخنی ئەڵمانیا کۆچی دوای کرد. د. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عیراق، بەرگی شەشەم، وەرگێرانی دلێر میرزا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٨٠؛ إحسان وفيق السامرائي، قراءة في سيرة السيد طالب باشا النقيب، (www.aldiyarsat.net).

(عەبدولڕەحمان نەقیب) یەکێك بوو لە بنەماڵە ناودارەکانی شاری بەغداو، زۆرجار بە قادری یان گەیلانیش ناوی دەبردرا، لەبەر ئەوەی لە دایكو باوکییەوە بۆ (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) دەگەڕایەوە، ناوبراو لە سەردەمی عوسمانییەکان لە ناوچەکەدا پەیوەندی باشی لەگەڵ دەسەڵاتدا هەبوو، هەروەها ژمارەیەك پلەوپایەیشی وەرگرتبوو، کەچی لەگەڵ هاتنی ئینلگیزەکان ئەو ڕێزەی خۆی لە دەست نەدابوو، بۆیە بریتانییەکان دەیانەویست لە ڕێگا ئەوەوە بەشێك لە خەڵکی عیراق بۆ خۆیان ڕابکێشن. لێرەشدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەگەرچی پەیوەندی نێوان نەقیبو ئینگلیزەکان باش بوو، کەچی تا ماوەیەکی زۆر لە دوای هاتنیان هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی عوسمانییەکان بووو، زۆرجاریش لای ئەوانەی متمانەی پێیان بوو وتبوو:" **هەموو ڕۆژێك دەڵێم ئەمرۆ یان سبەی بە دیار دەکەون ﴿ مەبەستی عوسمانییەکانە- نووسەر﴾ ئەو کەسی مژدەم بداتێ چاوی ماچ دەکەم**".

(عەبدولڕەحمان نەقیب) کاتێك ئینگلیزەکان بۆ ئەو پۆستە دەست نیشانیان کرد تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵ بووو باری تەندروستی تەواونەبوو، لە ڕوویی ئاینییەوەش کەسایەتییەکی پارێزراو بووو، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە شارەزایی باشی لە زمانو شیعری عەرەبی هەبوو، کاتێکیش کە ڕووداوەکانی بیست لە عیراق هەڵگیرسا هەر لە سەرەتاوە دژی بوو، بۆیە زۆرێك لە سەرچاوەکان ئەوە بە هۆکارێك دەزانن کە وای لە ئینگلیزەکان کرد بێت کە بۆ ئەو پۆستە کاندی بکەن. (نەقیب) بیروڕای بەرانبەر (شەریف حوسێن) [1]و کوڕەکانی باش نەبوو، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە گەڕانەوەی عوسمانییەکانی زۆر پێ باشترە لە حکومڕانی کوڕەکانی (شەریف حوسێن)، کەچی دواتریش لەگەڵ هاتنی (فەیسەڵ)و دەست بەکاربوونی وەکو پاشای عیراق، کابینەی دووەمی حکومەتی خۆی لە ١٠ی ئەیلولی١٩٢١ دامەزراند.

دوای ڕازی کردنی (عەبدولڕەحمان نەقیب)، دەسەڵاتدارانی ئینگلیز ڕووبەڕووی کێشەی کاندید کردنی وەزیرەکان هاتنەوە، لەبەر ئەوەی هەندێ لەوکەسانەی کە کاندید کرابوون ڕازی نەبوون، چونکە

---

[1] شەریف حوسێن کوڕی عەلی(١٨٥٣-١٩٣١) لە ئەشرافەکانی مەککە بوو کە بنەماڵەکەی لەساڵی ١٢٠١ بە دواوە حکومڕانی ناوچەکەیان کردووە، ناوبراو لە ساڵی ١٩١٦ سەرکردایەتی شۆڕشی گەورەی عەرەبی کرد لە دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ناوچەکەداو لە شۆڕشەکەدا سەرکەوتوو بووە.www.kinghussein.gov.jo/sharif_hussein .

کارەکەیان بە گەمەیەکی ئینگلیزەکان دەزانی. لێرەشدا ئەگەرچی ئینگلیزەکان (جەعفەر عەسکەری)[1] یان بۆ پۆستی وەزیری بەرگری دەست نیشان کرد بوو، کەچی ناوبراو لە سەرەتا ڕازی نەبوو لە ترسی ئەوەی نەوەکو لە ناو خەڵکیدا بە سووك سەیر بکرێت، بۆیە (مس بیل) [2] ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەوڵێکی زۆریداوە تا ڕازی کردووە پۆستەکە وەر بگرێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە (تالیب نەقیب) کە بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ دانرا بوو بە پۆستەکەی خۆی ڕازی نەبووو بە شیاوی خۆی نەدەزانی، هەروەها (ساسۆن حسقیل)یش [3]، کە بۆ پۆستی وەزارەتی دارایی دانرا بوو ئامادەنەبوون لە کابینەیەکدا بێت کە (تالیب نەقیب)ی تیا دابێت لەبەر ئەوەی زۆر ڕقی لێدەبوویەوە.

---

(1) جەعفەر عەسکەری، ناوی تەواوی محەمەد جەعفەر کوڕی مستەفا کوڕی عەبدولڕەحمان عەسکەرییەو لە ١٥ی ئەیلولی ١٨٨٥ لە بەغدا لەدایك بوو، لە بواری سەربازی خوێندوویەتی، دواتریش لە سوپای عوسمانی خزمەتی کردووە. ناوبراو لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕۆڵی کارای لە عیراقدا بینیوە، تا ئەوەی لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ لە کاتی کودەتاکەی بەکر سدقی بۆ ڕووبەرووی سوپا دەچێت بۆ ئەوەی نەچێتە ناو بەغداوە لە دیالە دەکوژرێت. بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: میر بصری، اعلام الساسە فی العراق الحدیپ، الجزو الاول، الگبعە الاولی، دار الحکمە، لندن، ٢٠٠٥، ص ٩٩ ومابعدها.

(2) مس بێل، ناوی تەواوی" ڤرترود مڤریت لوسان بێل"ە، ساڵی ١٨٦٨ لە ناوچەی یورکشایر لە بریتانیا لە دایك بووە، لە کۆلێژی پاشایەتی لە لەندەنی پایتەخت خوێندوویەتی، دواتریش لە ئۆکسفۆرد درێژەی بە خوێندوون داوە، ناوبراو لە تەك زمانی ئینگلیزی گرنگی داوە بە زمانی عەرەبی، فەرنسیو ئەڵمانی. بێل لە ساڵی ١٨٩٩ خۆی تەرخان کردووە بۆ گەشتێکی فراوان بۆ وڵاتانی عەرەبیو دێیەکانیان، بەمەش دووەمین ئافرەتی ئەورویی بووە بەم کارە هەڵساوە، لەم چواچێوەش لە ساڵی ١٩٠٩ هاتۆتە عیراقو ماوەی ساڵێك ماتەوە، لە ساڵی ١٩١٦ جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە عیراق، بەڵام ئەمجارەیان بۆ بەڕێوەبردنی ئیداری هەواڵگری بریتانی، ئیتر لێرەوە بەردەوام بووە ڕۆڵی کارای لە سیاسەتی بریتانی لە عیراق گێراوە، تا ئەوەی ١٢ی تەمموزی ١٩٢٦ لە بەغد کۆچی دوای دەکاتو هەر لە وێدا بە خاك دەسپێردرێت. ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر، ئەو ئافرەتەی پاڵپشتی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بوو، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە(١٥٣)، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٥١.

(3) ساسۆن حسقیل، لە ١٧ی مارتی ١٨٦٠ لە بەغدا لەدایك بووەو، پەیوەندی بە خوێندنگای ئەلیانس کردووە، دواتر لە ساڵی ١٨٧٧ چۆتە ئەستەنبوول. ناوبراو لە ساڵی ١٩٠٨ بۆتە نوێنەری بەغدا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عوسمانی، دواتر بۆ دووجاری دیکەش هەڵبژێردراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٢٠ گەڕاوەتەوە بەغداو لە ڕووداوەکاندا ڕۆڵی بینیوە، تا ئەوەی لە هاوینی ١٩٣٢ دەچێتە ئەوروپا بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیو لە ٣١ی ئابی ئەو ساڵە لە پاریس کۆچی دوایی دەکات. میر بصري، أعلام اليهود في العراق الحديث، الطبعة الاولى، لندن، ٢٠٠٦، ص٥٢ ومابعدها.

بەڵام لە دواجاردا بە هەر شێوازێك بێت ئینگلیزەکان لەو کارەشدا سەرکەوتوو بوونو، کابینەکە ڕاگەیاندرا کە پێکهاتبوو لە سەرۆكو هەشت وەزیرو دوانزە وەزیری بێ وەزارەت [(١)].

عەبدولڕەحمان نەقیب سەرۆك وەزیران

تالیب نەقیب، وەزیری ناوخۆ

ساسۆن حسقیل، وەزیری دارایی

جەعفەر عەسکەری، وەزیری بەرگری

عیزەت کەرکووکلی، وەزیری پەروەردەو تەندورستی

مستەفا ئالوسی [(٢)]، وەزیری ئاوقاف

عەبدولەتیف مەندیل [(٣)]، وەزیری بازرگانی

محەمەد عەلی فازل [(٤)]، وەزیری ئابووری

---

(١) ئەم کەسایەتییانەی کە پلەی وەزیری بێ وەزارەت بوون بریتی بوون لە:(حەمدی پاشا بابان" بەغدا"، عەبدولجەبار خەیات"بەغدا"، عەبدولغەنی کوبە" بەغدا"، عەبدولمەجید شاوی" بەغدا"، عەبدولڕەحمان حەیدەری" بەغدا"، فەخرەدین ئال جەمیل" بەغدا"، محەمەد ئەلسەهیود"کوت"، عەجیل سەمرمەد" سوێرە"، ئەحمەد سانع" بەسرا"، سالم خیون" حمارە"، هادی قەزوینی" حیللە"و، داود یوسفانی" مووسڵ". عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیە، الجزو الاول، الگبعە الخامسە، دار الحیاە، دون سنە الگبع، ص١٤.

(٢) مستەفا ئالوسی، لە ٢٧ی تەمموزی ١٨٥٠ لە بەغدا لە دایك بووەو، لای زانایانی سەردەمەکەی خوێندویەتی، شارەزایی لە زمانی عەرەبیو فارسیو زانستی ئایینی پەیداکردووە. لە دوای کۆچی دوای باوکی چۆتە ئەستەنبوڵو دواتر لە کازمییە بە قازی دامەزراوە، دواتر لە چەند شوێنێکی دیکە بەم پلەیە دامەزراوە. ئالوسی لە یەکەمین کابینەی حکومەت بە وەزیر دامەزراوەو تا ١٠ی ئەیلولی ١٩٢٠ ماتەوە. ناوبراو لە ١٨ی مایسی ١٩٢٦ لە بەغدا کۆچی دوای کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: میر بصري، اعلام السیاسة...، الجزء الثاني، ص١٨.

(٣) عەبدولەتیف مەندیل، لە بنەماڵە ناودارەکانی بەسرایەو لە ساڵی ١٨٦٨ لە دایك بووە، لەسەر دەستی مامۆستایی تایبەتی خوێندویەتی، لەبەر بە ناوبانگی بنەماڵەکەی لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی نزیك بۆتەوە، بەمەش لە ساڵی ١٩١٣ پلەی پاشایەتی وەرگرتووە. ناوبراو لە یەکەمین کابینە پلەی وەزیری بازرگانی وەرگرتووەو، دواتریش چەند جارێك لەم پلەیە ماوەتەوەو چەندین پلەی دیکەشی وەرگرتووە، تا ئەوەی لە ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٤٠ لە بەسرا کۆچی دوایی کردووە. میر بصري، اعلام السیاسة...، الجزء الثاني، ص٢٠.

(٤) محەمەد عەلی فازل، لە ساڵی ١٨٦٤ لە مووسڵ لە دایك بووەو، لەسەر دەستی زانایانی ئەو سەردەم خوێندوویەتی. لە سەردەمی عوسمانییەکان چەندین پلەوپایەی وەرگرتووە، تا ئەوەی بۆتە نوێنەری مووسڵ لە ئەنجوومەنی

حەسەن پاپەچی [١] وەزیری داد، بەڵام ناوبراو بەشداری نەکرد لەبەر ئەوە (مستەفا ئالوسی) خرایە شوێنی ئەوو، (محەمەد عەلی فازل) بوو وەزیری ئابووریو وەزارەتی ئابووری بە بێ وەزیر مایەوە تا ئەوەی یەکێك لە شیعەکان بە ناوی (سەید محەمەد مەهدی بەحرالعلوم تەباتەبایی) [٢] کرایە وەزیری پەروەردەو وەزیری پەروەردەش کرایە وەزیری ئابووری لە٢٢ی شوباتی١٩٢٠و ناوی وەزارەتەکەش گۆڕا بۆ وەزارەتی ئەشغالو گەیاندن).

شیاوی باسە بیرۆکە وەزیرە بێی وەزارەتەکان هی (عەبدولڕەحمان نەقیب) بوو، بۆ ئەوەی زۆربەی بنەماڵە ناودارەکانی عیراق لێ ڕازی بن، لێرەشدا قسەیەك دەکرێت، گوایە (نەقیب) یەکێك لە کەسایەتییەکان دەست نیشان دەکات بۆ پۆستی وەزیری بێ وەزارەت، (کۆکس)یش ڕازی نابێت، کەچی (نەقیب) لە وەڵامدا دەڵێت:" **گەورەم ئەوە کوڕی فلانو کوڕەزای فلانە، ئاخر ئەگەر نەیکەم بە وەزیر، لەم دونیا چۆن دەتوانم ڕووبەرووی باپیرەکانی ببمەوە**" [٣].

کۆبوونەوەی یەکەمی حکومەت لە ٢ی تشرینی دووەم ١٩٢٠ لە ماڵی (نەقیب) دەبێتو، سەرۆك وەزیران لە وتەیەکدا ئامانجو سیاسەتی حکومەتەکەی دەست نیشان دەکات، دواتریش مەندوبی سامی بریتانی لە ٨ی تشرینی دووەم لە بەیانێکدا ئاماژە بە ئامانجی دامەزراندنی حکومەت دەکات کە ڕێگا خۆشکەرە لەبەردەم عیراقییەکان بۆ دروست کردنی حکومەتێکی هەمیشەیی کە لە

---

مەعبوسان، ناوبراو لە یەکەمین کابینەی حکومەت پلەی وەزیری وەرگرتووە، دواتریش چەند پلەی لە حکومەتی عیراقی بینیوە تا ئەوەی لە ٣١ی مارتی ١٩٣٥ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. میر بصري، اعلام الساسة في العراق الحديث، الجزء الثاني، ص٢٢.

[١] حەسەن پاپەچی، حەسەن کوڕی مەحموود لە ساڵی ١٨٧١ لە بەغدا لە دایك بووەو لە ئەستنبوول یاسای خوێندووە، لە پارێزەرە دیارەکانی سەردەمی خۆیی بوو، لە کابینەی یەکەمی حکومەت بۆتە وەزیر. ناوبراو لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٢٩ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. میر بصري، اعلام الساسة...، الجزء الثاني، ص ٣٦.

[٢] سەید محەمەد مەهدی بەحرالعلوم تەباتەبایی، لە ساڵی ١٨٦٧ لە کەربەلا لە دایك بووەو، لە زانستی عەرەبیو دینی خوێندوویەتی. لە ماوەی عوسمانییەکان لە پلەی کارگێری دابووە، هەروەها لەگەڵ هاتنی بریتانییەکان بۆتە بەڕێوەبەری ئەوقافی کەربەلاو یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە ناوچەکە. ناوبراو لە کەمین کابینەی حکومەت بۆتە وەزیرو تا کۆتایی کابینەی یەکەم بەردەوام بووە. تەباتەبایی لە شوباتی ١٩٣٣ لە کەربەلا کۆچی دوایی کردووە. میر بصري، اعلام الساسة...، الجزء الثاني، ص٢٤ .

[٣] د. عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی شەشەم، ل ل ٢٩- ٣٠.

ئاست داواكاری عیراقییەكاندا بێت، بەمەش حكومەت دەست بە كارەكانی دەكات، بەڵام لە تەك هەر وەزیرێك ڕاوێژكارێكی بریتانی هەبوو بۆ ئەوەی لە كارەكانی وەزارەتەكەی ڕێنمایی بكات، ئەو ڕاوێژكارە بۆی هەبوو لە كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتەكی بەشداری بكات بێ ئەوەی دەنگ بدات، ئەوەش وای كرد ڕاوێژكار هەمەكار بێتو زۆربەی كارەكان بەدەست ئەو بێتو وەزیرەكان تەنیا بە ناوبن، ئەمەش بە ئاشكرا لە دواتر لە عیراق لە لای خەڵكی سادە بەدی دەكرا، بۆیە بۆ ڕاپەراندی كارەكانیان سەردانی ڕاوێژكارە ئینگلیزەكانیان دەكرد نەك وەزیرە عیراقییەكان. بێ گومان ئەو هەڵسووكەوتە هەندێ لە وەزیرەكانی دردۆنگ كردبوو، كەچی هەندێكی دیكە سەری خۆی كزكردبووو بە بارودۆخەكە ڕازی بوون.

لەگەڵ ئەوەی حكومەتی كاتی نیشتمانی لە ماوەی كاركردنی خۆیدا هەندێ كاری گرنی ئەنجامدا وەكو: دابەشكردنی عیراق بۆ یەكە ئیدارییەكانو دامەزراندی فەرمانبەری عیراقی لەو یەكە ئیدارییانە، كە ئەمە هەلی كاركردنی بۆ خەڵكی عیراقی بەفراوان كرد، هەروەها بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ درووخراوە عیراقییەكان بە دەست هێناو ڕێگادرا بەتەواو ئەو عیراقیانەی كە لە سوریاو توركیا بوون بگەڕێنەوە عیراقو، بەشداری كاری میری بكەن، جگە لەوانەش هەر لە سەردەمی ئەوكابینەیە لە ٦ی كانوونی دووەمی١٩٢١ سوپای عیراقی دامەزرا، بەڵام هێشتاكە حكومەتی نیشتمانی لە ئاست داواكاری عیراقییەكاندا نەبوو، كەچی لەو لاشەوە بریتانییەكان سوور بوون لەسەر سیاسەتەكانی خۆیان لە بە دامەزراو كردنی حكومەتی عیراقو، دواتریش دانانی سیستەمی پاشایەتی.

## تەوەری چوارەم:

## کاریگەری سیاسەتی بریتانیا لەسەر عیراق لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٢

دوای دامەزراندنی حکومەتی کاتی عیراقیو دەست بەکاربوونی کابینەکەی (عەبدولڕەحمان نەقیب)، (سیر پرسی کۆکس) مەندوبی سامی بریتانی ڕووبەرووی کارێکی دیکە هاتەوە، ئەویش دەست نیشانکردنی کەسایەتییەك بوو بۆ پۆستی پاشایەتی لە عیراق، بەمەرجێ ئەو پاشایە لە بەرژەوەندی بریتانییەکان بێتو، عیراقییەکانیش پێ ڕازی بن، ئەوە سەرباری ئەوەی کە دەبوو عەرەب بێتو موسڵمانیش بێت.

عیراقییەکانی کە لە سوریا گەڕابوونەوە لە سەرووی هەموویانەوە (جەعفەر عەسکەری)و (نووری سەعید) [1] لەگەڵ ئەوەدا بوون کە (فەیسەڵ کوڕی حوسێن ١٨٨٠- ١٩٣٣) شیاوترین کەسە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، لێرەشدا (مس بێڵ)یش پاڵپشتی لە بۆچوونەکە دەکردو ناڕاستەوخۆ هانی دەدان.

دیارەی بیرۆکەی دانانی (فەیسەڵ کوڕی حوسێن) بۆ پاشایەتی عیراق لە زووەکەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بریتانیا گەڵاڵە بوو بوو، ئەوەتە (سیر ئارنۆڵد ویڵسن) هەر لە کاتی دەرکردنی (فەیسەڵ) لە سوریا ئەو بیرۆکەیەی بۆ دەسەڵاتدارانی خۆی پێشنیار کردبوو، بەڵام دەبوو بریتانییەکان لەو

---

[1] نوری سەعید، لە ساڵی ١٨٨٨ لە بەغدا لە دایك بووەو، لە ساڵی ١٩٠٣ پەیوەندی بە ئامادەیی سەربازی کردووە، لە ساڵی ١٩٠٦ بە پلەی مەلازمی دووەم دەرچووە. ناوبراو لە سەردەمی عوسمانییەکان لە خزمەتی سەربازیدا بووە، لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عیراق کەوتنە هەوڵی ئەوەی دەستگیری بکەنو دووری بخەنەوە بۆ هند، بەڵام ڕایکردە میسر، دواتر بەشداریکرد لە شۆڕشی گەورەی عەرەبی، دوای کۆتایی هاتنی جەنگ ماوەیەك لە سوریا بوو لە تەك مەلیك فەیسەڵ، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٢١ هاتەوە عیراقو لەو کاتەوە ڕۆڵی زۆری کارای لە ڕووداوەکانی عیراقو چەندین جار بووتە وەزیرو سەرۆك وەزیران. ناوبراو لە ١٥ی تەمموزی ١٩٥٨ لە بەغدا کوژراوە. میر بصري، اعلام السياسة...، الجزء الاول، ص١٥١ ومابعدها.

بارەیەوە ڕەزامەندی فەرەنسییەکان وەربگرن. لێرەشدا کاتێك (لورد کیرزن) ئەو بیرۆکەیەی خستە بەردەم حکومەتی فرەنسی، بە توندی بەرەنگاری بوونەوەو کەوتنە زەمکردنی (فەیسەڵ) گوایە بۆ ئەو کارە دەست نادات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بریتانییەکان لە هەوڵی خۆیان نەکەوتن، بەڵکو ئەمجارەیان ڕوویان وەرچەرخاند بۆ ئەوەی زارو دەمی (فەیسەڵ) تاقی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی بریتانیا لە عیراق بە تایبەت (کۆکس) سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەو کارە سەر بگرێت.

سەرەتا گفتوگۆی نێوان دەسەڵاتدارانی بریتانیو (فەیسەڵ) ئاکامی وای نەبوو، لەبەر ئەوەی (فەیسەڵ) ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو گوایە باوکی بەوە ڕازی نابێت، چونکە دەسەڵاتدارایەتی عیراقی بۆ (عەبدوڵڵا)ی کوڕی داناوە، بەڵام لە ئەنجامدا بەهەر شێوازێك بوو (فەیسەڵ) ڕازی کرا بەو مەرجەی کە بریتانییەکان خۆیان (عەبدوڵڵا) ڕازی بکەن، لە بەرانبەریشدا دەبوو (فەیسەڵ) بەم خاڵانە ڕازی بێت:

**یەکەم:** ئینتدابی بریتانی لەسەر عیراق.

**دووەم:** هیچ کارێکی دوژمنکارانە لە سوریا لە دژی فرەنسییەکان ئەنجام نەدا.

**سێیەم:** دەبێ لەبەردەم خەڵکی وا خۆی پیشان بدات کە بێ لایەنەو گەمەی دەسەڵاتدارانی بریتانیا نییە.

هەزارنامەی کتێب

دوای هەنگاوی ڕازی کردنی (فەیسەڵ)، دەسەڵاتدارانی بریتانی بە سەرۆکایەتی (چەرچل) کە تازە لە وەزارەتی جەنگەوە بۆ وەزارەتی مستەعمەرات گوازرابۆوە لە ١٢ی مارتی١٩٢١ کۆنگرەی قاهیرەیان بەستو، لە عیراقەوە هەریەك لە (کۆکس، جەنەراڵ هاڵدین، خاتوو بێڵ، جەعفەر عەسکەری، ساسۆن حسقێل)و سێ ڕاوێژکاری بریتانی هاتبوونو، هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە (فەیسەڵ) شیاوترین کەسە بۆ ئەوەی پۆستی پاشایەتی لە عیراق وەربگرێت، ئیتر دوای ئەوە (چەرچل)و (لۆرانس) [1] دەبوو هەنگاوی ئەوە باوێن چۆن (عەبدوڵڵا)ی برای (فەیسەڵ) رازی بکەن.

(چەرچل)و (لۆرانس) کەوتنە هەنگاو هەڵێنانی ڕازی کردنی (عەبدوڵڵا)، کە ئەوکاتە هاتبووە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئوردن بۆ ئەوەی تۆڵەی براکەی لە فرەنسییەکان لە سوریا بکاتەوە، ئەنجام هەردوولا لە قودس دانیشتنو، (چەرچل) بەر هەر شێوازێك بێت توانی (عەبدوڵڵا) بەو بڕیارە ڕازی بکات بە پێدانی

---

[1] بەر لە جەنگ ئەفسەری هەواڵگری بریتانی بوو لە میسر، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی چوارەم، ل٣١٧ بە دواوە.

چەند بەڵێنیك پێی، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین ئەگەرچی (عەبدوڵلا) بە ناچاری دەستی لەوكارە هەڵگرت، كەچی تا دوا هەناسەی ژیانی كەسەرێك بوو لەسەر دڵی نەیدەتوانی لە بیری بكات.

بارودۆخی ناوخۆی عیراق لەو كاتەدا عیراقییەكانی كردبوو بە دوو بەشەوە بەشی یەكەمیان ئەوانەبوو كە بانگەشی (عیراق بۆ عیراقییەكانیان دەكرد) كە ئەمانە لە بنەماڵەی خانەدانەكان بوون‌و لەگەڵ ئەوە بوو (تالیب نەقیب) بۆ ئەو پۆستە دەست نیشان بكرێت، تاقمی دووەمیان ئەوانەبوون كە پشگیریان لەوە دەكرد كە كوڕەكانی (شەریف حوسێن) ببن بە پاشای عیراق، دواتر ئەو كۆمەڵە بە (حزبی شەریفی یان كۆمەڵەی شەریفی) ناویان دەركرد. جێگای ئاماژە بۆ كردنە (تالیب نەقیب)یش كەوتبوو خۆی‌و سەردانی زۆربەی ناوچەكانی عیراقی كردبوو بۆ ئەوەی پروپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ خۆی بكات، بە تایبەت ئەگەر بزانیین هەندێ لە ئینگلیزەكان بە تایبەتی (فیلبی) پشتیوانی لە هەڵبژاردنی ئەو دەكرد، بەڵام لێرەدا زیرەكایەتی (كۆكس) بەمە بەدیار دەكەوێت لە دوای گەڕانەوەی لە كۆنگرەی قاهیرە بە هیچ شێوەیەك خۆی لە قەرەی ئەوە نەدا كە بڕیاری یەكلاكەرەوەی ئەوە دراوە (فەیسەڵ) دەبێت بە پاشای عیراق، بەڵكو ململانێی هەوڵەكانی بۆ (فیلبی)و (مس بێڵ) بە جێی هێشت تا ئەو كاتەی كە (فەیسەڵ) خۆی دیتە عیراق‌و عیراقییەكان ڕازی دەكات بەوەی دەنگی پێبدەن.

لە كاتێكدا شەقامی عیراقی سەر گەرمی ململانێی نێوان لایەنگیرانی (فەیسەڵ)و دژەكانی بوون، (شێخ خەزعەل)ی میری محەمەرەش كەوتە هەوڵی ئەوەی خۆی بۆ ئەو پۆستە ئامادە بكات، لە ڕاستیدا ناوبراو هەر لە زووەكەوە لەگەڵ ئینگلیزەكان بەكۆستی‌و، (كۆكس) بە تایبەتی لەو بارەیەوە لە ڕێگای ڕەوانەكردنی نامەیەك گفتوگۆی كرد بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی (كۆكس) وەڵامی داواكارییەكەی نەدابۆوە، كەچی نەبووە هۆكاری ئەوەی كە هیواكەی ببرێت، بۆیە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی دانانی (فەیسەڵ) ئەویش كەوتە خۆی‌و هەوڵی زۆریدا، بەڵام دواتر كە بینی كار لە كار ترازاوە، زیرەكانە خۆی لە هاوكێشەكان هێنایە دەرەوەو، لە نامەیەكدا  كە لە ڕۆژنامەی (العراق) بڵاوكردەوەو وتی:" **كاتێك من خۆم بۆ پۆستی پاشایەتی عیراق دانابوو، هیچ كەسێكی شیاوم نەبینی كە بۆ ئەو پۆستە دانرابێت، بەڵام ئێستاكە كە دەبینم فەیسەڵ بۆ پۆستە دانراوە خۆشحاڵم‌و بە كەسێكی شیاوی دادەنێم‌و هەموو پشتیوانی خۆمی بۆ رادەگەیەنم**".

دوای ئەو هەموو هەنگاوانە (فەیسەڵ) لە جەدەوە بەرەوە عیراق بە ڕێكەوت‌و لە٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢١ گەیشتە بەسرا‌و لە ڕێورەسمێكی شایستەدا پێشوازێكی گەرمی لێكرا‌و دواتریش بە شارەكانی

دیکە داهاتو لە ٢٩ی حوزەیران گەیشتە بەغدا، بە گەیشتنی بۆ بەغدا لەلایەن گەورە پیاوانو دەسەڵاتدارانی حکومیو بریتانییەکانەوە پێشوازی لێکرا، لەو ماوەیەشدا تا ئاهەنگی تاج لەسەر نانی لە مانگی ئابدا گەلێك داوەتی بۆ سازدراو، ئەویش وەکو دەرفەتێك تیایدا ئامانجەکانی خۆی تیایدا باس دەکرد. لێرەشدا زیرەکیو لێهاتووی (فەیسەڵ) کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە عیراقییەکان دەنگی ئەوەی بۆ بدەنو لایەنگیری بکەن لە وەرگرتنی پۆستی پاشایەتی لە عیراقدا، هەر چەندە هەندێك لەوانەی کە توند بوون لە دانانی ئەوو وەرگرتنی بیروڕای خەڵکیان بە هەند نەدەزانی، بەڵام لە دواتر (فەیسەڵ)و (کۆکس) هاتنە سەر بیری ئەوەی کە لە ڕێگای مەزبەتەوە دەنگدانی خەڵکی عیراق وەربگیرێت بۆ ئەوەی (فەیسەڵ) ببێتە مەلیك لە عیراقدا. ئیتر بارەکە لەبار بوو بۆ ئەوەی ئاهەنگی تاج لەسەرنانی (فەیسەڵ) ساز بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر داواکاری (فەیسەڵ) ڕۆژی ٢٣ی ئاب ١٩٢١ دەست نیشان کرا، کە هاوکات بوو لەگەڵ چەژنی (غەدیر)ەی شیعەکان گوایە (پێغەمبەرد- خ) لەو ڕۆژەدا (ئیمامی عەلی ڕەزای خوای لەسەر بێت) لە شوێنی خۆیدا داناوە، (فەیسەڵ)یش ویستوویەتی لە ڕێگای ئەوەوە گوایە نەوەی (ئیمام عەلی)یە سەرنجی شیعەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشت. ئاهەنگ کۆتایی هاتو ئەوە ڕاگەیاندرا کە ٩٦٪ گەلی عیراق ڕازی بوون بە دانانی (فەیسەڵ) بەسەر عیراقدا، بەمەش تاج لەسەر پاشا نراو تارێکی خوێندەوەو دڵسۆزی خۆی ڕاگەیاند.

لە دوای دانیشتنی (فەیسەڵ) لەسەر تەختی پاشایەتی، حکومەتی کاتی عیراق دەستی لە کار کێشایەوە، لێرەشدا (فەیسەڵ) حەزی نەدەکرد کە ئەو کارە بە (عەبدولڕەحمان نەقیب) بسپێردێتەوە کە (کۆکس) حەزی لێدەکرد، لەبەر ئەوەی (نەقیب) بە هاوکارو نزیکی ئینگلیزەکان لەقەڵەم دەدرا، بەڵام هەر چۆنێك بێت دواتر ئەو کار هەر بە ئەو سپێدرایەوەو لە ١٢ی ئەیلولی١٩٢١ کابینەی دووەمی (عەبدولڕەحمان نەقیب)و یەکەمین کابینەی سەردەمی پاشایەتی ڕاگەیاندرا.

دوای ئەوە مەلیك (فەیسەڵ) ڕووبەڕووی هەندێ کاری گرنگ هاتەوە وەکو:

**یەکەم:** ڕزگارکردنی عیراق لە ئینتدابی بریتانیو ڕازی کردنی ئینگلیزەکان لە دانی حکوم بە عیراقییەکان.

**دووەم:** پارێزگاری کردنی مووسڵ لە تورکەکان کە ئەوکاتە پروپاگەندەی گێرانەوەیان دەکرد.

**سێیەم:** دروستکردنی حکومەتێکی هاوچەرخ بە هەموو پێکهاتەکانی لەگەڵ دانانی دەستوور.

**چوارەم:** ڕزگار کردنی وڵات لە نەزانیو خراپی باری تەندروستیو کارکردن بۆ یەکێتی نیشتمانیو بەرەنگار بوونەوە توندرەی.

بە چەند ڕۆژێك دوای ئاهەنگی تاج لەسەر نانی، مەندوبی سامی بریتانی ڕەشنووسی پەیماننامەیەك یان بەڵێننامەیەکی پێشکەش بە (مەلیك فەیسەڵ) کرد بۆ ئەوەی واژۆی بکات، لێرەشدا ئەگەر تەماشای ناوەڕۆکی ئەو پەیماننامەیە بکەین دەبینین، بریتانیا مەبەستی بوو پەیوەندی نێوان عیراقو بریتانیا زیاتر ڕێك بخات بەمەرجێ کەمترین تێچوونی تێبچێت، یان بە شێوازێکی دیکە بڵێین پەیماننامەکە هۆکارێك بێت بۆ سەرپەرشتی کردنو کونترۆڵکردنی عیراق لەلایەن بریتانییەکانەوە، بێ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان لە کۆمەڵەی گەلان بگۆڕن، چونکە کە ناوەرۆکی پەیماننامەکە دەخوێنینەوە، کە لە پێشەکییەكو هەژدە مادده پێکهاتبوو، ئەم لێکدانەوانەت بۆ دەردەکەت.

١- پەیماننامەکە بە ناوەرۆكو پاشکۆکانی چەختیان لەسەر ئینتداب دەکردەوە کە گەلی عیراق بە شێوەیەك لە داگیرکاری دەدایە قەڵەمو دژی وەستابوونو زۆر قوربانیان لە بەرانبەر دابوو بە تایبەت لە ساڵی ١٩٢٠.

٢- پەیماننامەکە دەسەڵاتی پاشای لە قاڵب دابوو کە توانای نەبوو هیچ کەسێك بێ ڕەزامەندی بریتانیا دابمەزرێنێو، هیچ پەیوەندییەکی دەرەکیش ببەستێ بێ ڕەزامەندی ئەوان.

٣- پەیماننامەکە توانای سەربازیو ئابووری عیراقی لە خزمەتی بریتانیا دانابوو، ڕێگای دابوو هێزەکانی بریتانیا لە عیراق بمێننەوەو، مافی پشکنینی هێزی ناوخۆیان هەبێت، لەگەڵ گواستنەوەی لەو شوێن بۆ ئەو شوێن، لەگەڵ ئەوەش سوپای بریتانی دەیتوانی خاکی عیراق بۆ کاری سەربازی بەکار بهێنێ.

٤- پەیماننامەکە ڕێگای لەبەردەم دروستکردنی هەر یەکێتییەکی عەرەبی گرتبوو، ئەگەر عیراق بیەوێت دایبمەزرێنێ تەنیا لەلایەنی گومرگی نەبێت.

لە ڕاستیدا، دەنگوباسی بڵاوبوونەوەی ئەو ڕەشنووسە دەنگی ناڕەزای زۆری لە ناوخۆی عیراق لێکەوتەوەو، (مەلیك فەیسەڵ)یش بە هیچ شێوەیەك لە سەرەتادا نەکەوتە ژێر باری جێبەجێکردنییەوە، بۆیە وردە وردە بریتانییەکان لە ڕەفتاری مەلیك دردۆنگ بوون، چونکە ئەو کاتە (مەلیك فەیسەڵ) کەوتە ئەوەی لەسەر دوو پەت یاری بکات، لە لایەك لایەنگیریو یارمەتی نیشتمانپەروەران بداتو، لەلایەکی دیکەشەوە بە تەواوەی وانەکات ئینگلیزەکان لە خۆی برەنجێنیت. لێرەشدا کاتێك کارەکە خرایە بەردەم

ئەنجوومەنی وەزیرانەوە گفتوگۆی زۆری لە بارەیەوە کراو دواجار پەسند کرا بە مەرجی بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی دامەزراندنەوە کە تا ئەو کاتە لە عیراق دانەمەزرابوو [1].

شیاوی باسە، هەوڵەکان بەردەوام بوو تا ئەوەی (فەیسەڵ) نەخۆش کەوت‌و نەشتەرگەری ڕیخۆڵە کوێرەی بۆ ئەنجامدرا، لێرەشدا بێ هیوا بوونی ئینگلیزەکان بە گشتی‌و (کۆکس) بە تایبەتی وای کرد بارەکە بە دەرفەت بقۆزنەوەو دەست بکەن بە دەستگیر کردنی ئەو کەسانەی کە دژایەتی ئینگلیزەکانیان دەکرد، ئیتر هەموویان بەند کردن‌و لە وڵات دووریان خستنەوە. دواتریش کە مەلیك لە نەخۆشییەکەی چاکبوویەوە کەوتە بەردەم هەڕەشەی ئەوەی یان دەبێت دەست لەکار بکێشێتەوە یان ئەوەی دەبێت دوای لێبووردن بکات‌و بکەوێتەوە ژێر باری بڕیاری ئینگلیزەکانەوە. ئەنجام ئەوە دووەمیانی پێ باش بوو.

کابینەی ئەمجارەی (عەبدولڕەحمان نەقیب) دەبوو کار بۆ پروپاگەندی ڕازی کردنی عیراقییەکان بە پەیماننامەکە بکات‌و زەمینەش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندن خۆش بکات، بەڵام کاتێك تا ماوەیەك نەیتوانی هەنگاوی دووەم باوێت، بۆیە لەلایەن (عەبدولمحسن سەعدوون) [2] کە ئەو کاتە وەزیری ناوخۆ بووە کابینەکە ڕووبەرووی گلەیی بوویەوە. بەمەش (نەقیب) لە ٦ی تشرینی دووەمی١٩٢٣ دەستی لە کار کێشایەوەو، (مەلیك فەیسەڵ)یش لەسەر داواکاری‌و ڕەزامەندی ئینگلیزەکان داوای لە (عەبدولموحسن سەعدوون) کرد کابینەی نوێ حکومەت پێك بهێنێت.

هەولێرو ئامەدی كتێب

---

(1) هەر چەندە(کۆکس) هەوڵیدا ئەو برگەیەی نەخرێتە سەر، بەڵام(نەقیب) سوور لەسەری، بۆیە ئینگلیزەکان تووڕە بوون‌و،(عەبدولڕەحمان نەقیب)یش لە ١٩ی ئابی١٩٢٢ دەستی لە کارکێشایەوە. بەڵام لە لایەن(مەلیك فەیسەڵ)ەوە داوای لێکرا کابینەی سێیەمی خۆی پێك بهێنیتەوە.

(2) عەبدولمحسن سەعدوون، ساڵی ١٨٧٩ لە ناسرییە لە دایك بووە، بۆ تەواو کردنی خوێندن باوکی ڕەوانەی ئەستەنبوولی کردووە، لەوێدا پەیوەندی بە خوێندنگای جەنگی کردووەو ساڵی ١٨٩٩ بە پلەی مولازمی دووەم تەواوی کردووە. ناوبراو لە کەسایەتییە دیارەکانی سەردەمی خۆی بوو، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عوسمانی بوو، ڕۆڵی هەبوو لە ڕووداوەکاندا، ناوبراو لە دوایی ڕووداوەکانی جەنگ گەڕایەوە عیراق‌و دووەمین کەسایەتی بوو کە کابینەی حکومەتی لە عیراق پێك هێنا، دواتر بووە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران تا ئەوەی لە تشرینی دووەمی ١٩٢٩ خۆی کوشت. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق الملكي، الطبعة الاولى، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٤، ص ٤٢ ومابعدها.

کپ نەبوونی دەنگی نارەزایی شەقامی ناوخۆی عیراق کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر ئەوەی کە ڕەوتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەن لە کاتی خۆیدا بە ئەنجامی تەواو نەگات، لە کاتێدا کە کەسایەتییە ئایینەکان دژی بوونو دەستیان کرد بە دەرکردنی فەتوا دژی ئەوەی بەشداری بکات، بێ گومان ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی خەڵکی لە پرۆسەکە بکشێنەوەو پرۆسەکە پەك بخەن. لێرەشدا هەر یەك لە (مەلیك)و (عەبدولموحسن سەعدوون)و (سیر پرسی کۆکس) بیروڕایەکی جیاوازیان هەبوو سەبارەت بە چۆنییەتی ڕەفتارکردنیان لەگەڵ پیاوانی ئاییندا، (سەعدوون) پێباش بوو کە بە توندو تیژی ڕەفتاریان لە تەکدا بکات، (کۆکس) پێوابوو ئەو هەنگاوە ڕووبەرووی تەنگو چەڵەمەیان دەکاتەوە، (مەلیك)یش پێوابوو هێشتا کات ماوە بۆ ئەوەی ڕازیان بکات. لێرەشدا ئەگەرچی لە سەرەتای دامەزراندنی کابینەکەیەوە (سەعدوون) توندوتیژ بووو، لەبەر نەرمو نیانی گلەیی لە کابینەکەی (نەقیب) دەکرد، کەچی لە دوتر هەڵویستی گۆڕا بۆ ئەوی بە هەمان شێوە ڕەفتار بکات. سەرچاوەکان ئەو گۆڕانکارییە لە سیاسەتی (سەعدوون) بۆ دوو هۆکار دەگێرنەوە:

**یەکەمیان:** زەقبوونەوەی هەڕەشەی تورکەکان بوو کە لەسەر سنووری ناوچەکانی باکووری عیراق هەڕەشەی گەڕانەوەیان دەکرد. ئەمەش زەنگێکی مەترسی دابوو بۆیە (سەعدوون) هەستی کرد دەبێت کار بۆ یەکگرتنی ڕێزەکان بکات لە دژی ئەو مەترسییە.

**دووەمیان:** گۆڕانکاری بوو لە سیاسەتی بریتانییەکان کاتێك لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ کابینەی (لوید جۆرج ١٨٦٣- ١٩٤٥) گۆڕاو، کابینە نوێکە ڕازی نەبوو لەسەر واژۆکردنی پەیماننامەکە، تا بۆ ئەوە (کۆکس)ی بانکردەوە بۆ بریتانیا تا لەو بارەیەوە ڕاوێژی لەگەڵدا بکات. بۆیە دەبوو (سەعدوون) لە هەڵوێستی حکومەتی نوێ بگات ئینجا ڕەفتار بکات.

دڵنیابوونی (سەعدوون)و گەڕانەوەی (کۆکس)و دەرکردنی پاشکۆیەك بۆ پەیماننامەکە کە ماوەی پەیماننامەکەی لە بیستساڵەوە بۆ چوار ساڵ کەمکردبۆوە، لە لایەك جێگای خۆشحاڵی خەڵکی عیراق بووو، لە لایەکی دیکەشەوە (سەعدوون)و هاوڕاکانی هاندایەوە بۆ ئەوەی هەنگاوی زەمینە خۆشکردنی هەڵبژاردن دەست پێبکەنەوە. ئەنجام هەڵبژاردنەکان دەستی پێکردەوەو ئەنجوومەنی دامەزراندن لەسەردەمی کابینەی (جەعفەر عەسکەری) کە دوای دەست لەکار کێشانەوەی کابینەی (سەعدوون) لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٣ پێکهاتبوو دامەزرا.

ئەنجوومەنی دامەزراندن [1] دەبوو کار بۆ سێ شت بکات:

**یەکەم:** دانانی دەستوورێکی بنەڕەتی بۆ پاشانشینی عیراق.
**دووەم:** دانانی یاسایەك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران.
**سێیەم:** واژۆکردنی پەیماننامەی عیراقی بریتانی.

بەڵام کاتێك کە یەکەمین دانیشتی خۆی لە ٢٧ی مارتی ١٩٢٤ گرێداو مەلیك (فەیسەڵ) وتەیەکی خوێندەوەو، ڕووداوەکەی بە وەرچەخانێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی عیراق وەسفکرد، لەبەر ئەوەی یەکەمین ئەنجوومەنی هەڵبژێردابوو، هەروەها یەکەمین هەنگاو بوو بۆ ژیانی دیموکراتی ئەگەرچی کەم‌و کورتی هەبوو، بەڵام کارەکانی ئەنجوومەنی ئاوەژووکردەوەو یەکەمین کاری ئەنجوومەنی بە واژۆکردنی پەیماننامەکە داناو بە پێویستی زانی بە زووترین کات ڕەزامەند لەسەر بدرێت، لێرەشدا چ لەسەر ئاستی ئەندامەکان بێت، یان لەسەر ئاستی شەقامی ناوخۆی عیراق بێت دژایەتی زۆری واژۆکردنی ئەو پەیماننامەی کراو بە کارێکی دژ بە نیشتمانی وەسفکرا. ئیتر هەنگاونانی ئەو بارودۆخە هەموو ڕۆژێك نارەزایی‌و هەرەشەکردن‌و هەوڵی تیرۆکردنی ئەو ئەندامانەی کە لەگەڵ واژۆکردنی پەیماننامەکە بوون لەلایەن خەڵکییەوە لێکەوتەوە، بێ گومان ئەمەش ئینگلیزەکانی نیگەران کرد تا ئەوە لە ١٩ی مایسی ١٩٢٤ ئاگاداریی‌یەکیان دایە حکومەتی عیراق ئەگەر هاتوو تاوەکو ١ی حوزەیران ئەنجوومەنی دامەزراندن ڕەزامەندی لەسەر پەیماننامەکە نەدات ئەوە عیراق تووشی گیروگرفت دەبێت، ئەوە بوو ئەنجوومەن لە کاتی دیاری کراو ڕەزامەندی لەسەر مۆرکردنی پەیماننامەکە نەدا، کەچی لە کاتژمێر ١٠ی شەوی ١٠/١١ی حوزەیران سەرۆك وەزیران توانی دەست بکات بە کۆکردنەوەی (٦٨) ئەندام‌و، لە نێو ئەوانەشدا (٣٧) ئەندام دەنگیان بە بەڵێداو، (٢٤) ئەندامیش نارازیبوون‌و، (٨) ئەندامیش بێ لایەن . ئیتر بەم شێوەیە پەیماننامە واژۆکرا. بەمەش ئەنجوومەنی دامەزراندن دەستی بە ئەنجامدانی کارەکانی دیکەی کرد کە دانانی دەستوورو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران

[1] بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ئەنجوومەنی دامەزراندن بڕوانە: د. محمد مظفر الادهمي، المجلس التأسيسي العراقي، الجزء الاول والثاني، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٩.



هەولێرنامەی کتێب

بوو. ئەنجوومەنی نوێنەرانیش لەسەردەمی کابینەی وەزارەتی (یاسین هاشمی) [1] لە ٨ی حوزەیرانی١٩٢٥ ئەنجامدارو (ڕەشید عالی گەیلانی)یش [2] وەکو یەکەمین سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران دەست بەکاربوو.

یەکێکی دیکە کاریگەری سیاسەتی بریتانیا لەسەر عیراق، پەیوەندی بە کێشەی مووسڵەوە هەیە. سەرەتای ئەو کێشەیە بۆ ئەنجامی تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیو داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە دوای ئاگر بڕی مۆدروس دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوەی تورکیای نوێ ئەو داگیرکردنەی بە ناهەق دەزانی، بە مەهانەی ئەوەی دوای ئاگر بڕ ئەنجامدارەوە. لە بەرانبەریشدا بریتانییەکان بە زەرووڕەتێکی سەربازیان دادەناو لە ناوەڕۆکی ئاگر بڕەکەش ئاماژەییان بۆ کردبوو. ئەوە لە لایەك، لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی ڕێککەوتننامەی (سایکس- بیکۆ ١٩١٦) کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی تێدا بەشکرا بوو ناوچەکە بەر فرەنسا کەوتبوو، بەڵام ئینگلیزەکان دوای دەرکەوتنی گرنگی ناوچەکە هەوڵی خۆیان خستەگەرو دەبوو بە هەر شێوازێك بێت فرەنسا ڕازی بکەن دەست لە ناوچەکە هەڵبگرێت، بەمەش کاتێك بریتانییەکان لەم هەوڵەیان سەرکەوتوو بوون [3]، کێشەکە ڕووبەرووی تورکیای نوێو بریتانیا بوویەوە وەکو دەوڵەتی مونتەدیب بەسەر عیراقەوە.

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] یاسین هاشمی، ناوی تەواوی یاسین کوڕی حلمی کوڕی سەلمانەو ناسراوە بە هاشمی، ناوبراو لە ڕووداوەکانی ناو عیراق ڕۆڵی بینیوە تا ئەوەی لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٣٧ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سامي عبدالحافظ القيسي، ياسين هاشمي ودوره في السياسة العراقية بين عامي ١٩٢٢- ٩٣٦ دراسة وثائيقية، الجزء الاول، مطبعة حداد، البصرة، ١٩٧٥، ص ٢١ ومابعدها.

[2] ڕەشید عالی گەیلانی، ناوی تەواوی محەمەد ڕەشید عالی کوڕی عەبدولوەهاب ئال سەید موڕادی قادری گەیلانییە، ساڵی ١٨٩٢ لە بەغدا لە دایك بووەو، لەوێشدا خوێندوویەتی، دواتر پەیوەندی کردووە بە خوێندنگای یاساو ساڵی ١٩١٤ تیایدا دەرچووە، ناوبراو چەند پلەیەکی کارگێڕی وەرگرتووە، دوایی ساڵانی جەنگ گەڕاوەتەوە عیراقو لە چەندین پلەو پایەی حکومەت بەشداری کردووە، تا ئەوەی سەرۆکایەتی ڕاپەڕینی مایس حوزەیرانی ١٩٤١ کردووە، بەهۆی سەرنەکەوتنی لە عیراق دوورکەوتۆتەوەو تا دوایی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ نەگەڕاوەتەوە عیراق، عالی لە ١٤ی تەمموزی ١٩٦٥ کۆچی دوایی کردووەو لە بەغدا نێژراوە. مير بصري، أعلام السياسة...، الجزء الاول، ص ص ١٧٧- ١٨٠.

[3] دوای ڕێککەوتنی سەرەتایی لە نێوان(لوید جۆرجو کلمانسۆ) سەبارەت بە دانانی ویلایەتی مووسڵ لە ناوچەی دەسەڵاتی بریتانیاداو دەرهێنانی لە بازنەی دەسەڵاتی فرەنسی، کە دواتر بە فەرمیو بە واژۆکردنی

ڕێککەوتننامەی(سان ڕێمۆ) لە ئیتالیا لە٢٥ی نیسانی ١٩٢٠ فرەنسا دەستی لە ویلایەتی مووسڵ هەڵگرت بە مەرجێو لەسەر پێشنیاری(لوید جۆرج) لە ٢٥٪ پشکی دەرهێنانی نەوتی ناوچەکە بدرێتە فرەنسا، ئەمەش بەشی ئەڵمانیا بوو لە کۆمپانیای تورکی ئەلمانی بریتانی کە بەر لە جەنگ لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە ئەو ئیمتیازەیان پێدرابوو، ڕێککەوتننامەی (سان ڕیمۆ) جگە لەمە بڕیاری دابەشکردنی ناوچەکانی ئینتدابیدا، بەو پێیەی سوریاو لوبنان کەوتنە بەر ئینتدابی فرەنساو عیراقو فەڵەستین کەوتنەر بەر ئینتدابی بریتانی، بەڵام ویلایەتی مووسڵ باس نەکرابوو، چونکە تورکیا داوای دەکرد. بڕیارەکانی ڕێککەوتننامەکە بۆ ڕۆژی دوایی ئاشکرا کرا، بەڵام لە عیراق لە دوایی هەفتەیەك ئاشکرا کرا، ئەمەش لە ئەنجامی ڕێککەوتنێك بوو لە نێوان ئەو دەوڵەتە گەورەیەو پێش ڕێککەوتننامەی(سان ڕیمۆ) فسەی لەسەر کرا بوو، هەر دوو لاش کە هاتنە کۆنگرەکە تەنیا ئەوەندیان مابوو واژۆی بکە، چونکە پێشتر لەسەر هەموو شتێ ڕێککەوتبوون ئەمەش لەم بەیانەوە دەردەکەوێ کە(لوید جۆرج) لە پەرلەمانی بریتانیادا خوێندییەوە بە مانگ لەبەر لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، کاتێ هەندێ پەرلەمانتار داوای کشانەوەی بریتانیان کرد لە عیراق بە مەهانەی کە ئەو پارەیەی لەوێ خەرج دەکرێ لە گیرفانی باج دەری بریتانی دەردەچێ بێ ئەوەی هیچ قەرەبوویێك بکرێت. سەرۆك وەزیران گوتی" **لە وانەیە دەس لە عیراق هەڵبگرین، بەڵام من تێناگەم حیکمەت چییە لە پاشەکشە کردنمان لە بەشێکی هەرە گرنگ کە مژەی خێرێکی زۆر دەدا، ویلایەتی مووسڵ زۆر دەوڵەمەندەو ئەو نەوتەی تیایدایە زۆرو لە وانەشە دەوڵەمەنترین ناوچەی دەرامەتی سروشتی بێ لە جیهاندا. چی ڕوودەدا ئەگەر لێی کشاینەوە؟ ئەگەر ئێمە بەرێوەی نەبەین دەوڵەتێکی دیکە لە بری ئێمە ئەوە دەکات. ئەگەر دەوڵەتێکیش ئەو بەرپرسیاریەتییە لە وڵاتی دوورو بارەکە نەگرێتە ئەستۆ ئەو وڵاتە بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە لە وانەشە زیاتر دوابکەوێ، دوای ئەو هەموو پارە زۆرەی خەرجمان کرد بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە ڕزگار بکەین لە زوڵمی تورك دەکرێ بۆ پشێویو تێکچوون بەجێ بێڵێن؟ ئەگەر لەمە بێ بەشتان کردن، ئەگەر ئینکاری حکومەتی ناوەندی عەرەبیتان کرد، دەبێ حکومەتێکی دیکەیان بۆ بخولقێنن، رای ئەو گەلە وەرگیراوەو من وای بۆ دەچم کە حەز بە مانەوەی بریتانیا دەکەن، هەموویان بێ جیاوازی، جا ئەگەر ئێمە دەستمان لێیان هەڵگرتو وازمان لێیان هێنا ئەمە کارێکی زۆر خراپ دەبێو نازانیین چۆن پاساوی بۆ بهێنینەوە ئەوان تەنیا لە مەسەلەی جۆری ئەو حکومەتە سەربەخۆییە جیاوازییان هەیە، ئێمەش نالێین وەك بە شی(دومنیون)ی بریتانی حکومیان دەکەینو یاسایان بۆ دادەرێژین، نەخێر ئێمە ئەمەمان ناوێ، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ خۆیان حکومی خۆیان بکەن ئێمەش ئامۆژگاریو ڕاوێژیان پێشکەش دەکەینو یارمەتیان دەدەین لە بەرێوەبردنی حکومدا، بەڵام حکومەکە دەبێ عەربی بێو ئێمەش لەسەر مانە ڕێز لەو بەڵێنە فەرمییە بگرین کە لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ دا دامان بە هاوپەیمانەکانمان. هەموو عەرەب دژی گەڕانەوەی حکومی تورکنو هەموشیان حەزیان بە حکومی بریتانیایە، ئێمەش مافی ئەوەمان نییە باسی عیراق بکەین بەو جۆرەی کە لە ژێر ئینتدابی ئێمەدانو تا ئەو کاتەش کە لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتننامەی ئاشتی واژۆدەکرێ، بێ گومان ئێمە داوا دەکەین کە عیراق بخرێتە ژێر ئینتدابی ئێمە بە ویلایەتی موسلیشەوە**".

گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی هەردوولا لە (لۆزان) لە ٢٤ی تەممووزی١٩٢٣ نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك بۆیە هەر دوولا ڕێککەوتن ئەگەر بەیەکەوە هەر دوولا تا نۆ مانگ چارەسەری کێشەکە نەکەن، ئەوە بیخەنە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، ئەوبوو کۆنگرەی (قوستەنتینییە)یش کە لە ١٩ مایسی١٩٢٤ کۆتایی بەکارەکانی هێنا چارەسەری کێشەکەی پێنەکرا، بۆیە کێشە لە٦ ی ئابی١٩٢٤ خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. لێرەشدا نوێنەری بریتانیا داوای کرد کە لێژنەیێك پێبهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، ئیتر دوای گفتوگۆیەکی زۆر لێژنەیەك پێکهێنرا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی مەرجەی پێشوو (کونت تیلیکی) [(١)] و، ئەندامییەتی هەر یەك لە وەزیری خانەنشین کراوی سوید (م. اڤ ڤیرسن) [(٢)] و، (کۆلۆنێل پاولس) [(٣)] ئەفسەری خانەنشینکراوی بەلجیکی.

---

جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد مێژووی سیاسی ١٩٠٠-١٩٢٥، وەرگێڕانی جەسەن جاف، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆك، ٢٠٠٩، ل ٢٢١-٢٢٢.

(١) کونت تیلیکی لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی هەنگارییە، لە وڵاتی خۆیدا یەکێك بووە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی دژی بە شۆڕی شیوعییەکان بە سەرۆکایەتی(بیلاکون) لە ساڵی ١٩١٩، ناوبراو لە تەمموزی ١٩٢٠ وەکو سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرا تا نیسانی ١٩٢١ لە پۆستەدا مایەوە، بەیەخدانی ئەو بۆ کێشەی ویلایەتی مووسڵ زیاتر ڕەواڵەتی جوگرافیاو پێکهاتەی نەتەوەیی دەگرتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەر لەوەی بۆ ئەو کێشەیە بێتە عیراق گرنگی پێدابوو، ناوبراو پروپاگەندەی ئەوەی بۆ دەکردێ کە هاوسۆز بووە لەگەڵ تورك، بۆیە لە بەغدا بە گەرمی پێشوازی نەکراوە. ساڵی ١٩٣٩ بووە سەرۆك وەزیران، بەڵام قبوڵی نەکرد سوپای نازی بچێتە ناو وڵاتەوەکەیەوە، هەروەها نەیتوانی کە ڕێگر بێ لەبەردەم بەشداری کردنی سوپای وڵاتەکەی لە داگیرکردنی یوگسلافیا بۆیە لە کۆشکەکەی خۆی لە ٢٣ نیسانی ١٩٤١ گولەیەکی بە خۆیەوە ناو خۆی کوشت. جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد مێژووی سیاسی ١٩٠٠-١٩٢٥، وەرگێڕانی جەسەن جاف، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆك، ٢٠٠٩، ل٥١٥.

(٢) ڤیرسن(وەزیر مفوض اقدم) بوو لە ناو فەرمانبەرانی سلکی دبلۆماسی سویدیدا، هاورێکانی وەك سەرۆکی لێژنە هەڵیانبژارد لەبەر ئەوەی وڵاتەکەی بە درێژایی ماوەی جەنگ بە بێ لایەنی مایەوە، وا باس دەکرا کە بە ناوبراو بە دوای چارەسەری مەسەلەکەوە نەبوو، بەڵکو زیاتر هەوڵی دەدا دەروازەو چارەسەری(توفیقی) بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم ڕایە بە تەواوی گۆڕا کاتی گەیشتە ناوچەکە. بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد، ل٥١٥.

(٣) کۆلۆنێل پاولس، ئەفسەرێکی خانەنشینی بەلجیکی بووەو لە کۆنگرەی بەلجیکی کاری کردووە، پاشن کاری بازرگانی کردووە تا ئەوەی شارەزایی لە بواری بازرگانیو کارگێری پەیداکردووە، ناوبراو پیاوێکی دڵسۆز بووە بە پلەی یەکەمین بۆ کاروبارە ئابوورییەکان. جەرجیس فەتحوڵڵا، هەمان سەرچاوە، ل٥١٥.

ههزار نامهی کتێب

ئەندامی ئەو لیژنەیە کە بە لیژنەی (کینج کراین) ناوی دەرکرد لە١٦ کانوونی دووەمی ١٩٢٥ گەیشتە بەغداو پەیوەندیان بە خەڵکییەوە کرد، لەم کاتەدا (مەلیك فەیسەڵ) یاداشتێکی دانیٚو گرنگی مووسڵی بۆ عیراق وەکو سەر بۆ لاشە وەسفکرد. لیژنەکە لە٢٧ی هەمان مانگ هاتنە مووسڵ بۆ ئەوەی لێکۆلینەوە لە بارودۆخەکە بکا، ئەنجام لە ١٩ی مارتی هەمان ساڵ گەڕانەوەو ڕاپۆرتی خۆیان لە ١٦ی تەمموزی١٩٢٥ پێشکەش کرد کە لە (١١٣) لاپەڕە پێکهاتبوو، تیایدا داوای دامەزراندنی ئیدارەیەکی خۆجێیان کردبوو لە ژێر چاودێر بریتانیاو کۆمەڵەی گەلان، بەڵام دواتر بەهانەی سۆزداری خەڵکی ناوچەکەو پەیوەندی ئابووری لەگەڵ عیراق، ناوچەکە بە عیراقەوە لکێنراو کۆمەڵەی گەلانیش لە١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ هیلی برۆکسل وەکو هێلی سنووری نێوان عیراق و تورکیا دیاری کردو، داواشی لە حکومەتی بریتانیا کرد کە ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ عیراق ببەستێو پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی بکات تا ئەوەی سیستەمی ئینتداب بۆ ماوەی (٢٥) بەردەوام بێت. ئەنجام لە نێوان عیراقو بریتانیا لە١٣ کانوونی دووەمی١٩٢٦ پەیماننامەیەکی دیکە بەستراو کە درێژەی پەیماننامەکەی دیکە بوو، دواتریش هەردوولا لە٥ی حوزەیرانی١٩٢٦ لەگەڵ تورکیا پەیماننامەیەکیان مۆرکرد [1].

ئیتر لێرەوە بارودۆخی عیراق بەم شێوەیە هەنگاوی نا ئەگەرچی هەوڵی سەربەخۆی درا، تا ئەوەی دووبارە لەسەر دەستی (نووری سەعید) کە لە ٢٤ مارتی١٩٣٠ کابینەیەکی نوێی حکومەتی پێکهێنابوو، هەنگاوی نا بۆ ئەوەی پەیماننامەیەکی دیکە واژۆ بکرێت. ئەنجام پەیماننامەکە لە٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٠ واژۆکرا کە تیایدا بریتانییەکان بەڵێنیان بە عیراقییەکان دابوو، ڕێگایان پێبدەن لە ساڵی ١٩٣٢ ببنە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان. بەڵام پەیماننامەکە دەنگی ناڕەزایی زۆری لە ناوخۆی عیراق لێکەوتەوەو هەموو پێکهاتەکانی عیراق پێ ناڕازی بوون، کەچی بارەکە هەر بەردەوام بوو تا ئەوەی عیراق لە٣ی تشرینی یەکەمی١٩٣٢ بووە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، بەمەش باری ناوخۆی عیراق پێی نایە قۆناغێکی نوێوە کە ئەویش قۆناغی سەربەخۆییە.

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ کێشەی مووسڵو چارەسەرکردنی بڕوانە: د. فاضل حسین، کێشەی ویلایەتی مووسڵ، وەرگێڕانی: محەمەد شاکەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩.

## تەوەری پێنجەم:

# پەیوەندی عیراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ

### پەیوەندی نێوان عیراقو ئێران

پەیوەندی نێوان عیراقو ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە پەیوەندییەکی خراپ نێوزەند دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چاوتێبرینی ئێران لەو زەوییە وشکانیو ئاوییانەی عیراق، ئەوە سەرەڕای ئەوەی تا ماوەیەکی زۆریش دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی، ئێران دانی بە سیستمی پاشایەتی عیراقی نەناوە، لە بەرانبەر ئەوەشدا عیراقیش داواکاری ئێرانی سەبارەت بە کەمکردنەوەی ئیمتیازاتەکانی ئێران لە عیراق ڕەتکردەوە، کە عیراق بە گوێرەیی یەکێك لە بەندەکانی پەیماننامەی عیراقی بریتانی لە ٢٥ی مارتی١٩٢٥ دانی پێدانابوو، ئیتر ململانێی نێوان عیراقو ئێران بەم شێوەیە تاوەك ساڵی ١٩٢٩ بەردەوام بوو.

جیا لەوانەی ئاماژەی بۆ کرا یەکێك لە هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان ئێرانو عیراق دەگەڕایەوە بۆ دەرکردنی یاسای ناسنامە کە لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە لە ئابی ١٩٢٤ دەرچوو بووو دوا مۆڵەتیش ئابی ١٩٢٨ بوو، لێرەشدا ئێران داوای ئەوەی دەکرد کە ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئێرانیانەی کە لە سنووری عیراق دەژین بە تەواوەتی هەڵوێستی خۆیان یەکلای بکەنەوە ئاخۆ لە عیراق دەمێنەوە یا خود نا؟. لە بەرانبەر ئەو داواکارییەی ئێران، عیراق ڕازی نەبوو، چونکە عیراق گەیشتبووە ئەو بیروڕایەی کە مەبەستی ئێران لەو کارە دەست خستنە ناو کاروباری عیراقە، بۆ ئەوەی ئەو ئێرانیانەی کە لە خاکی عیراق بوون ڕازیان بکات ناسنامەی ئێرانی قبوڵ بکەن. ئەمەش بەشێك بوو لە دەست تێوەردانی باری ناوخۆی عیراق کە بە ئاشکرا لە ناوچەکانی بەسرا دەبینرا. بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەش حکومەتی عیراقی لە ٧ی ئابی ١٩٢٨ یادداشتێکی پێشکەشی

مەندوبی سامی کردو تیایدا داوای ئەوەی کردبوو کە پێویستە حصانەی دبلۆماسی لە قۆنسوڵی ئێران لە عیراق بسێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی کەسی ئاسایی نینو دەستکاری سەروەری عیراق دەکەن.

هەروەها دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئەو ڕووداوانەی کە لە ناوچە سنوورییەکانی هەردوولا ڕوویان دەدا بە تایبەت ناوچە کوردییەکان کە هەڵدەستان بە بەرپاکردنی ڕاپەڕینو داوای سەرنەکەوتنیان خۆیان دەکرد بە ناوچە سنوورییەکانی عیراق، بەمەش سوپای ئێرانی سنووری عیراقی دەبزاندو دەهاتە ناو خاکی عیراقو ناکۆکی لێدەکەوتەوەو، جارێکی دیکە ململانێکان سەریان هەڵدەدایەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی بریتانیا کە ئەو کاتە دەوڵەتی مونتەدیب بوو بەسەر عیراق ئەوە هەڵوێستێکی جێگری نەبوو، بەڵکو بەپێی بەرژەوەندییەکانی دەگۆڕا، هەندێ جار هەوڵی ئەوەی دەدا کە ئێران لە بەرانبەر داواکارییەکانی عیراق ڕازی بکات، هەندێ کاتیش بە پێچەوانەوە، بەڵام کاتێك بەژەوەندییەکانی گەیشتە ئەوەی کە دەبێت ئەو دوو دەوڵەتە لە یەکتر نزیك بکاتەوەو، ئێران ڕازی بکات دان بە عیراق بنێت، لە نیسانی ١٩٢٩ بەڵێنی بە ئێراندا کە هەندێ داواکاری بۆ جێبەجێ بکات، ئیتر لێرەوە دوای دانانی ئێران بە عیراق ئالوگۆڕی دبلۆماسی لە نێوانیان دەستی پێکردو، عیراق نوێنەری دبلۆماسیو قونسولییەی خۆی لە کرمنشا کردەوە، هەروەها ئێرانیش جگە لەو دەزگا دبلۆماسیانەی هەیبوو لە ئابی ١٩٢٩ سەفارەتی خۆی لە بەغدا کردەوە.

شیاوی باسە، ئەوەی کە ئاماژەمان بۆ کرد نەبووە هۆکاری ئەوەی کە کۆتایی بە کێشەی سنووری ئەو دەوڵەتە بێنێ، لەبەر ئەوەی ئێران دانی نەدەنا بەو سنوورەی کە بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی (ئەرزەرۆمی دووەم ١٨٤٧) [1]و (پرۆتۆکۆڵی ئەستانە) [1] لە ساڵی (١٩١٣)

---

[1] ڕێککەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەم، لە ئەنجامی بەردەوامی ململانێ نێوان هەر دوو دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانی قاجاریو، بە هۆی پاڵەپەستۆی هەر لە یەك لە وڵاتانی بریتانیاو ڕووسیا بە سترا، کاتێك هەر دوو وڵاتی ناکۆك لە ساڵی ١٨٤٧ لە ئەرزەرۆم کۆبوونەوەو، ڕێکەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنووری نێوانیان لێژنەیەك لە نوێنەرانی هەر یەك لە دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتی ئێران، بریتانیاو فرەنسا پێك بهێنن، کە بەشێك لەم ناکۆکی سنوورییە پەیوەندی بە ناوچەکانی عیراقەوە هەبوو، لەبەر ئەوەی بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە سلێمانی بەخشرایە دەوڵەتی عوسمانیو موحەمەرەو دەرگەی عەبادانیش درایە ئێران. بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بڕوانە: عبدالعزیز سلیمان نوار، العلاقات العراقیة الایرانیة دراسة في دبلوماسیة المؤتمرات، مؤتمر ارضروم ١٨٤٣-١٨٤٤، دار الفکر العربي، القاهرة، ١٩٧٤، ص٣٠ ومابعدها.

دانرابوو، به بیانووی ئەوەی نوێنەری ئێران لە ئەرزەرۆم دەسەڵاتی ئەوەی نەدراوەتێ کە ئەو پەیماننامەیە واژۆ بکاتو، پرۆتۆکۆلی (ئەستانە)ش لە ژێر کاریگەری پاڵەپەستۆی دەوڵەتە گەورەکان ئێران ڕازی بووەو، لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێران ڕەزامەندی لەسەر نەکراوە. ئیتر باری نێوانیان دووبارە گرژی تێکەوتەوە، ئەگەرچی ئێران هەوڵێدا بارەکە بە شێوازی دبلۆماسی چارەسەر بکات، بۆ ئەو مەبەستەش (ڕەزا شا١٨٧٨- ١٩٤٤)، (مەلیك فەیسەڵ)ی داوەت کردو ئەویش لە سالّی ١٩٣١ سەردانی ئێرانی کردو لەسەر سێ خاڵی هەرە بنەڕەتی ناکۆکییەکان گفتوگۆیان کرد کە بریتی بوون لە گرفتی شەتولعەرەب، کێشەی کوردو، خوزستان. لێرەدا ئێران ئامۆژگاری شاندنی عیراقی کرد کە لە بەرانبەر کێشەی کورد وەکو ئێرانو تورکیا سیاسەتی سەرکوتکردنو پشتگوێخستنی مافی کورد بگرێتە بەرو واز لە سیاسەتی لێبوردنو نەرمی نواندن بهێنێ. سەبارەت بە گرفتی شەتولعەرەب، عیراق سوور بوو کە لەسەر ڕێککەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەمو پرۆتۆکۆلی ئەستانە مامەڵە بکرێ، بەڵام ئێران ڕازی نەبوو، کێشەی سنوورییەکانو پەلامارەکان بەردەوام بوو، بە تایبەت دوای چەندین پێکدادان سنووریو برینی ئاوی ڕووبارەکان لەسەر شارو دێهاتەکانی عیراقی لە زرباتییەو بەدرەو سومار لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٤، بەمەش (نووری سەعید) وەزیری دەرەوەی عیراق، یاداشتێکی ناڕەزایی ئاراستەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان کرد، کە تیایدا ئاماژەی بە پەلاماری ئێرانییەکان لە سنوورەکان کردبوو، بە تایبەت لەم دووساڵەی دوایدا. دوا بەدوای ئەم سکاڵایەی عیراق، چەندین دانیشتن لە جنێفو ڕۆماو تاران کرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنووری نێوانیان، لێرەشدا بۆ ڕازی کردنی ئێران، عیراق ڕازی بوو لەسەر ئەوەی ئێران بەشێك لە ئاوی شەتولعەرەب بە کار بهێنێ، بەڵام ئەمەش کۆتایی بە ناکۆکییەکان نەهێنا تا بەستنی ڕێککەوتننامەی (سەعد ئاباد) [2] لە ٨ی تەمموزی ١٩٣٧ کە بەمەش قۆناغێکی تازە لە پەیوەندییەکانیان دەستی پێکردو بەردەوام بوو تا کۆتایی ڕژێمی پاشایەتی لەعیراق.

---

[1] پرۆتۆکۆلی ئەستانە، ئەم پرۆتۆکۆلە لە ئەنجامی بوونی بەردەوامی ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانی قاجاریو، هەروەها بوونی بەرژەوەندییە زۆرەکانی بریتانیا لە ناوچەکە لە ساڵی ١٩١٣ هاتە گرێدان، کە لە دواتر کێشەی زۆری نایەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حسن مجید الدجیلي، ایران والعراق خلال خمسة قرون، بیروت، ١٩٩٩، ص ٢٠٢-٢٠٤.

[2] ڕێککەوتننامەی(سەعد ئاباد)، لە دوای نزیکبوونەوەی هەر یەك لە وڵاتانی تورکیا، عیراق، ئێرانو، ئەفغانستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان هاتە واژۆ کردن. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین، دۆزی

## پەیوەندی نێوان عیراق و سوریا [1]

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان عیراق‌و سووریا ئەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیان هەبوو، بە حکومی ئەوەی دراوسێ یەکتر بوونو، هەروەها (مەلیك فەیسەڵ)یش بەر لەوەی بێتە عیراق دوو ساڵ پاشای سووریا بوو، ئەوەش وای کردبوو ئەو ماوەیەی کە لە سووریا بوو توانی بوو پەیوەندییەکی باش پەیدا بکات لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی سووریا، ئەمەش ڕەنگی دایەوە بەسەر مێژووی عیراقدا، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەماشا بکەین (فەیسەڵ) دوای ئەوەی لە عیراق بوو بە شا، هەندێ لەو کەسایەتییانەی سووریا هێنابووە عیراق ئەوانیش ڕۆڵی کاریگەرییان بینی بە تایبەت لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەیی لە عیراقدا، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین لە مێژوویی هاوچەرخی عیراقی دوو ڕێچکەکە هەبوو ئەویش عیراق چییەتی‌و عەرەب چییەتی، ئەوانەی کە بڕواشیان بە عەرەب چییەتی هەبوو زۆربەیان لەو سوری‌و فەڵەستییانە بوون کە دوای بوونی (فەیسەڵ) بە شا هاتبوونە عیراق، لە وانە (ساتح ئەلحوسەری) [2] کە کەسایەتییەکی سووری بوو، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ (فەیسەڵ) هەبووو، هەر لەبەر ئەوەش ژمارەیەك پلەوپایەی لە عیراق وەرگرت.

---

کورد لە پەیوەندیە ناوچەییەکاندا ١٩٣٢-١٩٣٩ توێژینەوەیەکی شرۆڤەکاری سیاسیە، گۆڤاری زانکۆی مرۆڤایەتی، ژمارە ٢٣، هەولێر، کانوونی دووەمی ٢٠٠٤، ل ٣١٧ بە دواوە.

(١) چوارچێوەی پەیوەندی نێوان عیراق لەگەڵ وڵاتە عەرەبە دراوسێکانی لایەنی باش‌و خراپی پێوە دیار بوو، لایەنە خراپەکەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە عیراق لە سەرەتای دروست بوونیدا بووو، سنوورەکەی بەتەواوەتی جێگیر نەبوو، هەروەها گیروگرفتی کۆچکردنو هێرشکردنی هۆزە کۆچەرییەکان هەبوو بە تایبەت لە ناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی کە دەهاتنە ناو سنووری عیراقەوە.

(٢) ساتح ئەلحوسەری، ساڵی ١٨٨٢ لە سوریا لە دایك بووە، لە خوێندگای"المكلية الشاهانية"، کە بریتی بوو لە کۆلێژێکی ئاست بەرز کە تیایدا زانستی یاسایی‌و سیاسی‌و ئیدار دەخوێنراو فەرمانبەرانو پیاوی ئیداری لێی دەردەچوون)، لە ئەستەنبوول خوێندنی تەواو کردبوو، زمانی عەرەبی‌و فەرنسی دەزانی، دوای تەواو کردن خوێندنی ئەلحوسەری لە کاری پەروەردەیی خزمەتی کردووە، تا ئەوەی لە ساڵی ١٩١٩ لە سوریا پەیوەندی بە مەلیك(فەیسەڵ)ەوە کردووە، ئیتر لە وێوە هەمیشە لە مەلیکەوە نزیك بووە، بەمەش بەهاتنی مەلیك بۆ عیراق ئەمەیش هاتووە، لەگەڵ هاتنی بۆ عیراق کاریگەری بەرچاوەی لە سەر عیراق بە تایبەت لە بواری پەروەردەدا هەبوو، بە هۆی ئەوەی لە زۆر بواردا کاری کردووە وەك: یاریدەدەری وەزیری پەروەردە، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە، مامۆستا لە خانەی مامۆستایانی باڵا، چاودێری فێرکردنی گشتی، راگری کۆلێژی یاسا، بەڕێوەبەری ئاسەواری کۆن،

هەواڵنامەی کتێب

دیارە کەسایەتی (ساتح ئەحوسەری) کە بە فەیلەسوفی نەتەوایەتی عەرەبی ناسراوە نەك لەسەر ئاستی عیراق بەڵکو لەسەر ئاستی نیشتمانی عەرەبی کە چەندین نووسینو کتێبی جۆراوجۆری هەیە سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر عیراقییەکان، وەکو ئەوەی کاریگەری لەسەر پرۆسەی خوێندن لە عیراق هەبوو، دوایی ئەوەی فەرمانی دا بەگواستنەوە زمانی ئینگلیزی لە قۆناغی دووەم سەرەتایی بۆ قۆناغی پێنجەم، بەمەبەستی پەرەپێدانی زمانی عەرەبی، هەروەها فەرمانیدا بەوەی بابەت سروود لە قوتابخانەکان بخوێنرێت.

ئیتر جیا لەوانەی باسکران ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین عیراق وەکو دەوڵەتو گەلیش پشگیری لە سوریا کردووە دژی سیاسەتی بە فرەنسی کردن کە فرەنسییەکان لە سوریا پەیرەویان دەکرد.

## پەیوەندی نێوان عیراقو کوەیت

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان عیراقو کوەیت ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە کێشەی سنووری لە نێوانیان هەبوو، کێشەی دیکەشیان هەبوو، وەکو کێشەی موڵکایەتی ئەو کێڵگە دارخورمایانەی کە میرەکانی کوەیت لە عیراقدا هەیانبوو، ئەو موڵکایەتییەش دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام کاتێك دەوڵەتی عیراق دامەزران شتێکی ئاسایی نەبوو کە میرەکانی کوەیت ئەو جۆرە موڵکانەیان لە عیراقدا هەبێت، هەروەها یەکێکی دیکە لە خاڵی پەیوەندی نێوانیان بریتی بوو لە گواستنەوە ئاوی خواردنەوە لە عیراقەوە بۆ کوەیت، چونکە ڕۆژانە بە هەزاران گالۆن ئاوی خواردنەوە لە عیراقەوە بە هۆی بەلەمەکان بۆ کوەیت دەگوێزرایەوە، بە بێی هیچ جۆرە پەیوەندییەك یان ڕێککەوتنێك لە نێوانیاندا هەبێت، بۆیە ئەمانە مایەی ناکۆکی نێوان عیراقو کوەیت بوون [1].

## پەیوەندی نێوان عیراقو سعوودیا

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان عیراقو سعوودیا ئەوە لە ڕاستیدا دوژمنداری هەبوو لە نێوان هەردوو بنەماڵەی فەرمانڕەوا هاشمییەکان لە عیراقو ئال سعوود لە سعوودیا، بە تایبەت کە سعوودییەکان فەرمانڕەوای

---

بەڕێوەبەری فێرکردنو پەروەردەی گشتی. تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٤١ لە لایەن (عەبدوڵئیلا) وە بە بیانوونی توندوتیژی لە بیروباوەڕەکانی دەردەکرێت. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.ئەلبێرت عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠- ٢١٦.

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. مصطفى عبدالقادر النجار، التاريخ السياسي لعلاقات العراق الدولية بالخليج العربي دراسة في التأريخ الدولي، مطبعة جامعة البصرة، ١٩٧٥، ص ص ١٦٣- ٢٣١.

خۆیان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی لەسەر بنەمای لە ناوچوونی هاشمییەکان دامەزراند بوو، هەروەها سنووری نێوانیشیان بە تەواوەتی یەکلا نەببۆوە.

لە لایەکی دیکەش گیروگرفتی نێوانیان دەگەڕایەوە بۆ کۆچکردنی عەشیرەتەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی بەرەو عیراق دەهاتن، ئەمەش کاتێك ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی ڕوویدەدا ئەوەی دۆرابا هەڵدەهاتە ناو خاکی عیراقو ئەویتریش دوایی دەکەوت بەمەش شانۆی شەڕەکە دەگوازرایەوە ناو خاکی عیراق، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە هەندێ جار بەشێك لە عەشیرەتەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی هێرشیان دەکردە سەر عەشیرەتەکانی عیراق، ئەمەش وەکو نەریتێکی لێهاتبوو، چونکە هەر لە سەردەمی وەهابییەکان بە ئەو کارە ئەنجام درابووو وەکو لەمەو بەر باسمان لێوە کردووە. ئەنجامی ئەو هێرشانە دەبووە هۆکاری کاولکاریو کوشتنی خەڵكو هەتکردنی ئافرەتانو تاڵان کردنی داهاتی ناوچەکە. ئیتر ئەو بارە بەردەوام بوو تا ڕێککەوتننامەی (بەحرا) [1] لە ساڵی ١٩٢٥ لە نێوان هەر دوولا واژۆکرا، کە بە گۆیرەی ئەو پەیماننامەیە بڕیاردرا ڕادەیەك بۆ ئەو جۆرە هێرشانە دابنێرێت، بەمەش سەرۆك عەشیرەتەکان بەرپرسیار دەبوون لە بەرانبەر ئەو کارە، ئەگەرچی دەبوو دەسەڵاتی هەردوو دەوڵەت ڕێگا لەو کارە بگرن. بەمەش پەیوەندی نێوان عیراقو سعوودیا پێنایە قۆناغی ئاشتییەوە.

---

[1] بە هۆی بوونی ململانێی زۆر هەم لە نێوان هەردوو دەسەڵاتدارانی عیراقو سعودی، هەروەها شەڕ پێکدادانەکانی هۆزەکانی سەر سنوور لە سەر پێشنیاری دەسەڵاتدارانی بریتانی لە ناوچە، هەوڵی ئەوە درا کە هەردوولا هەوڵی چارەسەری کێشەکانی نێوانیان بکەن، ئەنج نوێنەرانی هەردوولا بە ئامادە بوونی نوێنەری ئینگلیز کۆبوونەوەو ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد بە ناوی بەحرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: صادق حسن السوداني، العلاقات العراقية-السعودية ١٩٢٠-١٩٣١ دراسة في الغلاقات السياسية، مطبغة دار الجامعة بغداد، ١٩٧٥، ص٢١١ ومابعدها.

هەواڵنامەی کێتێب

# بەشی شەشەم

## گۆڕانکاریو پێشهاتە سیاسییەکانی لە قۆناغی یەکەمی سەربەخۆیدا

## ( ١٩٣٢-١٩٣٩ )

تەوەری یەکەم : مردنی مەلیك فەیسەڵ

تەوەری دووەم : مەسەلەی ئاشورییەکان

تەوەری سێیەم : کودەتای ساڵی ١٩٣٦

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:

# مردنی مەلیك فەیسەڵ

شا (فەیسەڵ) لەساڵی ١٨٨٥ لە (تائیف) لە دایك بووەو، هەر لەوێشدا قۆناغی سەرەتایی خوێندووەو فێری زمانی عەرەبیو تورکی بووە، ئینجا لە پاشان لە تەك باوکی لە ساڵی ١٨٩٦ چۆتە ئەستەنبوولو لەوێشدا فێری زمانی ئینگلیزیو فرەنسی بووە، تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٠٨ گەڕاوەتەوە نیمچە دوورگەی عەرەبی، لە دوایشدا بۆتە مەلیك لە سوریا بۆ ماوەی دووساڵو پاشانیش لە ساڵی ١٩٢١ هاتۆتە عیراق.

(فەیسەڵ) دوای ئەوەی بووە پاشای عیراق لەگەڵ ئەوەی ئینگلیزەکان جەختیان دەکردە سەری، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا (فەیسەڵ) هەوڵداوە نەچێتە ژێر باری هەموو داواکارییەکانیانەوە، ئەمەش بە باشی لە کارەکانیدا بەدی دەکرا وەك چۆن ئینگلیزەکانی نارەحەت کرد بە گۆڕینی دیوانەکان لە زمانی ئینگلیزیەوەو بۆ زمانی عەرەبی، کە بێ گۆمان ئەم کارەی وەکو یەکێك لە کارە گرنگەکان سەیر دەکرا.

(فەیسەڵ) بە تێپەر بوونی ماوەی حکومڕانییەکەی لە شەوی ٧ی ئەیلولی ١٩٣٣ لە سویسرا کۆچی دوایی کرد، کاتێك بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەوە ڕووی کردبووە ئەو وڵاتە، بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی شا فەیسەڵ لە ڕۆژی دوایی، بووە جێگای قسەو باسی نێو ڕۆژنامەکانی عیراق کە هەندێکیان ئینگلیزەکانیان بە کوشتنی فەیسەڵ تۆمەتبار دەکرد ئەمیش لەبەر ئەوهۆیانەی خوارەوە:

١- بە چەند ڕۆژێك بەر لە مردنی (شا فەیسەڵ) لەگەڵ ژنێکی هندی بینرا بوو، کە لە پێشترا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵدا نەبووە، بۆیە وای بۆ دەچوون کە بریتانییەکان ئەو ژنەیان ڕاسپارد بێت شا (فەیسەڵ) ژەهر خوارد بکات.

٢- شوفێری تایبەتی شا (فەیسەڵ) خەڵکی سویسرا بوو، ڕۆژێك بەر لە مردنی شا ڕێگای ونکردبووو ماوەیەکی زۆر شا (فەیسەڵ)ی بە ئۆتۆمۆبێل گواستبوویەوە، جا پرسیار دەکرا چۆن دەبێت شۆفێرێك خەڵکی وڵات بێتو ڕێگا ون بکات؟، بۆیە گومانی ئەوەیان هەبوو کە ئەو زۆر گەرانە کاریگەری کرد بێتە سەر تەندروستی شاو بووبێتە هۆکاری مردنی!.

٣- گەڕانەوەی تەرمی شا (فەیسەڵ) دوای هەشت ڕۆژ لە مردنی ئەویش جێگای گومان بوو! کە ئینگلیزەکان دەستیان هەبوو بێت لە کوشتنی.

ئەڵبەتە، بە مردنی شا (فەیسەڵ) تەختی پاشایەتی لە عیراق چۆڵ بوو، بۆیە دوای ئەوە (غازی) کوڕی تەختی پاشایەتی گرتە دەست. (غازی) لە ٢١ی مارتی ١٩١٢ لە مەککە لە دایك بووەو ژیانی لەلای باپیری گوزەراندووەو، لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ هاتۆتە عیراقو بە شێوەیەکی یاسای بۆتە وەلی عەهدی باوکی، (غازی) لە هەمان ساڵدا ڕەوانەی قوتابخانەی هاوەر لە بریتانیا کراوەو لە تشرینی دووەمی ١٩٢٨ هاتۆتەوە عیراقو چۆتە کۆلێژی سەربازیو ساڵی ١٩٣٢ بە پلەی ملازمی دووەمی دەرچووە، (غازی) لەو ماوەیەدا توانیویەتی جەماوەرێکی زۆر لە دەوری خۆیدا کۆ بکاتەوەو سەرنجی بریتانییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ.

(غازی) کاتێك دەنگوباسی مردنی باوکی بیست پەیوەندی کرد بە سەفیری بریتانیاو ئەویش پەیوەندی کرد بە (یاسین هاشمی) وەزیری داراییو سەرۆکی پارتی برایەتی نیشتمانی بۆ ئەوەی هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی (غازی) ببێتە مەلیکی عیراق، بەمەش سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکانو هەندێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران... هتد، لە ٨ی ئەیلول هاتنە تازەیمانەو داوایان کرد کە (غازی) ببێتە پاشا، بەمەش (غازی) ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکەداو بڕیاریدا بەردەوام بێت لەسەر هەمان ڕێچکەو سیاسەتی باوکی، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا هەندێك لە دەسەڵاتدارنی عیراق، لە سەروی هەموویانەوە (نووری سەعیدو جەعفەر عەسکەری) پێیان وابوو (غازی) ناتوانێت ئەو تەوازنە ڕابگرێت، هەر بۆیە ڕازی نەبوون لەسەر ئەوەی (غازی) ببێتە شا، بەڵام بیروڕاکەیان هیچ سوودی نەبووو، بەڵکو پێچەوانەی ئەوان گرەوەکەیان بردەوە.

سەردەمی فەرمانڕەوایی (غازی١٩٣٣-١٩٣٩) تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەماشا بکەین هەوڵیداوە پشگیری بیرورای ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکاتو لە چەند بۆنەیەکیشدا دژایەتی خۆی بۆ بریتانییەکان دووبارە کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی کاتێك دەسەڵاتی وەرگرتووە هێشتا

بچووك بوو لە تەمەندا، بەڵام زۆر زوو خەڵكی لە دەوری خۆیدا كۆكردۆتەوەو ڕادیۆیەكی بە ناوی (زوهر) كردۆتەوەو سەرپەرشتی كردووە، كە تیایدا هانی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی داوەو هێرشی كردۆتە سەر بریتانییەكان، سەرباری ئەوەش لە ماوەی حوكمڕانی خۆیدا داوای گەڕانەوەی دەوڵەتی كوەیتی كردووە كە ئەمەش گرفتی بۆ پەیوەندی نێوان عێراقو بریتانیا ناوەتەوە.

مەلیك (غازی) لە ساڵی ١٩٣٩ تووشی كارەساتی ئۆتۆمۆبیل هاتو گیانی لە دەستدا، كاتێكیش لە ٤ی نیسانی ١٩٣٩ دەنگوباسی مردنی بڵاوبوویەوە، لە زۆربەی شارەكانی عێراق بە گشتیو بەغداو مووسڵ بە تایبەتی خۆپێشاندان كراو بریتانییەكان تیایدا تاوانبار كرا، هەر لەبەر ئەوە بوو لە مووسڵ هێرش كرایە سەر قونسوڵخانەی بریتانیاو قونسۆڵەكەی كوژرا، لێرەشدا ئەو هۆكارانەی كە بوونەتە هۆی ئەوەی بریتانییەكان تاوانبار بكرێن بریتین لە:

١- سیاسەتی ناسیۆنالیستی مەلیك غازیو بەردەوامی جەختكردنەوە لەسەر دژایەتی كردنی بریتانییەكان.
٢- هەوڵدان بۆ پەیداكردنی چەكو تەقەمەنی لە دەرەوەی بریتانییەكان بە تایبەت ئیتالیا.
٣- جگە لە مانەش سەرچاوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە لە كاتی ڕووداوەكە غازی كۆیلەیەكی لەگەڵ دابووەو ئەو كۆیلەیە ون بووە، كە لە ڕاستیدا ئەو كویلە برای شیری مەلیك (فەیسەڵ) بووە، چونكە خانەوادەكان نیمچە درووگەی عەرەبی نەریتێكیان هەبوو ئەگەر كوڕیان ببوایە ئەوە برایەكی شیریان بۆ پەیدا دەكرد تاخیانەتی لەگەڵ نەكات. ئیتر ون بوونی ئەو كویلەیە جێگای گومان بوو، نەكا ئینگلیزەكان ڕایان سپاردبێت ئەو كارە ئەنجام بدات.

بە مردنی غازی تەختی دەسەڵات درایە مەلیك (فەیسەڵ)ی دووەم [1] كە ئەویش لە تەمندا بچووك بوو، بۆیە (عەبدولئیلا) [1] بەسەریدا كرایە (وەسی).

---

[1] فەیسەڵی دووەم لە ٢ی مایسی ١٩٣٥ لە دایك بووەو، لای مامۆستایی تایبەت خوێندوویەتی، دواتر كۆلێژی هاوەری لە ساڵی ١٩٥٢ تەواو كردووە، ناوبراو كاتێك كرایە پاشای عیراق تەمەنی نزیكەی چوار ساڵان بوو، بەمەش تا ساڵی ١٩٥٣ (عەبدولئیلا) خاڵی كاروبارەكانی بەڕێوە دەبرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٣ ڕاستەخۆ بووە پاشای عیراقو، لە دەسەڵات مایەوە تا ئەوەی لە ڕۆژی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە قەسری ریحاب لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەكەی كوژرا. میر بصري، اعلام السياسة...، الجزء الاول، ص٣٣.

## تەوەری دووەم:

# مەسەلەی ئاشورییەکان

نەستورییەکان کە لەلایەن هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناساندا پێیان دەوترا ئاشووری ئەمان بەشی زۆریان لە ناوچەی جولەمێرگ لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بوون، واتە لە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، کاتێکیش جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوویداو ڕووسەکان هەندێ ناوچەی عوسمانییەکانیان داگیرکرد، ناوچەی ئاشوورییەکان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕووسەکان، ئیتر ڕووسەکان هەڵسان بە هاندانی ئاشوورییەکان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام عوسمانییەکان هەر زوو توانیان سەرکەوتن بەسەرییان بەدەست بهێنن و ژمارەکیان لێ بکوژن، ئەنجام ئەوانەی کەمانەوەو هەڵاتن و ڕوویان کردە ئێران و، لە ناوچەی ورمێ تێکەڵ بە ئاشوورییەکانی ئەوێ بوون. بریتانییەکان بیریان لەوە کردەوە کە ئەوانە یەك بخەن و لە دژی عوسمانییەکان بەکاریان بهێنن، بۆ ئەو مەبەستەش جەنەراڵ (ویستەر فیك)یان ڕەوانە کرد کە بەڵێنیان پێ بدات کە چەك و تەقەمەنیان بدەنێ، بەڵام بەر لەوەی ئەو یارمەتییەیان پێ بگات عوسمانییەکان هێرشیان کردە سەریان و زیانێکی زۆریان لێدان، ئیتر بریتانییەکان پێیان باش بوو کە بۆ عیراق بگوازرێنەوەو لەلای ڕاستی ڕووباری سیروان لە نزیك بە عقوبە نیشتەجێیان بکەن.

---

(1) عەبدولئیلا کوڕی مەلیك عەلی کوڕی حوسێنی هاشمی مەلیکی حیجازە، لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣ لە تائیف لە دایك بووە، لای باپیرەی گەورە بووە، لەگەڵ دایکی هاتۆتە بەغدا ساڵی ١٩٢٦، دواتر چۆتە بەر خوێندن و ماوەی نێوان(١٩٢٩-١٩٣٢) لە کۆلێژی فکتۆریا لە ئەسکەندەرییە خوێندوویەتی، پاشان گەڕاوەتەوە بەغداو بۆتە نوێنەری عیراق لە برلین، دوای دەست نیشانکردنی فەیسەڵی دووەم بە پاشای عیراق بۆتە وەسی بەسریدا، بەمەش لە دەسەڵات مایەوە تا ئەوەی لە ڕۆژی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە قەسری ریحاب لە ئەندامانی خانەوادەکەی کوژرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق المكلي، ص٢٧ ومابعدها.

ژمارەی ئاشوورییەکان ٢٥ هەزار دەبوون کە ١٥ هەزاریان هی دەوڵەتی عوسمانیو (١٠)هەزاریان هی دەوڵەتی ئێران بوو، کاتێك هاتنە ئەو ناوچەیە لەلایەن بریتانییەکانەوە، پیاوەکانیان لە کاری دروستکردنی ڕێگاو بانەکان بەکار دەهێناو پارەیەکی زۆریان لە ژنو منداڵەکانیان خەرجکرد، بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگ، ئێرانو بریتانیا ڕێککەوتن ئەوانەی ئێران گەڕانەوە، کەچی دەوڵەتی عوسمانیو دواتریش تورکیای نوێ ڕازی نەبوون لەسەر گەڕانەوەیان، بۆیە ئەو هەڵوێستە بریتانیاییەکانی خستە بەردەوم هەڵوێستێکی تازەوە، چۆن مامەڵ لە تەکیاندا بکات، لە سەرەتا هێزێکی سەربازی لێ پێك هێنان بە ناوی هێزی (لیڤی)[1] ، دواتریش بیری کردەوە لە ناوچە کوردییەکان نیشتەجێیان بکات، بەڵام لەم هەوڵەی سەرکەوتوو نەبوو.

هەرچی تایبەتدارە بە هەڵوێستی دەوڵەتی عیراقی ئەوە هەر لە سەرەتایی دروست بووینەوە هەڵوێستی باشی نەبوو لە بەرانبەریاندا، ئاشوورییەکانیش کاتێك کێشەی مووسڵ خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلانو لیژنەکە هاتو مووسڵ بە عیراقەوە لکێنرا لەگەڵ ئەو بڕیارە نەبوون، ئەگەرچی لیژنەکە هەندێ ڕاسپاردەیدا سەبارەت بە مافی ئاشوورییەکان وەکو گرنگی دان بە زمانیانو کردنەوەی قوتابخانە بۆیان، بەڵام ئەوان داوای گەڕانەوەی مافی خۆیان دەکرد ئەویش گەڕانەوەو دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری بوو کە لە ساڵی٦١٢ی پ-ز لەسەر دەستی میدییەکانو بابلییەکان لەناو چوو بوو.

شیاوی باسە، ساڵی ١٩٢٨ دەوڵەتی تورکیا بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ هاوڵاتیانی تورکیدا، بەڵام ئەو لێبووردنە ئاشوورییەکانی نەگرتەوە، کاتێکیش بریتانییەکان بڕیاری ئەوەیاندا کە عیراق لە ساڵی ١٩٣٢ دەبێتــە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، ئاشوورییەکان بە توندی نارەزای خۆیان دەربڕیو سەرکردەکەیان (ئاغا پوترس) کە نازناوی (مارشەمعونی) هەبوو ڕووی کردە دەرەوەو بە خەفەتەوە سەری نایەوە، کاتێکیش بوونی عیراق بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان بووە چارەنووسێکی حەتمی، ئاشوورییەکان بێ ئەوەی پرس بە حکومەتی عیراقی بکەن ڕوویان کردە ناوچە کوردییەکان، ئینگلیزەکانیش سەربازگەیەکیان لە نێوان مووسڵو ئاکرێ بۆ کردنەوە، لەو لاشەوە حکومەتی عیراقی

---

[1] هێزی لیڤی، هێزێکی سەربازی بوون کە دەسەڵاتدارانی بریتانی لە شوێنی هێزی بەرکاتوویان لە عیراق دایانمەرزاند بوو بە مەبەستی کەمکردنەوەی تێچوونی سەربازی خۆیان، ئەو هێزە کە لە بەشێك عیراقو ئاشورییە ئاوارەکان پێکهاتبوون فەرمانیان لە ئەفسەرە ئینگلیزەکان وەردەگرت. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: العمید جي کیلبیرت براون، قوات اللیڤی العراقیة ١٩١٥- ١٩٣٢، ترجمة وتحقیق: د. مؤید ابراهیم الونداوي، بنکەی ژین، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص ١٧ ومابعدها.

لە ئامادەباشیدا بوو بۆ ئەوەی چەکەکانیان پێدابنێ. فرەنسییەکانیش ئەوکاتە کە لە سوریا بوون ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند گە ئاشوورییەکان وەردەگرن، بەڵام دوای ئەوەی چوونە خاکی سوریا، فرەنسییەکان پەشیمان بوونەوە بۆیە دەبوو بگەرێنەوە، حکومەتی عیراقیش لە کاتی گەڕانەوەیان مەرجی دانانی چەکەکانیانی بۆ دانان، بەڵام ئاشوورییەکان بەو مەرجە ڕازی نەبوون، ئەنجام لە ۷ی ئابی۱۹۳۳ لە دێی (سمێڵ) هێرشیان کرایە سەر بە سەرۆکایەتی (بەکر سدقی) [1] و ژمارەیەکی زۆر لە ئاشوورییەکان کوژران، بەمەش دەنگی نارەزایی تەواوی جیهانی گرتەوە، بۆیە (ڕەشید عالیی گەیلانی) کە ئەو کاتە سەرۆك وەزیران بوو لەگەڵ (نووری سەعید) سەردانی دەرەوەیان کرد، لەو کاتەشدا بەرازیل ئامادەباشی خۆی ڕاگەیاند کە ئاشوورییەکان وەردەگرێت، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئەویش پاشگەزبوویەوە. لێرەشدا بە مانەوەی کێشەی ئاشوورییەکان بریتانییەکان خۆیانی لێدزییەوەو ئەوانیش لە عیراقدا لە ناوچەکانی دهۆك، ئاکرێ، زاخۆو شەنگار بە ناچاری نیشتەجێ بوون تاوەکو ئێستاکە ماونەتەوە.

هەوالنامەی کتێب

[1] بەکر سدیقی کوڕی شەوقی لە ساڵی ۱۸۹۰ لە بەغدا لە دایكو باوکێکی لە دایك بووە، ساڵی ۱۹۰۸ کۆلێژی سەربازی تورکی لە ئەستەنبوول تەواو کردووەو لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی پلەی بەرزبۆتەوە بۆ موقەدەم، ناوبراو ساڵی ۱۹۲۱ پەیوەندی بە سوپای عیراقییەوە کردووەو ساڵی ۱۹۲۸ پلەی بەرزبۆتەوە بۆ سەرهەنگو، دواتریش فەرق. سدیقی سەرکردایەی کۆدەتای ساڵی ۱۹۳۶ کردووە، لە ئابی ۱۹۳۷ لە مووسڵ تیرۆر کراوە. نجدة فتحي صفوة، العراق في الوثائق البريطانية سنة ۱۹۳٦، الطبعة الاولى، جامعة البصرة، ۱۹۸۳، ص٦٠؛ د. كمال مظهر احمد، صفحات من تأريخ العراق المعاصر" دراسات تحليلة"، الطبعة الاولى، بغداد، ۱۹۸۷، ص ص ۱۱۹، ۱۲۹.

## تەوەری سێیەم:

## کودەتای ساڵی١٩٣٦ (کودەتای بەکر سدقی)

کودەتای ساڵی ١٩٣٦ کە هەندێك جار بە کودەتای (بەکر سدقی)یش ناوی دەبردرێت، دەتوانرێت بە یەکەمین کودەتای سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنرێت. ئەگەر سەیری بارودۆخی عێراق بەر لە ئەنجامدانی کودەتاکە بکەین، دەبینین کابینەی وەزارەتەکان پێك دەهێنراو زوو زوو دەگۆڕان، چونکە سیاسەتمەدارێك لە دەسەڵاتی وەزارەتێك ڕازی نەبوایە لەگەڵ هێزێکی عەشائیری پێك دەهاتن و، دەبوونە نەیاری حکومەت و ناچارییان دەکرد کابینەکە دەست لە کار بکێشێتەوە.

وەزارەتەکەی بەر لە کودەتاکە بە سەرۆکایەتی (یاسین هاشمی) بوو کە دەسەڵاتی گرتبوو بەسەر هەموو بارودۆخەکانی ناوخۆ، بۆیە تارادەیەك بارودۆخێکی جێگری هێنابووە ئاراو پەیوەندی لەگەڵ زۆر لە کەسایەتییە گرنگەکانی عێراق وەکو (نووری سەعید)و (جەعفەر عەسکەری) دابەستبووو سەرکردایەتی سوپای دابووە دەستی (تەها هاشمی) برای کە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، هەروەها حکومەتی (یاسین هاشمی) کاری کرد بۆ نەهێشتنی دەنگی ناڕەزایی و هەڵوەشاندنەوەی پارتە سیاسییەکان و دەرکردنی هەندێ لە وانەی کە چالاکیان دەنواند، ئەوە سەرەڕای داخستنی چەند ڕۆژنامەیەك و، کپ کردنەوەی دەنگی عەشائیرەکان، کە ئەمانە لە تەواوی کارەکانی بوو لە ناوخۆی دەوڵەتدا.

لەسەر ئاستی دەرەکیش حکومەت زیاتر بۆ سیاسەتی عەرەبی نەتەوەیی کاری دەکردو یارمەتی بزووتنەوە عەرەبییەکانی دەدا بە تایبەت لە سوریاو فەڵەستین، بەڵام (حیکمەت سلێمان) [1] کە یەکێك

---

[1] حیکمەت سلێمان، لە ماوەی حکومڕانی عوسمانییەکان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، بە هۆی ئەوەی مەحمود شەوکەتی برای هەڵسا بەسەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ٣١ی مارتی ١٩٠٩ بۆ لادانی سوڵتان عەبدولحەمید. حیکمەت سلێمان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتەوە بەغدا، ناوبراو بەشدارییەکی کارای کرد لە کودەتای ساڵی ١٩٣٦و دواتر بووە سەرۆك وەزیرانی کابینەی دوای کودەتاکە، لە پاشان دوای دەست لە کارکێشانەوە لە مارتی ١٩٣٩ بەند

بوو له کەسایەتییه سیاسییەکانی عیراق‌و له دەرەوەی ئەو دەسەڵاتەدا بووو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبوو لەگەڵ (فەرق بەکر سدقی، که ئەوکاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عیراق بوو به وەکالەت)، بۆیه هەر دوولا ڕێککەوتن (یاسن هاشمی) له ڕێگای کودەتایەکی سەربازی لەسەر دەسەڵات لا بەرن.

بەر له هەفتەیەك له هەڵگیرساندنی کودەتاکە له ۲۹ی تشرینی یەکەمی۱۹۳٦ (حیکمەت سلێمان) ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کومەڵەی چاکسازی گەلی (جمعية الاصلاح الشعبي) [1] ئاگادار کردەوە کەوا ئەفسەرانی سوپا به سەرۆکایەتی (بەکر سدقی) بڕیاریانداوە کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدەن بۆ نەهێشتنی حکومەتەکەی (یاسین هاشمی). (بەکر سدقی)یش نامەیەکی ئاراستەی کردبوون‌و داوای هاوکاری لێکردبوون، ئەوانیش ڕازی بوون لەسەر داواکارییەکەی به مەرجی ئەوەی له دوای سەرکەوتنی کودەتاکە ئەوان بەشداری حکومەت دەکەن‌و نابێت کەسایەتییه سەربازییەکان بەشداری حکومەت بکەن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی که دەبوو حکومەت لەسەر دانانی بەرنامه کۆڵەگەی کارەکانی بەرێوە ببات. بەمەش (بەکر سدقی) به هەموو داواکارییەکانیان ڕازی بوو که ئەوان حکومەت دابمەزرێنن، تەنیا وەزارەتی بەرگی بۆ (بەکر سدقی) بێت ئەو خۆی یەکێك دەست نیشان دەکات.

سەعات ۸,٥ی بەیانی ڕۆژی ۲۹ی تشرینی یەکەمی ۱۹۳٦ ژمارەیەك فرۆکه له هێزی ئاسمانی عیراقی دەستیان کرد به بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەك بەسەر شاری بەغدا که تیایدا داوایان له گەلی عیراق دەکرد بەشداری کودەتای سەربازی بکەن بۆ له ناوبردنی حکومەتی (یاسین هاشمی)و گۆڕینی به حکومەتێکی دیکه، که کار بکات بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی‌و خێرو بێر خەڵکی، بێ گومان ئەو

---

کرا، ئەمەش کاریگەری کردە سەر باری تەندروستی، بۆیه لەسەر پێشنیاری دوکتۆر ڕەوانەی ناوچەی شاخاوییەکانی پێنجووین کرا، بەڵام له ژێر چاودێرییەکی توندا بووە. میر بصري، اعلام السياسة...، الجز الثاني، ص٢٦٦.

[1] کۆمەڵەی چاکسازی گەلی(الجمعية الصلاح الشعبي)، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیه له نێو ئەندامانی کۆمەڵەی ئەهالی هاتبووە ئاراوە که له نێویاندا ململانێی له سەرە سەرکردایەتیدا بوونی هەبوو، ئەم هەنگاوەشیان بۆ ئەوە بوو که چاکسازی بکەن، واتا بیرۆکەکە گەڵاڵە ببوو، بەڵام به شێوەیەکی ڕەسمی کۆمەڵەکە له دوایی سەرکەوتنی کودەتاکە هاتە دامەزاندن لەسەر دەستی(حیکمەت سلێمان، جەعفەر ئەبوتەمەن، کامل چادرچی، محەمەد حەدید، عەبدولفەتاح ئیبراهیم). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الأحزاب السياسية العراقية دراسة تاريخية متواضعة عن الأحزاب السياسية التي تكونت في العراق بين العامين ١٩١٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٠، ص١١٨ ومابعدها؛ عبدالجبار حسن الجبوري، الاحزاب والجمعيات السياسية في القطر العراقي ١٩٠٨-١٩٥٨، درا الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ص٩٩.

بڵاوکراوەیە کاریگەری کردە سەر خەڵك، لەو لاشەوە (بەکر سدقی) سەعات سفری دەست نیشان کرد بۆجێبەجێ کردنی کودەتاکە، (حیکمەت سلێمان)یش ڕووی کردە قەسری مەلیكو نامەیەکی ئاراستەی مەلیك کرد کە (بەکر سدقی)و (عەبدولەتیف نووری) [1] واژۆیان کرد بوو، داوایان کردبوو حکومەتی (یاسین هاشمی) بروخێتو حکومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی (حیکمەت سلێمان) دابمەزرێت.

داوی ئەوەی فرۆکەکان هەندێ بۆمبیان فرێدایە خوارەوە مەلیك لەگەڵ (یاسین هاشمی)و (نووری سەعید)و (جەعفەر عەسکەری) کۆبوونەوەیەکەی خێرایان بە ئامادە بوونی سەفیری بریتانی ئەنجامداو، (یاسین هاشمی) ڕازی بوو دەست لە کار بکێشێتەوە، بەمەش (حیکمەت سلێمان) داوای لێکرا حکومەتێك دابمەزرێنێ، (جەعفەر عەسکەری)یش کە وەزیری بەرگری بوو ڕووی کردە بەعقوبە بۆ ئەوەی ڕێگا لە سوپا بگرێتو ڕازیان بکات نەهێنە ناو شاری بەغداو بگەڕێنەوە بنکەکانیان، بەڵام کاتێك (بەکر سدقی) بەمەی زانی بڕیاریدا (جەعفەر عەسکەری) بکوژن. بە کوشتنی ئەو سوپا لە سەعات ٤ی عەسر بە سەرکەوتوویی چونە ناو شاری بەغداوەو، لە سەعات ٦ی ئێوارەش حکومەتی کودەتا بە سەرۆکایەتی (حکمەت سلێمان)و ئەندامییەتی کۆمەڵی چاکسازی گەلی ڕاگەیەندرا، بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە حکومەتی کودەتا هەر زوو لە کارەکانی سەرکەوتوو نەبووو ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك (بەکر سدقی) دەست خستە ناو کاروباری سیاسیو بڕیاری دەردەکرد بێ ئەوەی بۆ حکومەت بگەڕێتەوە، وای کرد بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام نەبێت تا ئەوەی (بەکر سدقی) لە ١١ی ئابی١٩٣٧ لە مووسڵ تیرۆرکراو (حیکمەت سلێمان)یش لە ١٧ی ئابی ١٩٣٧ دەستی لەکار کێشایەوە. بەمەش باری عیراق بەم شێوەیە هەنگاوینا تا هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی.

---

[1] دژایەتی(عەبدولەتیف نووری) قائیدی فرقەی یەکەمی سوپای عیراقی بۆ (یاسین هاشمی)و حکومەتەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کاتێك نەخۆش بوو داوای ئەوەی کردبوو کە بۆ چارەسەرکردنی لەسەر حیسابی حکومەت بچێتە دەرەوەی وڵات، حکومەت داواکارییەکەی رەتکردبۆوە.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی حەفتەم

## بارودۆخی عیراق لە دوا قۆناغی سەردەمی پاشایەتی

**تەوەری یەکەم: بارودۆخی عیراق لە سالانی جەنگی دووەمی جیهانی**

**تەوەری دووەم: دامەزراندنی پارت وکۆمەڵە سیاسییەکان**

**تەوەری سێیەم: ڕووداوەکانی گاورباغی ١٩٤٦**

**تەوەری چوارەم: ڕا پەڕینی وەسبەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨**

**تەوەری پێنجەم: ڕا پەڕینی ساڵی ١٩٥٢**

**تەوەری شەشەم: پەیماننامەی بەغدا ١٩٥٥**

**تەوەری حەفتەم: شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨**

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:

# بارودۆخی عیراق لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی

دوای ئەوەی ململانێ نێودەوڵەتییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندی زیاتری بە خۆیەوە بینی، ئەنجام لە ٣ی ئەیلولی ١٩٣٩ بریتانیاو فرەنسا بەیەکەوە بانگی شەڕییاندا بەسەر ئەڵمانیا، ئەمەش وای کرد حکومەتی (نووری سەعید) لە عیراق بە خێرایی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەڵمانیا ببڕێتو سەفارەتی ئەڵمانیا لە عیراق دەربکاتو دەست بگرێت بەسەر کەلوپەلەکانیو بدرێتە حکومەتی هندی، هەروەها (نووری سەعید) سەرۆك وەزیران بانگی ئەوەیدا بچنە ناو شەڕەکەوەو دوو هێزی سەربازی ڕەوانەی شەڕ بکەن لەتەك وڵاتانی هاوپەیمان لە دژی وڵاتانی تەوەر.

کاتێکیش (نووری سەعید) پەلەی کرد لە بڕینی پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیاو عیراقی خستە خزمەتو یارمەتی دانی بریتانیاوە، ڕەنگدانەوەی لە نێو سوپای عیراقی بە گشتی لێکەوتەوە بە تایبەتی لە لای ئەوانەی بیری نەتەوەییان هەبوو، لەبەر ئەوەی بریتانیاو فرەنسا جێگای ڕق لێبوونەوەیەکی زۆری گەلی عیراق بوون، بەهۆی ئەو سیاسەتە ئیستعمارییەی کە پەیرەوییان دەکرد دژی گەلی عەرەب، هەروەها گەلی عیراق تا ئەو کاتەش هەوڵی دەدا خۆی لە دەست بەندەکانی پەیماننامەی ١٩٣٠ ڕزگار بکاتو خاوەن دەسەڵاتو سەربەخۆیی خۆی بێت، لەو لاشەوە ئەڵمانیا بە نهێنیو ئاشکرا لە تەك گەلی عەرەبی وەستا بوو بۆ کارکردنو خۆبەخت کردن دژی ئیستعماری بریتانیو فرەنسی، ئەوە سەرەڕای ئەوەی بانگی دژایەتی خۆی بۆ یەهودییەکان ڕاگەیاند بوو.

لە ڕاستیدا، سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیا لە ساڵانی یەکەمی جەنگی دووەمی جیهانی ڕەنگدانەوەی خێرایی هەبوو بەسەر باری سیاسی عیراقدا، ئیتر لە ناوخۆی عیراق دوو بنکە سەریان هەڵدا یەکەمیان هاوسۆز لەگەڵ بریتانییەکان کە ژمارەیەك لە چینی باڵا دەستەکانو دەرەبەگەکانو بورجوازییەکانو سەرۆك عەشیرەتەکان بە هەموویان لە دەوری (نووری سەعید)

کۆببوونەوە. دووەمیان زۆرینەی خەڵك بوونو کۆمەڵێك نەتەوەیی بوونو دژی بریتانیاو هاوپەیمانەکانی بوونو هاوسۆز بوون لەگەڵ وڵاتانی تەوەر.

لێرەشدا ئەوەی دووەمیان داواییان کرد عیراق خۆی نەخاتە گێژاوی شەری گەورەو خۆی بێ لایەن بگرێت، هەروەها داوای ئەوەشیان کرد کەوا ئەو بەندو پەیماننانە جێبەجێی بکرێت کە عیراق بە بێ لایەنی دەهێڵێتەوە بێ ئەوەی بچێتە تەك بریتانیاوە لە جەنگ، لە لایەکی دیکەشەوە داوای ئەوەشیان دەکرد ئەو بارودۆخە بقۆزرێتەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ بریتانیاو فرەنسا بەمەبەستی تەنازول پێکردنیان لە ناوچە عەرەبییەکان بۆ ئەوەی داخوازی گەلی عەرەبی بە گشتیو گەلی فەلەستنی بە تایبەتی بە دەست بهێنن، هەروەها ئەو بارودۆخەش بقۆزنەوە بۆ ئەوەی سوپای عیراق بە چەکی نوێ پڕ چەك بکەنو دەستکەوتی ئابووری باش بە دەست بهێنن بۆ پێش خستنی وڵات لەلایەنی ئابووری.

لە ڕاستیدا، لایەنی دووەم سەرکردایەتی دەکرا لەلایەن هەندێ سەرکردەی سەربازیو لەگەڵ هەندێ پیاوی سیاسی وەکو: (ڕەشید عالی گەیلانی، ناجی سویدی [1] ، ناجی شەوکەت [2] )، لەگەڵ

هەوالنامەی کتێب

---

[1] ناجی سویدی، ناوی تەواوی ئیبراهیم ناجی کوڕی یوسف سویدی، لە ٢٢ی مارتی ١٨٨٢ لە بەغدا لە دایك بووە، دەرچووی خوێندنی یاسایە لە ساڵی ١٩٠٥ لە ئەستەنبوول. سویدی پلەو پایەی زۆری لە سەردەمی عوسمانییەکان وەرگرتووە، لەوانە دواکاری گشتی بوو لە یەمەن ساڵی ١٩٠٥، سەرۆکی دادگای بازرگانی بووە لە بەسرا ساڵی ١٩٠٨، ئەندامی دادگای تیاچوونەوە بووە لە بەغدا ساڵی ١٩١٠،و دواجار لە ساڵی ١٩١٧ پشکێنەری پاشایی بووە لە وەزارەتی ناوخۆ لە ئەستەنبوول، ناوبراو بە کۆتایی هاتنی جەنگ دەستی لە کار کێشاوەتەوەو پەیوەندی کردووە بە حکومەتکەی دیمشق، لە ساڵی ١٩٢١ گەڕاتەوە عیراقو چەندین پۆستی کاریگەری وەرگرتووە، هەروەها لە گۆڕانکاریو پێشهاتە سیاسییەکان ڕۆڵی بینوە. ناوبراو لە ١٧ی ئابی ١٩٤٢ کۆچی دوایی کردووە. میر بصری، اعلام السیاسة...، الجزء الاول، ص ١٣٣-١٣٦.

[2] ناجی شەوکەت، ناوی تەواوی محەمەد ناجی کوڕی شەوکەت پاشا کوڕی ڕەفعەت بەگ کوڕی حاجی احمد ئاغا یەنیچەرییە، لە ٢٥ی مارتی ١٨٩٣ لە بەغدا لە دایك بووە، دەرچووی خوێندنی یاسایە ساڵی ١٩١٣. ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی بۆ مەمالیکەکان دەگەڕێتەوە" واتا سەرکەشین یان تورك)، ناوبراو ڕۆڵی بینوە داموو دەزگاکانی حکمەت لەگەڵ ئەم ڕووداو پێشهاتانەی کە لە عیراق هاتوونەتە پێشەوە. ناوبراو لە ١١ی مارتی ١٩٨٠ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ناجی شوکت، سیرة وذکریات ثمانین عاماً ١٨٩٤-١٩٧٤، الجزء الأول، بغداد، ١٩٩٠؛ میر بصری، اعلام السیاسة...، الجزء الاول، ص ١٧١- ١٧٦.

ژمارەیەك كەسایەتی عەرەبی وەك (محەمەد ئەمین حوسێنی) [1] موفتی قودسو (فەوزی قاوقچی) [2]، هەر لەبەر ئەوەش بوو توانیان لایەنگیری زۆری گەل بەدەست بهێنن كە ئەمەش بە ئاشكرا لەسەر گۆڕەپانی عیراق لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٠ دیار بوو.

(ڕەشید عالی گەیلانی) توانی سەركەوتنی بە دەست بهێنێ لە ڕاكێشانی چوار سەرهەنگی سوپاو ژمارەیەك كەسایەتی نەتەوەیی بەهۆی ئەوەی بێ لایەن بوون لە شەڕی زلهێزەكان، بەم شێوەیەش سەركردە سەربازییەكان لە (نووری سەعید) دووركەوتنەوە كە لەگەڵ بریتانییەكاندا بوو، ئەنجامی ئەم بارودۆخە (نووری سەعید) دەستی لەكار كێشایەوەو (ڕەشید عالی گەیلانی) لە ٣١ی مارتی ١٩٤٠ حكومەتی پێكهێناو (نووری سەعید) تیایدا كرایە وەزیری دەرەوە، كاتێكیش فرەنسا شكستی هێنا لە بەرانبەر ئەڵمانیاو، ئیتالیاش هاتە ناو جەنگەكەوە، بریتانیا هەستی بە مەترسی هەڵوێستی خۆی كرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتیو عیراق بە تایبەتی، بۆیە سەفیری بریتانیا داوای لە حكومەتی عیراق كرد پەیوەندی لەگەڵ ئیتالیا بپچڕێت، لێرەشدا هەر یەك لە (عەبدوئیلا)و (نووری سەعید) ڕاز بوون، بەڵام (ڕەشید عالی گەیلانی)و (ناجی شەوكەت)و هەر چوار ئەفسەرەكەو لایەنگیرانی نیشتمانیو نەتەوەیی ڕازی نەبوون، ئەمەش بووە سەرەتای ئەزمەیەكی سیاسی كە دواتر ڕاپەڕینی نیسان- مایسی ١٩٤١ ی لێكەوتەوە.

---

(١) محەمەد ئەمینی حوسێنی، لە(بيت المقدس) لە دایك بووە، خوێندنگای سەرەتاییو ناوەندی لە وێدا تەواو كردووە، لە زانستی شەریعەتو زمانی عەرەبی خوێندوویەتیو، قورئانی لەبەر كردووە. پاشان لە خوێندنگای غەریر لە قودس ئینگلیزی خوێندووە، ئینجا پەیوەندی كردووە بە زانكۆی ئەزهەر لە میسر بۆ خوێندنی دراساتی شەریعەتو زمانی عەرەبی. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: غانم وحيد خالد الجبوري، اثر المثقفين العرب قي التطور العراق المعاصر ١٩٢١-١٩٤١، اطروحة دكتوراه في التاريخ الحديث كلية الاداب، جامعة الموصل، ١٩٩٥، ص ١٥٦ .

(٢) فەوزی قاوقچی لە ١٨٩٠ لە تەرابلوس لە دایك بووەو، لە ئەستەنبوول خوێندوویەتیو، ساڵی ١٩١٢ بە ئەفسەر دەرچووە، دوای ئەوە لە خزمەتی سەربازی عوسمانی خزمەتی كردووە. لە كاتی جەنگی یەكەمی جیهانی لەگەڵ هەندێ لە سیاسییەكانی عەرەب لە هەوڵی بەرپابوونی شۆڕش بووە، هەروەها لەبەرەی بەسرا لە دژی بریتانییەكان شەڕی كردووە. ساڵی ١٩١٨ گەڕاوەتەوە تەرابلوسو ڕۆڵی بینیوە لەم ڕووداوانەی چ لە لوبنان چ لەسەر ئاستی ناوچەكانی نیشتمانی عەرەبی ڕوویانداوە. ساڵی ١٩٤١ هاتۆتەوە عیراقو بەشداری كردووە لە ڕاپەڕینی مایس حوزەیران، دوای سەرنەكەوتنی ڕاپەرینەكەو ماوەیەكە بەند بوونی دەگەڕێتەوە تەرابلوسو بەشدار دەبێت لە ڕووداوەكاندا. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٧ كۆچی دوایی كردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:(www.yabeyrouth.com).

شیاوی باسە کاتێك بریتانیا هەڵوێستێکی خراپی لە (گەیلانی) بینی داوای لە (وەسی) کرد کە وەزارەتەکەی هەڵبوەشێنێتەوەو وەزارەتێك دوروست بکرێت هاو سۆز بێت بە سیاسەتی ئەوان، لەگەڵ ئەوەش کەوتە شکی ئەوەی کە عیراق پەیوەندی بە وڵاتانی تەوەر هەبێت، بۆیە لە بارودۆخەکە ترسا. ئەنجام (وەسی) بڕیاریدا هاوکاری لەگەڵ حکومەتەکەی (گەیلانی) نەکاتو ناچاری بکات لە ڕێگای ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دەست لەکار بکێشێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش (وەسی) بەغدای بەجێ هێشتو رووی کردە دیوانییە، بێ گومان ئەو هەڵاتنە ئەزمەی لە بەغدا دروست کردو بە ناچاری (ڕەشید عالی گەیلانی) دەست لەکار کێشایەوە، بەمەش (وەسی)، (تەها هاشمی) ڕاسپارد لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٤١ حکومەتێك پێك بهێنێ، بەڵام سەرکردە سەربازییەکان لە (تەها هاشمی) دوو دڵ بوون، چونکە حکومەت بە ئارەزووی بریتانییەکان بەڕێوە دەبات، کاتێکیش بڕیاریدا سەرهەنگ (کامیل شەبیب) [1] لە بەغدا بۆ دیوانییە بگوازرێتەوە، بە مەترسی سەرەتای لاوازکردنی خۆیان تێگەیشتن، هەر بۆیە هەر چوار ئەفسەرەکە کۆبوونەوەو بڕیارەکەیان ڕەتکردەوەو وایان لێکدایەوە کە ئەمە دەستی (تەها هاشمی)و (وەسی)و ئینگلیزەکانی تیادایە. ئەنجام لە سەربازگەی ڕەشید باری نا ئاساییان ڕاگەیاندو بە ناچاری (تەها هاشمی) لە نیسانی١٩٤١ دەستی لە کار کێشایەوەو (عەبدولئیلا) هەڵاتە بەسراو هەوڵی کۆکردنەوەی لایەنگیرانی خۆیدا، بەڵام دوای سەرنەکەوتنی لە ٤ی نیسانی ١٩٤١ چووە فەلەستینو لەوێشەوە هاتەوە ئوردن.

لە ئەنجامی هەڵاتنی (وەسی) بۆشاییەك لە دەسەڵات پەیدا بوو، بۆ چارەسەرکردنی باسەکەش (مجلس الدفاع الاعلی) هاتە دامەزراندنو بڕیاریدا (ڕەشید عالی گەیلانی) حکومەتێك پێکبهێنێو لە

[1] کامیل شەبیب، لە ساڵی ١٨٩٥ لە بەغدا لە دایك بووە، لە خوێنگای سەربازی لە ئەستەنبول خوێندوویەتیو خزمەتی لە سوپای تورکی کردووە، دواتر لە سوپای عەرەبی لە حیجازو سوریا، ساڵی ١٩٢١ پەیوەندی کردووە بە سوپای عیراقیو، ساڵی ١٩٢٥ مامۆستا بووە لە خوێندنگای سەربازی بە پلەی مولازمی یەکەم، ساڵی ١٩٢٧ لە کۆلێژی سەربازی یاریدەدەری فەرماندە بووە، ناوبراو چەندین پلەی دیکەی سەربازی دیوەو بەشداری کاری کردووە لە ڕاپەڕینی مایس حوزیرانی ١٩٤١، هەر لە ئەنجامی ئەوەش بووە لە ٢٠ی ئابی ١٩٤٤ لە بەغدا لە سێدارە دراوە. میر بصری، اعلام السیاسة...، الجزء الثاني، ص ٦١٨.

جێگای (وەسی عەبدولئیلا)، (شەریف شەرەف)[1] کە لە بنەماڵەی هاشمییەکان بوو عەرش وەربگرێت، بێ گومان ئەو بارودۆخە مەترسی بۆ بریتانییەکان دروست کرد، بۆیە بڕیاریاندا کە بارودۆخەکە وەکو جاران بگەڕێننەوە، سەفیری بریتانیا داوای لە حکومەت کرد ڕێگا بدات سوپای بریتانیا لە بەسرا دابەزێت بە بیانووی ئەوەی بە عیراقدا تێپەردەبێت بۆ فەلەستین، حکومەتی عیراقی ڕاز بوو بە مەرجێ ئەوەی نابێت ژمارە سوپاکە لە (٩٠٠٠) کەس زیاتر بێتو لە سێ ڕۆژ زیاتر لە خاکی عیراقدا بمێنیتەوە، ئەنجام سوپا لە ١٨ی نیسانی ١٩٤١ لە بەسرا دابەزی، حکومەتی عیراقیش لە ٢٩ی نیسان ناڕەزایی خۆی دەربری دەربارەی جموجۆڵە سەربازییەکان، لەو کاتەشدا هێزێکی ئاسمانی بریتانی هاتە حەبانییە، دواتریش بە هاتنی ئەو هەموو هێزە توانیان بەندەری مینا لە بەسرا داگیر بکەو سوپای عیراقی ناچار بە پاشە کشە بکەن، لە بەرانبەر ئەمەدا حکومەتی عیراقی لە ٣٠ی نیسان فەرمانیدا کە سوپای بریتانیا لە حەبانییە گەمارۆ بدەنو گردەکانی چوار دەوری بگرن، لەگەڵ ئەوەش داوایان لە بریتانییەکان کرد هێزی ئاسمانی خۆی ڕابگرێت، بەڵام لە ٢ی مایس فرۆکەکانی بریتانیا دەستیان بە لێدانی هێزی سەربازی عیراق کردو شەڕ بەردەوامی کێشا نزیکەی مانگێك، تاوەکو لە ٢٩ی مایس پایتەختی سقوتی کرد. بەمەش زۆر لە سەرکردە سوپاییەکانو ئەندامانی حکومەت هەڵاتنە ئێران، تەنیا (محەمەد یونس سەبعاوی) [2] نەبێت مایەوەو لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بووو بۆ

هەولێرنامەی کتێب

---

[1] شەریف شەرەف، ساڵی ١٨٨١ لە تائیف لە دایك بووە، پەیوەندی بە شۆڕی گەورە عەرەبی کردووە، لە دواتر بەرپرسیاریەتی ناوچەکەی خۆیی پێسپێردراوە، ناوبراو دواتر هاتۆتە عیراقو هەمیشە هاوڕێ مەلیك فەیسەڵی یەکەم بووە لە سەفەرەکانیدا، بە هۆی بەشداریکردنی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤١ دەسەڵاتدارانی بریتانی دووریان خستەوە بۆ باشووری ڕووسیا، بەڵام ساڵی ١٩٤٤ هاتەوە بەغداو بەند کرا، تا ساڵی ١٩٤٧ لە بەندیخانە مایەوە، دوای ئازاد بوونی چووە ئوردن، لە وێدا مەلیك عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٥٠ دایمەزراندن بە ئەندانی ئەنجوومەنی پیرانی ئوردنی، ناوبراو لەوێدا مایەوە تا ئەوەی لە ٢١ کانوونی دووەمی ١٩٥٥ کۆچی دوایی کرد. میر بصري، اعلام السیاسة...، الجزء الاول، ص ٦٣.

[2] محەمەد یونس سەبعاوی، ٢٤ی مارتی ١٩١٠ لە مووسڵ لە دایك بووە، دەرچووی کۆلێژی یاسایە، ناوبراو لە ڕووداو پێشهاتە سیاسییەکانی عیراق ڕۆڵی کاری بینیوە، بە تایبەت لە ڕاپەڕینی مایس حوزیرانی ساڵی ١٩٤١، بەڵام دوای سەرنەکەوتنی لە هەوڵەکانی دوورخراوەتەوە بۆ بشاووری ئەفریقیا، پاشان هێنراوەتەوە بەغداو لە ٥ی مایسی ١٩٤٢ لە سێدارە دراوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عمر محمد طالب، موسوعة اعلام الموسل في القرن العشرين، مرکز الدراسات الموصل، الموصل، ٢٠٠٨.(www.omaraaltaleb.com).

بەرەنگاری کردنو بڕیاریدا کە چەك دابەش بکاتو خەندەق لە چوار دەوری بەغدا لێبدات بۆ دژایەتی کردنی سوپای بریتانیا، بەڵام ئەویش هیچ ئەنجامی بەدەست نەهێناو ئاگر بڕ لە ٣٠ی مایسی ١٩٤١ بەستراو بەمەش عیراق جارێکی دیکە پێنایە قۆناغێکی نوێی داگیرکارییەوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، دوای سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە (عەبدولئیلا)و هاوەڵانی گەڕانەوەو عیراق کەوتە دەسەڵاتی داگیرکاری بریتانی، لایەنگیرانی بریتانیا کەوتنە گیانی ئەوانەی لایەنگیرانی ڕاپەڕین بوون، سەرباری ئەوەش حکومەتی (نووری سەعید) لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢ بە غیابی بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە دەرکرد کە هەڵاتبوونە ئێران، بریتانییەکانیش ئێرانیان ڕازی کرد هەڵاتوان بداتەوە دەست عیراقو ئەنجام هەموویان لە سێدارەدران، لێرەشدا ئەمەی دەنگی نارەزایی زۆری لێکەوتەوە بە تایبەت لە سێدارەدانی (سەلاحەددین سەباغ [1] ، مەحموود سەلمان[2] ، فەهمی سەعید [3] ، کامل شەبیبو، محەمەد نووری یونس سەبعاوی).

---

[1] سەلاحەددین کوڕی عەلی کوری ئیبراهیم کوڕی مستەفای دیاتیی، رەچەڵەکی بنەماڵەی میسرین هاتونەتە لوبنان، دواتر باوکی هاتۆتە مووسڵ ئینجا بەغدا، ناوبراو لە تشرینی دووەمی ١٨٩٨ لە مووسڵ لە دایك بووە، لە بیروت خوێندوویەتی، دواتر لە خوێندگایی سەربازی لە ئەستەنبول خوێندوویەتیو ساڵی ١٩١٧ بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە، سەباغ لە سوپای تورکی خزمەتی کردووە، دواتر چۆتە ڕیزی سوپای مەلیك فەیسەڵ، لە ئەنجام لە شەڕی مەیسلون بە دیل گیراوەو دووخراوەتوە بۆ لوبنان، ساڵی ١٩٢١ پەیوەندی کردووە بە سوپای عیراقو لە خزمەتی سەربازی کاری کردووە. سەباغ بە هۆی بەشدار بوونی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤١، لە ٢٠ی ئابی ١٩٤٤ لە بەغدا لە سێدارە دراوە. میر بصری، اعلام السیاسة...، الجزء الثاني، ص٦٠٩.

[2] مەحموود سەلمان، ساڵی ١٨٩٨ لە بەغدا لە دایك بووە، لە خوێندنگای سەربازی لە ئەستەنبول خوێندوویەتی، پاشان لە سوپای تورکی خزمەتی کردووە، دواتر پەیوەندی بە سوپای عەرەبی لە حیجازو سوریا کردووە، دوای گەڕانەوە پەیوەندی بە سوپای عیراق کردووە لە ساڵی ١٩٢٤، لە دەزگا سەربازییەکان دەرسی وتۆتەوەو خزمەتی کردووە، بە هۆی بەشدار کردنی لە راپەرینی ساڵی ١٩٤١ بەند کراوەو لە پاشان سزای لە سیدارەدانی بۆ دەرچووەو لە ٥ی مایسی ١٩٤٢ لە سێدارە دراوە. میر بصری، نفس المصدر، الجزء الثاني، ص٦١٦.

[3] محەمەد فەهمی سەعید، ساڵی ١٨٩٨ لە سلێمانی لە دایك بووە، لە خوێندنگای سەربازی لە ئەستەنبول خوێندوویەتیو، لە سوپای تورکی خزمەتی کردووە، دواتر لە سوپای عەرەبی خزمەتی کردووە، تا ئەوەی لە شەڕی مەیسەلون بە دیل گیراوەو رەوانەی لوبنان کراوە.لە ساڵی ١٩٢١ گەڕاوەتەوە عیراقو پەیوەندی بە سوپای عیراقر کردووە، لەو کاتەوە خزمەتی لە دامۆ دەزگای سوپاییەکانی عیراق کردووە تا ئەوەی بەشداری دەکات لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤١، بە کۆتایی هاتنی ڕاپەڕینەکەو چوونی بۆ ئێرانو دواتر گەڕانەوە، دوور دەخرێتەوە بۆ باشووری

به گەڕانەوەی داگیرکاری بریتانییەکان بۆ عیراق، باری وڵات لە ساڵانی جەنگ لە رووی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی لە بارێکی خراپ دابوو تا ئەوەی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ کۆتایی هاتو بەمەش باری عیراق چووە قۆناغێکی تازەوە.

هەواڵنامەی کتێب

---

ئەفریقیا، دواتر دەیهێنەوە بەغداو لە ٥ی مایسی ١٩٤٢ لە بەغدا لە سیدارە دەدرێت. میر بصری، نفس المصدر، الجزء الثاني، ص٦١٥.

### تەوەری دووەم:

## دامەزراندنی پارتو کۆمەڵە سیاسییەکان

بەکارهێنانی سیاسەتی توندوتیژو داپڵۆسینو سەرکوتکردنو نەهێشتنی ئازادییەکان لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی لەلایەکیو، لە لایەکی دیکەشەوە خراپی باری ئابووری بە تایبەت لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیو بەستانەوەی ئابووری عێراق بە ئابووری وڵاتانی داگیرکەرو بە تاڵان بردنی سەروەتی نیشتمانیو قورس بوونی باری ژیانی دانیشتوان، فاکتەرێکی سەرەکی بوو کە لەسەر ئاستی جەماوەری بانگەشەی دەستپێکردنەوەی ژیانی حیزبایەتی بدرێت، لە بەرانبەر ئەمەشدا حکومەت بۆ هێورکردنەوەی هەر جۆرە کاردانەوەیەك بەڵێنی ئەوەیدا کە ژیانی دیموکراتی بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە، ئیتر لەگەڵ تەواو بوونی جەنگدا گەل گوشارێکی توندی خستە سەر حکومەت، بۆیە لەبەردەم حکومەتدا هیچ نەمایەوە تەنیا ڕێگای ئاسایی نەبێت، ئەنجام (وەسی عەبدولئیلا کوڕی عەلی) لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ لە ڕاگەیاندنێکدا دروستکردنی پارتی سیاسی بە کارێکی پێویست لە قەڵەمدا، چونکە پێی وابوو کە نابێت وڵات بێ پارتی سیاسی بێت، ئیتر بەم شێوەیە حکومەتی (تۆفیق سویدی) [1]، ڕایگەیاند کە هەر گروپێك مەبەستی دامەزراندنی پارتی سیاسی هەیە ئەوە

---

[1] سلێمان تۆفیق کوڕی یوسف سویدی، ساڵی ١٨٩٢ لە بەغدا لە دایك بووە، لە خوێندنگای ئەلیانسو سوڵتانییە خوێندوویەتی، دواتر پەیوەندی کردووە بە خوێندنگای یاسا لە بەغدا لە ساڵی کردنەوەیدا لە ١٩٠٨، لە ساڵی دواتر چۆتە ئەستەنبوول، ساڵی ١٩١٢ دەرچووە، ناوبراو چۆتە پاریس بەمەبەستی ئەوەی بچێتە زانکۆی سۆربۆن، ساڵی ١٩١٤ گەڕاوەتەوە ئەستەنبوولو، لە پلەی کاری میری دامەزراوە، تۆفیق سویدی پەیوەندی کردووە بە شۆڕشی عەرەبیو لە پاشان چۆتە سوریاو تا ڕووخانی دەسەڵاتی فەیسەڵ لەوێدا ماتەوە، ئینجا گەڕاوەتەوە بەغدا، ناوبراو لە حکومەتی عێراق زۆرێك پلەوپایەی دەسەڵاتی وەرگرتووە، تا ئەوەی لە ڕۆژی شۆڕشی چواردەی تەمموز گیراوەو، تا

دەتوانێت داواكاری خۆی پێشكەش بە وەزارەتی ناوخۆ بكات ، بەمەش حكومەت لە ٢ی نیسانی ١٩٤٦ بە ڕەسمی ڕێگای بە پێنج پارتی سیاسیدا بە ئاشكرا چالاكییەكانیان ئەنجام بدەن كە بریتی بوون لە:

## یەكەم: پارتی نیشتمانی دیموكراتی (الحزب الوطني الديموقراطي)

پارتی نیشتمانی دیموكراتی لەسەر پاشماوەی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ئەهالی [1] گەشەی كردو هاتە مەیدان، دوای ئەوەی كە حكومەتی ڕێگای بە دامەزراندنی پارتی سیاسیدا، بۆ ئەو مەبەستەش لە ٥ی مارتی ١٩٤٦ هەر یەك لە: (كامیل چادرچی، محەمەد حەدید، حوسێن جەمیل، عەبدولكەریم ئەلئەزری، یوسف حاجی ئەلیاس، عەبدولوەهاب مەرجان، عەبود شاڵچی، سادق كەمونە) داواكاریەكیان پێشكەش بە وەزارەتی ناوخۆ كردو وەزارەتیش لە ٢ی نیسان ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی پارتەكە دەربڕی.

دەستەی دامەزرێنەری ئەو پارتە لە ئاستی كۆمەڵایەتیو چینایەتییەوە پێكهاتەی جیاوازی لە خۆی گرتبوو، بەڵام لە ڕووی ڕۆشبیریو لایەنی دیموكراتییەتو دادوەری كۆمەڵایەتی زۆربەیان كاریگەرو بە توانا بوون. پارتی نیشتمانی دیموكراتی بە سەرۆكایەتی (كامیل چادرچی) دەستی بەكارەكانی كردو ئامانجەكانی چاكسازی گشتی لە خۆگرتبوو، لەو پێناوەشدا هەموو هەنگاوە دیموكراتییەكانی گرتە بەر، جگە لەوەش لەسەر ئاستی سیاسی هەوڵی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بۆ

---

ساڵی ١٩٦١ لە بەندیخانە بووە، بە ئازاد بوونی چۆتە لوبنان لەوێدا ماتەوە تا ئەوەی لە ١٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٦٨ كۆچی دوایی كردووە. مير بصري، اعلام السياسة...، الجزء الاول، ص ص ١٣٩-١٤٢.

[1] كۆمەڵەی ئەهالی، لەسەر دەستی كۆمەڵە لاوێكی ڕۆشنبیری عیراقی لە ساڵی ١٩٣١ هاتۆتە دامەزراندن، كە هەڵگری بیروباوەری دیموكراسی، سۆسیالیستیو ماركسی بوون، لە وانەش نموونەی وەكو(حوسێن جەمیل، عەبدولقادر ئیسماعیل، عەبدولفەتاح ئیبراهیم)و چەندانی دیكە بوون، ئەم كۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٢ هەڵسا بە دەركردنی ڕۆژنامەیەك بە ناوی ڕۆژنامەی(ئەهالی) كە لەسەر ئاستی عیراق ڕۆڵی كارای بینی. لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانیو لێكهەڵوەشانەوەی ئایدەلۆژییەكان، كۆمەڵەی ئەهالیش لە نێو خۆیدا تووشی جیابوونەوەو هەڵوەشاند هات. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: فواد حسين الوكيل، جماعة الأهالي في العراق ١٩٣٢-١٩٣٧، الطبعة الثالثة، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦؛ عبدالرزاق الحسني، تأريخ الأحزاب السياسية...، ص١٦٦؛ عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق، ص١٣٩.

عیراق دەدا، لەگەڵ هێنانە کایەی یەکێتی وڵاتانی عەرەبی بۆ ئەوەی بە یەکگرتووی هاوکاری یەکتری بکەن، هەروەها ئەو پارتە لە ڕووی ئابوورییەوە ڕووخسارێکی سۆسیالیستی هەڵگرتبووو کردبووی بە دروشمی خۆی، ئەوە سەرەرای ئەوەی لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە مەبەستی بەدەست هێنانی دادوەری کۆمەلایەتی هەبوو، بۆ ڕزگاریو بەدەست هێنانی مافی ئافرەت هەنگاوی دەناو هەوڵی چاکتر کردنی باری تەندروستی ڕۆشنبیریو فێرکردنی کۆمەڵگای عیراقی دەدا، ئیتر ئەو پارتە بەم شێوەیە خەباتی خۆی بە ئاشکرا لەسەر گۆڕەپانی عیراق ئەنجامدا تا ئەوەی لە دواتر لە ساڵی ١٩٥٠ دروشمی سوسیال دیموکراتی بە شێوەیەکی ڕەسمی کرد بنەمای سەرەکی خۆی.

شیاوی باسە، ئەو پارتە هەڵوێستو کاردانەوەی گرنگی ئەنجامداوە لە بەرانبەر هەر ڕووداوێك لە دوایی دامەزراندییەوە تا کۆتایی ڕژێمی پاشایەتی لەسەر گۆڕەپانی عیراق ڕوویانداوە هەر لەبەر ئەوەشە هەندێك جار ئەندامی ئەو پارتە ڕووبەرووی لێپرسینەوەو زیندان هاتوون، بەڵام ئەوە نەبۆتە هۆکاری ئەوەی کە دەست لە ئامانجەکانیان هەڵبگرن [1].

## دووەم: پارتی سەربەخۆیی ( حزب الاستقلال )

بیرۆکەی دروست بوونی ئەو پارتە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئەو نەتەوەخوازانەی کە لە ڕۆژانی چالاکییەکانی یانەی موسەنا [2] کاریان دەکردو بە درێژایی ساڵانی جەنگی دووەم ژیانیان لە بەندیخانەکانی باشووری عیراق گوزەراند، هەر بۆیە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ لە ١٢ی مارتی ١٩٤٦

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الأحزاب السياسية...، ص١٦٧ ومابعدها؛ عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق، ص١٧٧.

[2] یانەی موسەنا بە ناوی(المثنى بن حارثة الشيباني) لە بەغدا لە ١٦ی شوباتی ١٩٣٥ هاتبووە دامەزراندن لە لایەن ئەو نیشتمانپەروەرانەی کە هەڵگری بیری نەتەوەیی بوونو، کاریان دەکرد بۆ زیندووکردنەوەی کولتوری نەتەوەییو بلاوکردنەوەی رۆشنبیری عەرەبی، بەمەش بەشێك لە پارێزەران، دوکتۆرانو مامۆستایانو خوێندکاران پەیوەندیان پێوەکرد، دواتر ئەم یانەیە بووە شانۆی گردبوونەوەی ئەو کەسانەی لە سیاسەت کاریان دەکرد بۆیە حکومەتی نووری سەعید بەم بیانووە لە ٧ی مارتی ١٩٤٢ مۆڵەتی کارکردنی لە یانەکە وەرگرتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الأحزاب السياسية العراقية...، ص١٢٧ ومابعدها؛ عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق، ص١٤٥.

چەند کەسایەتییەکی عیراقی کە پێکهاتبوون لە: (محەمد مەهدی کوبە، فازڵ مەعلە، خەلیل کنە، داود ئەلسەعدی، ئیسماعیل غانم، محەمەد سەدیق شەنشەل، فایەق سامەرائی، عەلی قەزوینی، عەبدولمحسن ئەلدوری، ڕەزاق شەماس، عەبدولڕەزاق ئەلزاهیر)، کە زۆربەیان سەر بە چینی بۆرژواو نیمچە بۆرژوا بوون، بۆ دامەزراندنی ئەو پارتە داواکارییان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد، وەزارەتیش لە ٢ی نیسانی١٩٤٦ ڕێگای دامەزراندنی دا.

ئامانجی ئەو پارتە بریتی بوو لە بەهێزکردنی قەوارەی سیاسی عیراقو گۆڕینی پەیماننامەی١٩٣٠ نێوان عیراقو بریتانیا بە پەیماننامەیەکی دیکە کە سەربەخۆیی نیشتمانی تیایدا مسۆگەر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیدەدا بۆ بەهێز کردنی ڕێکخراوی وڵاتە عەرەبییەکانو دەستەبەرکردنی یەکێتی عەرەبی، لە بواری ناوخۆشدا هەوڵیدەدا بۆ ژیانێکی سیاسی جێگیر کە ڕێز لە دەستوور بگرێتو مافەکانی گەل بە جۆرێك زامن بکات کە سەروەری خۆی پیادە بکاتو لە ڕووی بەڕێوەبردنی حکومەتدا سیستەمی لامەرکەزی جێبەجێ بکرێت.

شیاوی باسە، هەرچەندە پارتی سەربەخۆیی پارتێکی نەتەوەیی بوو، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا فیکری نەتەوایەتی لەگەڵ ئیسلامگەرایی تێکەڵ کردبووو، شانازی بە تاجو پەرلەمانو شورای ئیسلامییەوە دەکرد [1].

هەواڵنامەی کتێب

## سێیەم: پارتی یەکێتی نیشتمانی (حزب الاتحاد الوطني)

دوای پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە ١٢ی مارتی ١٩٤٦ بەمەبەستی دامەزراندنی پارتێك بە ناوی پارتی یەکێتی نیشتمانی، وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ پارتەکانی دیکە ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی دەربری، بەمەش لە ٢٨ی نیسانی هەمان ساڵ سەرکردایەتی ئەو پارتە هەڵبژێدرا کە پێکهاتبوون لە: (عەبدولفەتاح ئیبراهیم، نازم ئەلزەهاوی، محەمەد مەهدی جەواهیری، جەمیل کوبە، ناسر ئەلگەیلانی، عەبدوڵڵا مەسعود ئەلقەرینی... هتد). هەر چەندە ئەو پارتە باوەڕی بەسەرکردایەتی تاکەکەسی نەبوو، بەڵام (عەبدولفەتاح ئیبراهیم) بە سەرۆکی پارتو کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری پارت لەگەڵ هەیئەتە ڕەسمییەکان دانرا بوو.

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الأحزاب السياسية...، ص١٢٨ ومابعدها؛ عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق، ص١٦٥.

پارتی یەکێتیی نیشتمانیش وەکو پارتەکانی دیکە بەپێی قورسایی خۆی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عیراق ڕۆلی خۆی گێرا لە باری ناوخۆو دەرەکی، هەر ئەوەش بوو وای کرد حکومەتی عیراقی لە ٢٩ی ئەیلولیی ١٩٤٧ لە بەیننامەیەکی ڕەسمی وەزارەتی ناوخۆدا مافی بە ئاشکرا کارکردنی لەو پارتە سەندەوە بە بیانووی ئەوەی هانی خەڵکی داوە بۆ شۆڕشکردنو نانەوەی پشێویو ئاژاوە، بەمەش پاش ڕاگرتنی چالاکییەکانی ئەو پارتە هیچی کاری نهێنی ئەنجام نەداو ئەندامەکانی بلاوەیان لێکردو هەندێکیشین چونە ناو پارتو ڕێکخراوەکانی دیکەوە [(١)].

**چوارەم: حزبی گەل ( حزبی الشعب ).**

سەرەتای چالاکییەکانی ئەو پارتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٤٢ کە بە شێوەیەکی نهێنی کارەکانی ئەنجامدەدا، هەروەها کاتێکیش کە لە ساڵی ١٩٤٣ حکومەت ڕەزامەندی کاری کردنی بە ئاشکری ڕەتکردەوە، ئیتر بەم شێوەیە مایەوە تا ئەوەی لە ٢٦ی نیسانی ١٩٤٦ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی بەدەست هێنا، ئەنجام پارتی گەل کۆنگرەی خۆی بەستو یەکەم لیژنەی مەرکەزی هەڵبژارد کە پێك هاتبوون: (عەزیز شەریف، تۆفیق مونیر، عەبدولئەمیر ئەبو توراب، خەلیل مەهدی، حەمید هندی، وەدیع تەلیا، عەبدولوەهاب ماشتە)، دوای ئەوەش ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (وگن) وەکو زمانحالی پارتەکە دەرچوواند.

سەرکردایەتی ئەو پارتە جگە لە مارکسیزم باوەریان بە هیچ بیروباوەرێکی دیکە نەبوو، هەر بۆیە زۆربەی بەڵگەنامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بە پاڵپشتی حیزبی شیوعی دامەزراوە کە ئەمەش لەدانپێنانی (مالیك سیف) [(٢)] بە ئاشکرا دەردەکەوێت [(٣)].

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الأحزاب السياسية...، ص١٩١ ومابعدها؛ عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق، ص١٦٨.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ڕۆڵی مالیك سیف بڕوانە: مالك سيف، التأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، درا الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسنى، تأريخ الاحزاب السياسيه...، ص١٨٢ ومابعدها؛ عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق، ص١٧٩.

## پێنجەم: پارتی ئازادیخوازان (حزب الاحرار)

پێکهاتەو دامەزراندنی ئەو پارتە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ لە سیاسەتمەدارانی کۆن کە لە دوای وتاری (وەسی) لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی١٩٤٥ کەوتنە بیرۆکەی دامەزراندنی پارتێك کە (نووری سەعید) خاوەنی بوو، دامەزرێنەرانی ئەو پارتە سەر بە هیچ حزبێكو هیچ ڕەوتێکی سیاسی کاریگەر نەبوون، کاتێکیش خۆیان یەکخست بۆ دەست نیشان کردنی دەستەی کارگێڕی (کامل ئەلخزەیری) یان هەڵبژارد بوو بە سەرۆکی پارتەکە.

پارتی ئازایخوازان ئەگەرچی هاتە سەر گۆڕەپانی سیاسی لە عیراقدا، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامەکانی لە بۆژواو دەرەبەگە گەورەکان پێکاهات بوون بە بەراود لەگەڵ پارتەکانی دیکە ئەو گرنگییەی نەبوو بۆیە لە ٥ی ئەیلولی ١٩٤٨ کارەکانی وەستانو ئەندامەکانی بلاوەیان لێکرد، بەمەش ئەو پارتە هەر لە دامەزراندنییەوە نەیتوانی کاریگەرییەکی وای هەبێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە عیراقدا [1].

## شەشەم: پارتی کۆنگرەی نیشتمانی (حزب المؤتمر الوطني)

دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عیراقی لە ساڵی ١٩٥٤ ژیانی پارتایەتی لە عیراق پەکخستو ڕێگای گرت لەبەردەم کاری پارتایەتی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو پارتە لە ناوەراستی ساڵی١٩٥٥ سەریهەڵداو لەوبوارەشدا هەردوو (پارتی نیشتمانی دیموکراتیو پارتی سەربەخۆیی) هاوکاری یەکتریان کردو لەگەڵ هەندێ لە سەرکردایەتی پەیوەندییان کرد بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی بە ئاشکرا کارکردنیان. بەم شێوەیە لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٦ دەستەی دەمەزرێنەر کە پێکهاتبوون لە: (محەمەد مەهدی کوبە، فائیق سامەرائی، محەمەد سەدیق شەنشەل، محەمەد ئەمین ڕەحمانی، عەبدولشەهید ئەلیاسری، کامل چادرچی، محەمەد حەدید، حوسێن جەمیل، هودێب ئەلحاج

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الأحزاب السياسية...، ص١٤٨ ومابعدها؛ عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق، ص١٧٥.

مەحمود، جەعفەر ئەلبەرد) داواکارییەکانی پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کرد کە ئەو کاتە (سەعید قەزاز) وەزیر بوو[١]، بەڵام داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە بە بیانوونی ئەووە لەگەڵ سیاسەتی حکومەت یەك ناگرێتەوە، کەچی ئەوە نەبووە هۆکاری ئەوەی کە ئەندامی ئەو پارتە لە کارەکانیان سارد ببنەوە، بەڵکو لە هەوڵی بەردەوام دابوون بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەت، کەچی هەر سەرکەووتوو نەبوونو نەیان توانی بە ئاشکرا کار بکەن، بەڵام ڕۆڵی کارایان هەبوو لە تەواوی ئەو ڕووداوانەی کە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عیراق ڕوویاندا[٢].

جێگا ئاماژە بۆ کردنە، جگە لەو پارتە ئاشکرایانە چەند پارتێکی نهێنیش هەبوون، کە ئەمانەش ڕۆڵیان لە ڕووداوەکان هەبوو کە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عیراق ڕوویاندەدا وەکو: (حیزبی شیوعی عێراق[٣]، حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی[٤]، برایانی موسڵمان[١]...هتد).

---

[١] سەعید قەزاز، ناوی تەواوی محەمەد سەعید کوڕی میرزا مەجید کوڕی حاجی ئەحمەد کوڕی حاجی حەسەنی قەزازە، ساڵی ١٩٠٣ لە گەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی لە دایك بووە، ناوبراو لە خوێندنگای دواناوەندی لە ساڵی ١٩١٧ خوێندنی تەواو کردووەو سەرەتا کاری میری بە نووسەر لە بەشی پشکێنەرانی وەزارەتی ناوخۆی عیراق دەست پێکردووە، دواتریش ژمارەیەك پلەو پایەی میری دیوە تا گەیشتۆتە پلەی وەزیرو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق، قەزاز لە ٤ی شوبتی ١٩٥٩ فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووەو لە بەغدا لە سێدارە دراوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی...، ل٥٧.

[٢] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الأحزاب السياسية...، ص٣٤٩ ومابعدها؛ عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق، ص٢١٤.

[٣] حزبی شیوعی عیراقی، سەرەتا هاتنی بیرۆکەی مارکسی بۆ عیراق دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بیستەکانی سەدەی بیست، کاتێك یوسف سەلمان یوسف(فەهد) کاری دەکرد لە بەندەری بەسرەو یەکەمین بازنەی حزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٢٧ لە بەسرا دامەزراند، بەڵام کاتێك گواسترییەوە بۆ ناسرییە بۆ کاری ڕۆژانەی خۆی توانی بە هاوکاری عەبدولجەبار حەسون بازنەیەکی دیکەی حزبی شیوعی دابمەزرێنێ، لە هەمان کاتیش بازنەی دیکە لە بەغداو کەرکووك هاتە دامەزراندن، ئیتر بەم شێوە هەنگاوی نا تا ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی لە ٣١ی مارتی ١٩٣٤ حزبی شیوعی عیراقی هاتە دامەزراندن. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، بيروت، ١٩٩٣.

[٤] حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی، سەرەتا لە شێوەیەی کۆمەڵەیەکی نهێنی لە سوریا دەستی بە کارەکانی کرد کە کۆمەڵێك ڕۆشنبیری نەتەوەخوازی لە خۆی دەگرت، بەڵام دواتر لە ٤-٦ی نیسانی ١٩٤٧ یەکەمین کۆنگرەی خۆیی بەستو لە ٧ی نیسان بەشێوەیەکەی فەرمی هاتە دامەزراندن بە ناوی حزبی بەعسی عەرەبی،

پاشان بە وڵاتانی دیکەی عەرەبی بڵاوبوویەوە، سەرەبات بە عیراقیش لە ڕێگای ئەو خوێندکارو مامۆستا عەرەبیانەوە هات کە لە عیراق دەیاخوێندن، ئیتر لەسەر دەستی ئەوان لە هەمان ساڵ لە عیراقیش هاتە دامەزراندن. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزمو کورد١٩٤٧- ١٩٧٥ توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسی‌یە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

(١) برایانی موسڵمان، بەرایی چالاکییەکانی ئەم گروپە بۆ ساڵی ١٩٢٧ دەگەڕێتەوە کاتێك لەسەر دەستی(شێخ حەسەن ئەحمەد بەنا"١٩٠٦-١٩٤٩") دەستی پێکردو، لە ساڵی ١٩٤٢ گەیشتە عیراقو، بنکە سەرەکییەکەی لە شاری مووسڵ دامەزراو گۆڤارێکیان دەرکرد بە ناوی(الاخوان المسلمین)، ئیتر ئەمانە وەکو گروپێکی نهێنی مانەوە، بەڵام دوای هاتنەوەی(محەمەد مەحموود سەواف) لە هاوینی ١٩٤٦ داواکارییەکی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی کرد بۆ ڕێگا پێدانیان بە شێوەیەکی ئاشکرا، کەچی حکومەت ڕازی نەبوو، بۆیە دووبارە لە ساڵی ١٩٤٩ داواکارییەکی دیکەیان پێشکەش کرد لە ژێر ناوی(کۆمەڵەی برایەتی موسلمان)، ئەمجارەیان حکومەت ڕازی بووو لە ١٣ی ئەیلوولی ١٩٤٩ ڕەزامەندیدا، ئیتر ئەم کۆمەڵەیە لە کارەکانی تا ساڵی ١٩٥٤ مایەوە، تا ئەم کاتەی حکومەت یاسای کارکردنی بە ئاشکرایی حزبەکانی هەڵوەشاندەوە. عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق،ص٢٠٠.

## تەوەری سێیەم:

# ڕووداوەکانی گاورباغی [1]

بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانیو هەموو ئەو دەرهاویشتە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسییانەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، باری گوزەرانی دانیشتوانی بە جارێك قورسکردو مۆرکی ژیانیانی لە ڕیشەوە گۆڕی. بە تایبەت ئەگەر بزانیین ئەم ڕەوشە هەموو چینو توێژو گشت کونجێکی کۆمەڵگای عیراقی گرتەوە، چونکە وڵاتی عیراق وەك پاشکۆیەکی ئابووریو سیاسیی دەوڵەتی زلهێزی بریتانیا، ئابوورییەکەی لە خزمەتی جەنگدا بوو وەکو لەمەوبەریش ئاماژەمان بۆ کرد. لێرەشدا هەرچەندە لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئەوسای عیراقەوە هەنگاو ڕووەو یارمەتیو چاککردنی باری گوزەرانی دانیشتوانی وڵات درا، بەڵام هیچیان نەگەیشتە ڕادەی پێویست.

لە ڕاستیدا، ئەو بەشەی کۆمەڵگا، کە بە هەژارو ڕەنجبەر ناوزەد دەکرێتو کرێکارانیش بەشێکی دیاری لێ پێك دێنن، لە هەمووان زیاتر کاریگەری ئەو بارودۆخەیان بەسەرەوە بوو. بۆیە ئەوان بەر لە

هەوارنامەی کورد

---

([1]) بەمەبەستی دیارکردنو دەستنیشانکردنی چوارچێوەیەکی وردو گونجاو بۆ ئەو ڕووداوانەی لە مانگی حوزیرانو تەممووزی ساڵی(١٩٤٦) لە شاری کەرکووکدا ڕوویانداوە، لە نێوان مێژوونووساندا جیاوازی کەوتووتەوە، هەیە بە **"مانگرتنی گاورباغی"**و هەیە بە " **ڕووداوی گاورباغی"** هەشە بە" **قەسابخانەکەی گاورباغی"** ناوزەدی دەکات. ڕاستییەکەی هەر سێکیان تا ڕادەیەك دروستن، بەڵام لێکدانەوەی هەموو ئەو ڕووداوانەی لەو دوو مانگەدا هاتنە ئارا، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە مانگرتنەکە ئاکامی کۆتایی هەوڵەکانی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عیراقی بووە نەك ئەسڵی مەبەست، ئەوە جگە لەوەی لەو ماوەیەدا چەند ڕووداوێك ڕوودەدات نەك یەك ڕووداو، وەك لەمەودوا باسیان لێوە دەکرێ. " **بەشی زۆری ئەم بابەتە پشت بەستراوە بە نامەی ماستەری"** دڵشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان، کەرکووك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی فیکریو سیاسیی(١٩٣٢- ١٩٥٨)، پێشکەش کراو بە ئەنجوومەنی کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، بڵاونەکراوە، ٢٠٠٦، ل ١٤٤ بە دواوە.

هەر چینو توێژێکی دیکە بۆ بووژانەوەو خستنەوە سەر پێی باری ئابوورییان بە پەرۆش بوون، لەبەر ئەوەی ئەم حاڵو بارە، بە کۆتایی هاتنی جەنگیش گۆڕانێکی بنەڕەتی ئەوتۆی بە خۆوە نەدی.

یەکێك لەو دیاردانەی لە سالآنی جەنگو دواتریشدا، جێ بایەخی هەرە گرنگی لە هزرو هۆشی کرێکارانی عیراقیدا داگیر کردبوو، بریتی بوو لە دامەزراندنی سەندیکایەکی تایبەت کرێکاران بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی مافو بەرپەرچدانەوە هەموو ڕەنگێکی چەوسانەوە، ئەو باسەی بە گڕوتینێکی تایبەتیو شەوقێکی بەرزەوە کرێکارانی عیراقی لە شارە گەورەکانی وەك بەغداو بەسرەو شوێنانی دی بکەونە هەوڵی هێنانە دی.

ڕووداوەکانی گاورباغیش یەکێك بوو لەو هەولآنە کە لە چاچێوەی دامەزراندنی سەندیکای کرێکاریو چاککردنی گوزەرانی کرێکارانی (کۆمپانیای نەوتی عیراقی) لە شاری کەرکوك درا، ئەو لاپەڕە گرنگە لە مێژووی خەباتی چینی کرێکاری عیراقی بە خوێن تومارکراوەو بووە بە خاڵی وەرچەرخانی کاریگەریش لە تێکۆشانی چینایەتیو سیاسیی کۆمەڵگای عیراقی، سەرەتای دەستپێکردنی ئەو ڕووداوانەش، بەرزکردنەوەی یادداشتێك بوو لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی١٩٤٦، کە چەند کرێکارێك لە پێناوی چاککردنی باری گوزەرانیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکەیان کردبوو، ئەو یادداشتە چەند داواکارییەکی تێدا هاتبوو:

١- دامەزراندنی سەندیکایەکی کرێکاری بۆ کرێکارانی نەوت وەك دەسەلآتێك بۆ لێپرسینەوە مافەکانیان.

٢- گۆڕانکاری هێنان بەسەر بارودۆخی کارکردنیان لە بواری موچەو ئامادەکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەو دابینکردنی خانوو یان خەرجکردنی کرێی خانووو بۆ زامنکردنی ژیانیان.

٣- دەستەبەرکردنی کۆمەلآیەتییان (الچمان الاجتماعی) بۆ دابین بکرێت لە پێناوی پاراستنی خۆیانو خێزانەکانیان لە کاتی نەخۆشیو بێکاریو پیریدا.

٤- لە بورای بەخشینو خەلآتەکاندا جیاوازیان نەکرێت لەگەڵ کرێکارانی تر بە تایبەت لە بەشە نەوتیانو جێبەجێ کردنی یاساکانی کرێکاری دەربارەی ڕێزلێنانو پشووەکان بۆیان.

لە بەرانبەردا، بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوتی عیراقی گوێی بۆ ئەو داواکارییانە شل نەکرد، بۆیە ئەمە وای کرد کە کرێکاران لەسەر داواکارییەکەیان مکوڕتر بن، ئەمجارەیان لە هەشتی حوزەیران،

کرێکاران چەند یادداشتێکی هەڕەشە ئامێزیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا کرد، کە بێزاری کرێکارانی نەوتی لەخۆ گرتبوو بەرانبەر بەو نا یەکسانییەی لە نێوان کرێکارەکانی نەوت لە کەرکوكو سوریاو فەڵەستین هاتووەتە ئاراوە، کە لە وێدا دەرماڵەی جەنگیان بۆ خەرج دەکرا. سەرباری ئەوەش ئەو یادداشتانە چەند گوزارشتێکی دوژمنکارانەی بەرانبەر بریتانیاو هاوسۆزی بۆ یەکێتیی سۆڤێیەت تێدا بوو، هەروەها لەو یادداشتانەدا ئەوەش ڕاگەیاندرابوو کە ئەگەر ئاوڕ لە کێشەکەیان نەدرێتەوە، ئەوا کرێکارانی نەوتی عێراقی لە کەرکوك پەنا دەبەنە بەر دەستپێکردنی مانگرتنێکی گشتی.

کۆمپانیای نەوتی عێراقی لەو ڕۆژە بەدواوە کارەکەی بەهەند وەرگرتو سەرەتاش کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ (عەبدولڕەزاق فەتاح) بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ هەر ڕووداوێکی لە ناکاو. لە سیانزەی هەمان مانگیشدا، کرێکارەکان هەڵسان بە پێکەوەنانی شاندێك لە پێناو دیدارو دانوستان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیانی نەوتی عێراقی. کۆمپانیانی نەوتی عێراقی مەبدەئی لەسەر بەشێکی زۆری داواکارییەکانی کرێکاران ڕازی بوو، بەڵام بۆ ئەوانی دی بەپێویستی دەزانی دەسەڵاتدارانی کۆمپانیاکە لە لەندەن ئاگادار بکرێتەوە، ئەمەش پێویستی بە کاتێکی زۆر هەبوو، ئیتر ئەوە بووە مایەی درێژە کێشانی قەیرانی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراقیو دواتریش ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی لێکەوتەوە.

هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی مانگرتنی گشتییەوە، ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی لە کەرکوك بە سەرۆکایەتی (یوسف حەننا یوسف) (١)، بە شێوەی کردارەکی کەوتنە پشتگیری لە داواکارییەکانی کرێکارانیو هاندانو ڕێبەری کردنیان. بە گوێرەی بیرەوەرییەکانی کرێکارێکی بەشداربوو، ڕۆژی سێی تەمموز کە یەکەم ڕۆژی مانگرتنەکە بوو، دەستە لاوێکی ڕۆشنبیری خوێنگەرم چووبوونە سەر یەکێك لە فارگۆنەکانی کۆمپانیاکەو بە زمانی جیاواز (کوردی، تورکمانی، عەرەبی، سریانی، ئەرمەنی) وتاریان بۆ کرێکارە گردەوەبووەکان دەخوێندەوە.

---

(١) یوسف حەننا یوسف، ناسراو بە ئەبو حیکمەت لە ساڵی ١٩٢١ لە شەقلاوە لە دایك بووە، ساڵی ١٩٤٤ خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٤٤ تەواو کردووە، ناوبراو لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقیو لەم کاتەوە ڕۆڵی کاری بینوە لە نێو ئەم حزبەدا، بە هۆی کاری سیاسی چەند جارێك بەند کراوە، ناوبراو لە دوای ڕاپەڕین بۆتە وەزیر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: یوسف حنا یوسف، مذکرات یوسف حنا یوسف(ابو حکمت)/ مطبعة التعلیم العالی، اربیل، دون سنة الطبع.

لیژنەی باڵای مانگرتن بە سەرۆکایەتی (یوسف حەننا یوسف) لە ڕۆژی چواری تەمموز، بە مەبەستی ڕاکێشانی حکومەت بۆ نێو کێشەکەو کردنی بە لایەنی نێوەند لە نێون کرێکارانو کۆمپانیاکە، ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بە بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆری کرێکاران سازدا، بەڵام حکومەت بەرەنگاری هەوڵەکانی کرێکاران بۆوەو کەوتە هەڕەشەو گوڕەشە لە کرێکارانو ژمارەیەکیشی لە بەشداربووانی ڕێپێوانەکە قۆڵبەست کرد، ئەوەی بووە هەنجەتێکی کارا بە دەستی لیژنەی باڵای مانگرتنەوە کە ڕاستەوخۆ لە ژێر سایەی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عیراقیدا بوو.

لێرەدا ناکرێ ڕۆڵی گەورەی هەر یەك لە کتێبخانەکانی کازیوەی نوێ (الفجر الجدید) بە خاوەندارێتی (عەبدولجەببار ئەلزوهەیری)و کتێبخانەی ڕۆشنبیریی نیشتمانی (الثقافة الوطنیة) بە خاوەندارێتی (ئەکرەم) ناوێك، لە کاریگەری بۆ سەر مانگرتنو بەردەوامێتییەکەی باس نەکرێ، لەبەر ئەوەی بە پێی وتەی چەند شایەتحاڵێك، کتێبخانەی ڕۆشنبیری نیشتمانی ببووە لانەیەکی چاکی حزبی شیوعی عیراقیو، لەوێ ڕۆژانەیان بەو کرێکارانە دەدا کە دەست کورتبوونو لە ئاکامی مانگرتندا دووچاری گرفتی دارایی هاتبوون.

شیاوی باسە، هەر لە ڕۆژی یەکەمی مانگرتنەوە (سێی تەمموز تا دوانزەی تەمموز) ڕۆژانە مانگرتووان خۆپێشاندانو گردبوونەوەیان لە (گاورباغی) [1] ئەنجام دەدا، لە کاتی ڕێپێواندا یەکێك لەو دروشمانەی کرێکاران بەرزیان کردبۆوە بریتی بوو لە:"نرید خبزنا وخبز عوائلنا".

هەرچەندە ڕووداوەکانی گاورباغی لە سەرەتادا بە پاڵنەری ئابووری سەریان هەڵدا، بەڵام لە سۆنگەی ئەو پەرەسەندنانەی بە خۆوەی دی ڕێرەوی ڕووداوەکانی بە ئاقارێکی سیاسییانەی ڕووتدا ڕۆشتن. کرێکارەکان ئێوارەی هەموو ڕۆژێك، وەك پیشە، لە گاورباغی کۆدەبوونەوەو وتاریان بۆ دەخوێندرایەوە. کرۆکی باسی ئەو وتارانە سەرجەمیان دژ بە سیاسەتی کۆمپانیاو حکومەتەکەی (ئەرشەد ئەلعومەری) [2] کە لە (یەکی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٦) کەوتبووە کارەوە. ئەوەی

---

([1]) شوێنێکە دەکەوێتە گەڕەکی ئەلماس لەبەشی ڕۆژئاوای شاری کەرکوك، ئەم شوێنە باغی مەسیحییەکان بوو، بۆیە لە ناو خەڵکی شار بە گاورباغی ناوی دەرکردبوو.

([2]) ئەرشەد عومەری، کوڕی حەسەن زیور کوڕی مەحموود کوڕی سلێمان کوڕی ئەحمەد عومەرییەو بنەماڵەکەیان لە مووسڵ دیارن. ئەرشەد لە ٩ی نیسانی ١٨٨٨ لە مووسڵ لە دایك بووەو لە خوێندنگای ئەندازەی شارستانی لە ئەستەنبوول لە ساڵی ١٩١٢ خوێندنی تەواو کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە شارەکەیو خزمەتی کردووە، ناوبراو زۆرێك

مانگرتنەکەی زێتر گرنگتر کرد، سروشتە چینایەتیو نیشتمانییەکەیو ڕێکوپێکی ڕێکخستنو ڕاستو دروستی دروشمو داخوازییەکانی بوو، ئەوە سەرباری ئەوەی تاقیکردنەوەیەکی گەورەش بوو لە پای سەلماندنی برایەتیی نێوان کرێکارانی کوردو عەرەبو تورکمانو ئاسووریو ئەمەرنی لە کەرکووکدا.

ڕۆژی حەوتی تەمموز بە ڕێککەوت (بابا عەلی شێخ مەحموود) [1] وەزیری ئابووری ڕێی کەوتە شاری کەرکووك، ئەوەش بووە هۆی سازدانی خۆپێشاندانێکی گەورە لە نێو شاردا، لەبەر ئەوەی وەزیر بەڵێنی بە شاندی کرێکارانی دابوو کە ئاورێکی بە خێریان لیَ دەدرێتەوە بەو مەرجەی بچنەوە سەر کارەکانیانو لەوەندە زیاتر پەکی کاروباری کۆمپانیاکە نەخەن، بەڵام پێداگرتنی کرێکارە مانگرتووەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراقی لە کەرکووك، حکومەتی ناچار بە هەڵوێست وەرگرتن کرد، ئەوەبوو یەکەم هەنگاویان لابردنی موتەسەڕڕیفو هێنانی موتەسەڕڕیفێکی نویَ بوو لە ڕێککەوتی هەشتی تەممووزدا، موتەسەڕڕیفی نویَ (حەسەن فەهمی)[2] کەسایەتییەکی عەرەب بوو، بە زەبتو ڕەبت ناسراو بوو. ئەم هەر زوو کەوتەخۆ بۆ پێچانەوەی ئەو بارودۆخە نائاساییو شڵەژاوەی شاری

---

پلەی کارگێری دیوە تا ئەوەی بۆ سەرۆك وەزیران، دوای شۆڕی چواردەی تەمموز چۆتە ئەستەنبوولو تا ساڵی ١٩٦٥ لە وێدا ماتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە بەغدا تا ئەوەی لە ٦ی ئابی ١٩٧٨ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عمر محمد الطالب، المصدر السابق.

([1]) بابا عەلی کوڕی شێخ مەحموود، لە بەهاری ساڵی ١٩١٢ لە سلێمانی لە دایك بووە، لە خوێندگای سەرەتایی لە بەغدا خوێندوویەتی، لە پاشان لە ساڵی ١٩٢٨ ناردراوەتە کۆلێژی فیکتۆریا لە ئەسکەندەرییەو ساڵی ١٩٣٢ دەرچووە، ساڵی ١٩٣٣ چۆتە زانکۆی کۆلۆمبیاو لە نیۆیۆرکو، پاشان بڕانامەی ئوستادی عولی لە ساڵی ١٩٣٨ بەدەست هێناوە، دوای گەڕانەوەی ماوەیەك بە کاری میریو ماوەیەکیش بە کاری بازرگانی، ساڵی ١٩٦٨ عیراق بەجیَ دەهێڵێو ڕوودەکاتە تارانو دواتریش بەیروت، ئینجا لە لەندەن نیشتەجیَ دەبیَ تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی دەکاتو تەرمەکەی دەهێننەوە سلێمانیو بە خاکی دەسپێرن. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی...ل ٢٨.

([2]) حەسەن فەهمی عەلی مەدفەعی، لە ١٣ی نیسانی ١٨٨٥ لە بەغدا لە دایك بووە، لە خوێندنگای مەدفەعی لە ئەستەنبوول ساڵی ١٩١٢ خوێندوویەتیو، لە شەڕی یەکەمی جیهانی بەشدار کردووە، ساڵی ١٩٢١ هاتۆتەوە عیراق پەیوەندی بە سوپاوە کردووەو پاشان لە ڕێزکانی پۆلیس خزمەتی کردووە، ناوبراو بۆتە موتەسەڕڕیفی دلیَم ساڵی ١٩٣٧، دواتر بۆتە هی بەغدا لە ساڵی ١٩٤٢، بەڵام گەڕاوەتەوە دلیَم لە ١٩٤٤، بە هۆی ئەم ڕووداوانەی کەرکووك لە ساڵی کرایە موتەسەڕڕیفی کەرکووكو لەوێدا مایەوە تا ئەوەی لە تشرینی دووەمی ١٩٤٦ کۆچی دوایی کرد. میر بصري، اعلام السياسة...، الجزء الثاني، ص٥١٧.

هەوڵنامەی کتێب

کەرکووك. بۆیە لە و پێناوەدا پەیوەندی بە شاندی کرێکارە مانگرتووەکانەوە کردو بەڵێنی جێبەجێکردنی هەموو ئەو داواکارییانەی پێدان کە لە توانادا هەیە بیهێنیتە دی. دەی مانگیش بەیاننامەیەکی بۆ ئەو کرێکارە مانگرتووانە بڵاوکردەوە، کە تیایدا هاتبوو کۆمپانیای نەوتی عیراقی ئامادەیە داخوازییەکانی کرێکاران جێبەجێ بکاتو دەرماڵەی کرێکارانو کرێی کاری زیادە خەرج بکرێتو هەروەها ڕۆژانی پشوودانو نەخۆشیو، کرێی کاریان بۆ بژمێردرێنو نەوتیش بەسەریاندا دابەش بکرێ. ئەوە جگە لەوەی کرێی سەفەرکردنی بۆ بەغداو گەڕانەوەیان لەلایەن کۆمپانیاوە خەرج بکرێ، تەنها بەو مەرجەی بگەڕێنەوە سەر کار، بەڵام تەوقی مانگرتنەکە بەو بەڵێنە زۆرانەی موتەڕڕسەریف نەشکێنراو، کرێکاران سووربوون لەسەر درێژەدان بە مانگرتن.

موتەسەڕڕیف یانزەی مانگو دوانزەی دیسان لەگەڵ شاندی کرێکاران کەوتە وتووێژەوەو داواکارییەکەی خۆی دووپات کردەوە کە بگەڕێنەوە سەرکارەکانیان، بەڵام ئەوان پێداگیرییان نواندو داواکاری نوێشیان هەبوو، کە بریتی بوو لە بژاردنەوەی کرێی کاری هەموو ئەو کرێکارانەی لە سێی مانگەوە مانیان گرتووە. ئەمەش وای لە موتەسەڕڕیف کرد شێوەزاری لە گەڵیاندا بگۆڕێو هۆشداریشیان بداتێ لە بەستنی هەر کۆبوونەوەو خۆپێشاندانێکی نایاسایی.

ئێوارەی ڕۆژی دوانزەی تەمموز ئەو کارەساتەی کە نەدەبوو بقەومی ڕوویدا، موتەسەڕڕیف بۆ بڵاوەپێکردنی کرێکارە مانگرتووەکانی گاورباغی فەرمانی لێدانی کرێکارەکانی دابووە بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڕێوەبەریش پاش وەرگرتنی فەرمانی موتەسەڕڕیف هەڵسا بە پێکەوەنانی هێزێکی چەکدار کە بریتی بوو لە چلو حەوت پۆلیسی سوارە، کاتژمێر پێنجو نیوی ئێوارە، هێزە چەکدارەکە توانی لە سێ لاوە دەورەی کرێکارە مانگرتووەکانی گاورباغی بگرن، کە ژمارەیان نزیکەی چەند هەزار کرێکارێك دەبوو، بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی دواتر لەلایەن حکومەتەوە ئەنجامدرا، یاریدەدەری بەڕێوەبەری پۆلیس (سەعید عەبدولغەنی) چەند جارێك فەرمانی بە مانگرتووان داوە بڵاوەی لێ بکەن، بەڵام بە گوێیان نەکردووە، بەڵکو کەوتوونەتە بەرد تێگرتنیشی، بۆیە ئەوانیش دەست دەکەن بە تەقە، لە ئاکامدا ژمارەیەك کرێکاری مانگرتو دەکوژرێو زۆری دیکەش زامدار دەبن.

ڕووداوەکانی گاورباغی هەستوسۆزی جەماوەری بە توندی کێش کردو ڕۆژی دواتر زۆر بە حەماسەوە جەماوەری کەرکووك بە ژنو پیرو منداڵانەوە هاتنە سەر شەقامەکانو داوای دەستبەجێ بەردانی گیراوەکانیان دەکرد. لە لایەکی دیکەشەوە، پارتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی ئەو ڕۆژگاری

عیراق، بە توندی ئەو قەسابخانەیان مەحکووم کردو یەك بە دوای یەك یادداشتو نارەزایی خۆیانیان ئاراستەی حکومەتەکەی (ئەرشەد ئەلعومەری) کرد.

ماوەتەوە بڵێین لە ئەنجامە گرنگو دیارەکانی مانگرتنی گاورباغی، رازیبوونی کۆمپانیای نەوتی عیراقی بوو لەسەر داواکارییەکانی کرێکارانو هەروەها هۆکارێکی بە هێزیش بوو لە ڕووخانی حکومەتەکەی (ئەرشەد ئەلعومەری) لە ١٤ی تەشرینی دووەمی١٩٤٦.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری چوارەم:

## ڕاپەڕینی (وەسبە)ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨

ئەنجامی ئەو ئالّوگۆڕەی لە سالّەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەسەر باری سیاسیو کۆمەلاّیەتیو ئابووری گەلانی عیراقدا هات، ڕژانە سەرشەقامو خۆپیّشاندانو مانگرتنو بەرزکردنەوەی دروشمی نویّو پیّشکەوتنخواز بووە دیاردەیەکی کاریگەری گۆڕەپانی خەباتی جەماوەری لە سەرتاسەری چواردە لیواکەی ئەوسای عیراق.

ڕاپەڕینی کانوونی دووەم، کە لە میّژووی هاوچەرخی عیراقدا بە"وەسبە" ناوی دەرکردووە، لە ئاکامی ئەو زنجیرە هەنگاوە چەوتانەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ڕۆژگاری پاشایەتی بوو، کە ئاراستەی پیّکەوەلکانی ولاّتی عیراق بەڕەوڕەوەی بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسیو سەربازییەکانی بریتانیا هەنگاوی دەنا. بیّ گومان ئەمەش بووە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی نارەزایی لەلایەن تەواوی چینەکانی کۆمەلّو پارتو ڕیّکخراوە ئاشکراو نهیّنییەکان.

لەو کاتەدا ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی ئەنگلۆ عیراقی سالّی ١٩٣٠ (پەیماننامەی دیلیّتی) لە سەرووی لیستی ئەو داواکارییانەوە بوو کە میللەتو ولاّتپەروەرانی بە توندی خوازیاری بوون، لەبەر ئەوەی ئەو پەرەسەندنە سیاسییانەی پاش جەنگ لە عیراقدا هاتنە ئارا، ڕیّگەیان بۆ زیّتر بەستانەوەی عیراق بە بەرژەوەندییەکانی بریتانی خۆش دەکرد، لە دیارترین ئەو هەنگاوانانەی مۆرکردنی پەیماننامەیەك بوو کە شویّنی پەیماننامەی سالّی١٩٣٠ی بگریّتەوە.

وەزارەتەکەی (سالّح جەبر) [1] کە لە ٢٩ی مارتی ساڵی ١٩٤٧ کەتبووە کارەوە ئەرکی سەرەکیی ئەو وەزارەتە بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ بوو لە شوێنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠، هەر وەك لە یەکێك لە پرۆگرامەکانی وەزارەتەکەی دانرا بوو:" **کار کردن بۆ هەمووار کردنی پەیماننامەی عیراقی- بریتانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەر دوولا... لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانو دەقەکانی پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی بەهێزکردنی ئەو دۆستایەتییەی کە لە نێوان عیراقو بریتانیای گەورەدا هەیە**" [2].

یەکەمین کۆبوونەوەی بەستنی ئەو پەیماننامەیە بەشێوەیەکی نهێنی لە٨ی مایسی ١٩٤٧ لە باڵیۆزخانەی بریتانیا لە بەغدای پایتەخت سازدرا، دواتر دانوستاندنەکان درێژەیان کێشاو شاندی عیراق چەند جارێك سەردانی لەندەنیان کرد. دواجار لە ڕۆژی ٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ شاندی عیراقی بە سەرۆکایەتی (سالّح جەبر، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران)و ئەندامێتی (نووری سەعید، وەزیری دەرەوە)و چەند کەسانێکی تر بۆ گفتوگۆی کۆتاییو مۆرکردنی پەیماننامەکە دەستنیشانکران. دوای زنجیرە دانیشتنێك لە ڕۆژی پانزەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ پەیماننامەکە لە بەندەری (پۆرتسمۆس) لەلایەن سەرۆکی وەزیران (سالّح جەبر) بە نوێنەرایەتی عیراقو سکرتێری دەوڵەتی بریتانی بۆ کاروباری دەرەوە (ئەرنست بیڤن) مۆرکرا.

پەیماننامەی (پۆرتسمۆس)، بە بەراورد لەگەڵ پەیماننامەی ساڵی (١٩٣٠) زۆر توندتر بوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەپێی پەیمانی سی ئینگلزەکان تەنها لە کاتی شەڕدا مافی ئەوەی هەبوو لەشکری خۆی بهێنێتە ناو خاکی عیراقەوە، ئەوا بە پێی (پەیمانی پۆرتسمۆس) ئینگلیز ئەو مافەی لە کاتی مەترسی پەیدابوونی شەڕیشدا وەرگرت، واتە هەر کاتێك لەندەن بیویستایە بە هەر بیانویەکەوە بۆی هەبوو لەشکر ڕەوانە عیراق بکات، هەروەها بە گوێرەی بەندی یەکەمی پەیماننامەکە، سەرانسەری خاکی

---

[1] محەمەد سالّح جەبر، لە ساڵی ١٨٩٥ لە ناسرییە لە دایك بووە، لە خوێندنگای ڕەشید خوێندوویەتیو پاشان چۆتە خوێندنگای جەعفەرییە لە بەغدا، زمانی ئینگلیزی خوێندووەو، ئینجا چۆتە خوێندنگای یاساو ساڵی ١٩٢١ دەرچووە. ناوبراو لە زۆرێك دامو دەزگاکانی میری کاری کردووەو پلەی زۆری وەرگرتووە تا ئەوەی کابینەی حکومەتیشی پێکهێناوە. سالّح جەبر لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٥٧ لە بەغدا کۆچی دوای کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: میر بصري، اعلام السیاسة...، الجزء الاول، ص٢٥٧ ومابعدها.

[2] عبدالرزاق الحسني، تاریخ الوزارات...، الجزء السابع، ص٢١٩.

عیراقی بۆ ماوەی بیست ساڵی ڕەبەق بووە بنکەیەکی بریتانی ڕووت، ئەوە جگە لە بەندەکانی دیکەی پەیماننامەی (پۆرتسمۆس) کە کلیلی زۆر بورای ژیانی سیاسیو کاروباری سوپای دابووە دەست دەسەڵاتدارانی ئینگلیز [1].

هەواڵی مۆرکردنی پەیماننامەی (پۆرتسمۆس) هەموو گەلانی عیراقی بە جارێك هێنایە خرۆشان، بە هەزاران خۆپیشاندەر ڕژانە سەر شەقامی شارە گەورەکانو نارەزایی گەل زۆر بە خێرایی گەیشتە ڕادەی بەرپابوونی ڕاپەرینێکی گەورەو کاریگەر. سەبارەت بە بەشداری جەماوەری کورد لە خۆپێشاندانو ڕێپێوانەکانی پایتەخت، ئەوا هەر لە یەکەمی ڕۆژی تەقینەوەی گەورەی جەماوەری عیراق تێکەڵ بە ڕووداوەکان بوون.

لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپێشاندانو ڕێپێوانەکانی بەغداو شارە گەورەکانی عیراق، وەرچەرخانێکی چۆنیەتی گەورە لە تێکۆشانی هاوبەشی دوو گەلی عەرەبو کورددا هاتە ئارا، کوردەکان زۆر بە پەرۆشەوە تێکەڵ بە ڕووداوەکانی ڕاپەرینی کانوونی دووەم بوونو کاریان کردە سەر ئاکامەکانی. سەرباری ئەوانەش دروشمی (برایەتی کوردو عەرەب) لەو ڕۆژانەدا بووە گرنگترین دروشمەکانی ڕاپەرینی کانوونی دووەم عیراقدا. ئەو چاکەیشە بۆ ڕۆڵی حزبی شیوعی عیراقیو پارتی دیموکراتی کورد دەگەڕایەوە کە لەو پێناوەدا ڕۆڵی هەر کاریگەریان بینی بە تایبەت لە ناوچە کوردنشینەکاندا.

لە یەکەمین کاردانەوەی مۆرکردنی پەیماننامەکە لە ١٥ی کانوونی دووەم جگە لە حزبەکانی ناو لیژنەی هاریکاری کە لە: پارتی دیموکراتی کوردو حزبی شیوعیو باڵی چەپی حزبی گەل پێك هاتبوون، حیزبی نیشتمانی دیموکراتو حیزبی ئازادیخوازانو حیزبی سەربەخۆیی بەیاننامەیەکیان دژی پەیماننامەکە دەرکرد کە تیایدا داوایان کرد گەلی عیراق ئەو پەیماننامەیە ڕەت بکاتەوەو، ئاماژەشیان بۆ ئەوەکرد کە حکومەتکەی (ساڵح جەبر) بۆی نییە بەهیچ شێوازێك بە ناوی گەلی عیراقەوە پەیماننامەی لەو شێوەیە مۆر بکات.

دیار دوای دەرکەوتنی ئەو هەڵوێستە لە ڕۆژی ١٩ی مانگدا بە هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقامەکانو دروشمی برۆخی حکومەتی (ساڵح جەبر)و بمرێ پەیماننامەی (پۆرتسموس) بەرز کردبۆوە،

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ ناوەرۆکی پەیماننامەی پۆتسمۆس بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات...، الجزء السابع، ص٢٣٩-٢٤٧.

هەرچەندە حکومەت لەو ڕۆژەوەو لە دواتریش ڕێو شوێنی توندو تیژی لە بەرانبەر خۆپیشاندەران گرتەبەر، بەڵام ئەوە نەبووە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی لە ڕیزەکانی ڕاپەڕینەکە کەم بکاتەوە، بەڵکو توندوتیژییەکانی هێزەکانی پۆلیس بووە هۆکاری ئەوەی کە دەنگی ناڕەزایی زیتر لێبکەوێتەوەو ڕیزی خۆپیشاندەران زیاتر بکاتو ڕاپەڕینەکە بەردەوام بێت.

ڕۆژی ٢٧ی مانگ کە بە ڕۆژی وەسبە ناسراوە ڕاپەڕینێکی جەماوەری گەورە تەواویی بەغدای گرتەوە، بەمەش لە نێوان هێز خۆپیشاندەرانو هێزی حکومەت، دانستانێکی گەورەی لێکەوتەوەکە بە درێژایەتی حکومەتی پاشایەتی داستانی هاوشێوەی وای بە خۆیەوە نەبینیوە، کە لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی بەرەی (ڕەسافەو کەرخ) ژمارەیەکی زۆر کوژراو برینداری لێکەوتەوە.دیار ئەو ڕووداوەش کاریگەری خۆی کردە سەر حکومەتی عیراقی بۆ ئەوەی بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، بۆیە وەکو گرنگترین ئەنجامەکانی ئەو ڕاپەڕینە حکومەتەکەی (ساڵح جەبر) هەرەسی هێناو لە شوێنی ئەو (محەمەد سەدر) [1] وەکو نیشتمانپەروەرێك حکومەتی پێکهێناو پەیماننامەکەش هەڵوەشایەوە.

هەوالنامەی کتێب

([1]) محەمەد سەدر، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٣ لە بنەماڵەیەکی ئایینی کازمییە لە دایك بووە، لە زانستی ئادینی خوێندوویەتی، ناوبراو چەند پلەیەکی کارگێری لە دوایی دروست بوونی حکومەتی عیراقی وەرگرتووە تا ئەوەی کابینەی حکومەتی پێکهێناوە. سەدر لە ٣ی نیسانی ١٩٥٦ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: میر بصري، اعلام السياسة...، الجزء الاول، ص ص١٢٩-١٣١.

## تەوەری پێنجەم:

# ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٢

شکست هێنانی سیاسیو سەربازی شەڕی عەرەب- ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بوو لە نەمانی متمانەی جەماوەرو شەقامی عەرەبی بە سیستەمە حکومڕانییەکانی ئەوکاتە، هەر ئەوەش بوو وای کرد لە سەرەتاکانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم، بزووتنەوەی نیشتمانی عەرەبی دوو هەڵوێستی جیاواز وەر بگرن. یەکەمیان خۆی لە خەباتکردنی حزبە سیاسییەکانو جەماوەری گەلدا ببینێتەوە کە دژ بە حکومڕانی ئیستعماری بوون، دووەمیشیان بریتی بوو لەو کەسانەی کە بە ناوی حکومڕانی نیشتمانییەوە دەسەڵاتدارییەتی وڵاتیان دەکردو خۆیان بە سیستەمی ئیستعمارەوە بەستابوویەوە.

شیاوی باسە، هاتنە پێشەوەی ئەو ڕەوشەی ئاماژەی بۆ کرا هاوکات بوو لەگەڵ ئەو پێشهاتە سیاسیانەی کە لە ئاسیاو ئەوروپای ڕۆژهەڵاتو ئەفریقیا هاتبووە پێشەوە وەکو سەرکەوتنی گەلی چینو دامەزراندنی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە هاوکات بوو لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا لە وڵاتانی عەرەبی چەند کودەتایەکی سەربازی ڕوویاندا(١).

---

(١) ئەم ڕووداوانەی کە ڕوویاندا لە سەر ئاستی ناوچەکانی نیشتمانی عەرەبی بریتی بوون لە کودەتای(حسنی زەعیم) لە ٣٠ی مارتی ١٩٤٩ لە دیمشق بەمەبەستی هێناخوارەوەی(شوکری قووەتلی) لە دەسەڵات، هەروەها ئەنجامدانی دوو کودەتای دیکە هەر لە سوریا یەکیان بە سەرۆکایەتی(سامی حناوی) لە ١٤ی ئابو، کودەتاکەی دیکە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ(ئەدیب شیشکلی).جگە لەوەش سەرۆك وەزیرانی لوبنان (ریاز سلوح) لە ١٦ی تەمموزی ١٩٥١و،(شا عەبدوڵڵا)ی شای ئوردنیش لە ٢٠ی تەمموزی هەمان کوژران. هەروەها لە میسریش شۆڕشی ٢٣ی تەمموزی ١٩٥٢ سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات...، الجزء الثامن، ص ص ٢٩٢- ٢٩٣.

ئیتر ئەمانە بوونە فاکتەری پاڵنەر، ئەوە جگە لەو کاریگەرە هەرێمایەتیانەی کە دەهاتنە پێشەوە لە سەرووی هەموویانەوە خۆماڵی کردنی نەوت لە ١٥ی مارتی ١٩٥١ لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێران کە ڕووداوێکی گەورە بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنگی زۆری دایەوە. لێرەشدا گەلی عیراق پێشوازی لەو هەنگاوە کردو بە گرنگی وەسف کرد، هەروەها لە ڕێگای حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو جەماوەرییەکان داوایان لە حکومەت کرد هەنگاوێکی چارەنووسازی لەو جۆرە باویَ. بەڵام ڕژێمی پاشایەتی لە بری ئەوەی کارێکی وا بکات هەڵسا بە بەستنی ڕێککەوتننامەیەکی نویَ لە شوباتی ١٩٥٢ لەگەڵ بریتانیا، بەمەش عیراقی بە شێوەی پاشکۆیەتی بە سیاسەتو ئابووری بریتانیا بەستایەوە. ئەمەش بووە هۆی ناڕەزاییو ڕەتکردنەوەی لەلایەن تەواوی جەماوەرو حیزبە سیاسیو نیشتمانییەکان، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەماشای باری سیاسی ناوخۆی عیراق بکەین، ئەوە دەبینین حیزبەکان لە قۆناغەدا تاڕادەیەك هاو هەڵوێست بوون لە بەرانبەر ڕووداوەکان، ئەگەرچی لە ڕووی بیرو فکرەوە لە یەکتر جیاواز بوون. لێرەشدا هەریەك لە حیزبی شیوعی عیراقی و پارتی دیموکراتی کورد تازە هاتبوونەوە سەر گۆڕەپانی کارکردنو ڕۆڵیان هەبوو لە گردکردنەوەی جەماوەرو یەکخستنی هەڵوێستیان [1].

لە ناو ئەو بارودۆخەی کە ئاماژەمان بۆ کرد (مستەفا عومەری) [2] لە ١٢ی تەمموزی ١٩٥٢ وەزارەتێکی نوێی پێکهێنا، بەڵام وەزارەتەکەی هیچ ئامانجێکی نیشتمانی لە خۆ نەگرتبوو، تەنیا ئەوەندە نەبێت دەبوو کار بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانو هەڵبژاردنێکی نویَ بۆ ئەوەی وڵات لەم تەنگەژەیە ڕزگار بکات.

---

(١) لەبەر ئەوەی حیزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٤٩ زۆرێك لەسەرکردەکانی لە سێدارە درابوو، پارتیش بەشێکی زۆری دەست گیرکرابوونو لەو ماوەیەوە لەگەڵ بەستنی گۆنگرەی دووەمی دەستیان بە چالاکی کردبۆوە.

(٢) مستەفا مەحمود عومەری دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی عومەری شاری مووسڵ، ساڵی ١٨٩٥ لە مووسڵ لە دایك بووەو لە وێدا خوێندوویەتی، پاشان چۆتە بەغداو چۆتە خوێندنی یاسا، لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەم چۆتە خزمەتی سەربازی، لە خوولی ئەفسەری بەشداری کردووە، لە شەڕەکان بەشدار کردووە، ناوبراو لە دوای دامەزراندنی حکومەتی عیراقی کۆمەڵێك پلەو پایەی وەرگرتووە تا ئەوەی بۆتە سەرۆك وەزیران. عومەری لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٦٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عمر محمد الطالب، المصدر السابق.

حیزبە سیاسییەکان بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە لە ڕێگای نووسراوەوە چەند داواکارییەکییان خستە بەردەم وەسی (عەبدولئیلا) کە بە شێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکەکانیان خۆی لە داکۆکی کردن لەمافەکانی گەلو چارەسەرکردنی بارودۆخی وڵات لە ڕووی ئابووریو سیاسی دەبینی، لەگەڵ ئەوەش داوای نەمانی پەیماننامەی ١٩٣٠ یان دەکرد لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆو گۆڕانکاری لە یاسا بنەرەتییەکان.

(وەسی) لە بەرانبەر ئەو داواکارییانە هیچ بەڵێنێکی جێبەجێ کردنی نەدا، دوای ئەوەش هەڵسا بە ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ، لێرەشدا حیزبەکان بە یەك هەڵوێست بڕیاری بەشدارنەکردنیاندا لە هەڵبژرادنەکاندا، بەمەش ناکۆکی نێوان حکومەتو حزبەکانو نزیکبوونەوەی حیزبەکانو جەماوەر هاتە کایەوە.

ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەم بەسەرپەرشتی (وەسی)و بە بەشداری سەرۆك وەزیرکانی پێشوو، سەرکردە حیزبییەکانو، کەسانی بەرپرسی حکومەت کۆبوونەوەیەکی بە فراوان ئەنجامدرا، بەڵام هیچ ئەنجامی لێنەکەوتەوە. دوای ئەوەش لە ناوی ئەو بارودۆخەدا کێشەی خوێندکارانی کۆلێژی دەرمانسازیو کیمیا سەری هەڵداو بووە هۆکاری ڕاستەوخۆی بەرپابوونی ڕاپەڕینەکە. خوێندکاران لە ٢٦ی تشرینی یەکەم مانگرتنیان دەست پێکرد لە دژی بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی دەربارەی سیستەمی پەرینەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. مانگرتنەکە تا ١٩ی مانگ بەردەوام بوو تا ئەوەی بە هەڵوەشانەوە بڕیارەکە کۆتایی هات. جێگای ئاماژە بۆ کردنە حیزبە سیاسییەکانی ئەوکاتەی سەر گۆڕەپانی عیراقی لە ڕۆژانی مانگرتنەکە پشتگیری تەواوی خوێندکارانیان دەکردو یارمەتییان دەدان.

ڕەزامەندی حکومەتو وەزارەت کۆتایی بە بارەکە نەهێنا، بەڵکو بۆ جارێکی دیکە لە ٢١ی هەمان مانگدا خوێندکارانی کۆلێژی دەمانسازی هاتنە سەر شەقامو دەستیان بە خۆپێشاندانێکی گەورە کرد، ئەمەش وای کرد لە لایەك بەشێکی زۆر لە چینو توێژەکانی دیکە بەشداری خۆپێشاندانەکە بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە مانگرتنە زانستییەکە بە ئاقارێکی سیاسی ڕووتدا ببەن. ئەنجام بە درێژایی ڕۆژانی ٢١،٢٢، ٢٣ی مانگ تەواوی شاری بەغدای گرتەوە، ئەمەش وای کرد کە خۆپێشاندانەکە پەرە بسەنێتو لە ڕۆژی ٢٣ی مانگدا هێرش بکرێتە سەر نوسینگەی زانیاری ئەمەریکیو، لە دواتریش بنکەی پۆلیسی (باب شێخ) بسووتێنرێت، لەگەڵ هەریەك لە بارەگای حزبی ئومەی دەستوری کە (نووری سەعید) سەرۆکایەتی دەکرد، لەگەڵ ڕۆژنامەی عیراق (تایمز). ئەنجامدانی

ئەو ڕووداوە دەبێتە هۆکاری بەرپابوونی شەڕو پێکدادان لە نێوان جەماوەرو پۆلیس بەمەش بەشێك لە بەشدار بووان دەکوژرێن‌و بەشێکیش بریندار دەکردو بەند دەکرێن.

جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەو ڕاپەڕینە ئەگەرچی سەرەتا لە بەغدای پایتەخت دەستی پێکرد، بەڵام هەر زوو بە ناوچەکانی دیکە عیراق بڵاوبوویەوەو خەڵکی بەشداری گەورەیان تیایدا کرد، وەکو دەبینین لە شاری سلێمانی‌و کۆیە ڕاپەڕینی جەماوەری ڕوویداوەو هاوسۆزی بۆ ڕاپەڕینەکەی بەغدا ڕاگەیەندراوە.

لە ڕاستیدا، ئەنجامی پەرەسەندی خێرای ڕاپەڕینەکە بوو هۆکاری ئەوە کە حکومەتی (مستەفا عومەری) دەست لەکار بکێشێتەوەو (وەسی)یش هەوڵەکانی خۆی خستە گەر بۆ دروست کردنی حکومەتێکی تازە بە سەرۆکایەتی (جەمیل مەدفەعی) [1]، بۆ ئەوەی بە هەمان بیرۆکەی پێشوو تەنیا ڕاپەڕینەکە کپ بکاتەوە، بەڵام ئەمجارە بۆ نەچووە سەر بۆیە (مەدفەعی) نەیتوانی حکومەت پێك بهێنێ. لەبەر ئەوەی دامەزراندنی حکومەتێك بەسەرۆکایەتی (کامل چادرچی) [2]و بەشداربوونی پارتە سیاسییەکان بۆ دژایەتی داگیرکەران‌و بەدەست هێنانی داخوازییە نیشتمانییەکان یەکێك لە ئامانجەکانی گەل بوو. ئیتر بە بێ ئومێد بوونی (وەسی) لە دامەزراندنی ئەو کابینەیە، هەڵسا بە پەیوەندی کردن بە هێزی سوپاو سەرکردەکانی سوپا بۆ ئەوەی حکومەتێکی سەربازی دابمەزرێنێ بە

---

(1) جەمیل مەدفەعی، جەمیل کوڕی محەمەد عەباس، لە ساڵی ١٨٩٠ لە مووسڵ لەدایك بووە، لە خوێندنگای سەربازی خوێندوویەتی، پاشان چۆتە ئەندازەی سەربازی لە ئەستەنبوول‌و لە ساڵی ١٩١١ بە ئەفسەری تۆپهاوێژ دەرچووە. ناوبراو بەشداری کردووە لە شەڕەکانی بەلقان‌و چەنگی یەکەمی جیهانی. ساڵی ١٩٢٣ هاتۆتەوە عیراق‌و ژمارەیەك پلەوپایەی وەرگرتووە. ناوبراو لە ٢٦ی تشرینی ١٩٥٨ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عمر محمد الطالب، المصدر السابق.

(2) کامل چادرچی، کامل کوڕی ڕەفعەت کوڕی عەبدولڕەئوف کوڕی مەحموود ئاغاو بنەماڵەکەیان لە بەغدا بە ناوبانگە، لە ٤ی نیسانی ١٨٩٧ لە دایك بووە، لە خوێندنگای ئامادەیی خوێندوویەتی، پاشان چۆتە خوولێکی تەندروستی‌و تیایدا بە پەرستیار لە نەخۆشخانەی سەربازی بەغدا دەرچووە، بە هۆی هاتنی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لەگەڵ بنەماڵەی بەغدایان جێ هێشتووە، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٢١ گەڕاونەتەوەو پەیوەندی کردووە بە خوێندنگای یاسا، ناوبراو زۆرێك پلەو پایەی بینیوە تا ئەوەی سەرۆکایەتی کابینەی پێسپێردراوە. چادرچی لە شوباتی ١٩٦٨ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: میر بصري، اعلام السياسة...، الجزء الاول، ص ٢٧٣ ومابعدها .

سەرۆکایەتی (نوورەدین مەحموود) [1]، ئەنجام ناوبراو لە ٢٣ی تشرینی دووەم حکومەتێکی دامەزراند. کە ئەرکی سەرەکی لە ناوبردنی ڕاپەڕینەکە بوو. بۆ ئەو مەبەستەش لە شەوی ٢٣ی مانگدا شەقامەکانی بەغدای بە تانك‌و زریپۆش پڕکردن کە لە سیمای کودەتایەکی سەربازی دەچوو، هەروەها لە ڕۆژی ٢٤ یشدا حکومی عورفی ڕاگەیاندو هەموو خۆپیێشاندان‌و کۆبوونەوەیەکی قەدەغەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا کاری حیزبایەتیش قەدەغەکرد، هەروەها ئەو ڕۆژنامانەشی قەدەغەکرد کە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکە ستایشی ڕاپەڕیوانی کردبوو. جیا لەوانەش شاڵاوێکی فراوانی بۆ بەندکردن دەست پێکرد، کە بەشێك لە نیشتمانپەروەران‌و سەرکردە حیزبیەکانیشی گرتەوە ژمارەیان گەیشتە نزیکەی ٢٢٠ کەس، ئەوە جگە لە دەست گیرکردنی سەدان لە خۆپیشاندەران.

ئەنجامی ئەو کارانەی حکومەت بوو هۆکاری ئەوەی کە لە ٢٤ مانگدا خۆپیێشاندانێکی گەورە لە شاری بەغدا بەرپابوو، لەلایەن خوێندکارانی کۆلێژەوە دەست پێکراو، خەڵکیش هاتنە ڕیزییەوە تا ئەوەی بەرەی (کەرخ‌و ڕەسافە) چەندان دروشمیان بە سوپا هەڵدا بۆ ئەوەی ئەفسەرەکان هاندەن کە بێنە ڕیزی ڕاپەڕینەکەوە.

شیاوی باسە، ڕاپەڕینی تشرینی دووەمی ١٩٥٢ سەرەڕای چەندان قوربانی نەیتوانی ئامانجەکانی بەدی بێهێنێت، لەبەر ئەوەی بە ڕێگای سوپایی‌و پۆلیسییەوە لەناو برا، ئەمەش بووە جێگای خۆشحالی ئینگلیزەکان‌و پیرۆزبایی کردنیان لە (وەسی)و هەنگاوەکانی، بەڵام ئەو ڕاپەڕینە بووە وەرچەرخانێك لە مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی عیراقی کە بۆ یەکەمین جار دروشمی کۆماری بەرز کردبۆوەو بە پێویستێکی سەرەکی لەم قۆناغەی خەباتی نیشتمانی دانا ، هەروەها لەسەر ئاستی عەرەبی‌و جیهانیش بووە دەنگدانەوەیەکی گەورەو کاریگەر لە ڕۆژنامەو ناوەندە سیاسییەکاندا.

---

[1] نوورەدین مەحموود، لە ساڵی ١٨٩٩ لە مووسڵ لە دایك بووەو، ساڵی ١٩١٧ لە خوێندنگای سەربازی لە ئەستەنبوول دەرچووە. بەشداری شەڕی یەکەمی جیهانی کردووەو، پاشان لە سوپای عیراق خزمەتی کردووە، ناوبراو زۆر ێکی پلەی دیوە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عمر محمد الطالب، المصدر السابق.

## تەوەری شەشەم:

# پەیماننامەی بەغدا ساڵی ١٩٥٥

لە سەرو بەندی جەنگی دووەمی جیهانی وڵاتانی عەرەبی ڕووبەرووی پاڵەپەستۆیەکی توندی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە گشتیو، بریتانیاو ئەمەریکا بەتایبەتی هاتنەوە، بەهۆی پێشکەش کردنی پرۆژەی پارێزگاری کردنی ئەنگلۆ- ئەمریکی لە دژی هەوڵەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگر لەبەردەم هەوڵەکانیان لە گەیشتنیان بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەی لە دواتریش ئەو هەوڵەی چڕتر کردو ئارەزووی ئەمریکییەکانی زیاتر کرد پێشکەوتنی هەستی نەتەوەییو پەرەسەندی بزووتنەوەی نیشتمانی بوو بۆ ڕزگاربوون لە کۆتو بەندی ئیستعمارییەتی، کە لە ڕێگای بەستنی پەیماننامە سەپاند بوویان بەسەر گەلانی ناوچەکە.

لێرەشدا ئەگەرچی بریتانیا لە ناخەوە ئارەزووی زۆر بوونی دەسەڵاتی ئەمەریکییەکانی لە ناوچەکە نەدەکرد ، لەبەر ئەوەی بە هی خۆیان دەزانی، کەچی لەسەر پێشکەش کردنی پرۆژەی سەرپەرشتی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕازبوو کە ئەمەریکا پێشکەشی کردبوو، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت پارێزگاری لە بەشێك لە دەست کەوتەکانی لە ناوچەکەدا بکات.

لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٥١ هەر یەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بریتانیا، فرەنسا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد، دەربارەی چۆنییەتی سەرپەرشتی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لێرەشدا بانگی هەر یەك لە حکومەتەکانی عەرەبیو ئیسرائیلو باشووری ئەفەریقیاو ئوستراڵیاو نیوزلەندایان کرد بەشداری تیایدا بکەن، بۆ ئەوەی بنکەی سەرەکی ئەو بەرنامەیە لە میسر دابنێن. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە هەر سێ وڵاتی سەرەکی بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی دیکە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دروست کردنی هاوپەیمانییەتێکی وا لە بەرژەوەندی پێشکەوتنی لایەنی ئابووریو کۆمەڵایەتی ناوچەکە دایە.

دیارە ڕاز بوون لەسەر ئەوپرۆژەیە (پرۆژەی سەرپەرشتی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لەلایەن گەلی عەرەبی ڕووبەرووی ڕەتکرنەوە هاتەوە لەبەر ئەوەی:

١- نیشتمانی عەرەبی دەکردە بنکەیەك بۆ هێزەکانی ئەمەریکی، فرەنسی، بریتانی.

٢- بەشداری کردنی ئیسرائیل لەو پرۆژەیە مانای سەپاندی بوو لە ناوچەکەو جۆرە دان پیانێك بوو لەلایەن وڵاتانی عەرەبی.

٣- یەکێتی سۆڤییەتیش کاریگەری هەبوو لەسەر هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی کە دروستکردنی بەرەکە خۆی لە دژی ئەو بوو.

ئیتر هەر لەبەر ئەوە هەوڵدرا هەندێ گۆڕانکاری شکلی لە پرۆژەکە بکرێت. بەڵام ئەوە نەبووە هۆکاری ئەوەی کە وڵاتانی عەرەبیو شەقامی عەرەبی پێ ڕازی بن، ئەگەر ئەوان بە ئاشکرا درك بە هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەن، چونکە ئەمەریکا وەکو بیانوویەك ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە لەگەڵ کەم بوونەوەی دەسەڵاتی بریتانیا لە ناوچەکەدا، پێویستە هێزێك هەبێت بۆ ئەوەی بەر لەو شاڵاوە شیوعییە بگرێت کە بەشەڕ یان بە ئاشتی ڕەنگە دەست بەسەر ناوچەکە بگرێت، لە بەرانبەر ئەوەشدا نیشتمانی وڵاتانی عەرەبی هاتنی تەوژمی شیوعییەتی بە مەترسی لەسەر خۆی نەدەزانی، بەڵکو ئەوەیان زیاتر بە گرنگ دەزانی کە ئەوان هاریکاری ئیسرائیل نەکەنو لە هەوڵو کۆششی ئەوە دابن کە ئازادیو ڕزگاری بۆ گەلانی خۆیان دەستەبەر بکەن.

کاتێك (نووری سەعید) وەزارەتی یازدەهەمینی خۆی لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٥٠ پێکهێنا هەر زوو کەوتە هەوڵی ئەوەی لەخزمەتی ڕۆژئاوا کار بکات، هەر بۆیە دوای ماوەیەك لە دەست بەکاربوونی لە کۆنگرەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوە کارێکی ئەستەمە بتوانی بێلایەن بێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ لایەکیان بێت، بۆیە ئەمیش بەرەی ڕۆژئاوای پێ باشتر بوو. لێرەشدا وەك کاردانەوەیەك پارتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی ئەو کاتەی عیراقو ڕۆژنامەکان کەوتنە بەرپەرچدانەوەی ئەو وتارەو، سەربەخۆییو بێلایەنی گەلی عیراقیان بە پێویست زانی، هەر بەمەشەوە نەوەستان، بەڵکو کەوتنە پەیوەندی کردن بە جامعەی وڵاتانی عەرەبیو بیروڕاکانی خۆیان دووپات کردەوەو لە ناوخۆی عیراقیش

بەرەیەکیان بەناوی بەرەی گەلی یەکگرتوو (الجبهه الشعبیه المتحده) [1] پێکهێناو چەندین بەیاننامەیان دەرکردو، بە پێویستیان زانی کە عیراق خۆی بێلایەن بگرێت.

بابەتی پارێزگاری کردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دژی هەوڵەکانی یەکێتی سۆڤییەتو هاوپەیمانەکانی بوو بە یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمەریکا بە تایبەت دوای هەڵبژاردنی (ئەیزەنهاور) بە سەرۆکی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٥٢، لێرەشدا وەزیری دەرەوە ئەمەریکا (جۆن فوستر دالاس) گرنگییەکی زۆریدا بەو بابەتە، بۆیە لەگەڵ (هارولد ستاسن) بەڕێوەبەری ئاسایش لە ساڵی ١٩٥٣ کەوتنە گەشت بە ناوچەکە کە یازدە دەوڵەتی گرتەوە هەر لە دەریای ناوەڕاستەوە تاوەکو سنوورەکانی سینو ڕووسیا. ئەنجامی ئەو سەردانە لە ناوخۆی زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی دەنگی ناڕەزایی لێکەوتەوە لە وانە لە ناوخۆی عیراق، حیزبی شیوعی لە بەیننامەیەکدا دژایەتی خۆیان بۆ هەوڵەکانی (دالاس) ڕاگەیاند بوو، چونکە (دالاس) لە جێگە پرۆژی بەرگری کردنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆژەیەکی دیکەی بە ناوی پشتێنەی باکوور پێشکەش کرد بوو کە هەمان ئامانجی پرۆژەکی پێشووی هەبوو.

دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی بەرەی ڕۆژئاوای هەوڵی ئەوەدرا کە ئاقاری کارەکانیان بە شێوزایێکی دیکە بگۆڕن، ئەویش لە ڕێگای بەستنی پەیماننامەی دوو قوولی کە وڵاتانی ناوچەکە ببەستێتەوە بە بەرژەوەندییەکانی ئەوانەوە، ئەو ماوەیەش پەیماننامەی ١٩٣٠ نێوان عیراق بریتانیا خەریك بوو تەواو دەبوو، بۆیە بریتانیا کەوتە بیری ئەوەی کە هەوڵی ئەوە بدات لە عیراق بمێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بریتانیا داواتی (عەبدولئیلا) کردو لەوێش کەوتە هەوڵی ئەوەی کە (نووری سەعید) ڕازی بکرێت بەهەر شێوەیەك بێت بگەرێـتەوە عیراقو حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنی، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە (نووری سەعید) لە دەرەوە بوو بە هۆی ئەوەی لە دەسەڵات لابرا بووو، حکومەتێکیش لە ١٧ی ئەیلول ١٩٥٣ بە سەرۆکایەتی (محەمەد

---

([1]) بەرەی گەلی یەکگرتوو(الجبهة الشعبیة المتحدة)، لە ساڵی ١٩٥١ هاتە دامەزراندن لەسەر دەستی کۆمەلێك لە بەرەی دەستووری پەرلەمانیو کۆمەڵێك لە بەرەیی ئۆپۆزسیۆن، لەگەڵ پارتی نیشتمان دیموکراتیو هەندی ئەندامانی پارتی ئازادیخوازان. یەکەمین کاری ئەوانە ئەوە بوو کە بێ لایەن بن. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالجبار حسن الجبوري، المصدر السابق، ص ١٩٤ ومابعدها.

فازل جەمالی) [1] دامەزرابوو کە ئەو تیایدا بەشدار نەبوو. ئەوە بوو (نووری سەعید) گەڕایەوە عیراقو پرۆژەی دامەزراندنی وەزارتێك پێشکەش بە مەلیك (فەیسەڵی دووەم) کرد دوای دەست لە کار کێشانەوەی (ئەرشەد عومەری)، کە پرۆژەو پلانی حکومەتەکەی لە ناوخۆو دەرەوە ئاماژە بۆ کرد بوو، کە لە باری دەرەوە جەختی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی نێوان عیراقو وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەرووی هەموویان بریتانیا دەکرد، بە بیانووی پارستنی سەلامەتی وڵات.

کاتێك مەلیك لەسەر داواکارییەکەی ڕازی بوو، (نووری سەعید) لە ۳ی ئابی ۱۹٥٤ حکومەتی دامەزراندو کەوتە جێبەجێ کردنی کارەکانی کە هەر لەسەرەتاوە کەوتە لێدانی تەواوی ئەو هەوڵو تێکۆشانە حیزبیانە کە لە ناوخۆی شەقامی عیراقی کاری پێدەکرا تا ئەوەی هەموو کۆبوونەوەو ڕێکخستنێکی بەرفراوانی قەدەغە کرد، لەگەڵ داخستنی هەموو ئەو پارتو یانەو کۆمەڵە سیاسیو کۆمەلایەتیو ئەدەبیی وەزرشیانەی کە ژمارەیان ٤٦٥ پارتو کۆمەڵەو نادی دەبوون. هەروەها لە ناوخۆی وڵاتیش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەنجامدارو (نووری سەعید) ۱۲۱ کورسی لە کۆی ۱۳٥ کورسی بردەوە. ئەمە وای کرد کە بکەوێتە هەنگاو نان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەتی بە بیانووی ئەوەی کە مەترسی شیوعەییەت بەهۆی نزیکەیەوە لە عیراق لە هەموو وڵاتانی دیکە زۆرترە، بۆیە هەرچی زووە دەبێت هاوپەیمانییەتی ناوچەیی ببەستێت لەگەڵ هاوپەیمانەتییەك لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاواوە بۆ ئەوەی بەربەست لەبەردەم ئەو مەترسییە دروست بکەن.

شیاوی باسە، هەنگاوەکانی (نووری سەعید) بوونە جێگای نارەزایی وڵاتانی عەرەبی، هەر بۆیە میسر لە ١٦ی ئابی ۱۹٥٤ هەڵسا بەڕەوانەکردنی نوێنەری خۆی بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گفتوگۆ بکەن لەگەڵ بەرپرسانی عیراق تا ئەوەی دەنگی نارەزایی خۆیانو وڵاتانی دیکە ئاگاداریان بکەنەوە، کە بە هیچ شێوەیەك بەستنی هاوپەیمانییەتێکی وا بە باش لە قەڵەم نادەن، بەڵام سووربوونی (نووری سەعید) لە هەنگاونانی لەو شێوەیە دانیشتنو گفتوگۆکانی سەرکەوتوو نەکرد، ئەگەرچی دواتر دانیشتەکان

---

[1] محەمەد فازل جەمالی، لە ۲۰ی نیسانی ۱۹۰۳ لە کازمییە لە بنەماڵێەکی ئایینی لە دایك بووەو لەوێشدا خوێندوویەتی، لە ساڵی ۱۹۲۲ ڕەوانە کراوە بۆ ئەوەی لە زانکۆی ئەمەریکی لە بیروت بخوێنێ، لە وێدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە هونەری پەروەردە لە ساڵی ۱۹۲۷ بەدەست هێناوە، ناوبراو بە گەڕانەوەی بۆ عیراق خزمەتی لە دامو دەزگان کردووەو ژمارەیەك پلەی وەرگرتووە. جەمالی لە ٢٤ی مایسی ۱۹۹۷ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: میر بصري، اعلام السياسة...، الجزء الثاني، ص ٧ ومابعدها.

گواسترانەوە بۆ میسر، هەر بۆیە دوای  سەردان کردنی (عەدنان مەندەریس) [1] سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە ٦-١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٥٥ بۆ عیراق ڕێککەوتنێك هاتە ئاراوەو لە ٢٤ شوباتی هەمان ساڵدا بەناوی پەیماننامەی بەغدا لە نێوان هەردوولاوە مۆرکرا.

مۆرکردنی پەیماننامەی بەغدا ئەگەرچی دەنگی نارەزایی لە ناوخۆی عیراقو ولآتانی عەرەبی لێکەوتەوە [2]، کەچی بە دوو ڕۆژ پاشتر لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە پەسند کرا، ئینگلیزەکانیش کە خۆیان لە پشت بەستنی بوون، لە ٤ی نیسانی هەمان بە پێی ڕێککەوتنێك لەگەڵ عیراقدا بوونە ئەندام لە پەیماننامەکە، دوای ئەوەش هەریەك لە ئێرانو پاکستانیش بوونە ئەندامو ئەمەریکاش وەکو خاوەنی بیرۆکەی پشتێنی باکوور چاودێری دەکردو سەرپەرشتی لایەنە گرنگەکانی دەکردو مافی بڕیاردانی بەدەستەوە بوو.

لە ڕاستیدا، ئەگەرچی پەیماننامەی بەغدا لە سەر شانۆی سیاسی ناوچەکەو جیهان ڕۆلێکی گەورەی نەبوو، بەلآم تاوەکو بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨عیراق وەکو ئەندام لە پەیماننامەکە مایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

---

([1]) عەدنان مەندەریس، لە ٢٢ی مایسی ١٩٥٠ تا ٢٧ی مارتی ١٩٦٠، پێنج کابینەی حکومەتی پێکهێناوە. بۆ زیتر زانیاری بڕوانە، حەمید بوز ئەرسلان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥ بەدواوە.

([2]) چونکە عیراق تاکە ولآتی عەرەبی بوو لە نێو پەیماننامەکەو، پەیماننامەکەش ناوی بەغدای پایتەختی  هەڵگرتبوو.

## تەوەری حەفتەم:

# شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨

کاریگەری ئەو بارودۆخانەی کە لەمەو بەر باسمان کرد تا دەهات هەلو مەرجو بارودۆخی سیاسی لە عیراق بەرەو خراپی دەبرد، بە هۆی بەتەنگەوە نەهاتنی حکومەتی عیراقی لە داواکارییەکانی گەل، ئەمەش وای کرد پارتە سیاسییەکان لە یەك نزیك بکەونەوە کە لە ئاکامدا لە ٩ی مارتی ١٩٥٧ یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی یەکێتی نیشتمانی ڕاگەیەنرا، ئەو بەرەش پێکهاتبوون لە هەر یەك لە (پارتی سەربەخۆیی، پارتی بەعسیی سۆسیالیستی، پارتی نیشتمانی دیموکراتیو حزبی شیوعی عیراقی).

هەر لەگەڵ دامەزراندنی بەرەی یەکێتی نیشتمانی ژمارەیەك داواکارییان پێشکەش بە حکومەت کرد کە تیایدا هاتبوو: (لەکار خستنی کابینەی (نووری سەعید)، دەرچوونی عیراق لە پەیماننامەی بەغدا، ڕێگەدان بە ئازادی دیموکراتی دەستووری، هەڵوەشاندنەوەی حکومی عورفی، ئازاد کردنی زیندانییە سیاسییەکان، گەڕانەوەی خوێندکارانو فەرمانبەرە دەرکراوەکان بۆ سەر کارەکانیان کە بەهۆی باری سیاسی دەرکرابوونو، لەگەڵ بە رەنگاربوونەوەی دەستێوەردانی کۆلۆنیالیزمی بە هەموو شێوەیەکی پەیرەوکردنی سیاسەتی بێ لایەنە). بەڵام ئەو هەوڵو کۆششانە بێ ئەنجام مانەوە.

دیارە دروست بوونی هەر پارتو ڕێکخراوێك کۆمەڵێك هۆکار هەن، بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازایخوازیش ناتوانین سنورێك دابنێین بۆ دانانی بناغەی ئەم ڕێکخراوە، چونکە لە سەرەتا بەوتوویژی تاکی دەستی پێکرد لە نێوان ئەفسەرانی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەرەکان، کە لە نێو ئەو ئەفسەرانەدا پەیوەندییەکی تۆکمە هەبووو جێگەی متمانەی یەکتر بوون. ئەو تێکەڵاوییەو هاوڕێیەتییەش دەگەڕایەوە بۆ دوای بزووتنەوەی مایسی- حوزەیرانی ١٩٤١ کە شکستی هێنا بوو.

زۆربەی سەرچاوەکان بیروڕایان وایە کە (ڕەفعەت حاجی سری) (١) یەکەم کەس بووە فکرەی پێکهێنانی ئەفسەرانی ئازادیخوازی بۆ موقەددەم (ڕەجەب عەبدولمەجید) باس کردووە، (فازڵ موختار)یش کە سەرهەنگێکی خانەنشین کراوە باس لەوە دەکاتو دەڵێ:" **کاتێك شۆڕشی مایسی ١٩٤١ شکستی هێناو سەرکردە شۆڕشگێڕەکان لە سێدارەدران، ئەوکات من لە وەزارەتی بەرگری بووم، لەو ئەفسەران بووم کە بانگیان کردین بۆ بەر دەرگای وەزارەت، کە هاتین بۆ بەر دەرگا بینیم لاشەی سەلاحەددین سەباغ هەڵواسراوە، لە بەرانبەر دەرگا داوایان لێکرین کە بەریز بوەستین لە پشت سێدارەکەوە، ئەم دیمەنە جەرگ بڕە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر دەروونی ئێمەو دڵی سەرجەم ئەفسەرەکانی داڕووخاند، هەر لەو شوێنە ئەفسەرەکان سوێندیان خوارد بە خوێنی ئەو شەهیدە کە (وەسی) لە هەمان جێگا هەڵبواسن**" (٢).

ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی عیراقی شانەی یەکەمی خۆیان بە شێوەیەکی نهێنی دامەزراند، کە هەریەکە لە (ڕەفعەت حاجی سری)و (محێدین عەبدولمەجید) وەکو ڕاوێژکاری ئەو شانەیە هەڵبژێردران. کاتێکیش لافاوە گەورەکەی ساڵی ١٩٥٤ لە بەغدا ڕوویدا، ڕێگا خۆشکەر بوو لە بەردەمی ئەفسەرەکان لە بەغدا یەکتر ببیننو یەکتر بناسنو چاوییان بە (عەبدولکەریم قاسم) (٣) بکەوێ.

---

(١) ڕەفعەت حاجی سری، لە ساڵی ١٩١٧ لە بەغدا لەدایك بووەو دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی جبووری، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٧ پەیوەندی بە قوتابخانەی سەربازی کردووە، ساڵی ١٩٣٩ بە پلەی مولازم دەرچووە، بەشداری کردووە لە شەڕی عەرەب ئیسرائیل، ڕۆڵی کاری لە ڕووداوەکانی عیراق بینیوە تا ئەوەی بە هۆی بەشداربوونی لە بزووتنەوەی شەواف لە ٢ی ئەیلوولی ١٩٥٩ لە سێدارە دراوە. هاشم عبدالرزاق الطائي، ثورة الموصل القومية ١٩٥٩، رسالة ماجستير مقدمة الى قسم التاريخ كلية الاداب، جامعة الموصل، ١٩٩٩ ص٣٦.

(٢) خالید شێخ عەبدالرحمن قەرەداغی، رەئیس مصطفی عبدالله لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٣٨.

(٣) عەبدولکەریم قاسم، لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری بەغدا لەدایك بووەو لە ساڵی ١٩٣٣ بۆتە مامۆستای سەرەتایی، لە ساڵی ١٩٣٤ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوەو دواتر بە پلەی مولازم دەردەچێت، لە ساڵی ١٩٤١ چۆتە کۆلێژی ئەرکانو خوێندن لەوێشدا تەواو دەکات، ناوبراو بەشداری شەڕی عەرەب ئیسرائیلی کردووە، لە ساڵی ١٩٥٧ بۆتە ئەندامی ڕێکخراویی ئەفسەرانی ئازادیخوازو سەرۆکی لێژنەی باڵا بووە، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش یەکەمین سەرۆك کۆمار بووە لە عیراق تا ئەوەی لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە ئەنجامی کودەتایی بەعسییەکان کوژراوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مير بصري، اعلام السياسة...، الجزء الاول، ص ٢٩٣ ومابعدها.

لە ڕاستیدا، ئەفسەرانی کورد کە ژمارەیەکی زۆریان لە سوپای عیراقی پێك دەهێناو، هەر لە سەرەتای دروست بوونی ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز پەیوەندییان پێوەکرد. لەم بارەیەوەشدا (عەبدولفەتاح شالی) [1] دەڵێ: **" منو ژمارەیەك لە برا ئەفسەرەکان یەکەمین ئەفسەرەکانی سوپا بووین کە ڕەفعەت حاجی سری خستنیە نێو شانەی ڕێکخراوەییەکەی خۆی لە کۆتاییی ساڵی ١٩٥٢و، ئەو ئەفسەرانەی کە زۆر یەکتریمان دەبینی لەگەڵیاندا خەلیل ئیبراهیم حەسەن، جاسم کازم ئەلعەزاوی، قاسم ئەمین جەنابیو چەندانی تر بوون"** [2].

ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز هەرچەندە لە ڕووی ڕێکخستنەوە شێوازێکی نهێنیان پەیڕەودەکرد، بەڵام پرۆگرامێکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا نەبووو، لە ڕووی هزریشەوە لە یەك جیاواز بوون. هەر بۆیە ئەو ڕێکخراوە بەبێ بوونی سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو بەردەوام بوو لە کارەکانیدا تا مارتی١٩٥٧، کاتێکیش توانیان بگەنە گەشەکردنێکی سیاسی هەموو گروپەکانی ئەفسەرانی ئازادیخوازەکان یەکیان گرتو لیژنەیەکیان لە پازدە ئەفسەری پلەدار پێك هێنا بەسەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم).

ئەگەر بێتو سەیری پێکهاتەی لیژنەی باڵای ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بکەین، لە لایەك دەبینین ئاراستەی هزری جۆراوجۆرو پێکهاتەی نەتەوەییو مەزهەبی تیا دەرکەوێتو، لە لایەکی دیکەش هیچ ئەفسەرێکی کورد لە لیژنەی باڵاو لیژنەی یەدەگ نابینرێت، هۆکارەکەشی بۆ هەڵویستی

هەولێر ئەکبەر

---

([1]) عەبدولفەتاح شالی، لە ساڵێ ١٩١٨ لە سلێمانی لە دایك بوو، دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی چۆتە بەغداو لە خوێندنگای ئەندازەی سەربازی خوێندوویەتی، ناوبراو لە ساڵێ ١٩٣٨ لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانی ڕەوانەی ئەکادیمیای سەربازی مەلەکی لە بریتانیا دەکرێت، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی هاتۆتەوەو کۆلێژی سەربازی لە ساڵێ ١٩٤١ بە پلەی مولازم تەواو کردووە. مهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق ١٩٤٥- ١٩٥٨، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٣٠.

([2]) جگە لەوەش لە نێوان ساڵانی ١٩٥٢- ١٩٥٧ هەندێ ئەفسەری کوردی دیکە بەشداری هەندێ ڕێکخراوی دیکەیان کرد لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق هاتبوونە دامەزراندن، وەکو(سەرهەنگ عەبدوڵڵا سەعید، مستەفا عەزیز، عەلی شەریف، شێخ نووری، مستەفا عەبدوڵڵا ناسراو بە ڕەئیس مستەفا). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: خالید شێخ عەبدالرحمن قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤- ١٥.

ئەو ئەفسەر نەتەوەییەیان دەگەڕایەوە کە لە لیژنەی باڵا دابوونو سەر بە پارتی بەعس بوون وەکو (عەبدولسەلام عارف) [(١)]، ئەوە سەرەڕای بە گومان بوونیان لە کورد.

شیاوی باسە، سەبارەت بە ئامانجەکانی ڕێکخراوی ئەفسەر ئازادیخوازەکان دەقێکی نووسراو لەبەر دەست نییە متمانەی لەسەر بکرێت، بۆیە دیار کەوتنی ئامانجەکانی دەگەڕایەوە بۆ پاراستنی نهێنی ڕێکخراوەکە، بەڵام بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە بە گێڕانەوەی ئەفسەرە بەشداربووەکانی لیژنەی باڵا نووسراوە، ئامانجی ئەو ڕێکخراوە بریتی بووە لە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیو هێنانە کایەی ڕژێمی کۆماری لە عیراق، لەگەڵ دەرچوون لەو پەیماننامانەی کە عیراقی بە دەوڵەتە ئیستعمارییەکان دەبەستایەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی سەربەخۆیی خۆیان دابین بکەنو حکومەتێکی نیشتمانی دیموکراتی دابمەزرێنن کە مافەکانی گەل بەدیبهێنێ. بەڵام سەبارەت بە هەڵویستی (عەبدولکەریم قاسم) سەرۆکی لیژنەی باڵای ڕێکخراوەکە، بەپێی گێڕانەوەی ئەو ئەفسەرانەی کە لیۆەی نزیك بووینە وای دیار دەخەن کە بیرۆکەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هەبووە، وەکو چۆن لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوەکە سەبارەت بە سەرکەوتنی شۆڕشو مافەکانی گەلی کورد وتوویەتی:" **ئێوەی کورد هەمووتان ئامادەنو بە دڵی ئێمەنو بەدڵی شۆڕشن، دەوری باڵاتان دەبێت لەسەرکەوتنی شۆڕش، لەبەر ئەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە پێش هەموو شتێك بارزانییەکان دەهێنمەوەو کوردیش دەکەین بە (شەریك) لە کۆماری عیراقداو ئەفسەر کوردەکان کە لەسێدارە دران بە شەهید لە قەڵەمیان دەدەین**" [(٢)].

بەم شێوەیە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان کەوتنە بیرۆکەی نەخشە کێشان بۆ جێبەجێی کردنی ئەرکەکانیان، لە سەرروی هەمووشیانەوە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی، کە بۆ ئەو مەبەستە چەندین هەوڵدرا بۆ سەرکەوتنی شۆڕش. یەکەمین هەوڵی ئەو ڕێکخراوەش لە تشرینی دووەمی ١٩٥٦ ڕوویدا،

---

(١) عەبدولسەلام عارف، لە ٢١ی مارتی ١٩٢١ لە ناوچەی کەرخ لە بەغدا لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە کەرخ لە ساڵی ١٩٣٨ تەواو کردووە، هەمان ساڵ چۆتە کۆلێژی سەربازیو لە ساڵی ١٩٤١ بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە، لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە هاوکاری بەعسییەکان عەبدولکەریم قاسمی کوشتووەو بۆتە سەرۆك کۆماری عیراق تا ئەوەی لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦ لە ناو فرۆکە سووتاوەو کۆچی دوایی کردووە. د. محمد حسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، بغداد، ١٩٨٣، ص٣٤٢؛ علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق الجمهوري، الطبعة الاولى، دار الحوراء، بغداد، ٢٠٠٥، ص ٣٨ ومابعدها.

(٢) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٦.

کاتێك پەلاماری سێ قۆڵی بریتانیاو فرەنساو ئیسرائیل کرایە سەر میسر. کە ئەمەش خەڵکی عیراقی بە تەواوەتی تووڕە کردو هەڵسایەوە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی پاشایەتی لە عیراقدا. لەم کاتەشدا ئەفسەرانی ئازادیخواز مەشیقان ئەنجامدەدا لە ناوچەی چیای حەمرینو ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی کردبووە پێویستییەکی حەتمی. ئیتر دانانی پلانی لە ناوبردنی ڕژێم قسەوباسی لەسەر دەکرا، بەڵام زوو پلانەکە دواخرا، پاش ئەوەی زانرا کە سەرکەوتوو نابێتو لەلایەن ناوەندە باڵاکانی حکومەتەوە ئاشکرا بووە، بۆیە لەلایەن حکومەتەوە هەوڵدار ئەفسەرەکان لە چەك دابماڵن، بەڵام بەهۆی مەترسی لەسەر داهاتوو، هیچ شتێك ئەنجام نەدرا.

(عەبدولکەریم قاسم)، لە یەکێك لە پلانەکانی بۆ شۆڕش لەو کاتە بوو کە فەرماندەی لیوای نۆزدە بوو لە ئوردن، ئیتر لە وێوە لە کانوونی دووەمی ١٩٥٦ نامەیەکی ئاراستەی ئەفسەرانی ئازادیخواز کرد لە بەغدا، کە تیایدا هاتبوو لە ڕێگای گەڕانەوەیدا لە نزیك سنووری عیراق شۆڕش ڕادەگەیەنێ. لەبەر ئەوەی هەرسێ دەسەڵاتداری عیراقی مەلیك (فەیسەڵی دووەم)، (عەبدولئیلاو نووری سەعید) لە وێدا لە پێشوازی دادەبن، بەڵام ئەو هەوڵەش سەرکەوتوو نەبوو، بە هۆی ئامادەنەبوونی (نووری سەعید) لە لایەکو ڕازی نەبوونی ئەفسەرانی ئازادیخواز بە هەڵگیرسانی شۆڕش لەلایەکی دی.

هەوڵی سێیەمی ئەفسەرانی ئازادیخواز بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش لە پایزی ١٩٥٧ بوو کاتێك سوپای عیراقی دەبوو مانۆرێك ساز بکات بە چەکی ڕاستەقینە، کە مەبەست تیایدا پروپاگەندە کردن بوو بۆ پەیماننامەی بەغداو پێشاندانی چەکی ئەمەریکی کە سوپای پێی بەهێز کرا بوو. لەو مانۆرەشدا بڕیار وابوو هەرسێ دەسەڵاتداری عیراقی ئامادەبن، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز لێکۆڵینەوەیان لە بارەی مەسەلەکە کردو بڕیاری دارشتنی پلانیاندا، بەڵام ئەو پلانەش وەکو پلانەکانی دیکە سەرکەتوو نەبوو بە هۆی ئامادە نەبوونی (نووری سەعید)و سەفەرکردنی (عەبدولئیلا) بۆ وڵاتی یابان.

لەگەڵ سەرنەکەوتنی پلانەکانیان ئەفسەرانی ئازادیخواز بەردەوام بوون بۆ داناى پلانی ئەنجام دانی شۆڕش، ئەمجارەشیان ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ یان دانا بوو، کە یادی دامەزراندنی سوپای عیراقی بوو. بۆ ئەو مەبەستەش دوو پلان تاوتۆکران:

**یەکەمیان:** لە پێشنیاری (عەبدولکەریم قاسم) بوو، کە داینابوو لەکاتی تێپەڕبوون بە بەردەم هەرسێ دەسەڵاتدار تەقەیان لێبکریت، ئینجا ئەفسەرە ئازادیخوازەکان پیاوەکانیان دەستگیر بکەنو ڕووبکەنە بەغداو شۆڕش ڕابگەیەنن. بەڵام ئەو پلانە بە زۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە، چونکە بە هۆی تەقەکردنەوە مەلیك (فەیسەڵ)ی دووەم دەکوژرا، ئەوانیش لە کۆبوونەوەکانی پێشوتر بڕیاریاندا بوو کە نەی کوژن، هەروەها بە هۆی تەقەکردنەوە کەسانی بێتاوانیش بەردەکەوتن.

**دووەمیان:** سەرهەنگی روکن (ناجی تالیب) [١] پێشنیاری دەکاتو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە یەکێك لە زرێپۆشەکان کە (عەبدولڕەحمان عارف) [٢] فەرماندەیی دەکرد، هەموو ڕۆژی جوولەی دەکرد لە ناوچەی خۆی لە (ئەبوغریب) بە ئاراستەی سەربازگەی ڕەشید بە بۆنەی یادی دامەزراندنی سوپای عیراقی، لەکاتی گوزەر کردنی بە بەغدا هەڵبستێ بە دەستگرتن بەسەر کۆشکی ڕیحابو ڕادیۆو هەرسێ دەسەڵاتدارەکەو ڕاگەیاندنی شۆڕش، بەڵام ئەو پلانەش سەری نەگرت، بە هۆی ڕازی نەبوونی عەمید (عەبدولڕەحمان عارف)، بە بەڵگەی نەبوونی کەرەستەی پێویست، ئەگەرچی ئەفسەرانی ئازادیخواز پەیمانی دابین کردنی کەرەستەی پێویستیان پێدابوو.

لە ١١ی مایسی ١٩٥٨ جارێکی دیکە ئەفسەرانی ئازادیخواز پلانێکیان دارشت بۆ کوشتنی هەرسێ دەسەڵاتداری عیراقی، لە کاتی ئەو مانۆڕە سەربازییەی کە سوپا پێی هەڵدەستا لە ناوچەی ڕوتبە، کەچی ئەمەش بە شێوەی پلانەکانی دیکە سەرکەوتوو نەبوو، بەهۆی ئامادە نەبوونی (نووری سەعید)و هەڵدانی بۆمبێك لە کاتی دانیشتنی مەلیكو دارودەستەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی

---

(١) ناجی تالیب، لە ساڵی ١٩١٨ لەشاری ناسرییە لە دایك بووەو خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی هەر لەوێدا تەواو کردووە، دواتر ئامادەیی لە بەغدا خوێندووە، ئینجا لە ساڵی ١٩٣٧ چۆتە کۆلێژی سەربازیو خوێندنی تیایدا تەواو کردووە، ناوبراو بەشداری کردووە لە ڕاپەڕینی مایس حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١، دواتریش بەردەوام بووە لە خزمەتی سەربازی تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە بەڕێوەبەری ڕاهێنانی سەربازی لە وەزارەتی بەرگری بە پلەی عەمیدی ڕوکن. د. محمد حسین الزبیدی، المصدر السابق، ص ص ٣٣٨- ٣٣٩.

(٢) عەبدولڕەحمان عارف، لە کەسایەتییەکی سیاسیو سەربازی بووەو، لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٦ تا ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ سەرۆکایەتی کۆماری گرتۆتە دەست، ناوبراو یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی بەشداری کردووە لە شۆڕشی ١٤ی تەمموز، لە ساڵی ١٩٦٣ چۆتە کۆلێژی سەربازیو چەند پلەیەکی سەربازی بڕیوەو لە ساڵی ١٩٦٤ بۆتە لیوا. دواجار لە دوای مردنی براکەی بۆتە سەرۆك کۆمار. حوسێن مستەفا، لە مەلیکەوە تا تاڵەبانی سەربوردەی ژیانی مەلیكو سەرۆکەکانی عیراق، بەشی دووەم، گۆڤاری کۆوارِ، ژمارە(٢٤) ، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل ٥٦.

دواتر دوای گەڕانەوەی سوپا بۆ شوێنەکانی خۆیان لیوای بەسرا بەسەرۆکایەتی (زەعیم ئەحمەد محەمەد یەحیا) [1] کە لەو کاتە لە ئەبوغریب بوو دەبوو شۆڕش ڕابگەیەنێ، لە بەرانبەریشدا ئەفسەرانی ئازادیخوازان لە بەغدا لەگەڵ گوێ بیستنی هەواڵی شۆڕش ئەوانیش لە بەغدا بە سەرۆکایەتی (عەبدولوەهاب شەواف) دەست پێدەکەنو دەست دەگرن بەسەر شوێنە گرنگەکان، بەڵام جیاوازی بیروباوەڕەکان ئەو هەوڵەشی نسکۆ پێهێنا.

شیاوی باسە، جیاوازی بیروباوەڕەکانی ناوی ئەفسەرانی ئازادیخواز تەواوی ئەو پلانانەیان ڕەت کردەوە کە پێنشیار دەکران بۆ سەرهەڵدانی گڵپەی شۆڕش. چونکە زۆریان لە سەرکردایەتی کردنی شۆڕش دەترسانو بە تەنگ بنەماڵەی مەلیك بە گشتیو خودی (فەیسەڵی دووەم) بوون بە تایبەتی. ئیتر بارەکە بەو شێوەیەوە مایەوە تا بەرەبەیانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، دوای ئەوەی (عەبدولسەلام عارف) تەواوی پلانەکەی دارشتبووو، دەستی کرد بە دابەشبوونی تەقەمەنی بەسەر هێزەکاندا، بەرەو بەغدا هەنگاوییان نا. ئەنجام لەماوەی نیو کاتژمێردا چوونە ناو بەغداو بالاخانەی ڕادیۆیان داگیرکرد. کاتێکیش پەخشی ڕادیۆ کرایەوە (عەبدولسەلام) دەستی کرد بە خوێندنەوەی بەیانی یەکەمی شۆڕشو هانی خەڵکی دەداو دەی وت: **" ئەمە شۆڕشەکەتانە، بنەماڵەی پاشایەتی لە ناوبران، ڕژێمی پاشایەتی هەرەسی هێنا، لەگەڵ هەرەسیشیدا، هەموو خراپەو گەندەڵییەکانیش هەرەسیان هێنا "** [2].

لەگەڵ ئەوەی (عەبدولکەریم قاسم) چاوەڕوانی ئاکامی جولانەوەکە بوو، بەڵام (عەبدولسەلام) دەستی گرت بەسەر بەغداو قاسمیش سەرکردایەتی هێزەکانی شۆڕشی گرتە دەستو لە ئامادەباشی دابوو بۆ پاراستنی هێزەکانی دواوەی شۆڕش لە هەر جۆرە مەترسییەك. کاتێکیش بەرەو بەغدا هاتو لە ناو

---

(1) زەعیم ئەحمەد محەمەد یەحیا، ساڵی ١٩١٨ لە مووسڵ لە دایك بووە، خوێندنی ئامادەیی لەوێدا تەواو کردووە، دواتر چۆتە بەغداو کۆلێژی سەربازی بە پلەی مولازمی دووەم لە ساڵی ١٩٣٤ تەواو کردووە، ئینجا لە کۆلێژی ئەرکان خوێندوویەتیو لە لەندەنیش خولی ڕاهێنانی ئەنجامداوە، لە پاشان لە خزمەتی سەربازی بووەو پلەی بەرزبۆتەوە تا ئەوەی بۆتە وەزیر، لە دوای ڕووخانی حکومڕانی قاسم بەند کراوەو تا ساڵی ١٩٦٤ لە بەندیخانە ماوەتەوە، دوای ئەوەش بە هۆی نەخۆشی ڕەوانە لەندەن کراوەتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: میر بصري، اعلام السياسة...، الجزء الثاني، ص١٩٩.

(2) عبدالقادر سالح، شۆڕشی ١٤ی تموزی ١٩٥٨ لە عیراق، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٩٨.

ئۆتۆمبیلەکەی گوێ بیستی دەنگی (عەبدولسەلام) بوو، کە هەواڵی هەرەس هێنانی دەسەڵاتی پاشایەتی ڕادەگەیاندو بەیاننامەی دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری دەخوێندەوە، بە خێرایی خۆی گەیاندە بەغدا.

ئەفسەرانی ئازادیخواز لەگەڵ بەرپاکردنی شۆڕش زۆر گرنگیان بەوە دەدا کە لە کاتی دەست گرتن بەسەر کۆشکی ڕیحاب هەر سێ دەسەڵاتدار بە زیندوویی یا بە مردوویی دەستگیر بکەن، چونکە دەستگیرنەکردنیان مەترسییەکی گەورەی بۆ داهاتووی شۆڕش دروست دەکرد. نەبادە بە هاوکاری وڵاتێکی زلهێزی وەکو بریتانیا بێنەوە سەر حکوم. ئەم ترسەش زیاتر لەوە بوو کە هێندە لە مێژنەبوو (ڕەشید عالی گەیلانی)و هاوڕێکانی ببوونە قوربانی دەستی دەسەڵاتدارانی عیراقی بە هاوکاری بریتانیاو جولانەوەکەیان سەرکوتکرا بوو. کاتێکیش تۆپبارانی کۆشك کراو نهۆمی سەرەوەی ئاگری گرت، (عەبدولئیلا) فەرمان بە ئەندامانی بنەماڵەکەی دا کە دابەزنە ژێر زەمینی کۆشکە. بەڵام کە زانییان بواری هیچ نەماوە (مەلیكو عەبدولئیلا)و بنەماڵەی مەلیك خۆیاندا بەدەستەوەو (عەبدولستار عەبوس) ⁽یش لە ناو باخچەی کۆشك گولە بارانیان دەکات. دوای ئەوەش ئەوەی مابوو (نووری سەعید) بوو کە لە دوای گەڕانو لە ناو تەکسییەکدا دۆزرایەوەو لەلایەن خەڵکییەوە کوژراو تەرمەکەشی بۆ وەزارەتی بەرگری بۆ لای (عەبدولکەریم قاسم)و هەندێك لە هاوەڵانی بردرا.

بە کوشتنی ئەمانە شۆڕش سەرکەوتنی بە دەست هێنا کە جەماوەرو پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوییان تیایدا گێراو، بۆ بەرەبەیانی ١٤ی تەموز لە بەغداو شارو شارۆچکەکانی دیکەی عیراقی خەڵکی بە سەرجەم چینو توێژەکانییەوە هاتبوونە سەر شەقامەکانو پشگیری خۆیان بۆ شۆڕش دووپات دەکردەوە. گەلی کوردیش وەکو بەشێك لە دانیشتووانی عیراق هاودەنگی خۆی بۆ شۆڕش دەربڕیو نوماینەدەی خۆی بۆ پیرۆزکردنی شۆڕشەکە ڕەوانەی بەغدای پایتەخت کرد.

لە ڕاستیدا ، لەبەر ئەوەی بناغەی ڕژێمی پاشایەتی لە عیراق بە شێوەیەکی دیارو پتەو دامەزرابوو، ئەو ڕژێمەش لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە پشتیوانی لێدەکرا، کەچی لە ناوەوەی عیراقدا پارتە سیاسییەکان بە تێکرا دژی ڕژێم وەستانو بەرەیان لە دژی بەکاردەهێنا. پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەکو یەکێك لە پارتە سیاسییەکان دژی ڕژێم وەستا بوو، هەرچەند ئەو کاتە پارتی پلەی سیاسی ئەوەندە بەرز نەبوو کەوا پارتەکانی دیکە دانی پێدابنێنو لە ڕیزی نیشتمانی وەری بگرن. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی بریتانیاو عیراق کە بەرانبەر گەلانی عیراقی بە گشتیو گەلی کورد بە تایبەتی ئەنجامی دەدا، دەبووە مایەی نیگەرانی دانیشتوانی وڵات. ئەو شێوە مامەڵەکردنە

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ گەلانی عیراق وایان کرد شۆڕشێك بەرپا بکەنو حکومی پاشایەتی لە عیراق بە کۆتا بێنن، ئەنجامیش هەر لە ئاکامی ئەو جۆرە سیاسەتانە بوو شۆڕش لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەپار بوو.

هەر لە یەکەم ڕۆژی شۆڕش جەماوەری شارەکانی سلێمانی، کەرکووك، هەولێر، کۆیەو زاخۆ، هاتنە سەر شەقامەکانو ئەفسەرو سەربازانی کوردو جەماوەری کوردستان بوونە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەو دڵسۆزی خۆیان بۆ کۆماری تازەی عیراق دەربڕی. لە ڕاستیدا سەرکەوتنی شۆڕشی عیراقی بەندە بە پشتیوانی کورد، چونکە لە سێ بەشی سوپا بەشێکی کوردن بوونو ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لەگەڵ ئەفسەرە عەرەبەکانو شان بەشانی یەکتری توانیان ڕژێمی پاشایەتی کۆتایی پێبێنن، هەر تەنها کوردەکانی عیراق پشتیوانیان لەو شۆڕش نەکرد. بەڵکو هەستو نەستی کوردایەتی لە دیوی ئێران پلەی بەرز بۆوەو کەوتە گەشەکردن، ڕەوتی تێکۆشان بۆ پێشەوە دەرۆیشتو دوژمنانی داگیرکەری کوردستانیش دەستە پاچە نەوەستانو لە دژی ڕووداوەکان کەوتنەو جموجۆڵ کردنو پاراستنی بەرژەوەندیو دەسەلاتی خۆیان.

(ئیبراهیم ئەحمەد)[1] وەکو سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بەجێ پشتگیری پارتی بۆ ڕژێمی تازە ڕاگەیاندو بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە، کە تیایدا بە گەرمی پێشوازی لە ڕژێمی تازەو ئازادیو برایەتی هەر دوو میللەتی کوردو عەرەب دەکرد، حکومەتی تازەی عیراق بەرانبەر بەو هەڵوێستە گەشە کردووەی کورد هەڵوێستێکی ئەرێیانەی هەبوو، ئەمەش لەگەڵێك هەنگاودا ڕەنگی دایەوە کە حکومەت بە پەلە ئەنجامیدا. لە ١٦ی تەمموزی ١٩٥٨ پارتی بەیانێکی بۆ گەلی کورد بلاوکردەوەو لیژنەی ناوەندی بە کۆی دەنگ پەسندی کرد، کە تیایدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پارتی پێوایە هەلومەرجی نوێی عیراق زەمینە بۆ ژیانێکی پڕ لە ئازادیو یەکسانی لە

(١) ئیبراهیم ئەحمەد، ساڵی ١٩١٤ لەگەڕەکی گوێژە لە شاری سلێمانی لە دایك بووەو قۆناغی سەرەتاو ناوەندی لوێدا تەواوکردووە، بۆ ئامادەیی چۆتە بەغداو ساڵی ١٩٣٤ لە کۆلێژی ماف وەرگیراوەو ساڵی ١٩٣٧ خوێندنی تەواو کردووە، ئینجا لە کاری میری وەکو پارێزەر خزمەتی کردووە، ناوبراو چ لەسەر ئاستی سیاسی چ لە سەر ئاستی ڕۆشنبیری خزمەتێکی بەرچاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی کردووە، ناوبراو دوا ساتەکانی ژیانی لە لەندەن بەسەر بردووە تا ئەوەی لە ٨ی نیسانی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی هێنراوەتەوە سلێمانیو بە خاك سپێردراوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئەحمەد شەریف عەلی، برایم ئەحمەد ژیانو بەرهەرو داهێنانی، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٠.

نێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەب دەردەخسێنێت، لەبەر ئەوە بە هەموو توانایەوە بەرگری لە کۆماری عیراق‌و چەسپاندنی گەشەسەندنی دەکات‌و هەموو تواناکانی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتییەکەوە، ئامادەیە هەموو ئەندام‌و لایەنگیرانی خۆی وەکو گیان بەخش ساز بکات بۆ ئەو ئامانجە.

ئیتر هەر لە ئەنجامی ئەو گرنگییەی شۆڕش بوو وەفدێکی پارتی بە سەرۆکایەتی (ئیبراهیم ئەحمەد) لە ٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨ سەردانی بەغدای کردو، لە وەزارەتی بەرگری چاوییان بە (عەبدولکەریم قاسم )کەوت. تیایدا (ئیبراهیم ئەحمەد) بەناوی ئامادەبووانەوە وتارێکی پێشکەشکردو باسی گەلی کوردو خاکی کوردستانی کرد، هەروەها یاداشتێکیان پێشکەش بە حکومەتی تازە کرد، کە ناوەرۆکی یاداشتەکە بریتی بوو لە:

١- دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ بارزانییەکان.
٢- خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستان بێت.
٣- ڕێگا بدرێت بە ڕێکخراوە سیاسی‌و پێشەیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی کورد، کە بەئاشکرا کاری خۆیان ئەنجام بدەن.
٤- بوژانەوەی کشتوکاڵی‌و دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی لە شارە کوردییەکان‌و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لەوشوێنانە.

بەم جۆرە شۆڕشی ١٤ی تەمموز چەندین گۆڕانکاری لەسەر هەموو ئاستەکانی ناوخۆی عیراق‌و نیودەوڵەتی هێنایە کایەوە، لەسەر ئاستی دۆزی کوردیش لە باشووری کوردستان، قۆناغێکی نوێی خەبات لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دەستی پێکرد، بۆیە گەلی کورد بەهیواو گەشبینیەوە پێشوازی لە ڕووداوەکە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەنامە بریتانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە حکومەتی بریتانیا هانی گەلی کوردی داوە لە دژی شۆڕش بووەستێ، کەچی بێ سوود بووەو کورد لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور بووە.

هەڵبەتە هەر شۆڕشێك‌و ڕاپەڕینێك چەندین ئامانجی لە خۆ گرتووە. ئەگەر تەماشایی باری عیراقیش بکەین بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕش، حکومەتی پاشایەتی پەردەیەکی بەسەر ئاسمانی وڵات دادابوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژی گەلانی عیراق بە کوردو عەرەب‌و ئاشووری‌و تورکمان‌و کەمینە مەزهەبییەکانەوە، بە هەڵومەرجێکی نالەبار تێپەر دەبوون، ئەگەرچی ڕۆژانە برسییەتی‌و

هەوالنامەی کتێب

چەوساندنەوەو گرتنو ڕاوەدوونان زیاتر بەرۆکی دەگرتن، کە هەر ئەمەش بوو ڕقوکینەو توڕەیی جەماوەری ئەستورتر کرد. ئەنجام گەلانی عیراق بە هەموو چینو توێژەکانییەوە چەندین ئەنجامیان بەدەست هێناوە، کە دەتوانین لە چەند خاڵێك ریز بەندیان بکەین:

١- لە بەندی سێیەمی دەستوری کاتی کۆمارە تازەکە، کە لە ٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨ دەرچوو بوو، بۆ یەکەم جار هاوبەشی برایەتی کوردو عەرەب لەسەر خاکی عیراق ڕاگەینرا بەوەی کە سەرۆك (عەبدولکەریم قاسم) رایگەیاند:" **کیانی عیراق لەسەر ئەساسی یارمەتی دانی هەموو دانیشتووکانی دا ئەمەزرێ، ئەمەش بەوە کە احترامی حقووقیان بگیرێنو ئازادییان بپارێزێت، عەرەبو کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەم دەستورە لە ناو یەکێتی عیراقیدا دان بە هەموو حقووقێکی کورد دا ئەنێ"** [١].

٢- گشت پارتو ڕێکخراوە سیاسی ڕۆشنبیریەکانو جەماوەرییەکانو ڕێگایان پێدرا بە ئازادی بنکەو بارەگاکانیان بکەنەوەو پەرە بە چالاکییەکانیان بدەن.

٣- دوای هەفتەیەك لە ڕاگەیاندنی کۆمار، حکومەت فەرمانی بەخشینی گشتی دەردەکاتو، هەموو زیندانیانو دوورخراوەکان دەگرێتەوە، (شێخ ئەحمەد بارزانی) [٢]، (شێخ لەتیفی شێخ مەحموود) [٣]و (گۆران) [٤]ی شاعیر بەر ئەو بەخشینە کەوتنو ئازاد کران.

(١) عەلائەدین سەجادی، شۆرشەکانی کوردو کوردو کۆماری عیراق، ئامادەکردنی: ئەحمەد موحەمەدی، تاران، ٢٠٠٥، ل ٣٤٥.

(٢) شێخ ئەحمەد بارزانی، لە دەرووبەری ساڵی ١٨٩٢ لە دایك بووە، دوای شێخ عەبدولسەلام، سەرکردایەتی بنەماڵەی وەرگرتووەو، ڕۆڵی کارای بینیوە، ناوبراو لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، سلێمانی ٢٠٠٢، ل ٤٨.

(٣) شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، ساڵی ١٩١٧ لە دایك بووە، بە هۆی بوونی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر ڕۆڵی کارای لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بینیوە، هەر لەبەر ئەوەش بووە لە لایەن حکومەتی عیراقی لە ساڵی ١٩٥٦ دەستە بەسەر کراوەو تا ساڵی ١٩٥٨ ماتەوە. ناوبراو لە ١٢ی مایسی ١٩٧٢ لە بەغدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: یادداشتەکانی شێخ(لەتیف)ی حەفید، ساغ کردنەوەی: کەمال نووری مەعرووف، چاپی یەکەم،، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٥، ل٥.

(٤) گۆران، ناوی تەواوی عەبدوڵڵا گۆران کوڕی سلێمان بەگەو، ساڵی ١٩٠٤ لە هەڵەبجە لەدایك بووە، هەر لەوێشدا دەستی بە خوێندن کردووەو، دواتر چۆتە خانەی مامۆستایانی کەرکوك، بەڵام خوێندنەکەی تەواو ناکاتو

٤- دەرچوونی عیراق لە پەیمانی ئیستعماری بەغدا، جیابوونەوەی دراوی عیراق لە دەستەی ئیستەرلینیو، دانانی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵی.

٥- بڕیاری ئازادی دەرچوونی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە ڕاگەینرا.

٦- کەوتنە خۆ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکانو سەدان پرۆژەی ئاودێریو دروستکردنی خانووبەرە بۆ کرێکارانو کارمەندو کارگوزارو مامۆستایان.

٧- (مستەفا بارزانی ١٩٠٣- ١٩٧٩) لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە عیراقەوە لەگەڵیا چوو بوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژی ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ گەیشتنەوە بەغداو لەلایەن (عەبدولکەریم قاسم) پێشوازییان لێکرا.

٨- لە سەرەتاوە سەرکەوتنی شۆڕش بووە مایەی شادومانیو جێگەی ئومێدی گەلانی عیراق بە گەلی کوردیشەوە، کە بە چەندین شێواز گوزارشتیان لێکرد، بە تایبەت کاتێك فەرمانڕەی گشتی هێزە چەکدارەکانی نیشتمانی یەکەمین بەیاننامەی دەرکردو ئاماژەی بە پێك هێنانی (ئەنجوومەنی سەروەریی) کرد کە پێکهاتبوو لە یەك لە (محەمەد نەجیب ڕوبێعی) [1] عەرەبی سوونەو (محەمەد مەهدی کوبە) [2] عەرەبی شیعەو سەرهەنگ (خالید نەقشبەندی) [1] کورد. ئەوە جیا لەوەی کە لە

---

دەگەڕێتەوە هەلەبجەو دەبێتە مامۆستا، ناوبراو زمانی عەرەبی، فارسی، تورکیو ئینگلیزی زانیوە، هەروەها لە بواری ڕۆشنبیری خزمەتێکی بەرچاوی کردووەو یەکێك لە شاعیرە ناودارەکانی کوردستان، گۆران ساڵی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٦٦.

(١) محەمەد نەجیب ڕوبێعی لە ساڵی ١٩٠٤ لە بەغدا لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٢٤ پەیوەندی بە خوێندنگای سەربازی کردووەو لە ساڵی تەمموزی ١٩٢٧ بۆتە مولازمی دووەم لە سوپای عیراقی، ساڵی ١٩٣٩ پەیوەندی کردووە بە کۆلێژی ئەرکانو دوای دوو ساڵ لەوێشدا دەرچووە بە پلەی نەقیب، هەروەها لە کۆلێژی ئەرکانی هندی لە ناوچەی کویتا خوێندوویەتی، ناوبراو پلەی بەرزبۆتەوە تا ئەوەی لە تشرینی دووەمی ١٩٥٧ بۆتە فەریق، دواتر خانەنشین کراوە، ئینجا لە سلکی دبلۆماسی کاری کردووە، ڕوبێعی لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٥ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. میر بصري، اعلام السیاسة...، الجزء الثاني، ص١٦.

(٢) محەمەد مەهدی کوبە، ساڵی ١٩٠٠ لە سامەرا لە دایك بووەو ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ خانەوادەکەی هاتۆتە کازمییە، خوێندنی ئاینی تەواو کردووە، ڕۆڵی بینیوە لە دامەزراندنی نادی موسەنا، ساڵی ١٩٣٧ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی

پێکهاتەی یەکەمیین حکومەتیش کە سێزدە وەزیری لە خۆی گرتبوو دووانیان کورد بوون، ئەوانیش (بابا عەلی شیخ مەحموود) وەزیری گواستنەوەی‌و ئەشغال‌و (دوکتۆر محەمەد ساڵح) وەزیری تەندروستی بوو. ئیتر ئەمانەو چەندین دەستکەوتی تر بۆ گەلی عیراق هاتە دی.

شیاوی باسە، شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، هەروا ڕووداوێکی سادە نەبوو کە بەسەر جیهاندا تێپەڕێت‌و هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی لەسەر نەبێت، بە تایبەتی پاش ئەوەی ڕەمزەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی هیچیان نەما، تا ئەوەی هەندێ وڵاتی زلهێز پشتیان پێببەستنەوە لە پێناو گەڕانەوەی دەسەڵاتیان بۆ عیراق. لێرەشدا یەکێتی سۆڤییەت لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بە ٢٤ چوار کاتژمێر دانیان بە ڕژێمی تازە دروست بووی عیراقی ناو، لە هەمان کاتیش دانیشتوانی یەکێتی سۆڤییەت خۆپیێشاندانێکی گەورەیان ئەنجامداو ڕژانە سەر شەقامەکان وەکو پشتگیری بۆ گەلی عیراق دژ بە هەوڵەکانی دەست تێوەردانی ئەمەریکا لە کاروباری ناوخۆی عیراقدا، هەروەها لەم بارەشەوە دووبەیاننامە دەرکرد لە ١٦و ١٧ی تەمموزی ١٩٥٨ کە ڕەخنەی لە ئەمەریکاو بریتانیا گرتبوو سەبارەت بە بانگەشەی ئەوەی کە وڵاتانی لوبنان‌و ئوردن داوای دابەزاندنی هێزیان کردووە لە وڵاتەکانیدا، لەم بارەشەوە یەکێتی سۆڤییەت لە دوو تۆی نامەیەکدا بۆ سەرانی ئەمەریکا، بریتانیا، فەرەنساو هند، ئاگاداری خۆی دابووو، ڕایگەیاندبوو کە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوچەکە، لە کۆتاییدا ئاکامی چاوەڕوان نەکراوی دەکەوێتەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا، هەر لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش‌و گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی بۆ کۆماری‌و ڕاگەیاندنی دەستووری کاتی، کە لە خاڵێ سێیەمیدا، بەڕاشکاوی هاتبوو عیراق وڵاتی

---

نوێنەران، دواتریش ڕۆڵی بینیوە لەم پێشهاتانەی لە عیراق هاتونەتە پێشەوە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: www.webcache.googleuserconent.com.

(١) خالید نەقشبەندی، لە دێی بامەرنێ لە شارۆچەکەی ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆك لە دایك بووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازی ساڵی ١٩٣٧و، هەروەها دەرچووی کۆلێژی ئەرکانە لە ساڵی ١٩٤٥، بڕوانامەی یاسای بەدەست هێناوە ساڵی ١٩٥٠، لە خزمەتی سەربازی دەستی لەکار کێشاوەتەوە بە پلەی موقەدەم روکن، موتەسەڕڕیفی لیوای هەولێر بووە لە کاتی شۆڕشی ئەیلول تا ئەوەی لە تشرینی دووەمی ١٩٦١ کۆچی دوایی کردووە. میڤان عارف عبدالرحمن البادي، الحركة القومية الكوردية في كوردستان الجنوبية(العراق) ١٤تموز ١٩٥٨- ٨ شباط ١٩٦٣، الطبعة الاولى، مطبعة الوزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٥، ص٤٥.

کوردو عەرەبە بە جارێك فەرمانبەرانی تورکیای تۆقاندبووو بە زەنگێکی یەکجار ترسناکیان لێکدایەوەو کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنترۆڵ کردنو هێرشو پەلاماردانی ناوچە کوردنشییەکان، بەڵام بریتانیا هەر زوو وەڵامی یەکلاکەرەوەی دایەوەو دژی هەر جۆرە کارێکی لەو شێوەیە بوو. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکە ئێران وەکو وڵاتێکی دراوسێ کاتێك ژمارەیەك بەکرێ گیراوی ئەوروپی هەوڵیاندا دزە بکەنە ناو خاکی عیراقیو دەست بکەن بەکاری شێواندن ڕێگای لێگرتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شا ماتەمینی وڵاتەکەی بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ بۆ گیانی ئەوانە ڕاگەیاند کە لە ڕۆژی شۆڕش کوژابوون. هەروەها شانیشنی ئوردنیش هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی دوژمندارانەو توندی بەرانبەر بە شۆڕش نواند، لەبەر ئەوەی هەر دوو بنەماڵەی پاشایەتی ئامۆزایی یەکتر بوون، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ پەیوەندی سیاسی بە یەکیانی دەبەستایەوە، هەروەها حکومەتی ئوردنیش لەوە دەترسا کە ئەو جۆرە ڕووداوە وڵاتەکەی ئەویش بگرێتەوە ببێتە هۆی هەرەس هێنانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە وڵات.

سەبارەت بە هەوڵوێستی کۆماری عەرەبی یەککگرتوو [1] لەگەڵ بیستنی هەواڵی ڕوودانی شۆڕش، (جەمال عەبدولناسر) [2] زۆر خۆشحاڵ بووو هیوای خواست کە بە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بلکێنرێت، هەر ئەمەش بوو کاتێك هەواڵی شۆڕش لە ڕادیۆو پاشان بە بروسکەی فەرمی لە بەغداو قاهیرە پێگەیشتو داوایی ئەوەیان لە (ناسر) کرد کە دان بە ڕژێمی کۆماری عیراقی بنێت، (ناسر)یش دانپێنانی خۆی ڕاگەیاند، هەروەها کاتێکیش ئەمەریکا لە ١٥ی تەمموزی ١٩٥٨ سوپای خۆی لە بەیروت دابەزاند بە نیازی هێرش کردنە سەر عیراق، (ناسر) بە زوویی ڕووی کردە یەکێتی سۆڤییەتو دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی ئاگادار کردەوە، لەگەڵ گەڕانەوەشی لە ١٨ی هەمان مانگ لە دیمەشق لە

---

(١) کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، لە شوباتی ساڵی ١٩٥٨ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی سوریاو میسر هاتبووە دامەزراندن، بەڵام عیراق لە سەرەتاوە هیچ پشگیرییەکی بۆ ئەم کۆمارە پێشان نەدا، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: انتصار زيدان الجنابي، موقف العراق الرسمي والشعبي من قيام الجمهورية العربية المتحدة، رسالة ماجستير، مقدمة الى قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٨، ص ص ٤٩-٩٧.

(٢) جەمال عەبدولناسر، ساڵی ١٩١٨ لە شاری ئەسکەندەرییە لە دایك بووە، ساڵی ١٩٣٧ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوەو، بۆتە ئەفسەر لە کۆلێژی ئەرکان. ڕۆڵی کاری بینیوە لە پێشهاتە سیاسییەکانی ناو میسر، تا ئەوەی لە حوزەیرانی ١٩٥٣ بۆ جێگری سەرۆك وەزیرانو دواتریش سەرۆك وەزیران. ئینجا سەرۆك کۆماری میسرو بەردەوام بووە تا ئەوەی لە ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٧٠ بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. فؤاد شكر، رجال ضاعوا القرن العشرين، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، القاهيرة، ٢٠٠١، ص ١٦ ومابعدها.

وتارێكیدا ئاماژەی بۆ ئەوە كرد كە هەر هێرشێك بكرێتە سەر عیراق وەكو ئەوە وایە كە هێرش كرابێتە سەر كۆماری یەكگرتووی عەرەبی.

(بنگۆڕین) [1]ی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل وەكو هەڵوێست لە بەرانبەر شۆڕش ڕایگەیاند، بە ڕاستی بە هۆی شۆڕشی عیراقییەوە ئاسایشی ناوچەكە بە تەواوەتی كەوتۆتە ژێر كاریگەری مەترسییەوە، لەبەر ئەوەی داواكاریمان تازە دەكەینەوە تا چەكی قورسی ڕۆژئاوایان پێ بگات، ئیتر هەر لەبەر ئەو مەترسییە بوو (وڵدگۆمانی) باڵیۆزی ئەمەریكا لە عیراق وتی: **"مردنی نووری سەعید زیانێكی گەورە بوو بۆ ئیسرائیل"** [2].

ئەوەی تایبەتدارە بە هەڵویستی بریتانیا، ئەوە هەر لە یەكەم ڕۆژدا هەوڵی هاتنە ناوەوەی سەربازی دەدا بۆ لێدانی شۆڕش، ئەم دەستێوەردانەشی بەستبۆوە بە متمانەكردن بە هێزی ئەمەریكا، بەڵام ئەمەریكا ڕەتی بەشداری كردنی كردەوە لەم هەوڵەدا، هەرچەندە بریتانیا هێزی سەربازی خۆیدا دابەزاند لە ئوردن بە مەبەستی پارێزگاری كردن لە (شا حوسێن كوڕی شا عەبدوڵڵا) [3].

لە لایەكی دیكەدا، سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا (ئایزنهاوەر) [4]، دوای بیستی هەواڵی شۆڕش ڕایگەیاند كە ئەمە ئەو وڵاتە بوو كە ئێمە متمانەمان كردبووە سەری تا وەك پێگەیەك بەكاری بهێنین بۆ گەشەكردنمان لە ناوچەكەدا، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش كردبوو كە ئەگەر هەڵوێستی جدی لێوەنەگیرێت، دەبێتە مایەی سرینەوەی ئاسەواری ڕۆژئاوا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەوراسەی ئیتر

---

(١) داڤید بنگۆڕین، ساڵی ١٨٨٦ لە پۆلەندا لەدایك بووە، ساڵی ١٩٠٦ هاتۆتە ئیسرائیل. ساڵی ١٩٤٨ بۆتە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائل بە وەكالەت، دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٦٣ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بووە. ساڵی ١٩٧٣ كۆچی دوایی كردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:www.altawasul.com(MFAAR).

(٢) عبدالقادر سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.

(٣) شا حوسێن كوڕی شا عەبدوڵڵا، لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥ لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٢ بۆ تە مەلیك ئوردنو تا ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩ بەردەوام بووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:ar.wikpedia.org/wiki/.

(٤) ئایزنهاوەر، لە ٤ی تشرینی یەكەمی ١٨٩٠ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥٢ تا ساڵی ١٩٦٠ وەكو سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەڵبژێردراوە. ناوبراو لە ٢٨ی تشرینی یەكەمی ١٩٦٩ كۆچی دوایی كردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: www.faridtazi.maktoobblog.com.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی هەشتەم

## سەردەمی کۆماری و بەردەوام بوونی

**تەوەری یەکەم: سەرەتاکانی قۆناغی کۆماری**

**تەوەری دووەم: کودەتای بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٣**

**تەوەری سێیەم: گرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨**

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:

## سەرەتاکانی قۆناغی کۆماری

دەست پێکردنی شۆڕش لە بەرەبەیانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بە ماوەیەکی کەم توانی دەست بگرێت بەسەر سەرجەم شارو شارۆچکەو ناوچە سەربازییەکان، بێ ئەوەی خوێنێکی وا برژێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە لە بنەماڵەی پاشا نزیکە (٣٠) کەسێك کوژران، بەمەش لە ماوەیەکی پێوانەیی شۆڕش توانی ڕەگو ریشەی ڕژێمێکی تەمەن نزیك سیو حەفت ساڵی لە ناوببات.

لە ڕاستیدا، هەڵگیرسانی شۆڕش لە عیراق جێگای نیگەرانی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ناوچەییو نێودەوڵەتی بوو، بۆیە لە ڕۆژانی سەرەتایدا پێویستی بە چەکی باش هەبوو، بۆ ئەوەی عیراق لە مەترسی هەر ئەگەرێکی باری ناوخۆو دەرەکی بپارێزێ. بۆ ئەو مەبەستەش عیراق داوای هاوکاری لە میسر کردو، لە بەرانبەردا میسر هاوکاری پێشکەش بە عیراق کرد. هەر لەم چوارچێوەیەشدا شاندێکی پایە بڵندی حکومەتی عیراقی کە پێکهاتبوون لە هەر یەك لە: (عەبدولسەلام عارف)، (محەمەد حەدید) [1]، (سەدیق شەنشەل) [2]و (عەبدولجەبار ئەلجومەرد) [1]، چوونە دیداری (جەمال

[1] محەمەد حەید، لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٧ لە مووسڵ لە دایك بووە، لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت خوێندوویەتیو ساڵی ١٩٢٤ دەرچووە، دواتر لە ساڵی ١٩٢٨ پەیوەندی کردووە بە خوێندنگای ئابووری لە لەندەنو ساڵی ١٩٢٨ دەرچووەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئابووری بە دەست هێناوە.ناوبراو ژمارەیەك پلەو پایەی میری وەرگرتووە، تا ئەوەی دوای کودەتای بەعسییەکان وازهێناوەو بەکاری بازرگانیو تایبەتی خەریك بووە. حەدید لە ٣ی ئابی ١٩٩٩ بە نەخۆشی لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مير بصري، اعلام السياسة...، الجزء الثاني، ص ص١٤٠-١٤١.

[2] محەمەد سەدیق شەنشەل لە ساڵی ١٩١٠ لە مووسڵ لە دایك بووەو، لە بواری یاسا خوێندوویەتی. ناوبراو ڕۆڵی کاری لە ڕووداوەکانی سەردەمی پاشایەتیو کۆماری بینیوە تا ئەوەی لە ٢٥ی کانوونی ١٩٩٠ کۆچی دوایی

عەبدولناسر) لە دیمشق، بە مەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی چۆنییەتی هاوکاری کردنی کۆماری عیراق‌و، گەشەسەندی پەیوەندی هەماهەنگی تەواوی نێوانیان، جەخت کردن لەسەر بەیاننامەی جامعەی عەرەبی، پارێزگاری هاوبەش‌و، تەواوکەری ئابووری[٢].

یەکەم ڕۆژی شۆڕش ژمارەیەك بەیاننامەو بڕیار دران کە تایبەت بوون بەم قۆناغە نوێیە لە مێژووی عیراقدا، وەکو گۆڕینی سیستەمی حکومڕانی لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری، دامەرزاندنی کابینەی نوێ حکومەت‌و دابەشکردنی پلەوپایەکانی دیکە، چ لەلایەنی کارگێری بێت، چ لەلایەنی سەربازی.

یەکەمین کابینەی سەردەمی کۆماری لە سەرۆك وەزیران‌و جێگرەکەی‌و پازدە وەزارەت پێکهاتبوو، بەڵام هەر یەك لە وەزارەتی بەرگری‌و وەزارەتی ناوخۆ یەکەمیان لەلایەن سەرۆك کۆمار (عەبدولکەرم قاسم)و دووەمیان لەلایەن جێگرەکەی (عەبدولسەلام عارف) بەڕێوە دەبردران. پێکهاتەی کابینەکە هەموو هێزە سیاسیی‌و نەتەوەییەکان لە عەرەب‌و کورد لە خۆگرتبوو، تەنیا شیوعییەکان نەبێت، بەڵام وەزیری ئابووری (دوکتۆر ئیبراهیم کوبە) بە کەسایەتییەکی مارکسی ناسرابوو، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە سەرکردایەتی شۆڕش، بۆ ئەوەی بوو کە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لە خۆی نەرەنجێنی بە دانانی نوێنەری شیوعییەکان لە حکومەتدا. ئەگەرچی هەر لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕش وڵاتە ئیمپریالییەکان زۆر نیگەران ببوون، بە تایبەت کاتێك بینیان حزبی شیوعی تەواوی توانای خۆی خستبووە خزمەتی شۆڕشەوە.

بە ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی شتێکی ئاساییە کە دەستووری ئەو سەردەمەش بەسەر دەچێت‌و کاری پێناکرێت، بۆیە دەبوو حکومەتی نوێ هەنگاوی بۆ دانانی دەستوور بهاوێ. لەم

---

کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: علاء جاسم محمد، الحربي، رجال العراق الملكي، ص ١٦٥ ومابعدها؛ www.ibr1.blogaraby.com.

(١) عەبدولجەبار ئەلجومرد، ساڵی ١٩٠٩ لە مووسڵ لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە وێدا بڕیوە تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٣١ لە کۆلێژی ماف وەرگیراوە، ساڵی ١٩٣٦ نێردراوەتە فەرەنسا بۆ تەواو کردنی خوێندن‌و، ساڵی ١٩٤٠ بڕوانامەی دتکورای لە یاسا لە زانکۆی پرایس وەرگرتووە، دوای گەڕانەوە بۆ عیراق ژمارەیەك پلەو پایەی وەرگرتووە، تا ئەوەی لە سەردەمی کۆماری دەبێتە یەکەمین وەزیری دەرەوە، بەڵام دواتر دەست لەکار دەکێشێتەوە، ناوبراو لە ساڵی ١٩٧١ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عمر محمد طالب، المصدر السابق.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: أ.د. نوری عبدالحمید العاني، أ.د. علاء جاسم محمد الحربي، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ١٩٥٨- ١٩٦٨، الجزء الاول، الطبعة الثانية، بغداد، ٢٠٠٥، ص١٨٥ .

چوارچێوەشدا حکومەت لێژنەیەکی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی (حوسێن جەمیل) ئەندامی سەرکردایەتی پارتی نیشتمانی دیموکراتی، ئەندامێتی (حوسێن محێدین)و (عەبدولئەمیر ئەلعگێلی)، کە ئەمانە هەموویان لە پیاوانی یاسایی بە ناوبانگ بوون. ئەنجام ناوبراوان بە کاری خۆیان هەڵسانو دەستوورێکی کاتییان خستە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانو ئەمانیش ڕەزامەندییان لەسەردا کە ناوەرۆکەکەی لە پێشەکییەكو چوار بەش پێکهاتبوو [1].

شیاوی باسە، حکومەتی نوێ بەمەبەستی پتەو کردنی شوێن پێگەی هەڵسا بە ئەنجامدانی ژمارەیەك کاری دیکە وەکو: ڕەتکردنەوەی یەکێتی هاشمی نێوان عیراقو ئوردن، دەست بەسەرداگرتنی هەموو موڵكو سەروەتو سامانی بنەماڵەی پاشا، لەگەڵ دەرکردنی ژمارەیەك لە ئەفسەری پلەداری ناو ڕیزەکانی سوپا، بەوەی ژمارەیەکیانی خانەنشین کردنو ژمارەکیش لە دادگاکان دادگای کردن. ئیتر هەموو ئەو هەنگاوانەی کە نای لە پێناوی ئەوەبوو ڕێگا لەبەردەم هەر مەترسییەك بگرێت، کە ئەگەری ئەوەی هەبێت ڕوویدات.

یەکێك لە کارەکانی ئەو حکومەتە دەرکردنی یاسای چاکسازی بوو لە بواری کشتوکاڵی، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی عیراق بە کاری کشتوکاڵییەوە خەریك بوونو لە قۆناغی پێشوودا لە خزمەتی دەرەبەگو پیاوانی دەوڵەت دابوون، ئەم هەنگاوەی حکومەتیش لە چوارچیوەی ئەوەبوو کە هەم حاڵو گوزەرانی جوتیاران باشتر بکات، هەم پەرە بە بەروبوومی کشتوکاڵی بدات. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکە هەر لە چوارچێوەی دەرکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان حکومەتی نوێ یاسای باری شارستانی ڕاگەیاندنو چارەسەری بەشێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کرد بە تایبەت کێشەی مافی ئافرەت کە بە پێی ئەو یاسایە لەگەڵ پیاواندا یەکسان بوون لە مافەکانیان. ئەگەرچی لە دواتر ئەو هەنگاوە ڕووبەرووی ڕەت کردنەوە هاتەوە لە نێو ناوەندە ئاینییەکان بەبیانووی ئەوەی بڕیارەکە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامییە.

---

(1) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: أ.د. نوری عبدالحمید العاني، أ.د. علاء جاسم محمد الحربي، المصدر السابق، الجزء الاول، ص١٩٤ ومابعدها؛ حامد الحمداني، صفحات من تاريخ العراق الحديث من ثورة ١٤ تموز حتى حرب الخليج الثانية ١٩٥٨- ١٩٩٦، الطبعة الأولى، السويد، دون سنة الطبع، ص ٦٢ ومابعدها.

حکومەتی نوێ دەبوو هەنگاو بۆ گەلێك کاری دیکە بهاوێت بۆ چاك کردنی باری ئابووریو کۆمەڵایەتی کە تایبەت بوون بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە. هەر بۆیە لەم چوارچێوەش هەندێ هەنگاوی نا وەکو:

١- کەمکردنەوەی باجی نا ڕاستەوخۆ لەسەر هاوڵاتیان.

٢- کەمکردنەوەی کرێ خانووو، کۆگا بازرگانییەکان.

٣- زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەرو کرێکارانو، چاودێری کردنی نرخ لە بازاڕ.

٤- دابەشکردنی هەزاران پارچە زەوی بەسەر ئەوانەی کە داهاتیان دیاری کراوبوو، بە تایبەت فەرمانبەرانو کرێکاران بۆ ئەوەی خانووی لەسەر بکەن، کە لەتەك پارچە زەوییەکە هاوکاری دەکردن بە دانی قەرز پێیان، بە مەرجێ بە سووکی کەم لێیانی وەرگرێتەوە. ئەوە جیا لە هەوڵی چاك کردنی باری ئەو خانووە خراپانەی ناو پایتەخت.

٥- کردنەوەی خانەی ئەو منداڵانەی کە بێ باوكو دایك بوون بۆ ئەوە تیا بە خێوبکرێن بە پەروەردەیەکی باش.

٦- کەم کردنەوەی سەعاتی کار کردن بۆ هەشت سەعات.

٧- جێبەجێکردنی یاسای (ضمان الاجتماعی) بۆ کار کە لە ساڵی ١٩٥٦ دەرچوو بوون، بەڵام تا دوای شۆڕش کاری پێنەکرا بوو.

٨- کردنەوەی دەرگا لەبەردەم پارەدارانو بازرگانەکان بۆ ئەوە کاری بازرگانی ئەنجام بدەن.

٩- پارێزگاری کردن لە بەرهەمە ناوخۆییەکان لە بەرانبەر بەرهەم بیانی.

١٠- ڕێگا گرتن لەبەردەم دەوڵەمەندەکان بۆ خۆ دزینەوە لە دانی باج.

١١- دامەزراندنی زانکۆی بەغداو فراوان کردنی ژمارەی وەرگیراوانی، بەمەبەستی دەرچووانی بڕی کادیری زۆرتر، لەبەر ئەوەی وڵات پێویستی پێ بوو.

١٢- چارەسەرکردنی هەموو پێداویستەکانی تەندروستیو دروست کردنی ڕێگاو بانو پرۆژەی پیشەسازی هەموو ئەو پێداویستە مادیانەی کە پێویستییەتی.

ئیتر ئەمانەو چەندین کاری دیکە لە چوارچێوەی کارەکانی حکومەتی نوێ بوو کە لە بواری ناوخۆی وڵات ئەنجامیدا.

جیا لەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن حکومەتی لە بواری دەرەکیش هەندێ هەنگاوی نا. لەم چوارچێوەشدا لە یەکەمین هەنگاویدا بڕیاری چوونە دەرەوە عیراقیدا لە پەیماننامەی بەغدا ساڵی ١٩٥٥، بۆ ئەوە عیراق لە پاشکۆیەتی سیاسیو سەربازی وڵاتە ئیمپریالییەکان ڕزگار بکات. جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەگەرچی هەنگاوناى لەم شێوەیە لە سەرەتاوە بۆ حکومەتی نوێ ئەستەم بوو، بەڵام دواتر لە ٢٤ی مارتی ١٩٥٩ بە فەرمی لەلایەن وەزیری دەرەوە وڵاتانی بەشدار بووی ئەو پەیماننامەیە ئاگادار کرایەوە کە عیراق لە پەیماننامەکە چۆتە دەرەوە، بەمەش بۆ یەکەمین جار عیراق لە دەسەڵاتی بریتانی ڕزگاری بوو کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەستی بەسەر داگرتبوو. هەروەها حکومەت هەنگاوی بۆ ئەوە نا کە عیراق لە پاشکۆیەتی ئابووری بریتانیا ڕزگار بکات بەوەی کە بە ناوچەی ئیستەرلینی بەسترابوویەوەو بەمەش لە هەموو کاتێکدا هەر گۆڕانکارییەك لە بازاڕەکانی بریتانیا، کاریگەری دەبوو لەسەر باری بازاڕەکانی عیراق، لەم چوارچێوەش عیراق لە حوزەیرانی ١٩٥٩ لەم کۆتو بەندەش ڕزگاری بوو. کاتێکیش لەم هەنگاوەی سەرکەوتوو، دەبوو حکومەت هەنگاو بۆ ئەوە بهاوێت چارەسەری قەیرانی نەوت بکات کە بە هۆی بوونی دەسەڵاتی داگیرکاری ماوەیەکی زۆر بوو ئەو سامانە سروشتییە لەلایەن ژمارەیەك کۆمپانیای داگیرکارییەوە بەرهەم دەهێنرا بێ ئەوەی سوودێکی ئەو تۆیی بۆ خاکو دانیشتوانی عیراق هەبێت، لەم پێناوەشدا حکومەت کەوتە کار بۆ ئەوەی لە ڕێگای گفتوگۆوە خۆی لەو بەندانە ڕزگار بکات کە پێشووتر بە ناچاری لەگەڵ کۆمپانیاکان واژۆکرابوو، ئەم بارەش ماوەیەکی خایاند تا ئەوەی بە بڕیارێك لە ٢١ کانوونی یەکەمی ١٩٦١ پشکی زۆر بەرهەم هێنانی نەوت بۆ خزمەتی عیراق گەڕایەوەو، بەمەش زەرەرێکی زۆر لە کۆمپانیاکان درا.

لە لایەکی دیکە بۆ ئەوەی حکومەتی نوێ هەنگاوی سەربەخۆ بوونی ئابووری گەشە پێبداتن کەوتە هەوڵی ئەوەی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دونیا ببەستێ، بە تایبەت وڵاتانی سۆسیالیستی کە پێشووتر لە ژێر پاڵپەستۆی وڵاتانی ئیمپریالی پەیوەندی لەگەڵ پچراندبوون. ئیتر بەم شێوەیە حکومەت پەیوەندی ئابووریو سیاسی دەست پێکرد بە تایبەت لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، کە ئەویش لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی دەسەڵاتی عیراقیو سەربەخۆیو دەست نەخستەنە ناو کاروباری ناوخۆی هاتبووە دامەزران، لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەشکردنی هاوکاری بە بڕێك پارەی قەرز بۆ ئەوەی عیراق سوودی لێ وەربگرێت بۆ بووژانەوەی باری ئابووری وڵات.

ڕۆژانێکی زۆر بەسەر ئەو باوردۆخە تێپەری نەکرد ناکۆکی کەوتە نێوان سەرکردایەتی سیاسی، کاتێك (عەبدولسەلام عارف) دەستی بە گەڕان کرد لە ناوچەکانی عیراقداو، تیایدا زۆرێك لەم وتانەی کە پێشکەشی کردن پێچەوانەی ئامانجەکانی شۆڕش دەکەوتنەوە، بە تایبەت کە دواتر (عارف)و هاوڕێکانی جەخیتان لەسەر بەستانەوەی عیراق بە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو دەکردەوە کە لە مانگی شوباتی ١٩٥٨ لەلایەن سوریاو میسرەوە هاتبووە دامەزراندن، بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوەن بن کە کارەکە بەم پەلەیە ئەستەمە بەهۆی جیاوازی باوردۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و سیاسی هەردوو وڵاتەکە. (عەبدولسەلام عارف) هەر بەوەندە نەوەستا بەڵکو هەڵسا بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (صوت الجماهیر)و سەرۆکایەتی دەرکردنی دایە (سەعدون حەمادی) [1] کە یەکێك بوو لە سەرکردە دیارەکانی حزبی بەعس، ئەمەش لە ڕاستیدا پێچەوانەی یاسا بوو کە کەسی دووەمی دەسەڵات ڕۆژنامەیەك دەربکات‌و، بە پێچەوانەی پرنسیپەکانی حکومەت کار بکات، بۆیە لە دواجار لە ژێر پاڵەپەستۆ (عەبدولکەریم قاسم) کارەکەی سپارد بە هاوڕێیە بەعسییەکانی.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە دوای دە ڕۆژ لە ئەنجامی شۆڕشی ١٤ی تەمموز، (میشیل عەفلەق) [2] دامەزرێنەری حزبی بەعسی عیراق هاتە عیراق‌و چاوی کەوت بە هاوڕێیەکانی‌و باسیان لەوە کرد پێویستە عیراق لە ماوەیەکی زۆر زوودا بچێتە ڕیزی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو. هەر لەم چوارچێوەش شاندێکی عیراقی بە سەرۆکایەتی (عەبدولسەلام عارف) لەگەڵ چەند وەزیرێك سەردانی دیمشق یان کردبووو چاویان کەوتبوو بە (جەمال عەبدوالناسر)و، لەسەر هاوکاری‌و هەماهەنگی یەکتری ڕێکەوت

---

([1]) سەعدون حەمادی، ساڵی ١٩٢٧ لە کەربەلا لە دایك بووەو لەسەرەتا چلەکان پەیوەندی بە حزبی بەعس کردووە، ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٦ بڕوانامەی دوکتۆرای لە زانکۆی وسکوتسن ئەمەریکی لە بیروت بەدەست هێناوە. حەمادی لەگەڵ هاتنە سەرحکومی بەعسییەکان پلەو پایەی زۆری وەرگرتووەو بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن ئەمەریکییەکان دیل کراوە، ساڵی ٢٠٠٥ چۆتە قەتەرو لە کانوونی دووەمی٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: www.wikiped.org/wiki/سعدون حمادی.

([2]) میشیل عەفلەق، لە ساڵی ١٩١٢ لە خێزانێکی مەسیحی ئەرسەدۆکس لە دیمشق لە دایك بووە، دوای تەواو کردنی قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن چۆتە زانکۆی سۆربۆن لەم ماوەیەشدا دەستی بەکاری سیاسی کردووە، عەفلەق لە ساڵی ١٩٣٣ گەڕاوەتەوە دیمشق‌و وانەی مێژووی لە ئامادەیی (تجهیز) وتۆتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٤ وازی لە پیشەی مامۆستایەتی هێناوەو بە تەواوەی چۆتە بواری کارکردنی سیاسییەوە، ناوبراو ڕۆڵێکی کاریگەری لە دامەزراندنی بەعسدا هەبووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سۆزان کەریم مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١ بە داوە.

بوونو، لە بەستانەوەی عیراق بە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو هاورابوون، بە تایبەت ئەگەر بزانیین (ناسر)و (عارف) بەجیاش بەیەکەوە دانیشتبوونو بە گەرمی باسی هەوڵەکانی ئەو هەنگاوەیان کردبوو.

لێرەشدا چ ئەوانەی لە ناوخۆی عیراقو چ هێزە دەرەکییەکان کە بەرژەوەندییەکان لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەوە زەرەرمەندبوون کەوتنە هەوڵی ئەوەی ئاگری ناکۆکییەکان خۆش بکەن بۆ ئەوەی بارەکە بۆ سەردەمانی زوو بگەڕێتەوە. بە جیاواز لەوانەش شیوعییەکانیش بیروڕای پێچەوانەیان هەبوو کە لەگەڵ دیموکراتییەکان داوای (یەکێتی فیدرالی) یان دەکرد. بەمەش شەقامی عیراقی بووە جێگای ململانێی ئەو لایەنو هەوادارانە، کە لە دواتر بارەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو گرژیو دواجاریش خوێن ڕشتن لە نێوان بەعسییەکانو نەتەوەییەکان لە لایەکو، شیوعییەکانو دیموکراتییەکان لە لایەکی دیکەی لێکەتەوە.

ئەنجامی ئەو باوردۆخەی کە باسمان کرد باری دەسەڵاتداری عیراقی بەرەو تاکڕەوی برد، بە تایبەت دوای ئەم هەموو پاڵپشتییەی شیوعییەکانو دیموکراتییەکان بۆ (عەبدولکەریم قاسم)، کە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی بۆ تۆکمەکردنی پلەوپایەکەی هەندێ هەنگاو باوێت. یەکێکیش لەم هەنگاوانەی لادانی (عەبدولسەلام عارف) لە پۆستەکەی بوو، دواجاریش دوورخستنەوەی ناوبراو بوو بۆ دەرەوە وڵات بە مەبەستی دامەزراندنی بە سەفیری عیراق لە ئەڵمانیا ڕۆژئاوا.

لە ڕاستیدا، (عەبدولسەلام عارف) سەرەتا ئەم فەرمانەی جێبەجێ نەکرد، بەڵام دواتر لە ژێر پاڵەپەستۆ داواکاری هەندێ لە ئەفسەرەکان ڕازی بوو بچێتە ئەڵمانیا، کەچی ئەوەندە زۆری پێنەچوو گەڕایەوە، بەگەڕانەوەی دەست بەسەرکراو درایە دادگاو، دادگا کردنەکەشی تا ٥ی شوباتی ١٩٥٩ بەردەوام بووو، لە ئەنجامدا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام (قاسم) بڕیارەکەی جێبەجێ نەکرد، بەمەش (عارف) ماوەی نزیکەی سێ ساڵ لە بەندیخانە گوزەراندی تا ئەوەی لە پایزی ١٩٦١ بەهۆی دەرچوونی سوریا لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بە فەرمانێکی لێبووردن لە بەندیخانە ڕزگاری بوو.

بە دەرکرنی بڕیاری لە سێدارەدانی (عەبدولسەلام عارف) هەندێ لە وەزیرەکان دەستیان لە کار کێشاوە، بەڵام ئەو هەنگاوە نەبوو هۆکاری ئەوەی (قاسم) بە سیاسەتەکەی خۆیادا بچێتەوە، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆ سیاسەتی تاکڕەوی زیاتر هەنگاوی دەنا. لەم چوارچێوەشدا حزبی شیوعی ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە پاڵپشتی کردنی کارەکانی (عەبدولکەریم قاسم)دا، ئیتر بەم هۆیەوە هەر کەسی شکی ئەوەی لێبکرایەو بەمەترسی لەسەر خۆیان بزانیایە، ئەوە بێ سێو دوو ڕووبەرووی لێکۆڵینەوەو بەندییەتی دەهاتەوە.

ئەنجامی ئەو بارودخەی کە ئاماژەمان بۆ کرد، تا دەهات ڕەوشەکە تونتر دەبوو کاتێك لە پایتەختەوە گوازرایەوە بۆ شارەکانی دیکە عیراق، بە تایبەت شاری مووسڵ کە بەشێکی زۆر شارەکەو ئەم ئەفسەرە پلەدارانەی کە لە وێدابوون دژی سیاسەتی (قاسم) بوون، هەر ئەمەش بوو لە دواتر یەکێك لە ئەفسەرە پلەدارەکانی بە ناوی (عەبدلوەهاب شەواف) لە ٨ی مارتی ١٩٥٩ بانگی ڕاپەڕینیدا بە ڕووی دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم)داو لە بەیاننامەیەکدا بانگی ئەوەدەدات کە عیراق لە شەڕی دارو دەستەی (قاسم) ڕزگار دەکات، (شەواف) هەر هەموو ئەو کەسایەتییە چەپانەی گرت کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی لایەنگیرانی ئاشتی هاتبوونە مووسڵو، ئاڵای کۆماری عەرەبی یەکگرتووی عەرەبی لە باڵەخانەی پارێزگادا هەڵواسیو عەرەبە کۆچەرییەکانی شەمەری دەورووبەری مووسڵ هاتنە هاوکاری کردنی، بەڵام هەر زوو ڕاپەڕینەکە بە ئاگرو ئاسن سەرکوت کرایەوە. دوای ئەمەش دەسەڵاتدارانی حکومەت بە هاوکاری شیوعییەکانو کوردەکان بەوەندە نەوەستان، بەڵکو کەوتنە گرتنو ڕاوەدوونانو کوشتنی هەوادارانی ڕاپەڕینەکەو لە مووسڵ زۆربەیان کوشتن. هەر لەم چوارچێوەشدا لە کۆتایی مارتی ١٩٥٩ (عەبدولکەریم قاسم) زۆربەی بەشداربووە دیارەکانی ڕاپەڕینەکەی دایە دادگاو دواتر لە سێدارە دران[1].

ئەم هەنگاوەی حکومەت دەنگی نارەزای زۆر لە شارو شارۆچکەکانی عیراق لێکەوتەوە، ئیتر هەر لە ئەنجامی ئەوە بوو هەوڵی تیرۆکردنی (عەبدولکەریم قاسم) نەخشەی بۆ کێشراو، بەمەش لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ کەوتە بەر دەست ڕێژی گولەو، (قاسم) لە لای شانییەوە پێکا[2]. ئەنجامدەرانی ئەو کارە بەشێکیان هەڵاتنە دەرەوەو عیراقو ئەوانە دیکەش کە دەستیان بەسەر داگیرا فەرمانی لە سێداریان بۆ دەرچوو، بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ نەکراو لە بەندیخانەدا مانەوە تا ٨ی شوباتی ١٩٦٣.

شیاوی باسە، ڕەوشی ناوخۆی عیراق لەم بارەدا مایەوە تا ئەوەی بەعسییەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەکییان بەسەر دەسەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم) ئەنجامداو بۆ یەکەمین جار لە عیراقدا دەسەڵاتیان گرتەدەست.

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. نوری عبدالحميد العاني، أ.د. علاء جاسم محمد الحربي، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص ٩٤ ومابعدها.

[2] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. نوری عبدالحميد العاني، أ.د. علاء جاسم محمد الحربي، المصدر السابق، الجزء الثالث، ص ٢٩٥ ومابعدها.

### تەوەری دووەم:

## کودەتای بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٣

کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە بارودۆخێکی نادیارو تەماوەییەوە لە ڕۆژی هەینی ڕوویدا، لەلایەن کۆمەڵە کەسانێکەوە کە تا ئەو سەردەمە لای بەشێکی زۆر خەڵکی نەناسراو بوون، ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە کەس هەست بەکارەکەیان نەکات، لەبەر ئەوەی ڕۆژی هەینی ڕۆژی پشوودانەو لە ناو وێستگە سەربازییەکاندا تەنیا ئەو ئەفسەرانە بوونیان هەیە کە لە ئیشکگریدان، بۆیە ئەمانیش کاتێك دەنگوباسیان پێی گەیشت کە کودەتایەك بەڕێوەیە لە کاتژمێر (٩)، زۆربەیان بڕوایان نەکردو هەواڵەکەیان بە هەند وەرنەگرت تا ئەوەی ڕووداوەکە ئەنجامدرا. سەرباری ئەوانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن کودەتاکە هەروا بەم ئاسانییە ئەنجام نەدرا، لەبەر ئەوەی ئەو کودەتایە لە ئەنجامی دەرهاوێشتەی کۆمەڵێك هۆکارەوە هاتبووە کایەوە، جگە لەوەی کە کردەیەکی سەربازی لەو شێوەیە پێویستی بە پلانێکی تۆکمەو نەخشە بۆ کێشراو هەبوو.

ئەگەرچی بارودۆخی عیراق لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ هەوڵی چاسەرەکردنی بۆ درا بوو، بەڵام ئەو هەوڵە سەرکەوتنی تەواو بە دەست نەهێنابوو، لەبەر ئەوەی لەلایەنی ئابوورییەوە قورسایی گوزەران لەسەر چینە هەژارەکان زۆر زیادی کردبوو، ئەو پلانە ئابوورییەی کە دراسەکرابوو هیچ جۆرە ئەنجامێکی لێ نەکەوتبۆوەو، ئەم چاکسازییە کشتوکاڵییەی کە شۆڕش ڕایگەیاندبوو بەجێ نەهێنرابوو، لەبواری سیاسیشدا ئازادیو دیموکراتییەت سەرکوت کرابوو هیچ یەکێك لەو بەڵێنانەی کە شۆڕش پێشکەشی کردبوو نەهاتنە دی لە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ گەل، بەڵکو تا دەهات دەسەڵاتی سەربازی زیاتر دەبوو.

سیاسەتی (عەبدولکەریم قاسم) بەر لە هەموو شتێك گەورەترین هۆکار بوو بۆ سەرکەوتنی کودەتاکە، چونکە خاوەنی سیاسەتێکی دیاری کراو نەبوو، هەروەها نەیتوانی بەسەر هەموو چین و

توێژەکاندا زاڵ بێت، بەڵکو هەموو پارتە سیاسییەکانی ناو عێراقی کردبوو بە دوژمنی خۆی. (قاسم) تووشی گومان ببوو، هەموو خەمێکی پاراستنی پێگەی خۆی بوو، بۆیە بە ناچاری بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیو پووچەڵ کردنەوەی کاری بانگەشەکەرانی دەسەڵات کەوتە تێك بەردانی پارتو گروپە سیاسییەکان، (قاسم) دڵی کرمی ببوو، نەی دەویست گەل دەستی بە ئازادیو سەربەستیو یەکێتیو خێروخۆشی کۆمار ڕابگا، لە بەڵێنەکانی مافو دەستکەوتە سەرەتاییەکان پاشگەز ببۆوەو لە ڕێبازی شۆڕش لایداو دەستی دایە سیاسەتی تاك ڕەوی بەرانبەر بە گەلی عیراق بە گشتیو گەلی کورد بە تایبەتی.

(قاسم) لە چوارچێوەی لێدانی پارتەکاندا کەوتە لێدانی حزبی شیوعی کاتێك ئەو پارتە لە ١١ی تەمموزی ١٩٥٩ بەپێ یاسا کارکردنی بە ئاشکرای لێ قەدەغەکرا. ئەم پرۆگرامە دژ بە دیموکراتییەی (قاسم) کۆمەڵێك دەرئەنجامی ئابووریو کۆمەڵایەتی خراپی لێکەوتەوەو خەبات لە دژی ئەو دەسەڵاتە سەری هەڵدا.

جیا لەم هۆکارە ناوخۆییان ژمارەیەك هۆکاری دەرەکیش هەن کە ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە ڕووخانی ڕژێمەکەی (عەبدولکەریم قاسم)دا، حزبی بەعس کە بە هاوکاریو هەماهەنگی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا چووبووە سەر حکومو ئەو دەوڵەتانە بە مەبەستی بەرژەوەندی خۆیان دایان مەزراندبوو، بۆیە ڕووخانی دەسەڵاتی (قاسم) یان بەلاوە زۆر گرنگ بوو، لە سەرووی هەموویانەوە ئەمەریکا، چونکە بەمە سنوورێکی بۆ دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت دادەنا، ئەمانە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە هێنانی بەعس بۆ سەر تەختی دەسەڵات لە عیراقدا، بە بەڵگە ئەوەی بەعسییەکان خۆیان دان بە ڕاستییە دادەنێن کە ئەمان بە پاڵپشتی ڕۆژئاواوە هاتوونەتە سەر تەختی دەسەڵات.

بوونی ئەو پاڵپشتە سەرەکییە هانی حزبی بەعسیدا ئەم بارودۆخە لاوازە بقۆزێتەوەو خۆی بۆ لە ناوبردنی (قاسم)و ڕژێمەکەی سازو ئامادە بکات، لەم چوارچێوەیەشدا لە بەیانی ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ چەند ئەفسەرێکی سوپا، کە سەر بە حزبی بەعس بوون کودەتایەکیان ئەنجامدا، بەمەش لە مێژووی عیراقدا قۆناغێکی تازە دەستی پێکردو، لە ڕووی کودەتای سەربازییەوە عیراق بووە دەوڵەمەنترین وڵات لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا [1].

هەواڵنامەی کتێب

---

(1) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. نوری عبدالحمید العاني، أ.د. علاء جاسم محمد الحربي، المصدر السابق، الجزء السادس، ص ٥ ومابعدها.

حزبی بەعس کە هاتەسەر حکوم خۆی بە پارتێکی ناسیونال سۆسیالیستی دادەنا، بە ئامانجی ئەوەی کار دەکات لە پێناو بوژانەوەی نەتەوەی عەرەبدا، هەروەها ئەو پارتە لە سەرەتاوە ئاوات‌و ئارەزووەکانی باڵی ڕەگەزپەرستانەی وورده بۆرژوازی‌و بۆرژوازی ناوەندی عەرەبی دەنواند لە پێناوی یەکخستنی هەموو نەتەوەو نیشتمانی عەرەبیدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی عەرەبی نەتەوەپەرستی گەورەو فراواندا کە سەروەرییەکانی ڕابردووی ئیمپراتۆریەتە عەرەبیەکان زیندوو بکاتەوە، حزبی بەعس نەك هەر خۆی بە ئەلتەرناتیڤی پارتە شیوعییەکانی وڵاتانی عەرەبی دادەنا، بەڵکو ئایدویۆلۆژی بەعسی بە ئەلتەرناتیڤی ئایدولۆژی ماکسیزم- لینینزم دادەنا لەوەی کە ئاوات‌و ئارەزووەکانی ڕەگەزپەرستی عەرەب دەربڕێ.

(قاسم) لە ناو وەزارەتی بەرگریدا بوو کە هێزی کودەتاچییەکان بە فرۆکەو تانکەوە پەلاماریاندا، هەر چەندە بەرگری کرد، بەڵام لە ئەنجامدا هێزی کودەتاچییەکان خۆیان کرد بە ناو وەزارەتی بەرگریداو (قاسم)یان گرت، (قاسم) لە ٩ی شوبات دەستگیر کراو، دوای داداگایەکی (٥) خوولەکی گولەباران کرا. سەرکردایەتی بەعس ئەنجوومەنێکیان پێکهێنا بە ناوی ئەنجوومەنی (ئەنجوومەنی نەتەوەیی سەرکردایەتی شۆڕش)، بەم شێوەیە لە ڕێگای شێوازو تاکتیکە تایبەتییەکانی خۆیانەوە وەك ڕۆچوونە ناو سوپاو هاوکاری لەگەڵ کۆنەپەرست‌و ڕەگەزپەرستەکانی عەرەب‌و نۆکەرانی ئیمپریالیزم‌و کودەتاو پیلانگێران‌و دەستبرین‌و پاشقۆڵگرتن‌و بڵاوکردنەوەی ترس‌و تیرۆرو، هەڵگرتنی دەروشمی بریقەداری بۆش هەڵخەڵەتێنەر، توانیان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست‌و دەوڵەت بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بەمەش دەسەڵات‌و سروشتێکی تازەی دەسەڵات هاتە کایەوەو تیایدا هەریەك لە (عەبدولسەلام عارف)و (ئەحمەد حەسەن بەکر) [1] دەسەڵاتیان گرتە دەست‌و یەکەمیان بوو بە سەرۆك کۆمارو دووەمیان بوو بە سەرۆك وەزیران.

---

[1] ئەحمەد حەسەن بەکر، ساڵی ١٩١٤ لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٣٨ چۆتە ئەکادیمیای سەربازی عیراق، بەشداری کردووە لە بزووتنەوەی(ڕەشید عالی گەیلانی)و بە هۆیەشەوە کەوتۆتە بەندیخانە، دوای ئازاد بوونی کاری مامۆستایەی کردووە، هەروەها لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەشدار بووە، بەڵام بە بیانوی ئەوەی دەستی لە بزووتنەوەی شەواف هەبووە خانەنشین دەکرێت، بەکر بە هۆی ئەوەی ئەندامێکی کاری بەعس بووە، لە کودەتای ساڵی ١٩٦٣ ڕۆڵی کارای هەبووە، دواتریش لەگەڵ دووبارە هاتنەوەی بەعسییەکان بۆ سەر حکوم بۆتە سەرۆك

دەسەڵاتدارانی کودەتا هەر لەسەرەتاوە وێنەی کوژراوی (قاسم)یان لە شاشەی تەلەفزیۆن پیشانی خەڵکیدا بۆ ئەوەی کەس زاتی ئەوە نەکات لە بەرانبەریان بووەستێ. دواتریش لە یەکەم هەفتەی حکومڕانییان سیاسیەتی خۆیان بەرانبەر بە حزبی شیوعی ڕاگەیاندو، کەوتنە ڕاوناو گرتنو کوشتنو لێدانی ڕێکخستنەکانیان لە ناو سوپاو دەرەوەی سوپادا، لەبەر ئەوەی ڕووخانی (قاسم) خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی ڕاونانی شیوعییەکان بوو، ئەمەش هەموو شیوعییەکانی ناچار کرد کە بەرەو ناوچەکانی کوردستان ڕابکەن، بەمەش بە ماوەیەکی کەم بەعسییەکان توانیان پاکتاوی شیوعییەکان بکەن.

باری دەسەڵاتدارییەتی بەعسییەکان هێندەی نەخایەند کاتێك ململانێی کەوتە نێوان باڵی چەپو ڕاستی ئەو پارتە، باڵی چەپی لەلایەن (عەلی ساڵح سەعدی) یاریدەدەرەی سەرۆك وەزیرانو نەیاری (ناسر) بوون، باڵی ڕاستی بە ڕێبەرایەتی (تالێب شەبیب)و (حازم جەواد)ی وەزیری ناوخۆی، بە تایبەت لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ دا، بەهۆی ئەم ناکۆکیو جیاوازییە گەورەیەی نێوان بەعسو (عەبدولسەلام عارف)و جەنەراڵەکانی سوپا هێندە توندو تیژبوو کە حکومڕانی هاوبەشیان لە ١٠ مانگ زیاتری نەخایاند، ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ (عارف)و کۆمەڵێك لە جەنەڕاڵەکانی سوپا دەستیان بەسەر دەوڵەتی عیراق داگرتو دەسەڵاتی بەعسیان ڕووخاند، دوای ئەوەش (عارف) بۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی کەوتە پاوکتاو کردنی بەعسییەکان. ئیتر باری عیراق بەم شێوەیە لە ژێر دەسەڵاتی (عەبدولسەلام عارف) هەنگاوی نا، تا ئەوەی ناوبراو لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦ بە هۆی سووتانی فرۆکەوە گیانی لە دەستدا. بەمەش دەسەڵات کەوتە دەستی بڕاکەی (عەبدولڕەحمان عارف).

١٦ی نیسانی ١٩٦٦ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەنجوومەنی وەزیرانو ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی ئەنجامدراو، زۆربەی بەشداربووان کۆك بوون لەسەر دانی (عەبدولڕەحمان عارف) بە سەرۆکی کۆماری عیراق کە ئەم کاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، بەڵام باری وڵات هێندە بە ئاسایی تێپەری نەکرد، ئەگەر بزانین لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٦٦ لەلایەن (عارف عەبدولڕەزاق) [١] لەگەڵ

---

کۆماری عیراق تا ١٦ی تەمموزی ١٩٧٩، ئیتر لە دوای ئەوەوە لە ماڵەکەی خۆی لە ژێر چاوەدێری دابووە تا ئەوەی لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە. حوسێن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

(١) عارف عەبدولڕەزاق، یەکێکە لە ئەفسەرە دیارەکانی بواری ئاسمانی لە عیراقو، زۆر کاریگەر بوو بە(جەمال عەبدولناسر)، ناوبراو ڕۆڵی کاری هەبوو لە کودەتای شوباتی ١٩٦٣. عارف عەبدولڕەزاق دوای ئەم هەوڵی

ژمارەیەك لە ئەفسەرە دیارەكان هەوڵی كودەتاییاندا بەسەر دەسەڵاتەكەی (عارف)ی دووەمداو، توانیان سەرەتا هەندێ سەركەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام لە دواجار (عەبدولڕەحمان) بەسەریان سەركەوت‌و كودەتاكە كۆتایی پێهات.

ئەنجامدانی ئەم كودەتایە یارمەتی دەربوو بۆ سەرۆك كۆمار بۆ ئەوەی شوێن پێگەی خۆی قایم بكات‌و هەموو ئەو كەسایەتیانەی كە ئەگەری مەترسیان لێ دەكات لە دەسەڵات دووریان بخاتەوە، لێرەشدا لە سەرووی هەموویانەوە (عەبدولڕەحمان بەزاز) [1]ی سەرۆك وەزیرانی دوورخستەوەو، داوای لە (ناجی تالیب) كرد كە كابینەیەكی نوێ حكومەت پێك بهێنێ، بەڵام ئەو حكومەتەش نەیتوانی كێشەكان بە تەواوی چارەسەر بكات، بۆیە دەسەڵات گوازرایەوە بۆ (تاهیر یەحیا)، كەچی ئەمیش كارێكی ئەو تۆی پێنەكرا، ئیتر لێرە بەدواوەی سەرۆك كۆمارو حكومەتەكەی ڕووبەرووی گەلێك كێشە بوونەوەو نەیانتوانی چارەسەری بكەن، ئەنجام لە دواجار دووكەس لە نزیكەكانی (عارف)ی دووەم، بە ناوی جەنەڕاڵ (عەبود) فەرماندەی گاردی سەرۆكایەتی كۆماری‌و سەرهەنگ (عەبدولڕەزاق نائیف) سەرۆكی ئیدارەی دووەمی سوپاو سەر بە ڕێكخراوی ئەفسەرانی ناسیۆنالیست لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ لە ڕێگای كودەتایەكی سپییەوە (عەبدولڕەحمان عارف)یان لە دەسەڵات هێنرایە خوارەوەو بە فرۆكەیەك ڕەوانە لەندەنیان كرد، بەمەش بۆ جارێكی دیكە بەعسییەكان لە عیراق دەسەڵاتیان گرتەوە دەست.

---

كودەتاییە بەسەر(عارفی یەكەم) دەست بەسەر كراو دواتریش دوور خرایەوە بۆ دەرەوە وڵات، تا ساڵی ٢٠٠٥ لە ژیاندا مابوووله قاهیرە دەژیا. بۆ زیتر زانیاری بڕوانە: علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق الجمهوري، ص ص ٦١- ٦٢.

(١) عەبدولڕەحمان بەزاز، لە ساڵی ١٩١٣ لە دایك بووەو، یەكێك بووە لە كەسایەتییە سیاسی‌و یاساییەكان، هەروەها مامۆستایی زانكۆ بووە، ناوبراو یەكەمین سەرۆك وەزیرانی مەدەنییە لە سەردەمی كۆماری، بەزاز لە دوای مردنی عەبدولسەلام عارف بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سەرۆك كۆمار بووە، بەڵام دواتر دوورخراوەتەوە. حوسێن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

### تەوەری سێیەم:

## گرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکان لەساڵی ١٩٦٨

سەردەمی حکومڕانی (عەبدولڕەحمان عارف) لەگەڵ ئەوەی باری ناوخۆی عیراقی نیگەران کردبوو، ئەم نیگەرانییە لە ڕووی دەرەکییەوە هەر یەك لە بریتانیاو ئەمەریکاشی نیگەران کردبوو، چونکە (عارف)ی دووەم هەندێ هەنگاوی نابوو کە بریتانیاو ئەمەریکا بەمەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانی لە ناوچەکەدا وەکو:

١- لاوازی دەسەڵاتی (عەبدولڕەحمان عارف)، ڕێگای لەبەردەم زیاد بوونی چالاکی شیوعییەکان خۆشکردبوو، بەوەی لە زۆربەی کاتدا دەستیان خستبووە ناو کاروباری وڵاتو، بەمەش هەر یەك لە بریتانیاو ئەمەریکا بە مەترسی لەسەر خۆیان دەزانی.

٢- دەرکردنی بڕیاری حکومەتەکەی (تاهیر یەحیا) لە ٦ی ئابی ١٩٦٧ بە گێڕانەوەی کانە نەوتی ڕومیلەی باکوور بۆ ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی، ئەمەش مەترسی بۆ بەرژەوەندی ئەو دوو دەوڵەتە دروست کردبوو، ئەگەر بزانیین ئەو ناوچەیە بە نەوت زۆر دەوڵەمەندبووو بۆ ئەو دەوڵەتانەش سوودمەند بوو.

٣- بەستنی ڕێککەوتنی نەوتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لە٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ کە لەو ڕێگایەوە یەکێتی سۆڤیەت بەڵێنی هەموو هاوکارییەکی پێشکەش بە عیراق کردبوو، ئەمەش هەر یەك لە بریتانیاو ئەمەریکای نیگەران کرد.

٤- هەروەها بەستنی ڕێککەوتنی گربەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای (ئیراب)ی فرەنسی بۆ گەڕان بە دوای نەوتو دەرهێنانی لە ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عیراق، کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە هەریەك لە بریتانیاو ئەمەریکا ئەمەیان بە دژی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا دەزانی.

٥- ڕەتکردنەوەو ڕێگەگرتن لە کۆمپانیای (بان ئەمەریکا) ئەمەریکی لە دەرهێنانی کبریت لەعیراق لەلایەن حکومەتی (عارف)ی دووەمەوە، دەسەڵاتدارانی ئەمەریکای نیگەران کردبوو.

ئیتر هەموو ئەو هەنگاوانەی حکومەتی (عەبدولڕەحمان عارف)، بوونە هۆکاری ئەوەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت بریتانیاو ئەمەریکا هەوڵی ئەوە بدەن کە کۆمەڵێك لە نارەزاییانی دەسەڵاتی عیراقی لە خۆیان کۆبکەنەوەو، هاوکارییان بکەن لە چۆنییەتی سەرکەوتنیان لە لادانی (عارف) لە دەسەڵاتدا، کە ئەنجام لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ لە عیراق دوورخرایەوە.

دوای نەمانی دەسەڵاتی (عارف)ی دووەم، کودەتاچییەکان دەسەڵاتیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردو،حکومەتی تازەیان پێك هێنا کەتیایدا (ئەحمەد حەسەن بەکر) بوو بە سەرۆك کۆمارو، (عەبدولڕەزاق نایف) بوو بە سەرۆك وەزیران، بەڵام ئەوەندەی نەبرد بەعسییەکان هەوڵی ئەوەیاندا کە بە تەواوەتی دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرغ بکەنو ئەوانەی بەعسی نین لە دەسەڵات دووریان بخەنەوە، ئەمەش ماوەیەکی مێژووی زۆری نەخایەند، بەڵکو دوای تەنیا (١٣) ڕۆژ بە عسییەکان کودەتایەکی دیکەیان ئەنجامداو هەموو ئەوانەی کە لە پارتەکەی ئەواندا نەبووو لە دەسەڵاتدا بوون دوور خراوەنەوەو، دووبارە خۆیان دەسەڵاتیان گرتەوە دەستو حکومەتێکی تازەیان دامەزراند کە تیایدا (ئەحمەد حەسەن بەکر) بە سەرۆك کۆمارو (سەدام حوسێن) [1] بە جێگری سەرۆك کۆمار دەست نیشان کرا.

وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکان دووبارە خەڵکی عیراقی تووشی نیگەرانی کردەوە، لەبەر ئەوەی هێندە ماوەیەکی زۆر نەبوو، بەعسییەکان لە ماوەی هاتنە سەر دەسەڵاتیان لە ساڵی ١٩٦٣ زۆر بە توندی ڕەفتاریان کردبووو ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی عیراقدا لە دار دابوو، لێرەشدا کاتێك بەعسییەکان هەستیان بە دابرانی خۆیان کرد لە جەماوەردا بێ ئەوەی بە سیاسەتی خۆیاندا

---

(١) سەدام حوسێن، لە ٢٨ی نیسانی ١٩٣٧ لە عوجە لە دایك بووە، لە تەمەنی دە ساڵی چۆتە بەغداو پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس، لە ساڵی ١٩٥٩ هەوڵی تیرۆکردنی(عەبدولکەریم قاسم)ی سەرۆك کۆماری عیراقی داوە، بە هۆی سەرنەکەوتنیو بریندابوونی هەڵاتۆتە سوریاو پاشان میسر، لە ساڵی ١٩٦٨ گەڕاوەتەوە عیراقو بۆتە کەسی دووەمی دەسەڵات، لە ١٦ی تەمموزی ١٩٧٩ بۆتە سەرۆك کۆمارو لە دەسەڵات بەردەوام بووە تا ٩ی نیسانی ٢٠٠٣، لەم ڕێکەوتەوە بە نێهێنی لەناوچەکانی عیراق ماتەوە تا ئەوەی لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ گیراوەو پاش دادگایی کردنی لە ٣٠ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ لە سێدارە دراوە. حوسێن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، بەشی سێیەمو کۆتایی، ل٥٦ بەدواوە.

بچنەوە، بەڵكو بە هەمان شێوەی جاری پێشوو كەوتنە وێزەی گیانی ئەوانەی كە هاوسۆزو هاورا نەبوو لەگەڵ سیاسەتی ئەواندا، بەمەش بە هەزاران كەسیان لە داردا بە تۆمەتی ئەوەی نەیاری دەسەڵاتن‌و بە نیازی كودەتاو هەڵگەڕانەوەن. جیا لەوەش زۆرێك هەنگاویان نا بۆ ناچاركردنی عیراقییەكان بۆ ئەوەی بە هەر شێوازێك بێت بێنە ڕیزی حزبی بەعسەوە. بەڵام سەرباری ئەوەش بەعسییەكان لە ماوەی وەرگرتنی دەسەڵاتی خۆیان گەلێك هەنگاویان نا لە ناوخۆی دەسەڵاتەكەیان‌و پەیوەندییە دەرەكییەكانیان لەوانە:

١- لە ساڵی ١٩٦٩ بەعسییەكان هەڵسان بە ڕەتكردنەوەی پەیماننامەی سەعد ئابادی ساڵی ١٩٣٧ كە بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە ئاوی كەنداو لە نێوان هەر دوولا دابەشكرا بوو، بەمەش سەرەتایەكی نوێ لە كێشەو ململانێی نێوان ئەو دوو وڵاتە هاوسێیە دەستی پێكردەوە، تا لە دواجار بە كاتی لە پەیماننامەی ٦ی مارتی١٩٧٥ لە جەزائیر چارەسەر كرا، بەڵام ئەویش نەیتوانی كێشەكە بنبڕ بكات، بۆیە دواجار شەڕی عیراق ئێرانی لە ساڵی١٩٨٠ی لێكەوتەوەو ماوەی هەشت ساڵان بەردەوام بوو.

٢- هەوڵی چارەسەركردنی كێشەی كوردیاندا كە ماوەیەكی زۆر بوو حكومەتە یەك لە دوایەكانی عیراق نەیانتوانبوو چارەسەری یەكجاریەكی ئەو كێشە بكەن، یا خود شۆڕشەكەی لە ناو ببەن، لەم چواچێوەیەشدا لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول كەوتنە گفتوگۆوە، ئەنجامی دانووستانەكان بە دەركردنی بەیاننامەی ١١ی مارتی١٩٧٠ كۆتایی هات، بەڵام لەبەر ئەوەی بەعسییەكان لەمەشدا ڕاستگۆ نەبوو، ماوەی چوار ساڵ لە نەشەرو نە ئاشتی گوزەراندیان تا ئەوەی دەسەڵاتیان پیتەوتر بوویەوە، دواتر بەهۆی بەستنی ڕێكەوتنینای ٦ی مارتی ١٩٧٥ شۆڕشی كوردییان تووشی نسكۆ كردەوە.

٣- بۆ ڕاكێشانی هەستی ناوخۆی‌و وڵاتە عەرەبییەكان پشگیری خۆی بۆ كێشەی فەلەستین ڕاگەیاندو، ڕەتی بڕیاری (٢٤٢) یان كردەوە كە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٦٧ دەری كردبوو[1]، هەروەها پرۆژەی (روجرز)[1]یشی ڕەتكردەوە كە بۆ مەبەستی ڕاگرتنی شەڕی نێوان

---

(1) ئەم بڕیارە پێشنیارێكی بریتانیا بوو بۆ چارەسەركردنی كێشەی فەلەستین كە پێشكەشی ئەنجوومەنی ئاسایشی كردبووو، ئەنجوومەنیش بە كۆی دەنگ لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧ پەسەندی كردبوو.

میسرو ئیسرائیل له ساڵی ١٩٧٠ پێشکەش کرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی کرده سەر (عەبدولناسر) بەوە کە چۆن ئەو پرۆژەیەی قبوڵ کردووه.

٤- بەعسییەکان بۆ ڕاکێشانی سۆزی دانیشتوانی هەوڵی خۆماڵی کردنی نەوتی عیراقیانداو، توانیان له ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢ بڕیارِ خۆماڵی کردنی نەوتیاندا.

٥- جیا لەوانە بەعسییەکانو شیوعییەکان بەکەیەوه (بەرەیەکی نیشتمانی) یان دامەزراند کە له ڕاستیدا تا ماوەیەکی باش بەیەکەوه مانەوەو، ئەو بەرەیەش ڕۆڵێکی کاریگەری له لێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بینی.

له ڕاستیدا، باری دەسەڵاتی بەعسییەکان بەم شێوەی هەنگاوی ناو، زیاتریش دوای ئەوه چەسپاوتر بوو کاتێك شۆڕش له ناوچەکانی کوردستان بۆ ماوەیەکی کەم نەماو، له ئەنجامی ئەوسیاسەته توندو تیژەی کە له ناوچەکانی خواروو ناوەڕاست له دژی شیعەکانو نەیارانی دەسەڵاتەکەی پەیرەوی کرد تا دەهاتە پێگەی دەسەڵاتەکەی زیاتر چەسپاوتر دەبوو، بەڵام (سەدام حوسێن)ی دووەمین دەسەڵاتداری بەعسییەکان بەوەندی دڵی ئاوی نەخواردەوە، کە دووەم کەسی دەسەڵات بێت، بۆیە بە بیانوونی ئەوەی (ئەحمەد حەسەن بەکر) بە تەمەندا چووەو توانی کارکردنی نەماوەی لە ١٧ی تەمموزی ١٩٧٩ له دەسەڵات هێنایە خوارەوەو، ئیتر له وێوە لەسەر هەموو دەسەڵاتەکاندا بووە کەس یەکەمو، کەس بۆ نەبوو ڕێگری لە بڕیارەکانی بکات، هەر کەسێکیش هەوڵی لەم شێوە بدابوایە ئەوە کوشتو لە ناوچوون چاوەڕوانی بوو.

عیراق لە سەردەمی حکومڕانی (سەدام حوسێن) ڕووبەرووری گەلێك باری خراپ هاتەوە بە تایبەت دوای ئەوەی لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ ەوە عیراق چووە ناو شەڕێکی بێ ئەنجامی درێژ خایەنەوە، کە لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا بە هەزاران لاوی ئەو وڵاتە تیاچوونو، بە هەزاران دیناری عیراقی تیایدا سەرف کرا، بەمەش ئاسەوارێکی خراپی لەسەر باری کۆمەلایەتی، ئابووریو سیاسی عیراقدا بەجێهێشت.

---

(١) ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ١٩٧٠ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا(ولیم روجرز) پێشکەشی هەر یەك لە میسر، ئوردنو ئیسرائیلی کردبوو، بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری(٢٤٢) بۆ گەڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە.

شیاوی باسە، هێشتاکە هێندە بەسەر کۆتایی هاتنی شەڕی عیراق ئێران لە ٢ی ئابی ١٩٨٨ نەچوو بوو، لە ساڵیادی دووەمی ئەو بۆنەیە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، سوپای عیراق بە فەرمانی سەرۆکی کۆمار پەلاماری دەوڵەتی کوێتیدا، بە بیانوونی ئەوەی پارێزگای نۆزدەهەمینی وڵاتەو دەبێت بۆ باوەشی وڵات بگەڕێتەوە. ئەم هەنگاوی عیراق بووە جێگای نارەزایی دەوڵەتانی ناوچەکەو نێودەوڵەتی، بۆیە لە دواجار عیراق ڕووبەرووی شەڕێکی گەورە بوویەوە کە لە ئاست هێزەکانی دانەبووو، بۆیە شکا. بە شکانی هێزەکانی عیراقی، لە ناوچەکانی باکوورو باشووری عیراق ڕاپەڕین بە ڕووی دەسەڵاتدارانی بەعس ئەنجامدرا، بەمەش ئەگەرچی ڕاپەڕینەکەی باشووری سەرکوت کرا، بەڵام ئەوەی باکوور بە هاوکاری هێزە نێودەوڵەتییەکان لە چواچێوەی بڕیاری ٦٨٨ی نێودەوڵەتی پارێزرا، لێرەشدا باری عیراق بەم شێوە مایەوە، تا ئەوەی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەساڵی ٢٠٠٣ بڕیاری پرۆسەی ئازادی عیراقیاندا و بە یەکجاری بەعسییەکانیان لەسەر تەختی دەسەڵات هێنایە خوارەوە، بەمەش باری عیراق لە هەموو ڕووەکانەوە پێنایە قۆناغێکی تازەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرچاوەکان

## کتێب: بە زمانی کوردی


ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە رۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٢٥-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

ئەحمەد حەمەد ئەمین، دۆزی کورد لە چەند باسێکی مێژوویيدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

ئەحمەد شەریف عەلی، برایم ئەحمەد ژیانو بەرهەرو داهێنانی، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٠.

د. ئەلبێرت عیسا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی سەردەمی فاشیزم" وێنەیەك لە ڕابردوو کە نایەوێت ڕاببورێت"، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

دکتۆر سەید باز ئەلعرینی، مەغۆلەکان، وەرگێڕانی: شاخەوان محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠٠٨.

بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوە، هەولێر، ٢٠٠٢.

پۆل دۆمۆن، سەردەمی تەنزیمات ١٨٣٩-١٨٧٨، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد مێژووی سیاسی ١٩٠٠-١٩٢٥، وەرگێڕانی جەسەن جاف، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆك، ٢٠٠٩.

جیمس ریزان، حاڵەتی جەنگ مێژووی نهێنی (C.I.A)و بەڕێوەبەرایەتی جۆرج بۆش، وەرگێڕانی: حەسەن عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێر، سلێمانی، ٢٠٠٨.

د. حەبیبوڵڵا ئەبولحەسەن شیرازی، د. محەمەد رەزا مەجیدی، سیاسەتو حکوومەت لە ئاسیای ناوەڕاست دا، وەرگێڕانی: رەحمان ئەمیری، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.

حسین حزنی موکریانی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە، نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

خالید شێخ عەبدالرحمن قەرەداغی، رەئیس مصطفی عبدالله لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

دڵشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان، کەرکووك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی فیکری‌و سیاسیی (١٩٣٢- ١٩٥٨)، پێشکەش کراو بە ئەنجوومەنی کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، بڵاونەکراوە، ٢٠٠٦.

دەرسیم دیبەگەیی، مێژووی کوردستانێتی شاری مووسڵ لە چەندین بەڵگەنامەی جیاجیادا، بەرگی یەکەم‌و دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٨.

دەیڤید کۆرن، ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە پێرسی کۆکس‌و ئارنولد تی.وڵسن، وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٦٦.

رابیعە فەتاح شێخ محەمەد، کوردستان لە سەدەی نۆیەمی کۆچی/ پازدەی زایینییدا توێژینەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە"، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

سامی شۆڕش، عیراق‌و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم‌و کورد١٩٤٧- ١٩٧٥ توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسیی‌یە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

سیسل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەوەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

عبدالقادر سالح، شۆڕشی ١٤ی تموزی ١٩٥٨ لە عیراق، سلێمانی، ٢٠٠٥.

عەلائەدین سەجادی، شۆرشەکانی کوردو کوردو کۆماری عیراق، ئامادەکردنی: ئەحمەد موحەمەدی، تاران، ٢٠٠٥.

د. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عیراق، وەرگێڕانی: دلێر میرزا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٥.

د. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عیراق، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی: کوێستان جەمال، چاپخانەی تیشك، بێ ساڵی چاپ.

د.عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عیراق، بەرگی چوارەم، وەرگێڕانی: غەفور ساڵح، چاپخانەی پیرەمێر، سلێمانی، ٢٠٠٨.

د. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی، بەرگی پێنجەم، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی ٢٠٠٥.

د. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عیراق، بەرگی شەشەم، وەرگێرانی دلێر میرزا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٥.

د. فاضل حسین، کێشەی ویلایەتی مووسڵ لێکۆلینەوەیەك دەربارەی دبلۆماسیەتی عیراق- بەریتانیا- تورکیاو رای گشتی، وەرگێڕانی: محەمەد شاکەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩.

کاوە نادر قادر، ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٢.

کەریم یەڵدز، کورد لە عیراق، وەرگێرانی: شاهۆ بورهان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ، هەولێر، ٢٠٠٧.

کلودیوس جێمس ریچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، (ئامادەکردنی: عەبدوڵلا زەنگەنە) بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چینی کرێکارانی عیراق دروست بوونو سەرەتای بزوتنەوەی، وەرگێڕانی: فوئاد مەجید میسری، چاپخانەی دار الشوون الثقافة العامة، بەغدا، ١٩٨٥.

کۆمەڵی نووسەر، شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ هۆیەکانی بەرپابوونیو دەستکەوتەکانی، وەرگێڕانو ئامادەکردنی: هەورامان وریا قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.


[watermark]

د.محەمەد سوهەیل تەقوش، عوسمانییەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خەلافەتدا، وەرگێڕانی: نەریمان خۆشناوو مستەفا سەید مینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.

د. محەمەد سهێل تەققوش، مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، وەرگێڕانی: شاخەوان محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠١.

مسعود بارزانی، بارزانیو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، وەرگێڕانی: سەعید ناکام، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨.

مهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق ١٩٤٥- ١٩٥٨، سلێمانی، ٢٠٠٥.

میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، سلێمانی ٢٠٠٢.

د. میم کەمال ئۆقە، کرنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ١٩١٨-١٩٢٦، وەرگێڕانی: سەلام ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ٢٠٠٠.

نازناز محەمەد قادر، سیاسەتی ئێران بەرانبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراقدا ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

نەوشێروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆمو عەجەم دا، چاپی دووەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٨.

د. ولید حمدی، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی: موحەمەد نوری تۆفیق، چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

یادداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید، ساغ کردنەوەی: کەمال نووری مەعرووف، چاپی یەکەم،، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٥.

**کتێب بەزمانی عەرەبی**

أ. م. منتشاشفيلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة: د. هاشم صالح التكريتي، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٧٨.

د. إبراهيم خليل احمد، تطور التعليم الوطني في العراق (١٨٦٩-١٩٣٢)، مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٢.

د. ابراهيم خليل احمد، د. جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر، الموصل، ١٩٨٩.

السر أرنو لد ويلسن، الثورة العراقية، ترجمة: جعفر الخياط، مطبعة دار الكتب، بيروت ، لبنان، ١٩٧١.
المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب كتاب يبحث عن العراق في عهد الاحتلال البريطاني بين سنتي١٩١٤و ١٩٢٠، ترجمة: جعفر الخياط، بغداد، ١٩٧١.
العراق في الرسائل مس بيل، ترجمة وعلى غلية: جعفر الخياط، الطبعة الاولى، لبنان، ٢٠٠٣.
أمين سعيد، الثورة العربية الكبرى تاريخ مفصل جامع القضية العربية قي ربع قرن، المجلد الاول" النضال بين العرب والترك"، مكتبة مدبولي، دون سنة طبع.
انتصار زيدان الجنابي، موقف العراق الرسمى والشعبي من قيام الجمهورية العربية المتحدة، رسالة ماجستير، مقدمة الى قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٨.
بيار مصطفى سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان ١٩٢٣-١٩٢٦، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل،٢٠٠٤.
العميد جي كيلبيرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥- ١٩٣٢، ترجمة وتحقيق: د. مؤيد ابراهيم الونداوي، بنكەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٦.
د.جابر ابراهيم الراوي، الحدود الدولية ومشكلة الحدود العراقية الايرانية، بغداد، ١٩٧١.
ضاك بيرك، مصر الامبريالية و الثورة" ثورة١٩١٩"، ترجمة: يونس شاهين، مصر، ١٩٨٧.
حازم المفتي، العراق بين عهدين ياسين هاشمي وبكر صدقي، مطبعة سومر، بغداد، ١٩٩٠.
حامد الحمداني، صفحات من تاريخ العراق الحديث من الاحتلال البريطاني حتى ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، الطبعة الأولى، السويد، دون سنة الطبع.
حامد الحمداني، صفحات من تاريخ العراق الحديث من ثورة ١٤ تموز حتى حرب الخليج الثانية ١٩٥٨- ١٩٩٦، الطبعة الأولى، السويد، دون سنة الطبع.
حامد مصظفى مقصود، ثورة ١٤ تموز مدارات الاخوة الاعداء، الطبعة الاولى، مطبعة الوزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢.
حسن مجيد الدجيلي، ايران والعراق خلال خمسة قرون، بيروت، ١٩٩٩.
سامي عبدالحافظ القيسي، ياشين هاشمي ودوره في السياسة العراقية بين عامي ١٩٢٢- ٩٣٦ دراسة وثائيقية، الجزء الاول، مطبعة حداد، البصرة، ١٩٧٥.

هەولێرمەی کتێب

ستيفن هيمسلي لونطريك، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة: جعفر خياط، الطبعة السادسة، بغداد، ١٩٨٦.

ستيفن هيمسلي لونگريك، العراق الحديث من سنة١٩٠٠ الى سنة١٩٥٠ تاريخ سياسي، اجتماعي، واقتصادي، ترجمة: سليم طه التكريتي، الجزء الأول، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٨٨.

د.سعدي عثمان حسين، كوردستان والامبراطورية العثمانية"دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان١٥١٤-١٨١٥م، الطبعة الاولى، مطبعة خانى، دهۆك، ٢٠٠٨.

شاكر صابر ضابط، العلاقات الدولية والمعاهدات الحدود بين العراق وايران، بغداد، ١٩٦٦.

شكري محمود نديم، حرب العراق١٩١٤-١٩١٨، الطبعة الثامنة، بغداد، ١٩٧٤.

صادق حسن السوداني، العلاقات العراقية- السعودية ١٩٢٠-١٩٣١ دراسة في الغلاقات السياسية، مطبغة دار الجامعة بغداد، ١٩٧٥.

د. صالح جواد كاظم، و د. على غالب خضير، و د. شفيق عبدالرزاق، النظام الدستوري في العراق، دار الكتب للطبعة والنشر، دون مكان وسنة الطبع.

صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، بيروت، ١٩٩٣.

عباس العزاوى، تاريخ العراق بين إحتلالين، الجزء الاول، الجزء الثامن، بغداد، ١٩٥٣.

د. عبدالامير هادي العكام، الحركة الوطنية في العراق١٩٢١-١٩٣٣، مطبعة الاداب، النجف الاشرف، ١٩٧٥.

عبدالجبار حسن الجبوري، الاحزاب والجمعيات السياسية في القطر العراقي ١٩٠٨-١٩٥٨، درا الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.

عبدالرزاق الحسني، الثورة العراقية الكبرى، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٥٢.

عبدالرزاق الحسني، تاريخ الصحافة العراقية، الجزء الأول، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٧.

عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية العراقية دراسة تاريخية متواضعة عن الأحزاب السياسة التي تكونت في العراق بين العامين ١٩١٨-١٩٥٨، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨٠.

عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزء الآول، الثاني والثالث، الطبعة السابعة، بيروت، ٢٠٠٨.

عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول- الجزء العشر، الطبعة السابعة، دار الشؤون العامة، بغداد، ١٩٨٨.

د. عبدالله العلياوي، كوردستان في عهد المغول ١٢٢٠-١٣٣٥ ميلادي دراسة في التاريخ السياسي، السليمانية، ٢٠٠٥.

عبدالعزيز سليمان نوار، العلاقات العراقية الايرانية دراسة في دبلوماسية المؤتمرات، مؤتمر ارضروم ١٨٤٣-١٨٤٤، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٧٤.

علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق الجمهوري، الطبعة الاولى، دار الحوراء، بغداد، ٢٠٠٥.

علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق الملكي، الطبعة الاولى، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٤.

علاء نورس، العراق في العهد العثماني" دراسة في العلاقات السياسية١٧٠٠-١٨٠٠، بغداد، ١٩٧٩.

علي شكر علي، تأريخ العراق في العهد العثماني١٦٣٨-١٧٥٠"دراسة في احواله السياسية"، الطبعة الاولى، مطبعة دار الشعب، بغداد، ١٩٨٤.

غانم وحيد خالد الجبوري، اثر المثقفين العرب قي التطور العراق المعاصر ١٩٢١-١٩٤١، اطروحة دكتوراه في التاريخ الحديث كلية الاداب، جامعة الموصل، ١٩٩٥.

فاروق صالح العمر، المعاهدات العراقية– البريطانية واثرها في السياسة الداخلية ١٩٢٢-١٩٤٨، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.

د. فاروق صالح العمر، ثورة مايس ١٩٤١ و دول الجوار في الوثائق البريطانية، الطبعة الاولى، بغداد، ٢٠٠٢.

فواد حسين الوكيل، جماعة الأهالي في العراق ١٩٣٢-١٩٣٧، الطبعة الثالثة، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦.

د. فؤاد شكر، رجال ضاعوا القرن العشرين، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، القاهيرة، ٢٠٠١.

قدري قلعجي، الثورة العربية ١٠١٦-١٩٢٥ جيل الفداء يوما بيوم مع كامل الآسماء والوثائق ولآدوار، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٣.

قسطنطين بيتر وفيج ماتفيف بارمتى، الآشوريون والمسالة الآشورية في العصر الحديث، طبعة الأولى، دمشق، ١٩٦٨.

كارستن نيبور، رحلة نيبور إلى العراق في القرن الثامن عشر، ترجمة: محمود حسين الأمين، بغداد، ١٩٦٥.

كارل بروكلمان، تاريخ الشعوب الاسلامية، ترجمة: نبيه امين فارس امين فار، منير البعلكي دار العلم لملايين بيروت، طبعة الثامنة، ١٩٧٩.

د. كمال مظهر أحمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، بغداد، ١٩٨٢.

د. كمال مظهر أحمد، دور الشعب الكرديَ في الثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٨.

د. كمال مظهر أحمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر" دراسات تحليلية"، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٨٧.

مالك سيف، التأريخ لسان ذكريات وقضايا خاصة بالحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه حتى اليوم، درا الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣.

د. محمد حسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣.

محمد فريد بك المحامي، تاريخ الدولة العلية العثمانية، بيروت، ١٩٧٧.

د. محمد مظفر الادهمى، الابعاد القومية لثورة مايس١٩٤١ في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

د. محمد مظفر الادهمى، المجلس التاسيسى العراقي، الجزء الأول و الثاني، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٩.

د. مصطفى عبدالقادر النجار، التاريخ السياسي لعلاقات العراق الدولية بالخليج العربي دراسة في التأريخ الدولي، مطبعة جامعة البصرة، ١٩٧٥.

منير بكر التكريتى، الصحافة العراقية واتجاهاتها السياسية والاجتماعية والثقافية من (١٨٦٩-١٩٢١م)، مطبعة الإرشاد، بغداد، ١٩٦٧.

مير بصري، اعلام الساسة في العراق الحديث، الجزء الاول، الطبعة الاولى، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥.

مير بصري، أعلام اليهود في العراق الحديث، الطبعة الاولى، لندن، ٢٠٠٦.

ميڤان عارف عبدالرحمن البادي، الحركة القومية الكوردية في كوردستان الجنوبية (العراق) ١٤تموز ١٩٥٨- ٨ شباط ١٩٦٣، الطبعة الاولى، مطبعة الوزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٥.

ناجى شوكت، سيرة وذكريات ثمانين عاماً ١٨٩٤-١٩٧٤، الجزء الأول، بغداد، ١٩٩٠.

نجدة فتحي صفوة، العراق في الوثائق البريطانية سنة ١٩٣٦، الطبعة الاولى، جامعة البصرة، ١٩٨٣.

نظمي زادة مرتضى افندي، گلشن خلفاء، ترجمة: موسى كاظم نورس، مطبعة الاداب، النجف، ١٩٧١.

أ.د. نورى عبدالحميد العاني، أ.د. علاء جاسم محمد الحربي، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ١٩٥٨- ١٩٦٨، الجزء الاول – الجزء العاشر، الطبعة الثانية، بغداد، ٢٠٠٥.

هاشم عبدالرزاق الطائي، ثورة الموصل القومية ١٩٥٩، رسالة ماجستير مقدمة الى قسم التاريخ كلية الاداب، جامعة الموصل، ١٩٩٩.

يوسف حنا يوسف، مذكرات يوسف حنا يوسف (ابو حكمت)، مطبعة التعليم العالى، اربيل، دون سنة الطبع.

**کتێب بە زمانی ئینگلیزی**

Encyclopedia Britannica, London, Chicago, Tornto, 1957, Vol.6.

**گۆڤار بە زمانی کوردی**

احمد حمدامين اومر و دلشاد محمود عبدالرحمن، کاریگەری پەیماننامەی زەهاو ١٦٣٩ لەسەر کوردستان"توێژینەوەیەکی مێژوويیە"، گۆڤاری زانکۆی مرۆڤایەتی، ژمارە (٤٠)، هەولێر، ٢٠٠٩.

ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر، ئەو ئافرەتەی پاڵپشتی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بوو، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (١٥٣)، هەولێر، ٢٠٠٨.

حوسێن مستەفا، لە مەلیکەوە تا تاڵەبانی سەربوردەی ژیانی مەلیك و سەرۆکەکانی عیراق، بەشی دووەم، گۆڤاری کۆوارِ، ژمارە (٢٤) ، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧.

کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین، دۆزی کورد لە پەیوەندیە ناوچەییەکاندا ١٩٣٢-١٩٣٩ توێژینەوەیەکی شرۆڤەکاری سیاسیە، گۆڤاری زانکۆی مرۆڤایەتی، ژمارە ٢٣، هەولێر، کانوونی دووەمی ٢٠٠٤.

**ئینتەرنێت**

إحسان وفيق السامرائي، قراءة في سيرة السيد طالب باشا النقيب، (www.aldiyarsat.net).

د. عمر محمد طالب، موسوعة اعلام الموسل في القرن العشرين، مركز الدراسات الموصل، الموصل، ٢٠٠٨. (**www.omaraaltaleb.com**).

**.www.altawasul.com (MFAAR)**

**www.ar.wikpedia.org/wiki/** (حسين بن الطلال و سعدون حمادي)

.www.el7ad.com/smf/index.php?topic=23332.10;imode
www.faridtazi.maktoobblog.com
www.ibr1.blogaraby.com
www.history.com/topics/sir-persy-cox
.www.kinghussein.gov.jo/sharif_hussein
www.turkeyswar.com
www.yabeyrouth.com

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب